# خێڵ و نەتەوە
## لەتەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا

نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم
سلێمانی
2102

مافی له چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

## پێناسی کتێب:

- ناوی کتێب : خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا
- نوسەر/ نەوزادی موهەندیس
- بابەت: سیاسی
- پیتچنین و هەڵەبڕی: نەوزادی موهەندیس
- نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ : زەردەشت علی سۆرانی
- تیراژ : 500 دانە
- شوێنی چاپ : چاپخانەی یاد / سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم / 2012

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (1976) ساڵی 2012ی پێدراوە

# ناوەڕۆك

=============


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ======== | ========= |
| پێشكەشە........................................ | 7 |
| سوپاس بۆ........................................ | 8 |
| پێشەكی........................................ | 9 |
| **بەشی یەكەم**.................................... | 12 |

**بابەتی سیاسی**

| | |
|---|---|
| ئومێدی مانەوەی كۆماریخوازەكان ............................ | 13 |
| موقتەدا صەدر و میلیشیای مەهدی كێن ............................ | 17 |
| ململانێی باڵە جیاوازەكانی لوبنان ............................ | 21 |
| صدام حسین پەندێك بۆ زەمانە ............................ | 25 |
| كۆنگرەی لوتكەی عەرەب كۆنگرەی بێئومێدی ............................ | 29 |
| سیناریۆكەی عێراق لەگەڵ ئێرانیشدا دووبارە دەبێتەوە...... | 33 |
| ئیدارەی سەرۆك بۆش وئۆپۆزسیۆنێكی ............................ | 37 |
| كێشەی شیعەكانی یەمەن بەرەو كوێ ............................ | 41 |
| مادەی 140ی دەستوور و ئەركی سەركردایەتی كورد لەبەرامبەرجێبەجێكردنیدا ............................ | 45 |
| خوێندنەوەیەك بۆ خراپی ڕەوشی عێراق و كوردوستان ....... | 50 |

ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەکوردوستان و
هەڵایسانی شەڕی مەزهەبی لە عێراقدا ........................ 56
مادەی 140ی دەستوور لەکاتی دیاریکراوی
خۆیدا جێبەجێ ناکرێت ................................. 60
حکومەتی مالکی لەبەردەم ڕوخان یان گۆڕاندایە............ 68
دیمانە ...................................................... 72
ئەوانەی هەوڵی جێگرتنەوەی مالکی دەدەن .................. 78
عەبدولا گولێ یان عەبدولا غۆل ............................ 81
جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟ .............................. 84
حارث ضاری کێیە و بۆ وا دەکات ............................. 87
ڕێکەوتنی مەکەی سونە و شیعەکان تاکوێ بڕدەکات .......... 90
سەرکەوتنی دانیاڵ ئۆرتیگا.................................... 93
پڕۆژەی بیکەر هامڵتۆن لەقازانجی کێیە؟ ..................... 97
ئەمریکا ڕۆڵی دادوەر یان دژ دەبینێت لەنێوان
هەولێر و بەغدادا.............................................. 101
**بەشی دووەم**.................................................. 105

## بابەتی
## تایبەت بە کورد

ساڵی 2007 ساڵێکی چارەنوسساز بۆ کورد و بۆ کەرکوك........... 106
کورد و ئاسۆکانی دواڕۆژی کوردایەتی ........................ 111
ئەریێ بەڕاست مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە ..................... 118
ئەرکەکانی حکومەتی هەرێم لەنێوان .............................. 122

شۆڤێنیەتی تورکیا لەبەردەم ئاشتیخوازی کورددا ........ 126
پەکەکە و پژاك و هەڵوێستیان بەرامبەر ......... 129
هاوپەیمانی کورد لەگەڵ سونە یان شیعە ........ 132
پێگەی کورد لە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی ........ 137
مەرامە شاراوەکانی تورکیا لە هێرش بۆ سەر کوردوستان ........ 140
کورد تائێستاش شاخەکان پشتیوانێتی ........ 150
هەڵە کوشندەکانی سەرکردایەتی کورد ........ 154
ئەریٚ کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی دیموکراسیە
یان حیزبی ........ 161
دەسەلأتی کوردی و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت ........ 167
ئەو هێزە سیاسیەی کە لە ئایندەدا جێگە بە
پارتی و یەکێتی لێژدەکات ........ 175
خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەلأتی کوردیدا ........ 185
کورد–کەرکوك –کات ........ 193

**بەشی سێیەم** ........ 197

## بابەتی تاییەت
## بە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

لەپەراوێزی هەڵبژاردنەکانی ........ 198
کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی کۆنگرەیەکی مەترسیدار ........ 204
ئەم جارەیان من یەکێتیانە و سلێمانیانە بیردەکەمەوە........ 212
چەند ڕاو پێشنیازێکی بوێرانە بۆ بەردەم کۆنگرەی سێی
یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ........ 216
ئایا نەمان ،بچوکبونەوە،لاوازبوونی یەکێتی
نیشتیمانی کوردوستان لەقازانجی کێدایە؟ ........ 224

بەرەو ئەركی فراوانتر و گەورەتر ........................................ 231
گۆڕان لەكوێوە؟بۆ كویٚ؟بەنیازی چی؟ ........................................ 234
پڕۆسەی ڕیفۆرم لە وڵاتی چیندا چۆن سەركەوتنی بەدەست هێنا!.... 244

**بەشی چوارەم** .................................... 256

## بابەتی تایبەت
## بە زانست و ئەندازیاران

مەترسیەكانی وزەی ئەتۆم........................................ 257
نەوتی جیهان تەواو دەبێت ........................................ 265
تەكنەلۆژیای فەزا بۆ دۆزینەوەی ........................................ 272
گۆڕینی ئاوی سوێری دەریاكان ........................................ 278
ڕەوشی ئەندازیاری لەكوردوستاندا بەرەو كویٚ ؟ ........................................ 281
ئەریٚ بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردوستان........................................ 288
تەكنەلۆژیای پێشكەوتووی گۆڕینی غاز بۆ نەوت ........................................ 294
چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆكان ........................................ 299
چەند پێشنیازێك بۆ بەردەم حكومەتی هەرێمی كوردستان........................................ 308
غازی سروشتی ........................................ 317

**پێشکەشە :-**

- **بە دایك و باوکی زۆر خۆشەویستم**

- **بە 5 براکەم**

- **بە 3 خوشکەکەم**

**کە هەموانیان وەکویەك خۆشەویستن و بەڕێزن لەلام و هەمووشیان بەشێوەیەك لە شێوەکان مافیان هەیە لەسەرم وگەر بەخشندەیی ئەوان نەبوایە، سانا نەبوو من ببمە ئەم قەڵەم بەدەستە..**

## سوپاس بۆ:-

❖ سوپاسی زۆرم بۆ براو هاوڕێی زێدە ئازیزم کاکە (( ئالان علی ئیسماعیل )) سەرپەرشتیاری ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ کە هیمەتێکی جوامێرانەی نواند بۆ هاوکاریکردنم بەوەی خەرجی لە چاپدانی ئەم کتێبەمی خستە سەر ئەستۆی دەزگاکەی.. داواکارم لە یەزدان کە هەمیشە سەرکەوتوبێت لە ژیانیدا و یەزدان نمونەیان زۆربکات بۆ خزمەتی وشە و زمانی کوردی .

❖ سوپاس بۆ کاکە دەشتی علی سۆرانی هاوڕێی ئازیزم کە خۆبەخشانە و زۆر بەدڵسۆزیەوە کاری دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و زۆربەی کتێبەکانمی گرتۆتە ئەستۆی خۆی..لەخوا داواکارم تەمەن درێژ و لەش ساغ و نمونەی زۆر بێت.

# پێشەکی

- ئـەم کتێبــەی لەبەردەســتی تـۆی بەڕێزدایـە وەك خوێنــەر بریتیـە لـە کــۆکراوەی بەرهـــەمی نوســـراوی بەنـــدە لـــە ڕۆژنامـــە و پێگـــە ئەلکترۆنیـــە جیاوازەکانـدا لـەماوەی نێـوان 2006/11/2 وە بـۆ 2008/12/6 کـە مـاوەی 2سالْ و مانگێکە، هـەموو ئـەو بابەتانـەی کـە نوسـراون سەرچاوەکەیان یـان بیرۆکەی نوسینەکانیان بریتین لە ڕووداوێك یـان هەڵوێستێك یـان گوتەیـەکی سیاسی کە لەناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هـەرێمی کوردستان و عێــراق و ناوچــەکە و دونیــادا ڕوویانــدابێت.. هەربۆیــەش بیربۆچــون و لێکدانـەوە و هەڵسـەنگاندنی بەنـدەش لـەو چوارچـێوانەدا سووڕاونەتەوە و هەندێ جاریش بۆچوون و پێشبینی هەندێ دەرئەنجام کراوە بۆ ئـەو ڕووداو و هەڵوێستانە، کە هەندێکیان وادەرچوون و هەنـدێ جاریش سەرچیخچوون و ڕاستیان نەپێکاوە.

کەئـەوەش کـارێکی زۆر ئاسـایی مرۆڤـە کـە بەهێنـدەی بیربۆچـوون و ئاسـتی تێگەیشـــتن و هەڵســـەنگاندن و پـــەیبردنی بـــە ڕاســـتی و نهێنیـــەکان بـــۆ دەرئەنجامەکان دەچێت.

بۆیــە هەمیشــە مــەرج نیــە نوســەر دەرئــەنجامی ڕاســت و دروســتی لــەلابێت بەتایبەتیش لەم زەمانەدا کە ڕووداوەکـان و ئاڕاستەکانیان هێنـدە بەخێرایی دەگـۆڕێن کـە مـرۆڤ بـە سـانایی پێیـان ناگـات و هێنـدەی کـارە نهێنیـەکان و بڕیارەکـانی پشــت پــەردەش ڕۆڵــی یەکلاکــەرەوە دەبیــنن و چارەنوســەکان دیاریدەکـەن نیـو هێنـدە دەنـگ و بـاس و ڕووداوە ئاشـکراکان ڕۆڵ نـاگێڕن.

بەندەش تەنها وەك کەسێکی قەڵەم بەدەست و هەندێ جارانیش وەك چاودێر و بەدواچوویەك بۆ ڕووداوەکان هەر ئەمەندەم لێزانیوە کـە خسـتومنەتە سـەر کاغەز.

خاڵێکی تریش کە گرنگە ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە کە لە ئێستادا و دوای 4 ساڵان لەو ڕووداوانە، مەرج نیە بۆ خۆشم لەگەڵ هەندێ بیروبۆچونەکانمدا وێک بێمەوە و لە ئێستادا هەمان ڕاوبۆچوونم هەبێت لەسەر ئەو ڕووداو پێشهاتانە.کە ئەمەش جارێکی تر سروشتی مرۆڤە کە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەریدا خۆ دەگونجێنێت و دەوروپشتیشی کاریگەریان دەبێت لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوت و بیربۆچونەکانی. جا بەهەمان شێوە یان دەبێتە لایەنگری ڕاستی و ڕەوایی یان بەلای هەڵە و لاڕێدا دای دەشکێنێتەوە.دڵنیاشم لە هەردووباردا مرۆڤ سەرەتا و بێ ویستی خۆی بەرژەوەندییە کەسێتیەکانی خۆی دەخاتە پێش هەموانەوە لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵوێست و گوتارەکانی خۆی دەگۆڕێت. ئیدی هەرواش بوە گەر سەرکەوتوبێت ئەوا دڵخۆش و لەخۆبایی و پۆزلێدەر دەبێت بەسەر دەوروبەریدا لە ناحەزان و دوژمنانی  و ئەگەریش دۆڕاو بێت ئەوا غەمگین و چاوشۆڕ و بێهیوا و کزۆڵە دەبێت.

کەلەهەردوو باریشیاندا پێم وایە نەسەرکەوتن و نە دۆڕاندنیش تا هەتاهەتایی نابێت و دونیا و دونیاگەراییش هێندە ناهێنێت کە مرۆڤ لەسەر هەندێ  مەسەلە کە گەر لەساتی خۆیاندا بەڕاست و ڕەوا بێنە ئەژماردن ئەوا زۆر گونجاوە کە لەماوەیەکی دواتردا هەر هەمان مەسەلە خاوەنەکانیان لێیان پەشیمان ببنەوە و پشتیان تێبکەن و کۆمەڵ گەلێك مەسەلەی تر لە سیاسەت و ئابوری و ئایدۆلۆژیا و ...هتد. ببنە جێگەی گرنگی و بایەخپێدانی، جا کەوا بێت مرۆڤ مافی ئەوەی نیە کە لەگەڵ براکەیدا، هەڤاڵەکەیدا، هاونیشتیمانیەکەیدا، مرۆڤەکەی بەرامبەریدا ئەو تەمەنە کورتەی دونیای بەململانێی پڕوپوچەوە بە فیڕۆ بدات.

بۆیە مافی هەمومانە وەك مرۆڤ ئەم ژیان و تەمەنە کەموکورت و ڕاگوزەرەی دونیامان بکەینە بەهەشتی سەرزەمین و بەدەستی خۆمان و لە پێناوی هیچدا نەیکەینە جەهەنم بۆ خۆمان. و گەر ململانێشمان کرد بابە ڕاستگۆیی و

سەڕاستانە و شەریفانە بیکەین، نەك پەنا بەرینە بەر ناوزڕاندن و سووککردن و بێڕێزیکردن بەرامبەر بە یەکتری.چونکە بیروڕایەکی هەڵەیە کە بڵێین نابێت ململانێ هەبێت و دونیاش هەرگیز نابێتە بەهەشت و شاری خەونەکان، بۆیە ژیان بەخۆشی و ناخۆشیەکانیەوە بەتاڵی و سوێری و شیرینیەکانیەوە تام و چێژی هەیە و مرۆڤیش بەسروشتی خۆی حەزی لەو ژیانە پڕ سەرئێشە و ئازار و مەینەتیانەیە و بێ ئەو ژیانەش هەڵ ناکات.

بەهەموو ئەم بیرویۆچونانەی ئەو کاتە و ئێستاشمەوە شانازی دەکەم و لێیان پەشیمان نیم، چونکە ئەو کات ڕابوردومە و ئێستاش ئێستامە و هەردووکیشیان بەشێکن لە مێژوو و تەمەنم.

بەو هیوایەی بیربۆچونەکانم و نوسینەکانم گەر جێگەی ڕەزامەندی بن و ڕاستیەکانیان پێکابێت و لەگەڵ بیروباوەڕی تۆی خوێنەردا وێك بێتەوە ئەوا لەجێگەی خۆتانەوە و بەدەم خوێندنەوەوە ڕەحمەتبویەکمان بکەن و گەریش بەپێچەوانەوە بوو ئەوا لە کەموکورتی و کورتبینی و بێئاگاییمان بەگەورەیی خۆتان بمانبەخشن.

خوازیاریشم ئەم هەوڵە بچوکەی بەندەش بچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بەنوسین و زمان و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردیەوە و بە بەشێك لە نوسینەوەی مێژووی قۆناغێك بێتە ئەژمارکردن و سوودێك بگەیەنێت بەکەسانێك لە ئایندەدا.

لەگەڵ ڕێزی.........

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

2012/ 7 / 8

Nawzad_mohandis@yahoo.com
Nawzad_mohandis@hotmail.com

# بەشی یەکەم

# ئومێدی مانەوەی کۆماریخوازەکان
# لەدەسەڵاتدا بەرەو کاڵبونەوە دەچێت *

ئاشکرایە سیستەمی سیاسی لە ئەمریکادا سیستەمێکی سەرۆکایەتیە و سەرۆك دەسەڵاتەکانی گەورە و فراوانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی نوێنەران (کۆنگرێس ) و ئەنجومەنی پیرانیش ڕۆڵ وکاریگەری خۆیان هەیە و هەریەکەیان چاودێرن بەسەر یەکتریەوە و ڕێگە نادرێت کە سەرۆکێکی تاك ڕەو دروست ببێت و زۆرینەی ئەم دوو ئەنجومەنە هەر کاتێك لە حیزبی سەرۆك بون ئەوا سەرۆك بە ئاسانی و باشتر و سەرکەوتوانە دەتوانێت ئیشوکارو بڕیارو پێشنیازەکانی جێبەجێبکات و بەپێچەوانەشەوە ئەوا سەرۆك تووشی بەرهەڵستی دەبێتەوە . ئاشکراشە ئەمریکا لەسەرەتای دامەزراندنیەوە وەك وولاتێکی دیموکراسی و زلهێز و فیدڕاڵی بەسەر دوو حیزبی سیاسی گەورەدا دابەشبوە ئەوانیش حیزی دیموکراتخوازەکان و کۆماریخوازەکانن لەگەڵ حیزبێکی سێیەمی بچوك کە تائێستا دەسەڵاتی نەگرتۆتە دەست .

هەرچی دیموکراتخوازەکان هەیە بەوە ناسراون کە گرنگی زیاتر دەدەنە کێشە و مەسەلە ناوخۆییەکانی ئەمریکا لە مەسەلەی باج و گەشەسەندنی ئابوری و خزمەتگوزاریەکانی خوێندن و تەندروستی و ..هتد چونکە ئەمان لە سەرمایەدارە پیبشەسازیەکانەوە پشتگیری دەکرێن و لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەماندا ئابوری ئەمریکا گەلێگ بەهێز و گەشەکردوو بوە و دیموکراتخوازەکان حیزبێکی ئاشتیخواز و نەرم ونیانن وکەمترین کات پەنا دەبەنە بەر هێز .

هەرچی کۆماریخوازەکانیشە حیزبێکی توندڕەون و لەلایەن سەرمایەدارە خاوەن کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێن و گرنگی زیاتر دەدەنە کێشە و مەسەلە دەرەکیەکان و دونیاو پەناش بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەن لە یەکلایی کردنەوەی کێشەکاندا و ئارمەکەیان بریتیە لە هەڵۆ وەك ڕەمزی هێز و دەسەڵات. و لەئێستادا باڵێك لەناو کۆماریخوازەکاندا دروست بون و بە موحافیزکارە

نوێکـان ناسـراون کـە توندڕەون و پـەنا بـۆ بـەکارهێنانی هێـز دەبـەن لەهـەموو کێشەکاندا.

بەم شێوەیە کۆمەڵگای ئەمریکی لە کۆمپانیـاو سـەرمایەدارەکانەوە تـا هـاوڵاتی ئاسـایی و بـازاڕ دابەشـبونەتە سـەر لایـەنگری ئـەم دووحیزبـە و لەهـەموو 4 سـاڵێکدا لەڕێگـەی صـندوقەکانی دەنگدانـەوە ئـاڵوگۆڕ لـە دەسـەلأتدا دەکـەن و ئەمریکیەکان وەکو هەموو کۆمەڵگا دیموکراتخوازەکانی ئەوروپاو ڕۆژئاوا حەز بە گۆڕانی زووبەزووی دەم و چاوەکانی دەسەلأت دەکەن و ئەوەتا لە دوای 12 ساڵ دەسـەلأتی کۆماریخوازەکـان لـە 7/11/ 2006دا لـە هەڵبژاردنـەکانی نیـوەیی هـەردوو ئەنجومـەنی نوێنـەران و پیرانـدا توانیـان کۆتـایی بەدەسـەلأتی کۆماریخوازەکـان بهێـنن بەبەرژەوەنـدی دیموکراتخوازەکـان بەشـێوەیەك لـە کـۆی 425 کورسـی کـۆنگرێس 229 بـۆ دیموکراتـەکان و 196 کورسـی بـۆ کۆماریخوازەکـان بـوو وە لـە ئەنجومـەنی پیرانیشـدا لـە کـۆی 100 کورسـی 51 کورسـی بـۆ دیموکراتـەکان و 49 کورسـی بـۆ کۆماریخوازەکـان بـوو . کـە ئەمـە سـەرکەوتنێکی بەرچاو وگـەورە بوو بۆ دیموکراتخوازەکـان . لـەم کاتـەدا سـەرۆك بۆش بەتـەنها و بـەبێ پشـتیوانی زۆرینـەی حیزبەکـەی مـاوەی 2سـاڵی دەسـەلأتی بەسـەر دەبـات کـە 2 سـاڵی پـڕ ئاسـتەنگ و ڕێگـری و ئۆپۆزسـیۆنی بڕیـار و پێشـنیازەکانی دەبێـت . و پێدەچـێت کـە گۆڕانکـاری لـە هەڵوێسـت و گوتـارو بەرنامـەی حکومـەتی ئـەمریکادا ڕووبـدات ، هەرچـەندە کـە ئـەمریکا دەوڵـەتی دامودەزگاییەو بـەگۆڕانی کەسـەکان سیاسـەتە سـتراتیژیەکانیان گـۆڕانی بەسـەردا نایـەت بـەلأم هەمیشـە حیزبـی دەسـەلأتدار بـەپێی ویسـت و بەرنامـە و ئایـدیا سیاسیەکەی خۆی حکومەت بەڕێوە دەبات .

ئاشکراشە ئەم سەرکەوتنەی دیموکراتخوازەکان لـەخۆوە و لەناکاوێکدا بەدەسـت نـەهاتوە بـەڵکو لـە ئـەنجامی هەڵـەی کۆماریخوازەکانـەوە بـوە لـەماوەی ئـەم 12 سـاڵەی دەسـەلأتیاندا و بـیرو ڕاو هەڵوێسـت و سیاسـەتەکانیان لەمـەڕ کێشـە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەمریکادا و لەپێش هەموانیشەوە :-

کێشـەکانی ئەفغانسـتان و عێـراق و بەدەسـت نـەهێنانی سـەرکەوتنێکی گـەورەو مانەوەی هێزەکان لەو دوو وولاّتەدا بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست .
کێشە گەرمەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست وەك کێشەی کورە ئەتۆمیـەکانی ئێران و کێشەی سوریا و لوبنان و ئەمە سەرەڕای کێشە موزمینەکەی ئیسڕائیل فەلەستینیەکان .
هەروەها کێشەی کورە ئەتۆمیـەکانی کۆریـای باکورو هەڕەشـە و گوڕەشـەکانی لـە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەلاّتی دووردا.
هەروەها کێشەی گرتنە دەستی دەسـەلاّت و سـەرکەوتنی چەپەکان لـە کیشـوەری ئـەمریکای لاتینـدا کـە هـەموانیان دژی هەیمەنـە و دەسـەلاّت و بەرژەوەندیـەکانی ئەمریکا کاردەکەن.
کێشـەکانی ئـەمریکا لـە گـەلّ هاوپەیمانـە ئەوروپیەکانیـدا لـە بـواری ئـابوری و بازرگانی و ..هتدا.
سەرەڕای کێشە هەرەگەورەکەی ئەمریکای ئێستاو ئاینـدەش کـە ئـەویش جـەنگی دژە تــیرۆرە و مەترســیەکی گــەورە و بەردەوامــە لــە هــەموو دونیــادا دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.
کێشە گەرمـەکانی کیشـوەری ئەفریقیاش لـە دارفـۆر و صـۆمال و ..هتـد بەهـەمان شێوە گرنگن بۆ ئەمریکا.
سـەرەڕای کێشــەی نەچەسـپاندنی دیموکراســی و درێــژەدان بـە دیکتاتۆریــەت لەلایـەن دەوڵەتـەکانی ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت و نەچەسـپاندنی لـەوولاّتانی نـاو پڕۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەدا.
کـە هـەموو ئـەم کێشـانە دیـدو بۆچـونی دیموکراتخوازەکـان لەبارەیانـەوە جیـاوازە لەکۆماریخوازەکان و جالەم کاتەدا سەرۆك بۆش بەبیّ زۆرینـەی کـۆنگرێس کـە لـە ئێســتادا لای ئــەو نــین ناتوانێــت بەئاســانی بڕیــارو هەڵوێســتەکانی خــۆی و حکومەتەکەی لە بارەیانـەوە لێبـدات ، بۆیـە سـەردەمی نویّ و قۆنـاغێکی نـوێی 4 ساڵی چاوەڕوانی ئـەمریکاو دەسـەلاّت و هەیمەنـەی دەکـات لـەدونیادا لەسـایەی دەســەلاّتی زۆرینــەی دیموکراتخوازەکانــەوە و چــاوەڕوانیش دەکرێــت کــە

لەهەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی سـاڵی 2008یشـدا دیموکراتخوازەکـان سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنن.گـەورەترین ڕووداوی نـاوخۆیی ئـەمریکاش لەسـایەی ئـەم سـەرکەوتنەی دیمکوکراتخوازەکانـدا دەسـت لەکاکێشـانەوەی وەزیـری بـەرگری (دۆناڵد ڕامسفێڵد) بوو ، لەبەرامبەریشـدا ڕووداوی وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکی کۆنگرێس لەلایەن خاتوو (( نانسـی بیلۆسـی )) وە بـوو کـە یەکـەم ژنـە لەمێـژووی ئـەمریکاو کۆنگرێسـدا کـە ژنێـك ئـەو پۆسـتە وەربگرێـت کـە ئەمـەش ئاماژەیـەکی گرنگـە بـۆ گـۆڕان لەسیاسـەتەکانی ئـەمریکای داهـاتوودا لەسـایەی دەسـەڵاتی دیموکراتخوازەکاندا چونکە هەمیشـە ژن ڕەمـزی ئـارامی و ئاسـایش و سـەلامەتی بــوە کــە دیموکراتخوازەکــان خۆشــیان هــەر ئــەو ئاڕاســتەیەیان هەیــە لەسیاســەتەکانیانداو ئاینــدەش زامنــی دەرخســتنی ڕاســتی و بۆچــوون و شیکردنەوە و پێشبینیەکان دەکات .

لێـرەدا پرسـیار ئەوەیـە کـە کـورد چ پێگەیـەکی دەبێـت لەسیاسـەتی ئاینـدەی ئەمریکادا؟

وەڵام ئەوەیــە دەبێــت کــورد چــۆن خــۆی ســازاند لەگــەڵ سیاســەتەکانی کۆماریخوازەکـان و تـوانی ڕژێمـی بـەعس بڕوخێنێت و گـەلێك دەسکەوتی گـەورە بەدەست بهێنێت دەبێت کاری جدیتریش بکات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسـەتی دیموکراتخوازەکانـدا و تادەتوانێـت دەسـکەوت و ئامـانج و داوا ڕەواکـانی گـەلی کـورد بـەدیبهێنێت و جێگـە و پێگـەی شـیاو بگرێـت لـە سیاسـەتەکانی ئاینـدەی ئەمریکادا و کوردوستان بکاتە پێگەیەکی گرنگ لە سیاسەتەکانی و بەرنامـەکانی ئەمریکیەکانـدا بـۆ زامنکردنـی ئاینـدە و دواڕۆژی نـەوەکانی داهـاتوو و مەسـەلە گەورەکـەی کـوردیش لەبەرامبـەر پـیلان و هەلپەرسـتانی دەوڵـەتانی ناوچـەکە و دەرودراوسێدا.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بلاۆکراوەتەوە لـە 13و2006/11/18دا.

# موقتەدا صەدر و میلیشیای مەهدی

# کێن و چیان دەوێت ؟*

❖ بنەماڵەی صەدر لە عێراقدا و بەتایبەتیش لەناو شیعەکاندا بنەماڵەیەکی ناسراوی دینین و ڕۆڵ و کاریگەریان هەبوە و هەشە لەناو شیعەکاندا و گەلێك پیاوی مەزنی ئاینیان تیادا هەڵکەوتوە و هەمیشەش و بەتایبەتیش لەبەرەی دژ بە دەسەلاتدا بون و لەڕیزی جەماوەردا بوون و گیانی نیشتیمان پەروەریان لەناو دڵی گەنجان و پیاوانی شیعەدا بەزیندوویی هێشتۆتەوە. هەرئەم هەڵوێستانەیان وایکردوە کە لەلایەن ڕژێمەکانی حوکمدارەوە و بەتایبەتیش حوکمی بەعسی صدامی بەچاوێکی گومانەوە لێیان بڕوانن و بەمەترسیشیان دابنێن بۆ سەر دەسەلاتەکەی و هەربۆیەش کەوتە ڕاوە دوونان و گرتن و دواتریش لە سێدارەدانیان.

بەم شێوەیە ئەم بنەماڵەیە و چەندانی تریش لە شیعەکان بونە بنەماڵەی زوڵملێکراو لەلایەن ڕژێمەوە، بەلاّم هەرگیز لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە هیچ شێوەیەك نەیان توانیوە کە کاری سەربازی و تەنانەت سیاسیش بکەن و بەڵکە تەنها خەریکی تاعەت و عیبادەت و تەفسیرکردن و خوێندن و فێرکردن بوون لە حەوزە عیلمیەکانی نەجەف و کەربەلاو کوفە و کازمیەدا.

❖ بەلاّم لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە لە ساڵی 2003دا و لەگەرمەی فەوزای سیاسی و چەکداری جەماوەری کە دروست بوو لە ئەنجامی نەمانی یاساو دام و دەزگا حیزبی و حکومی و ئاسایشەکانەوە . لەناکاو و لە چرکە ساتێکی غەفڵەتی زەمەندا موقتەدا صەدری کوڕی ئایەتولاّ محمەد باقر ئەلصەدر گەنجی سەرکێش و لاو سەری دەرهێناو وەکو واریس و جێنشینی باوکی و بنەماڵەکەی هاتە گۆڕەپانی تێکچوو تێکچڕژاوی سیاسی و عەسکەری عێراقەوە و بوە ئیمام و ووتار بێژ بە عەمامەیەکی ڕەش و عەبایەکی سپیەوە. تەیارێکی سەربازی پێکەوەنا بەناوی(( سوپای ئیمامی مەهدیەوە )) کە ئەم ئیمامە دوانزە هەمین ئیمامی

شیعەکانە وگەلێك پیرۆزە لای شیعەو چاوەڕێی دەکەن بگەڕێتەوە و دونیا بکاتە شامی شەریف و دینی ئیسلام سەربخات بەسەر هەموو دینەکانی تردا.

بەم شێوەیە ئەم میلیشیایە کە هیچ بنەمایەکی سەربازی مولتەزیم و ڕێکخراوی تێدا نیە و تەنها هێزێکی چەکدارە و بەتوندی بڕیارەکانی موقتەداو شێخەکانی تری ڕابەری جێبەجێدەکەن و ئەم میلیشیایە و موقتەداش نە لە پێش ڕووخانی ڕژێم و نەلەکاتی ڕژێمیشدا ڕۆڵ و چالاکیان نەبوە وەك فەیلەقی بەدری سەر بە ئەنجومەنی بالأی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا بە ڕابەرایەتی عەبدول عەزیز ئەلحەکیم یان ڕێکخراوەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی.

ئەم میلیشیایە لە گەنجانی موراهیق و سەرلێشێوا و بێ بەرنامە و کۆنە بەعسیەکان و هەندێ تاوانبارانی ڕاکردو و ئازادکراوی بەندیەکانی صدام پێك هاتوون.

- ❖ لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا موقتەداو میلیشیاکەی بەنیازی چین ؟چیان دەوێت؟بۆچی هەمیشە شەڕ و ئاژاوە دەنێنەوە لێرەو لەوێ ؟..هتد.

لەوەلأمی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریشدا دەڵێین:-

موقتەداو میلیشیاکەی پیاوانی حازر خۆرن و هەرگیز پیاوانی ڕۆژانی تەنگانە نەبون و نین و ئەوان کەسانێکی گەنجی سەرکێشن و حەزی خۆ دەرخستن و دەسەڵات پاوانکردنیان هەیە ئەگینا نەپیاوی سیاسین و نەعەسکەرین و نەخاوەن خەبات و نە خاوەن بەرنامە و ستراتیژو دروشم و ئامانجێکی ڕوونن و لەسەر هەمووشیانەوە بێ ئەزمون و ناکاملن.ئەوان تەنها ناوو ناوبانگی باوك و بنەماڵەکەیان مێژوویانە وەك قەڵغان و ماسکێك بەکاری دێنن لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا ئەگینا هیچ کەس و لایەنێك نەیدەناسین.

ئەوان بەپشتگیری و پشتیوانی گەورەو بەردەوامی مادی و مەعنەوی باڵی موحافیزەکارەکانی ناو دەسەلأتدارانی ئێرانی کارە تێکدەر و سەرکێشی و ئاژاوەکانیان دەنێنەوە و ئەوان سەر بە باڵی ئایەتولأ حائیرین کە لە قوم دادەنیشێت و لەژێر ڕکێفی ئایەتولأ سیستانی و مەرجەعەکانی ناو عێراقدا نین.

موقتەداو میلیشیاکەی بونەتە داردەستی ئێران و لەململانێی ئێران ئەمریکادا

ڕۆڵی نێگەتیفانەیان هەیەو هەمیشە داوای دەرچوونی هێزە ئەمریکیەکان دەکەن لە عێراقدا و لەکێشەکانی ئێران و سوریادا ئەمان پشتیوانیان لێدەکەن و بەهاندانی حیزبولاّو حەسەن نەسرولاّی لوبنان و ئێران و سوریا کەوتۆتە خۆ بۆ پێکەوەنانی سوپای $5$ هەزار کەسی بەناوی (( سوپای حوسەینەوە)) بۆئەوەی ببێتە دەم ڕاست و خاوەن هێزی چەکداری حساب بۆکراو لە هەموو عێراقدا وەك حیزبولاّی لوبنانی و لەئێستادا خاوەن (( فیرەقی مردنە)) بۆ سونەو شیعە نەیارەکانی و لە حکومەت و سوپاو پۆلیس و ئاسایشدا و لە پەرلەماندا نوێنەری هەیەو هەمیشە وەك ڕەوتێکی توندڕەوی شیعە مەزهەب هەڵوێست دەنوێنێت نەك تەنها بەرامبەر بە سونە و کوردو بەڵکو بەرامبەر باڵی حەکیم و دەعوە و فەزیلەی شیعەش و کەوتۆتە گەمەی سیاسی بەخۆشی و بەزۆر و بێ سڵەمینەوە دەیەوێت دەسەلاّت بگرێتە دەست وەك چۆن باڵی موحافیزکارانی ئێران بەڕابەرایەتی خومەینی و ڕەفسەنجانی و خامنەئی کردیان لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا لە ساڵی $1979$دا و تائێستا بەردەوامن لە حوکمدا و باڵەکانی ئایەتولاّ بەهەشتی و مونتەزرییان وەلا نا و لە حکومیان دوورخستنەوە بەتایبەتیش صەدریەکان ململانێی بەردەوام و مێژوویان هەیە لە گەڵ بنەماڵەکانی حەکیم و خوئی و یەعقوبی و ..هتد لەسەر دەست بەسەراگرتنی مەزارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلاو کازمیەو..هتدا.

❖ لەگەڵ ئەمانەشدا صەدریەکان هەڵوێستیان لەبەرامبەر کوردو مەسەلەکەی و داواکاری و مافەڕەواکانیدا توندە و دوژمنانەیە و ناڕازین بە فیدراڵیەت و بوونی هەرێمی کوردوستان و پێشمەرگە و گەڕانەوەی کەرکوك و ئاوارەکان و وەبەرهێنانی نەوت و ...هتد.

بۆیە لەسەر هەموان بەشیعە میانڕەوەکانەوە و سونە و کوردو..هتدوە پێویستە بە جدیانەتر لەمەترسی گەورەبون و هەڕەشەکانی موقتەداو میلیشیاکەی تێبگەن و هەڵوێستی توندو ئازایانە بنوێنن لە بەرامبەریاندا بۆئەوەی عێراقی نوێ نەبێتە عێراقێکی سەلەفی ئیسلامی شیعە مەزهەب وەك ئێران و بەمەش عێراق و ناوچەکە و دونیاش بەرەو ئاڵۆزی زیاتر و بەریەککەوتنی زیاتر ببات و

**دواڕۆژیش بەرەو تاریکی و نادیاری و تەڵخی ببەن و قۆناغێکی مەترسیدار و چەوسانەوەو کوشت و بڕی نوێ بێتە ئاراوە کە بەقازانجی گەلانی عێراق و هێزە عیلمانی و پێشکەوتنخواز و میانڕەوەکان کۆتایی نایەت.**

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی ((( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بلاْوکراوەتەوە لە 13 و2006/11/18دا.

# ململانێی باڵە جیاوازەکانی ناو لوبنان بەرەو کوێ ؟*

ئاشکرایە وولاٚتی لوبنان یەکێکە لەو ولاٚتە عەرەبیانەی کە خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگن بەوەی کەوتۆتە ناوجەرگەی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستو خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقاو لە ڕووی ڕۆشنبیری و پێشکەوتن و ئازادیەکان و دیموکراسیەوە پێشەنگی هەموو ولاٚتانی عەرەبی بوە.

لوبنان کە لەساڵی 1946 وە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە لە فەڕەنسیەکان بەقەوارەو ژمارەی دانیشتوان بچوك و لە ئابوریشدا بێهێزو لە ڕووی پێك هاتەی کۆمەلاٚیەتیشەوە لە عەرەب و کورد و ئەرمەن و لە دیانەتی مەسیحی و ئیسلام و لە ناویشیاندا لە مەزهەبی سونە و شیعەو مەسیحی کاسۆلیکی و ئەرسۆدەکسی و لەتیرە عەشیرەتی جیاواز پێك هاتووە، لوبنان لە ڕووی ووشکانیەوە تەنها سنوری لەگەڵ سوریا و ئیسرائیلدا هەیە، کە هەموو ئەم هۆکارانە بەشێوەیەکی نەگەتیڤانە کاریگەرن بۆ سەر ڕابووردوو ئێستا و ئایندەی لوبنان و وولاٚتێك کە ئاماژەی پێبدرێت لەناو ولاٚتانی عەرەبیدا ئەوەیە کە لوبنانیەکان کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیرو پێشکەوتوون و ئازادیەکانی تیادا چەسپیوەو جوانی سروشتەکەشی کردویەتیە جێگەی گەشتوگوزار کە لە هەموو دونیاوە ڕووی تێدەکەن و ئەمەش سەرچاوەیەکی باشی داهاتە، لوبنان لە ساڵانی شەستو حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە گەورەترین بازاڕو جێگەی وەبەرهێنانی سەرمایەداران و کۆمپانیا جیهانیەکان بوەو جوڵەیەکی بازرگانی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی زۆر گەورەی تیادا بوە، بەلاٚم مەخابن لە ساڵی 1975وە تاکو ئێستاش لوبنان بەدەست شەڕی ئەهلی و ململانێی ناو باڵە جیاوازەکانی مەسیحی لە نێوان خۆیانداو ئیسلامیەکانیش بەهەمان شێوەو دواتریش لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەکانیشدا دەناڵێنێت و ئەو وولاٚتە ئارام و جوان و پێشکەوتووەیان بەدەیان ساڵ گەڕاندۆتەوە

دواوە، لوبنـان لـەو مـاوەی 30 ساڵەدا بۆتـە گۆڕەپـانی حـەقیقی یەکلاکردنـەوەی ململانێکـان لەلایـەك لـە نێـوان مەسـیحیەکان و لەلایـەکی تـرەوە لـە نێـوان ئیسلامیەکان و لەلای سێهەمیشەوە لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەکاندا، هەریەك لەم بالأنـەش لـە دەرەوەی سـنورەکانەوە هاوکـاری و پشـتیوانی مـادی و مەعنـەوی دەکـرێن، هەرچـی شـیعەکانە لەلایـەن سـوریا و ئێرانـەوە و سـونەکانیش لەلایـەن وولأتـانی عـەرەبی کەنـداو و سـونە مەزهەبەکانـەوە و هەرچـی مەسیحیەکانیشـە لەلایـەن ئـەمریکاو فەڕەنسـا و مەسـیحیەتی دونیـاوە پاڵپشـت دەکـرێن و دەزگـا جاسوسـیەکانی ئـەو وولأتانـە و ئیسـرائیلیش بەسەربەسـتی کـاری تێکدەرانـەی خۆیان درێژەپێدەدەن و بوونی فەلەستینیەکانیش هێندەی تر باری لوبنانی ئاڵۆزو قورستر کردوە، بەم شێوەیە لوبنان تووشی شەڕێکی نەگریسی خوێناوی ببوو تا لە ساڵی 1991 دا و لە شاری تایفی سعودیە هەموو لایەنەکان ڕێکەوتنی تایفیان ئیمـزا کـردو کۆتاییـان بـەو شـەڕە سـەپێنراوە هێنـاو لـە سـاڵی 1991 وە جـۆرە ئـارامی و کپبـونێکی کـاتی لـە لوبنانـدا هـەبووە، بـەڵام لـە لایەکـەوە بـەهۆی سەرکێشـیەکانی حیزبـوڵلأوە بەرامبـەر ئیسـرائیل هەمیشـە ئـەو ولأتـە لـە ژێـر ڕەحمـەتی فڕۆکـە و تـۆپ و سـوپای ئیسـرائیلدا بـوەو بەبـەردەوامی ترسـی هەڵگیرساندنی شـەڕ هـەبوە، لـە لایـەکی تریشـەوە بەهۆی بونی زیـاد لـە 75 هـەزار سـەربازی سـوریا لـە لوبنانـداو پشـتگیری کردنـی سـوریا بـۆ هەنـدێ بـاڵ و دژایـەتیکردنی هەنـدێ باڵی تـرو سەپاندنی سیاسـەتەکانی سوریا لـەو وولأتـەداو دانـان و لابردنـی سـەرۆك کۆمـارو سـەرۆك وەزیـران و وەزیـرو ..هتـد، بەدەسـتی سـوریەکانەوە بوەو هەمیشـە سـوریەکان لـە ڕاسـتیدا حـوکمی لوبنانیـان کـردووەو لوبنانیـەکان تـەنها وەك بوکەڵـە وابـوون بەدەسـت سـوریەکانەوە، بەهـەمان شـێوە هاوپەیمانی سوریا و حیزبوڵلأ و ئەمەل و ئێرانیش لە گەڵیاندا هـەموو ئـەم هۆکارانـە ببونە هۆی نائارامی و نەبونی متمانەو ناجێگری سیاسیی و ئـابوری لـەو ولأتـەداو دوای وەدەرنـانی سـوریەکانیش هێنـدەی تـر بارودۆخەکـە ڕوو لـە ئـاڵۆزی بـوو، چونکە سوریەکان بەئاسانی دەست لە لوبنـان هـەڵناگرن، چونکە ئـەوان هەمیشـە خەو بە وولأتی شامی گەورەوە دەبینن کە بریتیە لە سوریا و لوبنان بۆیـە دەسـتیان

داوەتە تیرۆری سیاسیەکان و کەسایەتیە دیارەکانی لوبنان و حیزبوڵڵاش بۆتە دەسکەلا و سیاسەتەکانی ئەوان جێبەجێدەکات و لە شەڕی 1 مانگی ساڵی 2006 دا حیزبوڵڵا کارەساتێکی خوێناوی و ماڵ وێرانکەرەی بەسەر لوبناندا هێنایەوە کە بەسەدان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لە ئێستادا کۆمەڵگای لوبنانی دابەشبۆتە سەر دوو بەرەی دژ بەیەك بەرەیەك لە حیزبوڵڵاو ئەمەلی شیعی بەهاوپەیمانی تەیاری میشێل عۆنی مەسیحی کە ئەمانە هاوکاری دەکرێن لەلایەن سوریا و ئێرانەوە، بەرەی دووەمیش بریتین لە سونەکان بەڕابەرایەتی سەعد حەریری و سەمیر جەعجەع و هەموو ئازادی و دیموکراسی خوازەکان کە لەلایەن ئەمریکاو فەرەنسا و ...هتدوە پاڵپشتی دەکرێن هەموو ئەم سەرکردانەی ئێستا پاڵەوانی هەڵگیرسان و بەردەوامی دان و خۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆی لوبنان بونەو پێدەچێت جارێکی تریش مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە لەسەر دەستی ئەمانەداو لوبنان و ئایندەکەی بخەنەوە بەر مەترسیەکی گەورەتر وخوێناوی تر لە جاری پێشوو، چونکە هیچ لایەکیان بڕیاریان لە دەست خۆیاندا نیەو ناتوانن ملکەچی بڕیارەکانی دەرەوەی سنورەکانیش نەبن و بەم شێوەیە لوبنان بۆتە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی سیاسەتی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا و بەتایبەتیش ئەمریکا و سوریا و ئێران.

لوبنان لە داوی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریریەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و ترسناك و یەکلایکەرەوەو ڕۆژ بەڕۆژیش تیرۆری سیاسیی درێژەی هەیە لە دوای دەرچوونی سورياييەكانەوە لە لوبنانداو تازەترین تیرۆریش بریتی بوو لە تیرۆرکردنی وەزیری پیشەسازی لوبنان " پێر ئەمین جومەیل " کوڕی سەرۆکی پێشووی لوبنان و سەرۆکی حزبی کەتائیبی مەسیحی کە لە ڕۆژی سێ شەممە 2006/11/21 تیرۆرکراو جارێکی تر برین و ململانێکانی خستەوە بەرمەترسی لێك هەڵوەشان و پارچەپارچە بوون و ئەگەر ڕێگە نەگیرێت لەم ململانێیانە بەگفتوگۆو ڕاوێژکردن و زمانی عەقڵ ئەوا زۆر نزیکە لوبنان بەرەو شەڕێکی ئەهلی تر، بەڵام خوێناوی تر و پڕ مەترسیتر لە جاران هەنگاو بنێت و ئایندەی ئەو وڵاتەو کۆمەڵگای لوبنانیش بەرەو تاریکی و هەژاری و دواکەوتوویی زیاتر ببات،

لەسنوری لوبنانیش تێپەڕبکات و وڵاتانی ناوچەکەش بگرێتەوەو ئەو کاتەش دەست تێوەردانی وڵاتانی زلهێزو خاوەن بەرژەوەندیو بڕیار بەدەستەکانی دونیاش دەست پێدەکاتو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی ململانێکانو پاراستنی بەرژەوەندیەکان، بەمەش پێدەچێت گۆڕانکاری گەورە لە مێژوو و سنورەکانی ناوچەکەدا ڕووبداتو قۆناغیکی سەرتاپا جیا لە پێشووتر دەست پێبکاتو سیستەمو حوکمی هەندێك بڕووخێتو ئەستێرەی بەختی گەلانو کۆمەڵگای نوێش بگەشێتەوە .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ )) دا بلأوکراوەتەوە لە 2006/12/9دا.

# صدام حسين

## پەندێك بۆ زەمانە *

- مێــــژووی حــــــوکمڕانی(( وولاّتــــــی نێــــوان دوو ڕووبــــار )) یــــان وولاّتی((میسۆپۆتامیا)) و (( دەولّەتی عێراقی نویٰ )) لە قولاّیی مێژۆوە،هەمیشە بەخوێناویترین شێواز دەستپێکردوە و بەردەوام بوە و کۆتایشی هاتوە.

گەلانی ئەم وولاّتە بەهەموو پێك هاتەکانیانەوە بەدرێـژایی مێژوویان هەمیشە لـەژێر زولّـم و زۆرداری و چەوسـاندنەوە و قـات وقڕکردنـدا بـوون، نـەك لەلایـەن دوژمنانەوە بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتداران و حوکمڕانانی خۆیەوە.

مێـژووی حـوکمڕانی سـۆمەریەکان و بابلیـەکان و ئاشـوریەکان و ئەکادیـەکان و ئەمـەوی و عەباسـیەکان و فـارس و تورکـەکان و دواتـریش عەرەبـەکان خۆیـان بەپاشـایەتی و کۆماریەکانــەوە، ســەرتاپایان دووبارەکردنــەوەی خوێنــاویترین تراژیدیای حوکمڕانی و ئاڵوگۆڕی دەسەلاّت بوونە.

وەك بڵێی (( نەفرەتی خواو مێژوو لەدەسەڵاتداران و گەلانی ئەم وولاّتە )) کرابێت لـە ئەزەلەوە.چـونکە چـەندی هەڵـە و خوێنمـڕژی و تـاك ڕەوی و جـەورو سـتەمی دەسەڵاتداران ڕۆڵیان هەبوە لەم مێژوەدا، هێنـدەش ناکۆکی و ململانیٰ و فیتنـە و شەڕەنگێزی و دووڕوویی و بیٰ بەڵێنی ئەم گەلانەی وولاّتەکەش ڕۆڵیان تیادابوە.

بەشـێوەیەك هەمیشـە گـەلانی ئـەم وولاّتـە لەسـەرەتاوە پاڵپشـت و پشـتیوانی و دۆستی دەسەلاّتداران بوونە، هەرهێندەی نەبردوە بونەتە دوژمن و لە بەرامبەریـدا وەسـتاونەتەوە و پشتیان تێکـردوە بەهانـدان و پشـتیوانی هێـزی دەرەکـی و بـەم جـۆرە مێـژووی حـوکمڕانی ئـەم وولاّتـە هەمیشـە لـە دووبارەبونـەوەدا بـوە بـە درێــژایی( 5 )هــەزار ســاڵی دامەزرانــدنی ئیمپراتۆریــەتی ســۆمەریەکان تــاکو دەسەلاّتی کۆتایی بەعسیەکان لە صدام حسێندا و پێدەچێتیش ئەم مێـژووە تالٰ و ڕەش و خوێناویە هەر بەردەوامیش بێت بۆ حوکمڕانانی داهاتوو.

- لەئێستاشدا و دوای 83 ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن ڕژێمەکانی پاشایەتی و کۆماری لەساڵی 1921وە تا 2003 کە کۆتایی بەدەوڵەتی عێراقی هات و سەرکردە و دیکتاتۆر و ڕابەرەکانی بەکوشتن و لە سێدارەدان و سووتان و ژەهرخواردن و پیلان گێران لە نێو چوون و دواهەمینیشیان (( صدام حسێن)) ی دیکتاتۆر و خوێنڕێژی گەلانی عێراق بوو کە بەهەمان دەردی پاشاو سەرۆکەکانی پێش خۆی چوو ، ڕەنگیشە ئەم نەفرەتە ئەزەلیە بەردەوام بێت لەگەردنی سەرکردە و ڕابەر و گەلانی عێراقدا لە داهاتووشدا.
- صدام حسێن کە نزیکەی 35 ساڵ حوکمێکی تاك ڕەو و زاڵمانە و خوێنڕێژانەی عێراقی کرد و بە ئاگر و ئاسن و بێ جیاوازی هەموو گەلانی عێراقی دەچەوساندەوە و نەتەوە و مەزهەب و بیروڕاجیاوازەکانی وەك و یەك دادەپڵۆسی و جێگەی ئازادیەکان و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقی صدام حسێندا نەدەبۆوە و هەربۆیەش لەلایەن زۆرینەی عێراقیەکانەوە بێزراو و ڕق لێهەڵگیراو بوو، بەشێوەیەك ئەو ڕژێمەی کە لەماوەی 35 ساڵدا بناغە و دامەزراندنی و چەسپاندنی خەریکی کردبوو ، لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا لەبەریەك هەڵوەشایەوە و تەفروتونا بوو، صدام حسێن ئەم هەموو کاولکاری و کوشتارەی بەرامبەر گەلانی عێراق کرد سەرتاپایان هاتنەوە ڕێگەی و پێش مردنی بەچاوی خۆی کوڕ کوشتن و ژن و منداڵ دەربەدەرکراو و بەندکردن و دواتریش لە سێدارەدان چارەنوسی بوو وەك ئەو سەدان هەزار عێراقیە بێ گوناهانەی کە لەماوەی حوکمیدا قاتوقڕی کردبوون لە شیعە و سونە و عەرەب و کوردو تورکومان و مەسیحی و یەزیدی و کلدۆئاشوری و ..هتد.
- لەکاتێکدا صدام خۆی بە پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب و ڕزگارکەری فەلەستین و بەرگریکاری دەروازەی ڕۆژهەڵاتی وولاتی عەرەب دەزانی لەبەرامبەر فارسەکاندا ودژی ئیسرائیل و خۆشەویستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوو، وەشانازی بەسوپاو هێز و دەسەلات و دەوڵەمەندیەوە دەکرد و خۆی بە شاسواری دوو شەڕی ئێران و کوێت دەزانی، ئەوا بەدیلی و بە زەلیلی و بەندی و سەرشۆڕی و

دوایش بە لە سێدارەدان کۆتایی بەناو وناوبانگ و دەسەڵاتەکەی هات و لەبەرەبەیانی 2006/12/31 و کاتژمێر30ر4 ی بەیانی و لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان و کۆتایی ساڵی 2006دا لەسێدارە دراو گەلانی عێراق و ناوچەکە و دونیاش لەو هەواڵە خەبەریان بۆوە.

- صدام حسێن و حوکمەکەی و ڕەفتارەکانی و چارەنوسەکەی بونە پەندی زەمانە و دەبێت زۆر سەرکردە و ڕابەر لەعێراقی ئێستا و داهاتووشدا و لە وولاتانی عەرەبیدا و لە وولاتانی تری ناوچەکە و دونیاش عیبرەتی لێوەربگرن، چونکە صدام حسین ڕەمزی خوێن ڕشتن و دیکتاتۆر و تاکڕە و زاڵمی ئەم سەردەمە بوو ، ڕەمزی چەوسانەوە و قڕکردنی گەلەکەی بوو. ڕەمزی جیابونەوەی کەمینەی دەسەلات بوو لەزۆرینەی ڕەش و ڕووتی جەماوەر، ڕەمزی بێبەشکردنی گەلەکەی بوو لە خێروبێری وولاتەکەی و لە ئازادی و دیموکراسی و مافە سەرەتاییەکانیان و خزمەتگوزاریەکان.هەربۆیە وەك ڕاستیەکی مێژوویی هەر سەرکردە و ڕابەرێك بەهەمان شێوەی صدام حسێن ڕەفتاری کردو پشتی کردە زۆرینە و جەماوەر و داواکاریەکانیانی پشتگوێ خست و مافە ڕەواکانیانی پێشێل کرد. ئەوا باش بزانێت کە کۆتایی ژیان و دەسەلاتەکەی بەدەردی دواڕۆژی صدام حسێن دەچێت ، ئەگەر خراپتر نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە باشتر نابێت ، عێراقی نوێ و ڕابەر و سەرکردەکانیشی دەبێت هەمیشە چارەنوسی صدام حسێنیان لەبەرچاو بێت چونکە گەلانی عێراق گەلانێکی فرە مەزهەب و نەتەوە و بیروڕا جیاوازن وبەخۆڕسك دژ بەدەسەلاتن وخۆ ئەگەر بەڕچە و ڕێبازی صدام حسێندا بڕۆنەوە ئەوا ئەمانیش بەهەمان چارەنوسی خوێناوی و دواڕۆژی صدام حسێن دەچنەوە.

- بۆیە عێراقی نوێ پێویستی بە سەرکردە و ڕابەرانێکی بەهێز و حەکیم و لێهاتوو و دڵسۆز بۆ گەلەکەی و ئاشتیخواز و برایەتی ودۆست و خاوەن عەقڵ و تێڕوانین و دووربینیەکی بێ وێنە هەیە.بەشێوەیەك کە زۆربەی پێکهاتەی گەلانی عێراق لێی ڕازی بن. ئەم هەموو فرەییەی گەلانی عێراق هەمیشە ڕێگە خۆشکەرە بۆ هەلایسانی ئاگری شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئاینی کە هەمیشە

خاکی عێراق گۆڕەپانی سەرەکی ئەو شەڕ و ململانێیانە بوە بە درێژایی مێژووی ململانێکان، خۆئەگەر سەرکردە و ڕابەرەکانی عێراقی نوێ بەهەمان شێوازی صدام حسێن حوکمڕانیان کرد ئەوا ڕەوڕەوەی خوێنڕشتن و دواکەوتن و هەژاری و لەسێدارەدانی سەرکردە و گەلانی عێراق بەرەوپێش دەچێت و مێژوە ڕەش و تاڵەکانیش بە مەترسیدارترین و خوێناویترین شێواز خۆی دووپات دەکاتەوە .

- جا لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە سەرکردە و ڕابەرەکانی کوردیش پەندێك یان وانەیەکی جدی لە مێژووی حوکمڕانی و تاکڕە و پشتکردنە جەماوەر و دواڕۆژ و چارەنوسی صدام حسێن وەربگرن و ببنە ڕابەرانێکی خۆشەویست و دڵسۆز و بەوەفا بۆ خەباتی دێرین و درێژخایەنی گەلی کوردو نەبنە مێردەزمەو خۆسەپێن و تاکڕەو و قۆرخکەری دەسەڵات و پارەو سەروەت و سامان و ماڵ وموڵکی ئەم گەلە و هەمیشە لەناو جەماوەردا بن و بەدەم داواکاریەکانیانەوە بچن و پشتیان تێنەکەن . چونکە ڕق و بێزاری جەماوەر گەلێك بە سەبرە ئەما تولەو ڕاپەڕین و شالاوی جەماوەر گەلێك بەهێز ڕامالێکەر وبەزەبرە و مێژووی خەباتی دوور و نزیکی گەلەکەشمان شاهیدە بۆ دۆست و دوژمنان و جا ئەو کەسە کەسە ئەلفێکەی بەسە.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بلاوکراوەتەوە لە 4و2007/1/6دا.

# کۆنگرەی لوتکەی عەرەب

# کۆنگرەی بێئومێدی *

- وەك بڕیارە لە ڕۆژی 2007/3/28 دا کۆنگرەی 19 هەمی سەرانی عەرەب لە شاری ڕیازی پایتەختی عەرەبستانی سعودیە ببەسرێت کە کۆنگرەیەکی ئاساییە و لەدوای 10 کۆنگرەی نائاسایی و 8 کۆنگرەی ئاساییەوە دێت.

تائێستا بڕیارە هەموو پاشاو سەرۆکەکانی عەرەب بەشداری بکەن (( جگە لە موعەمەر قەزافی سەرکردەی لیبیاو شێخ حەمەد کوڕی خەلیفەی میری قەتەر)) نەبێت کە ئامادە نابن، عێراقیش بۆ یەکەم جار لەدوای ڕزگارکردنیەوە لەلایەن سەرۆکێکی هەڵبـژێردراو و شەرعیەوەی بەشداری دەکات لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە وەك سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەهەموو قورسایی و سەنگینی و مێژووی خەبات و دیپلۆماسیەت و ناو وناوبانگیەوە لەگەڵ هەموو کێشەکانی عێراقدا. کە ئەمە یەکەم جارە کوردێك وەك سەرۆك کۆماری وولاتێکی زۆرینە عەرەب بەشداری ئاوها کۆبونەوەیەکی سەرانی عەرەب بکات و بڕیاریشە مەسەلەی فەلەستین و عێراق لە پێشەوەی ئەجێندای کارەکانی کۆنگرەکەوە بن.

- ئاشکرایە ئەم کۆنگرەی لوتکانە گرنگی و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکان، بۆیە لێرەدا جێگەی پرسیارەکە ئایا ئەرکە هەنوکەیی و گرنگەکانی سەرانی عەرەب چیە لەم قۆناغەدا؟ ئایا دەتوانرێت سەرجەم کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکرێن ؟ئایا لەم زەمەنە جەنجاڵ و ئاڵۆز و پڕ کێشانەدا بەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عەرەبەکان دەتوانن خۆیان لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا بگونجێنن؟ ئایا سەرانی عەرەب دەتوانن ئاوات و خواستەکانی گەلەکانیان وەدیبهێنن؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تریش.

سەرەتا دەبێت بزانین کە کێشەکانی عەرەب خۆیان چین و دواتریش کێشە ناوچەییەکانیش کامانەن کە کاریگەریان لەسەر عەرەبەکان هەیە؟

ئاشکرایە کە هەر 22 وولاًتە عەرەبیەکە لە ڕۆژئاواوە تا ڕۆژهەلاًتیان ژمارە گەلێك کێشەی ناوخۆییان لەنێواندا هەیە، هەر لە کێشەی سنوور و ئاو و ململانێی سیاسی و ...هتدوە جگە لە کێشە گشتیەکانی هەژاری و نەخۆشی و دواکەوتوویی و بێکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و نەبونی دیموکراسیەت و کرانەوە و شەفافیەت و ئازادیەکان و ...هتد. کە هەموانیان بەدەستیانەوە دەناڵێنن ، سەرەڕای کێشە گەورەو گرنگەکانی هەموو عەرەب کە لە ئێستادا بریتین لە (( کێشەکانەی فەلەستین و عێراق و سوریاو لوبنان)).

هەروەها هەر وولاًتێکیشیان بەجیا گیرۆدەی دەیان کێشەی ناوخۆیی و نەتەوەیی و مەزهەبی و دینی و بێکاری و هەژاری و ،...هتد بونەتەوە. هەموو ئەم کێشانە بونەتە کێشەی مزمین و چارەسەرکردنیان گەیشتۆتە ئاستی موستەحیل، هەربۆیە سەرانی عەرەب و کۆنگرە دەوریەکانیان لەماوەی 2-3 ڕۆژدا ناتوانێت هەموو ئەم کێشانە چارەسەر بکات و سەرانی عەرەبیش عەسای سیحریان بەدەستەوە نیە کە لە چاوتروکاندنێکدا زاڵ بن بەسەر ئەو هەموو کێشانەدا، چ جای بتوانن لەگەڵ کێشە ناوچەیی و جیهانیەکاندا خۆیان بگونجێنن و چارەسەریان بکەن.عەرەبەکان هەمیشە کەوتونەتە دوای ڕووداوەکان و بونەتە پاشکۆی زلهێزەکان و هیچ کاتێك بەرنامەو گوتارو هەڵوێستی سیاسی یەکگرتوی پێشوەختیان نەبوە. هەربۆیە ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاًتی ناوەڕاستە بەردەوام بۆتە کوانویەکی پڕ ژیلەمۆی خامۆش کە هەموو ئان و ساتێك ئامادەبوە بۆ گڕگرتن و کڵپە سەندن، لەئێستاشدا بەهۆی کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێران و کێشەی عێراق و کێشەی نێوان سوریاو لوبنان ناوچەکە لەهەموو کاتێك زیاتر ئامادەیە بۆ گڕگرتن.

سەرانی عەرەب بۆ خۆشیان لەناوخۆیاندا و لەسەر ئاستی شەخصیش ناتەباو ناکۆکن وەك کێشەی نێوان شا عەبدوڵای سعودیە و موعەمەر قەزافی لیبیا. بۆیە هەرگیز پێشبینی ناکرێت کە سەرانی عەرەب بتوانن هەموو ئەو کێشانە نەك چارەسەر بکەن بەڵکو ناتوانن ڕێگا چارەی کورت خایەنیشیان بۆ دیاریبکەن.

هۆکاری سەرنەکەوتن و نەتوانینیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە :-

1.بناغــەی بیرکردنــەوە و لێکتێگەیشــتن و ئایــدۆلۆژیایان بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان بــریتین لــە لێکدانەوەیــەکی تەســکی بنەماڵــەیی و ناوچــەگەریی و عەشایەری و شمولی و تاکڕەوی و خۆسەپاندن ، دوور لە بیرکردنەوەیەکی ئازاد و کراوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی.

2.ســەرانی عــەرەب هێنــدەی بەتــەنگ دەســەڵات و بەرژەوەنــدی شەخصــی و بنەماڵــەیی و ناوچــەیی خۆیانــەوەن، نیــو هێنــدە بەتــەنگ بەرژەوەندیــە باڵاکــانی نەتــەوەو ئیسلامیشــەوە نــین وتــەنها کاریــان پاراســتنی دەســەڵات و کورســی و داهاتەکانیانە.

3.هەموو سەرانی عەرەب لەڕێگەی یامیراتیەوە یان کودەتاوە هاتونەتە سەر حوکم هەربۆیە یا بەمردن یان بەکودەتا دوور دەکەونەوە لە دەسەڵات (( جگە لە بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ )) هەربۆیە ئەم سەرکردانە نمایندەی ڕاستەقینەی خواست و ئاوات و ویستەکانی گەلانیان ناکەن.

4.هیچ یەکێك لەم سەرکردانە بڕیاری سیاسی و ئابوری و سەربازی و تەنانەت کۆمەڵایەتیشــان لەدەســت خۆیانــدا نیــە و هەمیشــە پــرس و ڕا بــە زلهێزەکــان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن.

هەربۆیە کاتێك مرۆڤ سەربەست نەبوو لە بیرکردنەوەو بڕیارداندا دەبێتە کەسێکی بێتوانا و بچووك و بێئیرادە کە ناتوانێت لە بەردەم کێشە و گرفت و ململانێکانــدا خۆڕاگربێت و بتوانێت چارەسەریان بکات.

لەبــەر ئــەم هۆکارانــە هــیچ دڵنیاییــەك نیــە کــە ســەرانی عــەرەب بتــوانن لــەم کۆنگرەیەیانــدا ســەرکەوتوو بــن و بتــوانن کــەمترین ڕادەی خواســت و ئاواتــەکانی گەلــەکانیان بهێننــە دی و چارەســەری کێشــەکان بکەن.جگــە لــەوەی ئــەم کۆنگرانــە بونەتە کەرنەڤاڵێك بۆ بینین و چاوپێکەوتن و میوانداری و موجامەلــەی یــەکتری، بەڵگــەش هــەموو کۆنگرەکــانی پێشــووتری عــەرەبن.جارێك لــە موعەمــەر قــەزافیان پرســـیبوو بـــۆ کۆدەبنـــەوە لەوەڵامـــدا ووتبـــووی (( کۆدەبینـــەوە بـــۆ ئـــەوەی ڕێکنەکەوین))،هەربۆیــەش ناکرێــت و کــارێکی مــەنتیقی و ناڕاستیشــە کــە هــەموو ئومێدێك هەڵبچنرێت لەسەر ئەم کۆبونەوەی لوتکانە چونکە گەر ئیرادە هەبێت بۆ

چارەسەرکردن ئەوا دەکرێت لەدەرەوەی ئەم کۆنگرانەش چارەسەر بکرێن،بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە هەر وولاًتە و هەر ناوچەیەك بەرژەوەندی خۆیان لەپێش بەرژەوەندیە باڵاکانەوە دادەنێن ، ئەوەتا ووڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی هیچ کاتێك کاریگەریان لەسەر کێشەکانی عەرەب نەبوە ، ووڵاتانی قەڕنی ئەفریقیش بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و هەژاری و نەخۆشی و بێکاری و دواکەوتوابیانەوە ناپەرژێنە سەر کێشە عەرەبیەکان . ئەوەی کە دەمێنێتەوە ووڵاتانی کەنداو ومیسر و ئوردون و عێراق و سوریایە بەهۆی گرنگی و گەورەیی پێگە جوگرافی و ئابوریەکانیانەوەیە، کە ئەمانیش بەهۆی بوونی دەیان کێشەی نێوانیان و ناوخۆشیانەوە نەبونەتە ئەو گروپە بەهێزە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .هێندەی هۆکاری جیاوازی و لێکدورکەوتنەوەیان لەنێواندا هەیە نیو هێندە هۆکاری لێکنزیکبونەوەو یەکگرتنەوەیان لەنێواندا نیە .

بۆیە دەڵێین ئەم کۆنگرەیەش وەك پێشترەکانی جێگەی بێئومێدی زیاترە چونکە ئەرکەکان و تەحەداکانی ناوچەکە و جیهان زۆر لەوە گەورەترن کە سەرانی عەرەب بتوانن چارەسەریان بکەن و ئەم کۆنگرەیەش و بڕیارەکانی تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێننەوە و ناچنە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە..

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ و دەنگەکان))دا بلاًوکراوەتەوە لە 2007/3/28دا.

# سیناریۆکەی عێراق

## لەگەڵ ئێرانیشدا دووبارە دەبێتەوە*

- ئاشکرایە  پێش لێدانی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003 دا لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاو هێزە فرە نەتەوەکانەوە، گەلێك ڕێوشوێن و چاوسورکردنەوەو هەڕەشە و گوشار و فشاری ئابوری و سیاسی و سەربازی و زانستیان دەخستە سەر ڕژێمی عێراق لەژێر پەردەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و لەڕێگەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکانەوە، بەمەبەستی چاوترساندن و پەشیمانکردنەوە و پاشگەزبونەوەی ڕژێمی عێراق لە بەرنامە شۆڤێنی و تاکڕەوی و توتالیتاریەکەی و دەست کردن بە کرانەوەی زیاتر و چەسپاندنی دیموکراسیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە هەڕەشەکردن و هەراسانکردنی دراوسێکانی و ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا بەبەکارهێنانی هێز و هەروەها دوورکەوتنەوە لەبەرنامە سەربازی و خۆپڕچەککردن و بەدەستهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە جۆری بایۆلۆژی و کیمیاوی و کۆمەڵکوژ.لەوپێناوەشدا چەندین بڕیار لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو،بەڵام ڕژێمی عێراق بەگوێنەدانە بەرژەوەندی گەلانی عێراق لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتن و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکانی بۆ حسابات و هاوکێشە و گۆڕانکاری و بارودۆخە نوێ جیهانیەکە و گۆڕانی بەرژەوەندی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و هاتنەکایەوەی نەزمێکی نوێی جیهانی و بەجیهانی کردنی دونیا و هەڵایسانی جەنگی دژە تیرۆری جیهانی ، کەوتە هەڵەیەکی مێژوویی و سەرەخۆرەی خۆیەوە کە ملینەدا بۆ بڕیار و گەلەکۆکەمیەکەی دونیاو سووربوو لەسەر هەڕەشەو ملهوڕیەکانی خۆی بەپشت بەستن بە هەندێ هاوکاری و پشتگیری ڕووکەشی ڕوسیاو فەرەنساو چین و ....هتد. تاکارگەیشتە ئەوەی ڕۆژی حساب هات و ئەوڕژێمە پۆلیسیەی لەماوەی زیاتر لە 35 ساڵدا هەوڵی خۆ قایمکردن و پتەوبوونی خۆی دەدا بەڵام لەماوەی کەمتر لە 1 مانگدا  تەفروتونا کراو بۆ

هەتاهەتایە بەرەو زبڵدانی مێژوو تور هەڵدراو دیکتاتۆر و سەرانی ئەو ڕژێمە خرانە بەندیخانە و درانە داداگاو بەسێدارەش حوکمدران و بەسزای ڕەوای خۆیان گەیشتن .ئەم سیناریۆیەی کەلەگەڵ عێراقدا پەیڕەوکرا ماوەی نزیکەی 12 ساڵی خایاند لەساڵی 1991–2003، هەمان سیناریۆ لە ئێستادا لەگەڵ ئێراندا دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ هەندێ گۆڕان لە شێوازی جێبەجێکردندا لەبەر گۆڕانەکاریە نێودەوڵەتیەکانی ئەم سەردەمە. ئاشکرایە ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەسایەی شۆڕشەکەیەوە لەساڵی 1979 وە هاتۆتە سەر حوکم لە ئێراندا و لەوکاتەوە دوژمنایەتیەکی سەرسەخت دەکات لەگەڵ ئەمریکاو ئیسڕائیلدا و بە شەیتانی گەورە ناوی دەبات. ئەمریکاش لەبەرامبەردا لەهەوڵ و پیلانداناندا بوو بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە ئیسلامیەو ئەوەبوو لەساڵی 1980 وە و بۆماوەی 8ساڵ جەنگی عێراق –ئێرانی بۆ دروستکردو یەك لایەنە گەمارۆی ئابوری خستە سەر ئێران بەمەبەستی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی ، بەلاّم ئێران لەدوای ڕاوەستانی جەنگەکەوە لەساڵی 1988وە بەهێمنی و ئارامی و بێدەنگی کەوتە پلاندانان بۆ گەشەدان و پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانا سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی خۆی و کەوتە ڕێکخستنەوەی ناومالّی ناوخۆیی ئێران سەرەڕایی کێشە ناوخۆییەکانی دوای جەنگ لەنێوان باڵە سیاسەکانی موحافیزکارەکان و ڕیفۆرمخوازەکاندا و توانی گەشەو پێشکەوتنی بەرچاو لەهەموو بوار و ئاستەکاندا بەدەست بهێنێت و بتوانێت مامەڵ لەگەڵ کێشە ناوچەییەکانی ئەفغانستان و لوبنان و ناوچەی کەنداودا بکات و خۆشی لەگەڵ کێشە جیهانیەکانی سەردەمی جەنگی دژە تیرۆریش بگونجێنێت.و لەئێستاشدا بەهۆی مەسەلەی عێراقەوە کە ئێران دەستێکی بالاّی هەیە لە ناجێگیریدا و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی و ناکۆکی تایەفی و مەزهەبی و ..هتد و عێراقی کردۆتە گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکاداو هەروەها بەهۆی کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەئێستادا ئێران کەوتۆتە بەر شالاّو و فشار و گوشارێکی توندی ئەوروپاو ئەمریکاو دەیانەوێت بەهەر نرخێك بوە ئێران پاشگەزبکەنەوە لە پڕۆسە ئەتۆمیەکەی،

بۆئەم مەبەستەش زیاتر لە ساڵێکە لەڕێگەی گفتوگۆو دانوسانەوە هەوڵی لەگەڵدا دەدەن و ئێرانیش تائێستا سوورە لەسەر هەڵوێست و گوتارە توندەکانی و هیچ جۆرە سازش و خاوبونەوەو نەرمیەك پیشان نادات.پێش ماوەیەك لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیارێك دەرچوو کە ماوەی 60 ڕۆژی دایە ئێران بۆ وەستاندنی پیتاندنی یۆرانیۆم و داخستنی کورە ئەتۆمیەکانی، بەڵام ئێران هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو پرۆسەیە و گوێی نەدایە داواکاریەکانی ئاژانسی ئەتۆمی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشیش. هەربۆیە ئەوروپییەکان پێش ئەمریکا سوورن لەسەر ئەوەی ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی کە لەم خاڵەدا جیاوازیەك هەیە لە گەڵ سیناریۆکەی عێراقدا چونکە ئەوروپییەکان و لەپێش هەموانیشیانەوە فەڕەنساو ئەڵمانیا دژی لێدان و ڕووخاندنی عێراق بوون بەڵام لە ئێستادا هەموانیان لەگەڵ ئەمریکادا سوورن لەسەر بەدەستنەهێنانی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی.بۆیەش گوشارەکان بەهێزترن لەسەر ئێران.بەڵام ڕژێمی ئێرانیش بەهەمان شێوەی ڕژێمی بەعس بەهەڵە لە گۆڕانکاری و بەرژەوەندیەکان و ئەم نەزمەنوێیەی جیهان تێدەگات و هەر بەهەڵەش لە هاوکێشە و بەلانسی هێزەکانی دونیا تێدەگات ، بۆیە هەمان هەڵەی ڕژێمی بەعس دووبارە دەکاتەوە و سوورە لەسەر ملهوڕی و گوێنەدان بەهەوڵە دیپلۆماسی و دانوسانەکان و ئامۆژگاریەکان ، ئەم هەڵوێستەشی لەسەر ئەوە بنیاد ناوە کە وادەزانێت ڕوسیاو چین پشتگیری لە هەڵوێستەکانی دەکەن لەبەرامبەر ئەوروپاو ئەمریکادا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا. بەڵام هەروەك چۆن پشتیانکردە ڕژێمی عێراق هەرواشیان لەگەڵ ئێراندا کردو ئەوەبوو لە ڕۆژی 2007/3/25دا بڕیاری 1747 بەکۆی دەنگی هەر 15 ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕوسیاو چینیشەوە دەرچوو وەك ئاگادارکردنەوەیەك بۆ ئێران کە چیدی سوور نەبێت لەسەر پرۆسەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی . ئەم بڕیارە توندەو مولزەمیشە و لەژێر فەصلی7 لەمادەی 41 ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچووە کە دەتوانرێت هێزی سەربازیش بەکاربهێنرێت بۆ سەپاندنی گەرچی بەڕوونی دیارینەکراوە و گەمارۆی ئابوری و سەربازی و دارایی خستۆتە سەر28 کەسایەتی و بانك و بازرگانی لەگەڵ

ئێرانـدا، هەربۆیــە دەرکــەوت کــە ڕوســیاو چــین پشــتیوانی ئێرانیــان نــەکردو بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان نـەکردە قوربـانی ئێـران و بەهـەمان شـێوەش بەهەڵـەدا دەچـێت لـە ململانێکـانی لەگـەڵ ئـەمریکاو بەرژەوەندیەکانیـدا لەناوچـەکەدا لـە عێراق و لوبنـان و فەلەسـتین و پشـتگیری ڕژێمـی سـوریادا. ئێـران گـەر سووربێت لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتانەی ئـەوا بەدڵنیا یـەوە لەئایندەدا بڕیـار و گوشـاری تونـدتر ئاڕاستەی دەکرێت و لەکۆتایشدا گەر هەر بەردەوام بوو ئەوا تەنها ڕێگە چارەی سەربازی دەمێنێتەوە و ئێـرانیش بەهـەمان چارەنوسـی ڕژێمـی عێراقی دراوسـێی دەچـێت.ئێران دەبێـت لـەو ڕاسـتیانە تێبگـات کـە ئـەمریکا بەسـانایی واز لـە بەرژەوەندیـــەکانی خـــۆی لەناوچـــەی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا ناهێنێـــت لـــە پێشیشیانەوە:-

1.دەستبەســەراگرتن و کــۆنترۆڵکردنی سەرچــاوەکانی وزە لــە (نــەوت و گــازی سروشتی )) ناوچەکە و پێگە سەربازیەکەی کە چەندین ساڵە هـەوڵی قایمکردن و جێگیرکردنی دەدات.

2.پاراستنی ئاسایش و ئـەمنی وولاٚتـانی هاوپـەیمان و دۆسـتەکانی لـە کەنـداوی عەرەبیدا.

3.هـەروەها پاراسـتن و ئاسایشـی ئیسـڕائیل کـە دۆسـت و هاوپـەیمانی سـتراتیژی ئەمریکایە و بۆتە ئـەرکێکی هەنوکـەیی و لەپێشـینەی هـەموو کارەکـانی سـەرۆك و ئیدارەکانی ئەمریکادایە.

بـەم شـێوەیە هــەمان سـیناریۆی عێـراق لەئێرانیشــدا دووبـارە دەبێتــەوە بــەڵام خوێنـاوی تـرو مەترسـیدار تـر بـەهۆی پێگـە و گـەورەیی و گرنگـی ڕۆڵـی ئێـران لەناوچەکەدا.و گەر ئێران پەند لە عێراق وەرنـەگرێت و لەسـەر هەڵـەکانی بـەردەوام بێت ئەوا هەمان چارەنوسی ڕژێمی عێراق چاوەڕوانی دەکات و زەمەن و ئایندەش گرەنتـی وەدیهـاتنی ئـەو پێشبینانەن ، تاهـاتنی ڕۆژی حسـابی کۆتـایش هـەموو ئەگەر و ڕێگاچارەکان بەکراوەیی دەمێننەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ و دەنگەکان )) و ڕۆژنامـەی (( هـەواڵ ))دا بلاٚوکراوەتـەوە لـە 27 و28 و2007/3/31دا.

# ئیدارەی سەرۆك بۆش و
# ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی دیموکراتخوازەکان *

❖ ئاشکرایە ئەمریکا وولاتی دیموکراسی و دەسەڵاتە جیاوازەکان و موئەسەساتیە، کەهەریەکە لە دەسەڵاتی یاسادانان (( کۆنگرێس )) و دەسەڵاتی جێبەجێکردن((کۆشکی سپی )) و دەسەڵاتی دادوەری، ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە و لەبڕیاردان و هەڵسوکەوت و گوتاریاندا بەپێی یاسا دەسەڵات و کارەکانیان دیاریکراوە و هەریەکەیان سنوری دەسەڵاتەکانی خۆیان دەزانن و دەستوەرنادەنە کاروباری یەکتر .ئەم جیاوازی و سەربەخۆییەی ئیدارەی ئەمریکا زۆرجاران بۆتە خاڵی لاوازی و گەلێك جارانیش بۆتە خاڵی پۆزەتیڤ بەتایبەتی بۆ وولاتانی تر کە ئەگەر لایەك دەرگای بەڕوودا داخستبن لەدەرگایەکی ترەوە چونەتە ژورەوە.

❖ جاهەرکاتێك ئیدارەی کۆشکی سپی کە سەرۆکێکی هەڵبژێراو ڕابەرایەتی دەکات کە خاوەن دەسەڵات و شەرعیەتێکی گەورەیە چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت لەلایەن زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانەوە پشتگیری بکرێت و لە حیزبی خۆی بن ئەوا دەسەڵات و بڕیارەکانی بەهێزتر دەبن و بەسانایی هەموو بڕیار و پڕۆژەکانی دەڕاستێنرێت ، بەڵام بەپێچەوانەشەوە سەرۆك ناتوانێت بەسەربەستی بڕیارو پڕۆژەکانی بخاتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە گەر بەرەو ڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز ببێتەوە لەهەردوو ئەنجومەنەکەدا کە لە حیزبی بەرامبەر بن.هەرچەندە سەرۆکی ئەمریکا خاوەنی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە بۆ بڕیارەکانی کۆنگرێس.

❖ ئاشکرایە لەوکاتەوەی کە ئەمریکا دۆزراوەتەوە لەساڵی 1492دا لەلایەن کریستۆڤەر کۆلۆمبۆسەوە بەچەندین قۆناغی تاریك و ڕووندا تێپەڕی کردوە تاگەیشتۆتە ئەم قۆناغ و ئاستەی ئێستا کە بۆتە تاکە زلهێزی دونیاو ڕابەرایەتی ئەم کەونە دەکات و خاوەن توانایەکی گەورەو لەبن نەهاتووی مرۆیی و سەربازی

و تەکنـــەلۆژی و زانســـتیە و لەســـایەی سیســـتەمێکی سیاســـی و ئـــابوری ودیموکراسی و فیدراڵی و ئازاددا بۆتە نمونەیەکی باڵا بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی بە نەتەوە و دیانەت و زمانی جیاواز لەم سەردەمەدا.

❖ لەئێستاشدا سەرۆك بۆش کە لە ساڵی 2000وە بۆتـە سـەرۆکی ئـەمریکا و بۆ دوو خولی لەسەریەك هەڵبژێرایەوە لەحیزبی کۆماریەکانە و لەسایەی زۆرینـەی کۆماریـــەکان لــە هــەردوو ئەنجومـــەنی پـــیران و نوێنەرانـــدا 6 ســـاڵی یەکـــەمی دەسـەڵاتەکەی بەبێ کێشـە و گرفت بەرێوە بردوە کە تیایدا کارەساتی گەورەی 11ی سـێپتەمبەر بەسـەر ئـەمریکادا هـات و لـە ئەنجامـدا جـەنگی دژە تـیرۆری جیهـانی ڕاگەیـەنراو ئـەمریکا ڕابەرایـەتی دەکـات و هـەروەها هـەردوو جـەنگی ڕزگارکـەری ئەفغانسـتان و عێراقـی تیـادا ڕوویـدا و کێشـە گەرمـەکانی ئـەتۆمی کۆریـاو ئێـران و سـوریاو لوبنـان و دارفـۆرو صـۆمال و گـەلێکی تـر .. ئـەم ئیدارەیـەی سـەرۆك بـۆش زۆر بـە هێـز و توانـاوە بـەرەو ڕووی ئـەو کـارە گـەورەو مەترسـیدارانە بۆتـەوە و بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی لـەبارەوە داون و تاڕادەیـەکیش ســـەرکەوتوو بـــوە تیایانـــدا ، بـــەڵام لـــە ئێســـتادا و لـــەدوای ســـەرکەوتنی دیموکراتخوازەکـــان لەهـــەردوو ئەنجومەنەکـــەدا و بونیـــان بـــە ئۆپۆزســـیۆنێك لەبەرامبـەر کۆشـکی سـپیدا سـەرۆك بۆش ئـەو هێـز و دەسـەڵات و سەربەسـتیەی جارانی نەماوە لە بڕیاردان و تێپەڕاندنی پڕۆژەکانیدا .

❖ ئاشـکرایە هـەردوو حیزبـی کۆمـاری و دیموکراتخوازەکـان خـاوەن هـەمان ستراتیژو ڕوانگەن کە هەڵقوڵاوی پاراستنی ئـەمنی نەتـەوەیی ئـەمریکان لەهـەموو دونیـادا بـەڵام لـە شـێوازی چارەسـەرکردن و بۆچونیان بۆ کێشـەکاندا جیاوازیـان هەیە، هەرچی دیموکراتخوازەکانە گرنگـی زیـاتر دەدەنـە مەسـەلە ناوخۆییـەکان و خاوەن تێڕوانینی نـەرم و نیـان و دایـەلۆگن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان . بـەڵام کۆماریـــەکان بەپێچـــەوانەوە گرنگـــی زیـــاتر دەدەنـــە مەســـەلە نێودەوڵەتیـــەکان و دەرەکیـەکانی ئـەمریکا و زۆرجـاران پـەنایان بردۆتـە بـەر بـەکارهێنانی هێـز بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان .

هەربۆیــە ســەرۆك بــۆش لەئێســتادا بــەرەو ڕووی قــەیرانێکی سیاســی و ئیــداری بۆتــەوە بــەهۆی بــوونی ئــەم ئۆپۆزســیۆنە بــەهێزەی دیمکوراتخوازەکــان و کاریگەریەکی گەورەیان دەبێت لەسەر ئایندەی بڕیار و دەسەڵات و بۆچونەکان و دانـانی لێپرسـراوەکانی ئیدارەکـەی سـەرۆك بۆشـدا . و لـەزۆر بۆچـون و بڕیـاردا لەگەڵ سەرۆکدا نین و بگرە بەرهەڵستیشی دەکەن ، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی سـەرۆك بـۆش و کۆماریـەکان بەدرێـژایی دەسـەڵاتیان ئێـران و سـوریاو کۆریـا بـە دوژمــن و نــەیاری ئــەمریکا دادەنــێن و هەرســێکیانیان خســتۆتە ژێــر فشــار و گوشارەوە و ئامادەنین دانوسانیان لەگەڵدا بکەن و ئەوپـەڕی ململانێـی سیاسـی و ئـابوری و چاوسـورکردنەوەیان لەگەڵـدا بـەکاردێنن، بـەڵام هـەردوای سـەرکەوتنی دیموکراتخوازەکان و بونی زۆرینەیان لەهەردوو ئەنجومەنەکەدا دوای 12 ساڵ لـە باڵکێشــانی کۆماریــەکان کەوتونەتــە بەرهەڵســتی و ڕێگــە گــرتن و ئاســتەنگ دروسـتکردن لەبـەردەم ئیـدارەی سـەرۆك بۆشـدا و لەئێسـتادا و لـە 2007/4/3دا ســەرۆکی کــۆنگرێس خــاتوو نانســی بیلۆســی دیموکراتخــواز ســەردانی ســوریا دەکات و لەگەڵ بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆمار و گەورە لێپرسراواندا کۆدەبێتـەوە و دانوسـان و گفتوگۆدەکـات کـە ئـەم کـارەی دیموکراتخوازەکـان سـەرۆك بـۆش و ئیدارەکــەی زۆر پەســت و نیگــەران کــردوە و بەئاشــکرا ڕەخنــەیان لێگرتــوون ، لەمەســەلەی عێراقیشــدا وەك تەحەدایــەکی تــری ســەرۆك بــۆش و ئیدارەکــەی کۆنگرێس لەبەرامبەر ڕاستاندنی بودجەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا مـەرجی ئەوەیان داناوە کە دەبێت ئەو هێزانە بەپێی خشتەیەك تا مانگی ئازاری 2008 لە عێراقدا بکشێنەوە ، لەمەسەلەی لوبنان و فەلەستین و ..هتدیشدا بەهـەمان شێوە سیاسـەتێك دژ بـە سیاسـەتەکانی ئیـدارەی سـەرۆك بـۆش پـەیڕەو دەکـەن وەك گوشارێکی حیزبی و سیاسی و وەڵامدانەوەیەکیش بۆ ڕای جەماوەری شـەقامی ئـەمریکی و کۆکردنـەوەی زیـاترین دەنـگ بـۆ حیزبەکـەیان بـۆ هەڵبژاردنـەکانی سەرۆکایەتی کە لە ساڵی 2008دا ئەنجام دەدرێت.

بۆیـە ئـەم مـاوەی سـاڵ و نیـوەی کـە سـەرۆك بـۆش ماویـەتی لـە کۆشـکی سـپیدا ماوەیــەکی گــەلێك وشــك و جــەفا دەبێــت لەبەرامبــەر ئۆپۆزســیۆنێکی بــەهێز و

زۆرینـــەی دیموکراتخوازەکانداوپێشـــبینیش دەکرێــت لەســایەی ئــەم ململانـــێ حیزبیــەی نێــوان کۆمــاری و دیموکراتخوازەکانــدا گــۆڕانی گــەورە ڕووبــدات لــە سیاسەتەکانی ئەمریکاداو چارەسەری کێشـەکانیش بـە ئاقارێکی جیاواز لـەوەی چاوەڕێدەکرێت لەسایەی ئیدارەی سەرۆك بۆشدا بێتە دی کە ئەمەشیان زەمەن و ڕۆژانی ئاینده زامنی وەدیهاتنیانە.

---

* ئـەم بابەتـەم لـە سـایتی ئـەلکترۆنی (( نـاوخۆ ودەنگـەکان وکوردوسـتان پۆسـت )) و گۆڤـاری ((نێوەند)) بلأوکراوەتەوە لە 4 و5 و7 و8 /2007/4 وکانونی دوەمی/2008دا.

# کێشەی شیعەکانی یەمەن

# بەرەو کوێ ؟ *

- وولاَتی یەمەن تاساڵی 1990 لەدوو وولاَتی(کۆماری یەمەن لەباکور و یەمەنی دیموکراسی گەلیی لەباشوور )پێك هاتبوو .لە1990/5/22دا هەردوو وولاَت یەکیان گرتەوەو بەمەش کۆماری عەرەبی یەمەن دروست بوو، یەمەن دەکەوێتە باشووری نیمچە دورگەی عەرەبییەوە لەباکورەوە سعودیەو لەڕۆژهەلاَتەوە سەڵتەنەتی عومان دراوسێین و لەباشورو ڕۆژئاواشەوە هەردوو دەریای عەرەبی و سور سنورەکانێتی، وولاَتی یەمەن پایتەختەکەی شاری صەنعایەو زمانی ڕەسمی عەرەبییەو پارەکەی ڕیاڵی یەمەنیەو پانتایی ڕووبەرەکەی( 527970)کم2و بەپێی سەرژمێری ساڵی 2003 ژمارەی دانیشتوانی 23 ملیۆن کەسە، یەمەن خاوەن مێژووو شارستانیەتێکی دێرینەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش 5000 ساڵ پێش میلاد، و ئاینی ئیسلام ساڵی 630 میلادی گەیشتۆتە یەمەن، یەمەن لەئێستادا لە 21 پارێزگا پێکهاتووە،و لەڕووی کەش و هەواوە هەمە جۆرەو بەهۆی پێك هاتە جیاوازەکانیەوە لەدەشت و لەوەڕگا و شاخ وکێو وشیوو کەناری دەریا. یەمەن بەوولاَتێکی عەشایەری دادەنرێت و زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئیسلامن لەگەڵ کەمێك جولەکەدا کەلە 300 کەس تێپەڕناکەن لەگەڵ هەندێ مەسیحی و هندۆسیدا.
- مەزهەبی ئیسلامی بلاَو لەیەمەندا بریتیە لە :-

1.شافعی: کەسوننە مەزهەبن کە لەناوچەکانی ڕۆژهەلاَت و باشورو ناوەڕاست و ڕۆژئاوادا بلاَون و ڕێژەی 70٪ی دانیشتوان پێك دێنن.

2.زەیدیەکان: کەدواکەوتەی مەزهەبی زەیدین کەپێیان دەوترێت (زیود) کە لەناوچە شاخاویەکانی باکوردا نیشتەجێن بەتایبەتیش لە شاری (صعدە) و لە نێوان (صعدەوصەنعا و حجەو زمار)دا. هەرچەندە زەیدیەکان لەسەر مەزهەبی شیعە حساب دەکرێن وەڕێژەی 20٪پێك دێنن، بەلاَم لەسونەکانەوە نزیکترن.

بــەم شــێوەیە مەزهــەبی شــیعە لەیەمەنــدا کەمینــەن‌و بەهۆشــیەوە هەمیشــە پەراوێزخراو بون‌و دورخراوەبون لەدەسکەوت‌و دەسەلاَت‌و ئیمتیازاتی دەوڵـەتی، هەربۆیەش هەمیشە سەرچاوەی کێشە بون بۆ دەسەلاَتی یەمەن .

مەزهـەبی زەیـدی لەیەمەنـدا بلاَوبۆتـەوە بـەهۆی ئـەوەی لایـەنگری ئیمـام زەیـدی کوڕی حوسـینی کـوڕی ئیمـام عـەلین، نـەك لایـەنگری مەزهـەبی شـیعەی دوانـزەی ئیمامی کە زۆرینـەی شیعەی دونیا‌و ناوچـەی کەنـداوی عـەرەبی لایـەنگرین، ئـەم مەزهەبی زەیدیـە لەسـەدەی 3 ی کۆچیەوە هاتۆتە یەمـەن‌و بۆ مـاوەی 11 سـەدە تاسـاڵی 1962 دەسـەلاَت و حـوکمی یەمـەنیان کـردوە و سیسـتەمی ئیمامـەتیان تیـادا دامەزراندوە.بەهـەمان شـێوە شیعەی ئیسـماعیلیەش هـەن کـە چـەند هـەزار کەســێك دەبن.لەســاڵی 1962وە کەسیســتەمی ئیمامەت(لەیەمەنــدا کۆتــایی پێهات‌وشـیعەکان لەدەسـەلاَت دوورخرانـەوە هەرچـەندە هەنـدێ وەزیـرو دادەوەرو کەسـایەتیان پۆسـتی حکومـەتی وەرگرتـوە . ئیـدی دەسـەلاَتی یەمـەن هەنـدێ ڕێگـری‌و چاودێری خستەسـەر شیعە زەیدیـەکان، وەك نەهێشـتنی یادکردنـەوەی ڕۆژی غەدیر کەلای شیعەکان پیرۆزە‌و هەروەها ڕێـو ڕەسمـە ئاینیـە شیعیەکان بۆ ئەوەی ڕێگە لە بلاَوبونەوەی ( بزوتنەوەی حوثی ) بگرن.

دەیــەی نــەوەدەکانی ســەدەی بیســتەم ســەرهەڵدانی بلاَوبونــەوەی بیروبۆچـونی مەزهەبی ئیمامی ( جەعفەری ) لەناو یەمەندا دەستیپێکرد. زەیدیەکانی (صعدە ) بەڕابەرایــەتی (( حوســەین حــوثی )) ڕێکخســتنێکیان بــەناوی ( گــەنجانی ئیمانـدار) دامەزرانـد لەسـاڵی 1996دا، دوای جیابونـەوەی لـە حیزبـی (حـەق) کـەدوای یەکگرتنـەوەی هـەردوو یەمـەن لەسـاڵی 1990 دامـەزرا کە(احمـد محمـد شامی ) سەرکردایەتی دەکرد.

ســەرەتا ئــەم ڕێکخــراوەی حــوثی لەلایــەن پــارتی دەســەلاَتدارەوە پشــتگیری مادی‌ومەعنەوی دەکرا دژی حیزبی (چاکە خوازی یەمـەنی ) ئۆپزسیۆن لەشاری (صعدە ) .بەم شێوەیە ئەم ڕێکخراوە گەشەی سەندو بەهێزبوو کە تاساڵی 2002 تــەنیا کــاری پــەروەردەو فێرکردنــی ئیســلامی هــەبوو، بــەلاَم دواتــر باســی لەلێپرسراوێتی دینی‌و مەترسی ئەمەریکا‌و کارکردن بۆ ئیسلام دەکرد‌و باسی لە

هەیمەنـــەی ئەمـــەریکاو ئیســـرائیل دەکـــردو دروشمـــی (مـــردن بـــۆ ئەمەریکا وئیســرائیلی ) بــەرزکردەوە .دوای هێرشــکردنە ســەر عێــراقیش لــە 2003دا ئەم ڕێکخراوە کەوتە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دژی ئەمەریکا.

ئیـدی لـەو کاتـەوە حکومـەتی یەمـەن نیەتـە شـاراوەکانی ئـەم ڕێکخـراوەی بـۆ ئاشـکرابوو کەتێکـدانی جـێگیری بـارودۆخی وڵاتـە، وخۆئامـادە دەکـات بـۆ هەڵگەڕانـەوەی دژی حکومـەت، تاکـار گەیشـتە شـەڕو پێکـدادانی بەرامبـەر لـە هـاوینی سـاڵی 2004 داو لـەو شـەڕەدا (حسـین حـوثی ) لـەمانگی 2004/9دا لەشاخەکانی مروان لەشاری صعدە کوژرا.

لـەمانگی شـوباتی/2005 دا جـارێکی تـر بزوتنـەوەی حـوثیـەکـان بەڕابەرایـەتی (باوك) (بدرالدین حوثی) شەڕی لەگەڵ حکومەتدا دەستیپێکردەوەو تائێستاش چارەنوسـی نـاوبراو دیارنیـە، و حکومـەت واتێگەیشـت کـە ئـەو بزوتنەوەیـەی لـە نـاوبردوە، بـەلاٌم بـۆ جـاری سـێیەم شـەڕو پێکـدادان ڕوویدایـەوە ئـەم جـارە بەڕابەرایەتی(عبـدالملك و حسـین حـوثی )کـە برابـوون ،لـەکۆتای سـاڵی 2005دا، ودواتر ڕێککەوتنێك ئیمزاکرا لە شوباتی 2006دا بۆ شەڕ ڕاگرتن ،بەلاٌم هێنـدەی نەخایانـد جـارێکی تـر شەڕهەڵگیرسـایەوە لـەمانگی کـانونی دووەمـی 2007 دا لەئەنجامی ئەوەی کە حکومەت دەیگوت حوثیە کان جولەکەکان دەردەکەن لەشـاری صـعدە.هەروەها (حسـین حـوثی)تاوانبـار دەکـرد بەنانـەوەو هەڵگیرسـانی ئـاگری شــەڕی مەزهــەبی و خۆنــاوزەدکردن بــەئیمام مەهــدی چــاوەڕوانکراو ،بــەلاٌم لــە بنچینەدا حکومـەت ترسـی لـەوە هـەبوو کـە بزوتنـەوەی حـوثی پەیوەنـدی بـەتۆڕی ئەلقاعیــدەی تیرۆرســتی جیهانیــەوە هــەبێت، چــونکە بنەماڵــەی (اوســامە بــن لادن)لەبنچینەدا لەم ناوچەیەن و لایەنگری زۆری هەیە.

حوثیەکانیش ئامانجیان بریتیە لە :-

1.گۆڕینی سیستەمی کۆماری و بەبێ شەرعی دایدەنێن، چونکە سیستەمی ئیمامی زەیدی لەناوبردوە.

2.گەڕانەوەی سیستەمی ئیمامەت، چونکە دەسەلاٌتی ئێستا بەلایـەنگری ئەمـەریکا دادەنێت، زۆر جار هێرشیان کردۆتە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لەیەمەندا.

لە بەرامبەردا دەسەلأتدارانی یەمەن ئێران تاوانبار دەکەن بەهاوکاری مادی بۆ بزوتنەوەی حوثی بۆ ئەوەی شەڕی تایەفی و مەزهەبی لەیەمەندا بنێنەوە، هەروەها لیبیا و مەڕجەعەکانی نەجەفیش تاوانباردەکەن، لەگەڵ شیعەکانی کەنداو، کەگوایە لە ڕێگەی کوڕی سێیەمی (بدرالدین حوثیە وە)(یحی ) کەئەندامی پەرلەمانی یەمەنەو لەئێستادا لەئەڵمانیا دادەنیشێت ئەوهاوکاریانەیان پێدەگات .لەناوبانگترین کەسایەتیە شیعەکان لەیەمەندا، (بدرالدین الحوثی و مجدالدین المؤیدی ) یە کە بەگەورەترین مەرجەعی شیعی دادەنرێت.

3.بەم شێوەیە سەرەتای کێشە لە یەمەندا لەم بزوتنەوەیەوە دەستیپێکردوەو مەترسی زۆریش هەیە کەلەداهاتودا جەنگ هەڵبگیرسێتەوەو بەردەوامیشی هەبێت و بڵاوەش بکات بەهەموو ولأتداو کێشەی مەزهەبی سونەو شیعەش هێندەی تر گەورەتربێت لەکاتی دەست وەردانی وولأتانی ناوچەکە بۆ کێشەکە.لەدونیاداو لەمەزهەبی شیعەدا ئینتیما بۆ ئیمامەکان و مەرجەعەکان زۆرتوندەو هەموانیان لەهەر جێگەیەك بن پابەندن بەفەتواو بڕیارەکانی مەرجەعەکانەوە .بونی ژمارەیەکی بەرچاوی شیعە لەولأتانی کەنداودا هەر لەسعودیەو سەڵتەنەتی عومان و ئیمارات و قەتەرو کوێت و بەحرێنداولە هەمان کاتیشدا ئێرانی زلهێزی ناوچەکە کاریگەریەکی بەهێزیان دەبێت لەسەر خۆشکردنی ئەو ئاگری تایەفیە لەیەمەندا.بۆیە داهاتووی دەسەلأت و حوکم و سیستەمی علمانی و قەومی حیزبی دەسەلأتدارای ئێستا ئاسۆکانی مانەوەی لێڵ و ناڕۆشنەو بزوتنەوەی حوثیە کانیش لەداهاتوودا دەبێتە هێزێکی کاریگەر بەڕەچاوکردنی دەسەلأتی ئیمامەت بۆ ماوەی 11 سەدە لەکۆمەڵگاو ولأتی یەمەندا کە ڕەگ و ڕیشەیەکی بەهێز و قوڵی لەناو کۆمەڵگای یەمەنیدا هەیە..

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( دەنگەکان)) دا بڵاوکراوەتەوە لە 2007/5/28دا.

# مادەی 140ی دەستوورو
# ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کورد
# لەبەرامبەر جێبەجێکردنیدا *

- لەدوای سالێك تێپەڕبوون بەسەر تەمەنی حکومەتی عێراقیدا بەسەرۆکایەتی د.نوری مالیکیدا ، وەك هەڵسەنگاندن و پێداچونەوەی ئیش وکارەکانی ئەو حکومەتە و ڕێژەی سەرکەوتنی و تاچەندیش دەتوانێت بەردەوام بێت لەبەردەم ئاستەنگ و مەترسی و هەڕەشە و گوشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا ، دەکرێت چەند پرسیارێك بکرێت وەك:-
- ئایا ئەم حکومەتە تاچەندە توانیویەتی باری ئەمنی و ئاسایشی وولات باشتر بکات و ئاسۆکانی ئەو بوارە چۆنە؟ ئایا ئەو حکومەتە بنەمای فیدراڵی چەسپاندوە و تێگەیشتنەکان بۆ ئەو چەمکە لەلایەن پێکهاتە جیاوەزاکانی عێراقەوە چۆنە؟تاچەندە ئەم حکومەتە جدیە لە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووردا ؟ هەڵویست و ئەرکی کورد لەمەڕ هەموو ئەوپرسانە چیە ؟ و دەبێت سەرکردایەتی کورد چیبکات لەکاتی بەدینەهاتن و جێبەجێنەکردنی خواست و ویستەکانی لە چەسپاندنی فیدراڵیەت و جێبەجێنەکردنی مادەی 140ی دەستوور و هەموو مادەکانی تر کە پەیوەندیان بەئایندەی کوردو هەرێمی کوردوستانەوە هەیە ؟؟؟

بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە دەڵێین:-

- بەدڵنیایی ساڵی 2007 لەساڵی 2006 باشتربووە لە ڕووی بارودۆخی ئاسایشەوە، ڕاستە کردەوە تیرۆرستی و تێکدەرانەکان بەردەوامن، بەلاّم ژمارەوبڕو جۆرەکانیان کەمتر بۆتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر بونی ژمارەی هێزەکانی عێراق لەسوپاو پۆلیس و باشتر ئاشنابون بەشێوازی کارە تیرۆرستیەکان و ئەنجامدەرەکانیان و ئاشکرابونی باندەکان و بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی نوێتر. بۆساڵی ئایندە ئەگەر حکومەتی عێراقی کێشەو ململانێ

سیاسیەکانی ناو باڵە سیاسیەکانی عێراق چارەسەربکاتو پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی باش بچەسپێنێتو حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتووی بەهێز دابمەزرێنێت ئەوا بەدڵنیایی ساڵی ئاینده ڕەوشی ئاسایش باشتر دەبێت، بەلاّم بەبێچەوانەوە ئەوا بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت.

- فیدرالیزم لەعێراقی نوێدا تائێستا بە تەواوەتی نەچەسپیوەو لە بەڕێوەبردندا کاری پێ ناکرێتو تێگەیشتنێکی کامڵ و وەك یەکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا نیە دەربارەی سیستەمی فیدرالیزم،چونکە شیعە بەجۆرێك لێکی دەداتەوەو سونە بەهەمان شێوەو کوردیش بەشێوزایێکی تر.تائێستا هەرێمی تر جگە لەهەرێمی کوردستان دانەمەزراوە کە فیدرالیزم بۆ خۆی بریتیە لەدەسەلاّتی هەرێمەکانو چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیانان لەگەڵ ناوەندا.

هەرێمی کوردستانیش پێشترو لەساڵی1992 وە دامەزراوەو بۆتە دیفاکتۆو حکومەتی ناوەندی ئێستای عێراق ناتوانێت ڕەتیبکاتەوە، چونکە بەبڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان لە 1992/10/4دا بنەمای فیدراڵی قبوڵ کراوە.

تەنیا جێگرەوە بۆ فیدراڵی لە عێراقی نوێدا ئەگەر نەچەسپیو جێگیرنەکرا ئەوا دابەشبونی عێراقە بەخاكو گەلەکەیەوە بۆ سێ ناوچەی جیاوازی شیعە لە باشورو سونە لە ناوەڕاستو کورد لە باکور، هەروەکو پرۆژەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکیش پلانی بۆ دارشتوە، ئەگەر ئەمەش نەبوو بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خاكو گەلانی عێراق تەنها سیستەمێکی دیکتاتۆریو تاك ڕەوی لەشێوەی سیستمی بەعسی صەدامی دەتوانێت ئەو پێك هاتە عەجیبو غەریبەی عێراق لە چوارچێوەی یەك ولاّتدا بهێڵێتەوە.

- ئایندەی پەیوەندیەکانی سونەو شیعە بەرەو خراپتر دەچێت، چونکە مێژووی ململانێی ئەو دوو مەزهەبە بەتایبەتی لەعێراقدا مێژوویەکی خوێناویە.تەنها لەسایەی ڕژێمی بەعسی صدامی تاك ڕەودا ئەوململانێیە کپ ببوەوە ئەگینا هەرگیز ئەو دوومەزهەبە تەبانەبون .لە سەرەتای ململانێی عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە لەگەڵ معاویەدا ولەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی وعەباسیو عوسمانیەکانو....هتد.

ئەگەر عێراق لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا مایەوە ئەوا کورد ناچارە بەشداری لەدام‌و دەزگاحکومیەکانی مەرکەزدا بکات، بەو پێیەش ئەرك‌و مافی دەبێت‌و لەوکاتەدا دەبێت ڕۆڵی ئاشتی‌و تەبایی ببینێت، بەڵام ئەگەر عێراق وانەمایەوە ئەوا کورد پێویستە دوورە پەرێزی هەڵبژێرێت کە ئەمەشیان کارێکی سانانیە بەڕەچاوکردنی بونی کوردی شیعەوسونە، هەروا وڵاتانی دراوسێ ئێرانی شیعەو تورکیای سونەو عەرەبی سونە.

- مادەی 140 ئەگەر چی کامڵ نیەو تەواوی خواست‌و مافەکانی کوردی نەسەلماندوە، بەڵام مادەیەکی دەستوریەو نزیکەی 8 ملیۆن عێراقی دەنگی بۆداوەو شەرعیەت‌و بنەمایەکی یاسایی‌و دەستوری‌و جەماوەریشی هەیە، وبۆیە دەکرێت پشتی پێ ببەسرێت‌و کاری جدیش بکرێت بۆ چەسپاندنی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، چونکە کورد جگە لە شەرعیەت‌و یاساو دەستور هیچ دەسەڵات‌و هێزێکی تری نیە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك‌و شوێنەکانی تر بۆسەر کوردستان.

ئەگەر کاری لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی مادەی140 ئاوها بەهێواشی بڕواتە پێشەوە ئەوا ئەستەمە کە لە وادەی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت لە 2007/12/131دا.

جێ بەجێ نەکردنی مادەی140 ڕەوشی عێراق بەرەو خراپترو ئاڵۆزتر دەبات چونکە لەوکاتەدا کوردیش دەبێتە هۆکارێکی ئاڵۆزی‌و فشارو نانەوەی سەریەشە بۆ حکومەتی عێراقی‌و ئەمریکاش، بەمەش هێندەی تر پرۆسەی سیاسی عێراق ئاڵۆزتر دەبێ‌و لە وانەشە دەستوەردانە ناوخۆی عێراق لەلایەن وولاتانی دراوسێوە لە تورکیاو ئێران‌و عەرەبە سونەکانیش ڕووبدات، ئەگەرکورد بەهێز کەرکوك‌و شوێنەکانی تری خستەوە سەر هەرێمی کوردستان. لەکاتی جێ بەجێ کردنیشیدا ئەوا بارودۆخی سیاسی عێراق بەرەو باشترو هێمن تر دەڕوات بەو پێیەی کورد باشترو بەهێزتر بەرگری لە ئاسایش‌و ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان‌و عێراقیش دەکات .

- تائێستا ئەمریکا نەك لە کەرکوك لە هەموو عێراقدا ڕۆڵی داگیرکەرو چاودێر دەبینێت و لە بەرژەوەندی خۆیەوە ئیدارەی ململانێکان دەدات و دۆست و دوژمنی تاسەری نیە لە عێراقداو بەرنامەو پلانی خۆی جیٚ بەجیٚ دەکات.
- کورد وەك گوتمان تەنها ڕێگە چارەی ئاشتی و دایەلۆگ و شەرعیەت و دەستورو یاسای لە بەردەمدایە، چونکە هێزو توانا و چەك و تەقەمەنی هێندەی نیە کەدژ بەسوپای عێراق و ئەمریکا بوەستێتەوە، بەهەمان شێوە ناتوانێت بەرەنگاری سوپای تورکیا و ئێرانیش ببێتەوە.

دەکرێت کورد ببێتە مایەی سەرئێشەو ئاژاوە نانەوە، بەلأم بۆی ناچێتە سەرو ناتوانێت بەو شێوازە خواستەکانی بهێنێتە دی، بۆیە تەنها دەبێت لە ڕێگەی :-

1. گوشارو کاری سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و جەماوەر بەپلەی یەکەم و دواتر لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری و نەتەوەیی و مەزهەبی لەعێراقدا کار بکات.بۆ تێگەیشتن لەڕاستیە مێژوویەکان و مافی کورد لەو ناوچانەدا.
2. دواتر بەهەمان شێوە وولأتانی تورکیا و ئێران و عەرەبی سونەش لەو ڕاستیانە تێبگەیەنێت.
3. دواتریش وولأتانی یەکێتی ئەوروپا و زلهێزەکانی دونیا لەڕوسیا و چین و ئینگلیزو ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان.
4. دواتر هەڵمەتی کاری (عصیانی مەدەنی)وخۆپیشاندان و ناڕەزایی لەسەر ئاستی جەماوەرو ڕای گشتی و میدیاکان ڕابگەیەنێت.
5. هەروەها وەك گوشار خستنەسەر دەسەلأتی ناوەند لە بەغدا لە سەرۆکایەتی کۆمارو پەڕلەمان و حکومەتدا کاری خۆی هەڵپەسێرێت .
6. دواترو لە قۆناغێکی بالأتردا کێشەکە بخاتە بەردەم نەتەوەیەکگرتوەکان و دادگای بالأی نەتەوە یەکگرتوەکان لەلاهای بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەکە.

بەلأم پێشتر دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد لەسەر ئاستی حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و مەدەنیەکان تادەگاتە ئاستی جەماوەرو ڕای گشتی و هێزی ( پ.م ) سازو ئامادەبکات بۆ هەموو ئەگەرەکان و

وەك دەڵـێن:" بـەرەی نـاوخۆ بـەهێزو پتـەو وتۆکمـەو یـەکگرتوو بکـات"، ئەوسـا هەڕەشەو فشاری جەنگ‌و ڕووبەڕووبونەوە بکات، چونکە بەم حاڵەتەی ئێستاوە پێشبینی ناکەم کە هەموو ئاستەکان ئامادەبن بۆ ئەو ڕۆژە تەنگانەیە، چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردو حکومەت هێندە بەتەنگ داخوازی‌و داواکاری جەماوەرەوە نەهاتون‌و نەکردنی کاری خزمەتگوزاریەکان بونەتە مایەی بێزاری و توڕەیی جەماوەری گەلەکەمان و وێنەیەکی گەش‌و خۆشەویستیان لای جەماوەر نیە و دەسەڵاتێکی گەندەڵ و خراپیان پێشکەشکردوە، کە ئەمەش خاڵی گەورەی لاوازی سەرکردایەتی سیاسی کوردە.

---

* ئەم بابەتم لە سایتی ئەلکترۆنی (( دەنگەکان و کوردیش وێب )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ )) دا بڵاوکراوەتەوە لەبەرواری 5/3 و 2/ 6/ 2007دا.

# خوێندنەوەیەك بۆ

# خراپی ڕەوشی عێراق و کوردستان*

* ئاشکرایە ڕەوشی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام تائێستاش و لەدوای 4سال لەڕوخاندنی ئەو ڕژێمەوە هێشتا ڕەوشی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ...هتد لەقۆناغێکی پڕ مەترسیدایەو هەنگاوەکانیش بەرەو باش بون خاون و ئاسۆکانیش لێڵ و ناڕۆشن و ئەگەری خراپ بونی زیاتریشی لێدەکرێت .

* لەسەر ئاستی عێراق

دوای ساڵێك لەدامەزراندنی حکومەتی عێراقی بەسەرۆکایەتی مالکی و ڕاستاندنی دەستوری هەمیشەیی عێراق گۆڕان و باشبونێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت کەمرۆۋ دڵخۆش بکات و ئومێدی گەورەتری لادروست ببێت .ئەوەتا هاوپەیمانی شیعەکانی ناو پەڕلەمانی عێراقی هەر لەشیعەکان خۆیانەوە تاکوردو سونەکان و عەلاویەکان بەرەو گۆڕانکاری دەڕۆن و وەك خۆیان نامێننەوە .لیستی ئیئتلافی شیعە کە گەورەترین لیستە، لەئێستادا حیزبی فەزیلەی لیٚ جیابۆتەوە، و ڕەوتی صەدر هەمیشە لەگەڵ حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی ناکۆك و ناتەبان، سەربەخۆکان ڕای جیاوازیان هەیە، کە ئەمەش بۆتە هۆی لاوازبونی ئەو لیستە، هاوپەیمانی کوردوشیعەکانیش گرەنتی بەردەوام بون و مانەوەو بەهێزی حکومەتی مالکیە .کوردیش بەپلەی یەکەم لەگەڵ باڵی عبدالعزیز حەکیمدا هاوپەیمانێتی هەیەو دواتر حیزبی دەعوەو کەمتریش لەگەڵ صەدرو فەزیلەدا.

جاهەر شکستێکی ئەم هاوپەیمانێتیەی کوردو شیعەکان دەبێتە هۆی کارەسات بەپلەی یەکەم بۆ کورد.پاراستنی ئەم هاوپەیمانێتیە کارێکی هەم گرنگە هەم قورسیشە لەکاتی هەڵوەشاندنی لیستی یەکگرتووی شیعەکاندا .هەرچی سونەکانیشە کە لەبەرەی تەوافقدا کۆبونەتەوە لەگەڵ کوردوخواست و داواکاریەکانیدا نا تەباو ناڕێکن ودان نانێن بەمافی کورد و خواستە ڕەواکانیدا

.هەرچی لیستی ئەلعێراقیەشە بەسەرۆکایەتی عەلاوی، هەمیشە لەهەوڵی یاریکردن ودروست کردنی هاوپەیمانێتی نوێیە، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە بالأدەست ولەئێستاشدا بەرەی ڕزگاربونی وڵاتی ڕاگەیاندوە بەهاوکاری سونەکان دژی حکومەتی مالکی کەوەك کودەتایەك وایە بەسەر ئەوحکومەتەدا. بەم شێوەیە ڕەوشی سیاسی عێراق لە گۆڕانی بەردەوام و بێهێزی و ڕاڕایی وخراپ بوندایە .ئەم ڕەوشە سیاسیەش بەهۆی پشتیوانکردن و دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکەیە هەریەکە لەبەرژەوەندی خۆیان بەپلەی یەکەم و دواتر لەبەرژەوەندی تایەفەو مەزهەب ونەتەوەکانی ناو عێراقە .دەوڵەتی ئێران پشتگیری شیعەکان و دەوڵەتی تورکیا پشتگیری تورکمانەکان وسونەکان و دەوڵەتانی عەرەبی سونە پشتگیری لەعەرەبی سونەکان دەکەن ، لەدەرەوەی حکومەت و دەسەڵاتی عێراقیش هێزی تیرۆریستان و صەدامی و کۆنەبەعسیەکان و بەناو هێزی بەرگری،دەوڵەتێکی ئیسلامی سەلەفیان دامەزراندوە بەردەوامن لەکاری تێکدەرانەو تیرۆرستانە کەڕەوشی ئەمنی ناجێگیروشڵەژاوەو حکومەت و هێزەکانی هاوپەیمانانیش کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان بۆ ناکرێت .هەر ئەمەش بۆتە هۆی خراپ بونی باری ئابوری وکۆمەلأیەتی وئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و بوژاندنەوەی بازاڕو کەرتی تایبەت .حکومەتی عێراق بەم بارودۆخە و بەم لاوازی و بێ دەسەڵاتیەی ناتوانێت درێژە بەتەمەنی خۆی بدات و بەردەوام بێت لەژێر فشارەکانی هێزە سیاسیەکانی ناو عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەو تیرۆرستان و ئەمەریکاو هاوپەیمانان،بۆیە چاوەڕێ و پێشبینی گۆڕانی دەکرێت . هۆکاری لاوازیەکەشی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم حکومەتە لەسەر بنچینەی تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەیی دامەزراوە کە هەریەکەیان ئینتیمایان بۆ نەتەوە و مەزهەبەکەیان لەپێشتر داناوە وەك لە بەرژەوەندی عێراقێکی یەکگرتوو، هەرئەمەش بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی پڕۆژەی ئاشتەوای و حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی کە مالکی هەوڵی چەسپاندنی دەدات.

*** لەسەر ئاستی کوردستان**

**ئاشکرایە کوردستان هەرێمێکی سەر بەعێراقەو هەر گۆڕان و پێشکەوتنێك لەسەر ئاستی عێراق کاریگەری باش یان خراپی دەبێت لەسەر کوردستان.بۆیە ئەو بارودۆخە سیاسی وئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیە خراپەی عێراقیش بەبڕو ڕێژەی جیاواز کاریگەریان دروست کردوە لەسەر کوردستان ،لەگەڵ ئەوەی کوردستان بەڕووکەش ئارام و باری ئەمنی تاڕادەیەك جێگیرەو دامودەزگاکانی حکومەت لەکاردان، بەڵام کوردستانیش بێ کێشەو کەمو کوڕیو ململانێ نیە .**

**ئەوەتا ناکۆکی ناوخۆیی حیزبە سیاسیەکان بە تایبەتیش پارتی و یەکێتی لەناو خودی خۆیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان هەردوکیاندا بۆتە هۆی شڵەژانی باری سیاسی وناجێگیری لەدەسەڵات وبڕیارو ئیش و کارەکاندا.دانەمەزراندن و نەچەسپاندنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو نەڕاستاندنی بودجەی ساڵی 2007 تاکو ئێستا بونەتە هۆی مایەی دڵ ساردبونەوەو خاوبونەوەی جەماوەرو پەك کەوتنی بازاڕو بازرگانی و ئابوری و وەستاندنی پرۆژە وبەرهێنەکان و گەشەو ئاوەدانکردنەوە .باری ئەمنی کورستان بەدەسیسەی تیرۆرستان لەلایەك و وولاتانی ئێران و تورکیا لەلایەکی ترەوە بەرەو تێکچوون و بارگرژی و نائارامی دەڕوات، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستیەکانی ئەنصاروئیسلام و تەقاندنەوەی ئوتومبێلی بۆمب ڕێژکراو مایەی نیگەرانی وتێکچوونی باری ئەمنیە .نەبونی پرۆژەو بازرگانی و سستی حکومەت مایەی دروست بونی بێ کاری وخراپ بونی ئاستی ژیان و گوزەران و زیادبوونی تاوان و بێزاری جەماوەرە .هەربۆیەش بارودۆخی سیاسی و ئەمنیو ئابوری و کۆمەڵایەتیش لەکوردستاندا بەهەمان شێوەی عێراق بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێت .کورد لەعێراقدا لەهەموو نەتەوەو تایەفە و مەزهەبەکان بێ پشت و پەناترەو دوژمنی لە هەموانیش زیاترە، لەناو خۆدا هیچ هاوپەیمانیەکی ڕاستەقینەی نەلەسونەو نەلەشیعەکاندا نیە ، وەك نەتەوەش عەرەب وتورکمان وکلدۆئاشوریەکانیش دۆستی ڕاستەقینەی نین، لەسەر ئاستی بەرەی مقاوەمە و تیرۆرستانیش بەو چاوە سەیری کورد دەکەن کەشەریکی ئەمەریکیەکانەو بەمەش**

کورد بەدوژمنی خۆیان دەزانن و تادەتوانن کاردەکەن دژی خواست وئاوات و دەسەڵاتی کوردی .لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکەش ئێران و تورکیا و عەرەبە سونەکان هەموان دژی خواست و ئاواتەکانی کوردن وبەئاشکراش لەمادەی 140 ی دەستوردا دەردەکەوێت .ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیش وەك چاودێرێك لەوگۆڕەپانەدا مامەڵە دەکەن ولەبەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەڕواننە هاوپەیمانیەکانیان و ئیدی دۆست و دوژمنی هەمیشەیی و تاسەری هیچ لایەنێك نین .کوردیش لەناوخۆی خۆشیدا لەسەر ئاستی پارتە سیاسیەکان و حکومەت و تادەگاتە جەماوەریش کۆك و تەبانین و تائێستاش بەگیانی حیزبایەتی تەسکەوە مامەڵە دەکەن و هێندەی ناسکی و هەستیاری و مەترسیداری قۆناغەکە بەتەنگ دواڕۆژو بەرژەوەندیە بالاکانی کوردەوە نین .هەربۆیە ڕەوشە سیاسی و ئەمنی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان لە عێراق و کوردستاندا بەرەو خراپ بونی زیاتر دەڕوات، جا ئەگەر کورد لەم ساڵی 2007 دا فریای خۆی نەکەوێت ئەوا زۆرێك لەدەسەلات و پێگەو مافەکانی لەعێراقدا لەدەست دەدات .لەئێستادا لەبەردەم ئەم ئەرکە هەنوکەیانەدایە:–

1.تەنازول نەکردن لەجێ بەجێکردنی مادەی 140 ی دەستور لەکاتی خۆیدا.

2.ڕازینەبون بەهەر دەستکاری وگۆڕانکاری و وەستاندنێکی هیچ بڕگەو مادەیەکی دەستوری هەمیشەیی کە لەبەژەوەندی کوردا نین .

3.چەسپاندنی مانەوەی هێزی پ.م و حساب کردنی وەك هێزێکی نیزامی سەر بەوەزارەتی بەرگری عێراقی .

4.ڕێکەوتن لەسەر یاسای نەوت کەلە بەرژەوەندی کوردستاندا بێت .

5.پتەو کردنی هاوپەیمانی و دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەر بنچینەی بەرنامە و کاری هاوبەش، نەك لەسەر بنچینەی سۆزو دۆستایەتی کەسی و بەڵێنی زارەکی و خەیالاوی .

بەم شێوەیە کورد تەنیا پشتیوانی ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانەو جەماوەری گەلەکەمانەو دەبێت تادەتوانن سەرکردایەتی سیاسی کورد هەوڵی مانەوەی ئەوهێزانە بدات ئەگەر لەعێراقیشدا نەبێت لەکوردستاندا بنکەو بارەگای

**هەمیشـەییان بمێنێتـەوە چـونکە زامنـی ڕێگرتنـی هاتنـە نـاوەوەو هێـرش کردنـی دەوڵەتانی دراوسێشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان .**

---

*** ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی ((دەنگەکان و ڕۆژەڤ و کوردوستان نێت )) و ڕۆژنامەی((هەواڵ))دا بلاْوکراوەتەوە لە 24 و27 و29/ 5 و 2007/6/9دا.**

*پێگــەی (( ئيســلام پــەيك )) كــە پێگەيــەكی ئيســلامی ســەربەخۆيە لەڕێگــەی مەيلەكەمــەوە لەبــەرواری 2007/6/13دا چــوار پرســيارييان ئاڕاســتە كــردم بــۆ ئــەوەی وەڵاميــان بدەمــەوە و لــە پێگەكەيانــدا وەك ديمانيــەك بلاٌويبكەنــەوە . بەنــدەش وەڵامــی پرســيارەكانی دانــەوە و بەسوپاســەوە بلاٌوينكــردەوە. بــەڵام دواتــر بەشــێوەی ئــەم نوســينە لــەو پێگانەی تردا بلاٌومكردەوە.پرسيارەكانيش بريتی بوون لە:–

**پرسـياری يەكـەم/** ئايـا قاعيـدە بـۆ ڕووی كـردە كوردوسـتان كـە ماوەيـەك پـێش ئێسـتا وەك بنكەيـەكی ئـارام و ئاسـايش وابوو؟هۆكـەی بـۆ نـەبوونی سياسـەت و دوور بينی سەركردە سياسيەكان بوو يان لاوازی نەخشەی ئەمنی يان بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە كـە پەيامێكـە ئێـران بـۆ هـەردوو حيزبـی دەسـەڵات دەينێرێت؟يـان شەڕی ساردی هەردوو حيزبی دەسەڵات دارە؟

**پرسياری دووەم/** شەڕی مەزهەبی لە ناوەڕاستی عێراق كێ هۆكاری بوو شيعە يان قاعيدە و گروپە توندڕەوەكانی سونە؟

**پرســياری ســێيەم/** چــاوەڕوانی هێــرش بــۆ ســەر ئێــران دەكرێــت لەلايــەن ئەمريكيەكانەوە،مامەڵەی حكومەت چۆن بێت چاكترە بۆ ميلەتی كورد و ئەزمونی كورد؟

**پرسياری چوارەم/** بۆچی متمانـەی نيشـتيمان پـەروەری و كـاری هاوبـەش تـا ئێسـتا دروسـت نـەبووە لـە نێـو هـەردوو حيزبـی دەسـەڵات و حيزبـە ئيسـلاميەكان هەروەك لە زۆرێك لە وڵاتاندا دەبينرێت نەتەوەييەكان و ئيسلاميەكان هەميشـە لـە ئيسـتراتيجيەتدا يـەك ئاڕاسـتەن وەك يەمـەن و پاكسـتان ،ئايـا هۆكـەی بـۆ حسـاب نـەكردنی هـەردوو حيزبـی دەسـەڵاتە بـۆ كەسـی تـر يـان لاوازی ديلۆماسـيەتی ئيسلاميەكان؟

# ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەکوردوستان و لەهەلأیسانی شەڕی مەزهەبی لە عێراقدا *

- ئاشکرایە ڕێکخراوی قاعیدە،ڕێکخراوێکی بەهێز و خاوەن بنەماو فکر و ئایدیاو پلان و تاکتیك و ستراتیژی خۆیەتی کەلەزۆربەی وولأتانی دونیادا هێلانە و لق و پۆپ و خانەی نووستو و زیندوو چالاکی هەیە.قاعیدە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان کەوتە بەرگورزێکی بەهێز کە سەرکردەو تۆڕو خانەکانی لەبەریەك هەڵوەشێنرا و بنکە و بارەگای سەرەکیان کە لە ئەفغانستان بوو پێچۆڵکردن.ئەمەش بوە هۆی بلأوبونەوەیان بەوولأتانی ناوچەکەدا بەتایبەتی و دونیاش بەگشتی.

ئاشکراشە پێش لێدانی قاعیدە بۆ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەدونیادا و لەناو خودی ئەمریکاشدا لە 2001/9/11دا لایەنگر و دۆست و ئەندامانی لەنەتەوە جیاوازەکانی (( کوردو عەرەب و فارس و تورك و ئازەر و ...هتد و تەنانەت بیانیش)) گۆش و پەروەردە کردبوو بەبیروباوەڕی توندڕەوی سەلەفی و جیهادی لەسەردەمی جەنگی ساردی دژ بەیەکێتی سۆڤیەتی جاران .هەموو ئەم ئەندامانەی قاعیدە لەدوای لێدانی قاعیدە و تالیبان لە ئەفغانستان هەریەکەیان گەڕانەوە بۆ وولأتەکانی خۆیان.

کوردستانیش یەکێك بوو لەو ولأتانەی بەهۆی لەلایەك ململانێی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆی حیزبە عیلمانیەکان خۆیان و لەگەڵ ئیسلامیەکانیشدا لەکوردوستان و لەلایەکی تریشەوە سەرقاڵی کورد دژی ڕژێمی بەعسی صدامی ئەوکاتە و لەلای سێهەمیشەوە بوونی ژمارەیەك حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی جیاواز (( توندڕە و تا میانڕەو)) ی چالاك، کوردوستان بوە پێگەیەکی لەبار بۆ کۆبونەوە و چالاکی نواندنی خانە هەڵوەریەوەکانی قاعیدە. هاتنی ئەم تۆڕانەی قاعیدە بەهاوکاری و کارئاسانی دەزگا جاسوسیەکانی هەردوو ڕژێمەکانی ئێران و بەعسی صدامی ئەوکاتە بوو.

بـەلاَم لـەپێش ڕووخـانی ڕژێمـی بەعسـدا بـەهاوکاری ئـەمریکاو هێـزی پێشـمەرگە توانرا کە کوردوستان بەتایبەتیش ناوچەی هەورامانیان لێپاك بکرێتـەوە و هێلانـە و بارەگـاو مۆڵگـەکانیان تێـك بـدرێت.و بـەم شـێوەیە لەکوردوسـتان دەرپـەڕێنران و بەناچاری و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسـەوە لەساڵی 2003دا جارێکی تـر ئـەو کەس و گروپ و خانانە بلأوبونەوە بەگشت عێراقدا چونکە کەشێکی لەبارتریان بۆ ڕەخسـا بـۆ کـارو چـالاکیەکانیان، بـەلاَم ماکیـان لەکوردوسـتاندا هـەرما و تـەنها چالاکیەکانیان سرکرد بۆ کاتێکی تر ، بەم شێوەیە کوردوستان تاڕادەیـەکی باش ئارامی و ئاسایشی تیادا بەرقەرار بوو.

بەلاَم ماوەی چەند مانگێکە گروپی چەکداری قاعیدە و ئەنصار ولئیسلام لەهەندێ جێگـەی کوردوسـتاندا بینـراون و هەنـدێ کـاری تێکدەرانـەیان ئەنجامـداوە و ئـەم کارانەشیان بوە هۆی سەرهەڵدانی مەترسی و دڵەڕاوکێی جەماوەر و حکومەتیش.

هۆکـاری سـەرەکی سـەرهەڵدانەوەی ئـەم گروپـە چـەکدارانەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پشتگیری و هاوکاری و کارئاسـانی ڕژێمـی ئێـران بەمەبەسـتی نانـەوەی ئـاژاوە و پشێوی و تێکدانی باری ئارامی کوردوستان، وەك گوشـار و فشـارێکیش لەلایـەك بۆسـەر سـەرکردایەتی کـورد کـە هێنـدە لـە ئـەمریکا نزیـك نەبنـەوە و پشـتی پێنەبەستن و پلانـەکانی جێبەجێنەکـەن و لەلایـەکی تریشـەوە بـۆ ئـەمریکا کـە وا نـەزانێت کوردوسـتان دوورگەیـەکی ئـارامی دوور لـە عێراقـە، ئـەم کارەشـی دوای دەسـتگیرکردنی (( 5 دیپلۆماتەکـەی ئێـران بـوو لەشـاری هـەولێر)) ، چـونکە لـە ئێستادا عێراق بۆتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران.

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا سـەرکردایەتی کـوردو دامـو دەزگـا ئەمنیـەکانی کوردوسـتانیش پلانێکـی وورد و درێژخایـەنیان نـەبوە و خاوبونەوەیـەك لـە ئیشوکارەکانیاندا دەردەکەوێت. هەرچەندە تـۆڕی بەگژداچونەوەی تـیرۆر هەیـە کـە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە هاوکار و پشتیوان و کارئاسانیان بۆ دەکرێت و پارەیـەکی زۆری مانگانـەیان بـۆ تـەرخان کـراوە کەلەهـەردوو شـاری هـەولێر و سـلێمانی بارەگایان هەیەو هەردوو کوڕی سەرکردەکان سەرپەرشتی دەکەن.

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (( یەکێتی و پارتی)) لە ئێستادا ڕێکەوتنی ستراتیژیان لەنێواندایە و تا 3-4 هەڵبژاردنی داهاتووش لەعێراق و کوردوستان بەیەك لیست دادەبەزن، ئەمەشیان لەلایەك بۆ مانەوەی زیاتریانە لە دەسەڵاتدا و لەلایەکی تریشەوە دژی هەموو حیزبە عیلمانی و ئیسلامیەکانیشە کە نەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست، بۆیە ململانێی توندیان لەنێواندا نیە وەك جەنگێکی سارد، بەڵام کاری حیزبایەتی و جاسوسیش بەسەر یەکەوە دەکەن.

لەمێژووی کۆن و نوێی ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی شەڕی مەزهەبی نێوان سونە و شیعە بەشێوازێکی زۆر خوێناوی و مەترسیدار سەریهەڵداوە و بەردەوامیش بوە ، گەرچی لەهەندێ قۆناغ و سەردەمدا لەسایەی زەبروزەنگ و تاکڕەوی و داپڵۆسینی دەسەڵاتەوە ئەم ململانێیە خەفە و سڕ بوبێت.بەڵام ئەم ململانێیە ڕەگ و ڕیشەی قوڵ و مێژووی هەیە و هەروا بەسانایی کۆتایی نایەت.و بچوکترین بزیسکە دەبێتە هەڵایسانی جەنگێکی خوێناوی نێوانیان.

ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوویی ئیسلام مەزهەبی شیعە باڵی شۆڕشگێڕ و موستەزعەف و چەوساوە و زوڵم لێکراو بوە و دوورخراوە بوە لە دەسەڵات.بەپێچەوانەشەوە مەزهەبی سونە مەزهەبی سەردەست و دەسەڵات و چەوسێنەرەوە بووە.هەرئەمەش وایکردوە کە درێژە بەم ململانێیە بدرێت، لەئێستادا و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی، شیعە لەعێراقدا ودوای 80ساڵەی مێژووی دەسەڵاتی سونە مەزهەب باڵادەستە لە پەڕلەمان و حکومەتدا و پلانیان هەبێت یان نا شیعە دەیەوێت و بەکرداریش دەریخستوە حەقی ئەو جەورو ستەمە مێژوییەی سەدان ساڵەی وەربگرێتەوە ئەگەر خوێناوی تریش بێت لە ڕابووردووش.

کەواتە ئەم ململانێ مەزهەبیە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە و لەئێستادا کە عێراق بۆتە گۆڕەپانی ململانێی دام و دەزگا جاسوسیەکانی وولاتانی دراوسێ و ناوچەکە ودونیاش و لەسەروو هەمووشیانەوە بوونی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس ئەم ململانێیە وئەو ڕەوتە مێژوییە درێژە پێدەدەن و هەموانیش بەشیعە و سونە و قاعیدە و دەوڵەتانی دراوسێ و دونیاشەوە دەستیان هەیە لە

هەلایسـان و خۆشـکردن و بـەردەوامبوونی ئـاگری ئـەم جەنگـە مەزهەبیـەو هەریەکەشیان لە تێڕوانین و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە و بەمەرامی جیاواز ئەم کارە دەکەن کە مەترسیدارترین جەنگە نەك تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ سەرتاپای وولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بۆخۆی لەبنچینەدا کوانویـەکی خەفەکراوی پڕ ژیلەمۆی ئاگرە و لەهەر ئان وساتێکدا ئامادەیە بۆ کڵپەکردن بەهۆی بوونی دەیـەها کێشەو ململانێی موزمین و درێژخایەن و هەنوکەیی ناوچەکەوە.

---

* سـەرەتا ئـەم بابەتـەم لـەوەلامی پرسـیارەکانی پێگـەی (( ئیسـلام پەیکـدا)) نوسـیوە و دواتـر بەشێوەی ئەم نوسینە لەم پێگانـەی تـردا بلاوکـردەوە.(( ڕۆژەۀ ودەنگـەکان و کوردوسـتان نێـت و سبەی ))دا بلاوکراوەتەوە لە 2 و2007/7/5دا.

## زۆر بەپەلە

## مادەی 140ی دەستوور لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت *

هەر لەسەردەمی دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمەوە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە لەساڵی 2003دا و نوسینەوەی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی و بەرجەستەکردنی مادەی 58 کە تایبەت بوو بەچارەنوسی شاری کەرکوك و ئەو جێگەیانەی کێشەیان لەسەرە و تانوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و دەنگدانی گەلانی عێراق بە نزیکەی 8ملیۆن کەس لەساڵی 2005دا و چەسپاندنی مادەی 140ی دەستوور کە بەهەمانشێوەی مادەی 58 تایبەتکرا بە چارەنوسی شاری کەرکوك و جێگەکانی ترەوە. زۆری لەسەر وتراوە و زۆری لەسەر نوسراوە لە ڕاگەیاندنەکانی هەموولایەنەکانەوە هەر (( لە کورد و عەرەب و تورکومان و مەسیحی و یەزیدی و سونە و شیعە و...هتد.لەناوەوەی عێراق و لەدەرەوەشی لەلایەن تورکیا و ئێران و سوریاو وولاتانی سونەی عەرەب و ئەمریکاو بەریتانیاش و...هتد)).

هەریەکە بەمەرامی تایبەتی و لە تێڕوانین و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە شەن و کەوی بابەتەکەیان دەکردو چارەنوسی مادەکەیان ڕەنگ دەکێشا. بەو پێیەی ئەم مادەیە مادەیەکی دەستوریەو نزیکەی 8 ملیۆن کەس دەنگی بۆداوە، شەرعیەتێکی یاسایی و جەماوەری لەناوخۆو دەرەوەی عێراقیشدا پەیداکردوە و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ گەل دەستکاری و گۆڕانکاری تیادا بکات.

لەناو هەموانیشدا کورد زۆر بەسەر ئەم مادەیەدا هەڵی داوە و بەمادەیەکی زۆر گرنگ و زێدە بایەخ لەقەڵەمی داوە و لەماوەی ئەو 2 ساڵەدا ڕای گشتی کوردی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم مادەیە چارەنوسسازە بۆ کوردو بۆ کەرکویش و جەختی دەکردەوە کە دەبێت جێبەجێبکرێت لەماوەی دیاریکراوەی خۆیدا تا

2007/12/31 بەهەرسیێ قۆناغەکانی (( ئاسايیکردنەوە و سەرژمێری کردن و دەنگدان لەسەر چارەنوسی کەرکوك)) و جێگەکانی ترو هەموو هيواو ئاواتێکی لەسەر ئەم مادەيە هەڵچنيوە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك و جێگەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردوستان.

❖ ئەم مادەيە هێندەی گرنگيەکەی بۆ کورد لەکاتی جێبەجێکردنيدا، هێندەش زيانی دەگەياندە عەرەب و تورکومان و وولاٚتانی دراوسیێ بەتێڕوانينی تايبەتی خۆيان کە هەڵقولاٚوی بەرژەوەنديەکانيانە . هەربۆيەش سەرجەميان بەعەرەبی سونە و شيعە و تورکومان و هەندێ جاريش مەسيحی و يەزيديەکانيشەوە بەهێندەی حەزی کورد بۆ جێبەجێکردنی ئەوان هەوڵی پەکخستنی و جێبەجێنەکردنيان داوە و گەلێك ڕێگری و بەربەستيان بۆ دروستکردووە. لەو ڕێگريانە:-

1.دواخستنی پێکهێنانی ليژنەی بالاٚی جێبەجێکردنی مادەکە.

2.دواخستنی دياريکردن و پێدانی بودجەی مادەکە.

3.ڕێگرتن لە کردنەوەی ئۆفيس و کارە ئيداريەکانی لەشارەکاندا.

4.ناکۆکی دروستکردن لەسەر ژمارە و نوێنەرانی نەتەوەو مەزهەبە جياوەزاکان لە ليژنەکەدا.

5.دەرکردنی هەندێ بڕيار لەلايەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە بۆ ڕێگەگرتن لەگەڕانەوەی هاوردەو ئاوارەکان.

6.دواتر گوشار خستنە سەر سەرۆکی ليژنە بالاٚکە(( وەزيری داد/ هاشم شبلی)) بۆ دەست لەکارکێشانەوە بۆئەوەی پەکی ئيشوکاری ليژنەکە بخەن.

7.دواخستنی دەرکردنی هەندێ بڕيار کە لەلايەن ليژنە بالاٚکەوە دەرچووبوو بۆ قۆناغی ئاسايکردنەوەی مادەکە کە دەبوو تا 2007/3/15 جێبەجێبکرايە لەلايەن ئەنجومەنی وەزيرانی عێراقەوە.

لەدەرەوەی عێراقیشدا، وولاّتانی دراوسیّ بەتایبەت تورکیا و ئێران و وولاّتانی سونەی عەرەبی ناوچەکە و تەنانەت ئەمریکاو بەریتانیاش ڕێگری زۆریان دروست دەکرد بۆ جێبەجێنەکردنی مادەکە لەکاتی خۆیدا . لەو ڕێگریانە:-

1.تورکیا لەڕێگەی گوشار و فشاری سەربازی و ئابوری بۆ سەردەوڵەتی عێراق وبۆ سەر کورد بەبیانوی پەکەکە و پاراستنی تورکومان و کەرکوکەوە.

2.ئێران لەڕێگەی حیزبە ئیسلامیە شیعەکانی سەر بەخۆیەوە و بەتایبەتیش توندڕەوەکانیان وەك ڕەوتی صەدربۆ ڕێگەگرتن لەگەڕانەوەی هاوردە و ئاوارەکان.

3. ولاّتانی عەرەبی سونە بەپێدانی بەرتیل بەکورد بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی مادەکە بۆ 10-15 ساڵی تر دوابخرێت.

4.ئەمریکاو بەریتانیاش، هەوڵی جدیان نەداوە و گوشار و فشاریان بەکارنەهێناوە بۆ جێبەجێکردنی مادەکە لەکاتی خۆیدا ، وەك ئێستا بەبەردەوامی گوشارەکانیان خستۆتە سەر سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و هەموو کوتلە سیاسیەکان و پەڕلەمانیش بۆئەوەی بە زووترین کات یاسای نەوت و گازی سروشتی پەسەند بکەن چونکە لەبەرژەوەندی خۆیانە.

5.ڕاسپاردەکانی لیژنەی بیکەر-هاملتۆن کە نوێنەری هەردوو حیزبی کۆماری و دیموکراتخوازەکان بوون بە جێبەجێنەکردنی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا چونکە ئاشکرایان کردوە کە شاری کەرکوك وەك بەرمیلێك بارود وایە و لەکاتی جێبەجێکردنی مادەکەدا دەتەقێتەوە.

6.ڕاگەیاندنی نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتوەکان(( زاڵمای خەلیلزاد)) کۆنە سەفیری ئەمریکا لە عێراق بۆ ئەوەی مادەی 140 بباتە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە و بیکاتە کێشەیەکی دەرەکی و دووری بخاتەوە لەکێشەیەکی ناوخۆیی عێراق و هێز و شەرعیەتی دەستوریەکەی کەم بکاتەوە.

❖ هەموو ئەم هەوڵ ڕێگریانە لەلایەن ناحەزان و دوژمنانی کوردو مەسەلەکەی و شاری کەرکوك و مادەی 140 و بەردەوام بوونی تاکو ئێستا ئەو ئومێد و خەونەی کوردیان کەلەسەر ئەم مادەیە هەڵیانچنیبوو بەرەو کاڵبونەوە و

پوچەڵبونەوە بردوەو دەبەن .هەموو بەڵگە و ئاماژە سیاسیەکان و پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچن کە جێبەجێکردنی مادەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کارێکی زەحمەتەو ناکرێت و ناتوانرێت لەکاتی خۆیدا و لەکۆتایی ساڵی 2007دا جێبەجێبکرێت.لەو ئاماژانەش:-

1.دواخستنی دیاریکردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ لیژنەی بالاَی جێبەجێکردنی مادەکە لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پێشووی لیژنەکە پێش 2 مانگ.

2.تەواو بوونی وادەی هەردوو قۆناغی ئاسایکردنەوە وسەرژمێریکردنی مادەکە کە دەبوایە تا 2007/7/15 جێبەجێبکرانایە.

3.پوچەڵکردنەوەی پرۆسەی سەرژمێری گشتی دەساڵەی عێراقی کە بڕیاروابوو لە 2007/10/17 دا جێبەجێبکرایە،کەئەم پرۆسەیە زۆررگرنگ بوو بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140.

4.بانگکردنی سەرۆك تاڵەبانی بۆ ئەمریکاو ووتوێژکردن لەگەڵ سەرۆك بارزانی،گەرچی بەئاشکرا باس لەو بابەتە ناکەن بەلاَم پێدەچێت گوشارەکان بەرەو ئاڕاستەی دواخستنی مادەکە لەسەریان قورستر بوبێت.

5.درکاندنی هەندێ لێدوان لەلایەن سەرۆك وەزیران د.مالکی و وتەبێژی حکومەتی عێراقی د.عەلی دەباغەوە بەئەگەری دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا لەژێر گوشارەکانی تورکیاو ڕازیکردنی.

6.درکاندنی هەندێ ئاماژە لەلایەن (( فریاد ڕەواندوزیەوە)) ئەندام پەرلەمانی عێراق و نزیك لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانەوە لە نوسینێکیدا لە ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی ژمارە (( 4312 لە 2007/7/3)) بەناونیشانی ((مادەی 140 و ڕایەکی جیاواز)) کە ئاماژە دەدات بەوەی کە جێبەجێکردنی مادەی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا گەلێك زەحمەتە و دەبێت سەرکردایەتی کورد ڕای گشتی جەماوەر و بەتایبەتیش شاری کەرکوك خاوبکاتەوە بەوەی کە مادەکە ناتوانرێت لەکاتی خۆیدا جێبەجێبکرێت.چونکە دوای 5 مانگی تر هەڵویستی سەرکردایەتی کورد زۆر موحریج دەبێت لەبەردەم ڕای گشتی جەماوەردا.

بەم شێوەیە چانسی جێبەجێکردنی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو کزی و نەمان دەچێت.

## ❖ مەترسیەکانی جێبەجێنەکردنی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا بۆ کورد

وەك پێشتر باسمان کرد بۆ کورد ئەم مادەیە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە بەهۆی شەرعیەتی دەستوری و یاسایی و جەماوەرییەکەیەوە لەناوخۆو دەرەوەی عێراق و نێو دەوڵەتیشدا، بۆ جێبەجێکردنەکەشی لەکاتی خۆیدا گەلێك گەورەتر و گرنگتر دەبوو، هەرچەندە ئەم مادەیە جیا لەهەموو مادەکانی تری دەستوور هەر لەسەرەتاوە بۆ ساڵی 2007 دواخرا واتە 2 ساڵ، هەربۆیە زیاتر دواخستنی جێبەجێکردنەکەی بەهەر بڕوبیانویەکەوە بێت و لەژێر هەر ناونیشان وپەردەیەکدا بێت بەتەنها و تەنها لە زیانی کورد دەشکێتەوە و بەسوودی دژەکان و ئەوانی تر تەواو دەبێت.

**مەترسیەکانیش لەم چەند خاڵەدا خۆدەبینێتەوە:-**

1.نفوز و دەسەڵات و پێگەی کورد لەحکومەتی ناوەند و سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانی عێراقدا لەئێستادا لەو پەڕی بەهێزی و پتەویدایە، لەکاتێکدا حکومەت و سوپاو هێزە سەربازیەکانی عێراق زۆر لاواز و بێدەسەڵاتن بۆیە داهاتوو پێدەچێت ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە ببێتەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەهێزبونی دەسەڵاتی ناوەند لە بەغداد وئەم ڕاستیەش مێژووی ڕابوردوی دەسەڵاتەکانی ناوەند لە بەغداد دەیسەلمێنن.

2. لەدونیای سیاسەتدا دۆست و دوژمنی تاسەر نین بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی و تاسەر هەیە، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا ئەم دۆستایەتیەی کورد لەگەڵ ئەمریکاو هەندێ هێزی ناوخۆی عێراقیدا گۆڕانیان بەسەردا بێت لەبەردەم بەرژەوەندیە ئابوریەکاندا.

3. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراقدا لەساڵانی داهاتوودا لەقازانجی کورد و جێبەجێکردنی مادەی 140 دا ناشکێتەوە.

4. ئاشکرایە کورد لەم پێگە بەهێزەی ئێستایدا بەرامبەر هەمووان لە ناحەزانی ناوخۆو دەرەوەشدا بەرەنگاری و مقاوەمەت دەکات بۆ جێبەجێکردنی مادەکە لە کاتی خۆیدا، بەلأم پێدەچێت تاسەر نەتوانێت لەبەرامبەر گوشارو فشارە سیاسی و ئابوری و سەربازیەکاندا خۆڕاگر بێت.

5.پێشبینی دەکرێت گۆڕانێکی گەورە لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا ڕووبدات لەچەند سالّی داهاتوودا بەهۆی کێشەکانی (( ئەتۆمی ئێران و کێشەی سوریا – لوبنان و کێشەی فەلەستینیەکانەوە)) و بەردەوام بوونی بارودۆخی ناجێگیری ئەفغانستان و عێراقیشەوە، کە تێکچوونی ئەم بارودۆخە گشتیەی ناوچەکەش لە قازانجی کوردا نابێت بۆیە هەر دواخستنێك چەندە کەمیش بێت بەقازانجی کورد نابێت.

**ئەی چارەسەر چیە؟؟؟**

سەرەتا دەبێت کورد بۆ هەموو ئەگەرەکان خۆی ساز و ئامادە بکات لەسەر هەموو ئاستەکان سیاسی و ئابوری و سەربازی و جەماوەریەوە.بەوەی کە دەبێت :–

1.بەرەیەکی ناوخۆیی یەکگرتوو بەهێز لەنێوان سەرجەم پارتە سیاسیەکاندا پێك بهێنێت بۆ ڕێگە گرتن لە درزکەوتنە ناو ڕیزەکانی گەلی کوردو هەلّوێست و گوتاری سیاسیەوە.

2.دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم چەسپاو ودامەزراوتر بکات بە قولّکردنەوەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حکومەت بەنیەتێکی پاك و بێگەردی کوردانەوە دوور لە زالّکردنی مەرامی تەسکی حیزبایەتی.

3.لەڕووی سەربازی و پێشمەرگایەتیشەوە دەبێت هێزی پێشمەرگە سازو ئامادەبکات لەڕووی مەشق و ڕاهێنان و چەك و تەقەمەنیەوە بۆ هەموو ڕووبەڕووبونەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ پاراستنی سنورەکانی هەرێم.

4.لەسەر ئاستی جەماوەریش، هۆشیاری بدات کە لەکاتی جێبەجێنەکردنی مادەی 140دا سازو ئامادە بێت بۆ هەموو پێشهات و ئەگەرێك و ئامادەی بەرگریکاری بێت ئەوەش بەوەی کە ڕاستیەکان لە جەماوەر و بەتایبەتیش شاری کەرکوەك نەشاردرێتەوە.

**ئەو ڕێوشوێنانە چین کە کورد دەبێت بیانگرێتە بەر لەم قۆناغەداو لەکاتی جێبەجێنەکردنی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا:-**

1.هەڵپەساردن و کشانەوەی لە سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەت و پەرلەمانی عێراقیدا.

2.سازدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و عصیانی مەدەنی لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری.

3.بەرپاکردنی هەڵمەتێکی سیاسی و دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و دونیاش بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیە مێژوویەکان لەمافی کورد لەکەرکوك و جێگەکانی تردا.

4.پێکهێنان وتوندو تۆڵکردنەوەی لوبی کوردی لەدەرەوەی وولات بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتان و ناوەندە بڕیاربەدەستەکان.

5.لەکۆتایشدا بەرزکردنەوەی کێشەکە بۆ بەردەم دادگای باڵای لاهای بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکە بەپێی یاساو گەڕانەوەی مافی خوراوی کورد بۆ خاوەنەکەی.

- ئاشکراشە لە ئێستادا کورد پێگە و قورساییەکی گەورەی لەعێراق و ناوچەکە و دونیاشدا دروستکردوە و هەروا ئاسان نیە پشتگوێ بخرێت و لەهاوکێشە و بەلانسی حساباتەکانداو هێزەکاندا حسابی بۆ نەکرێت و مافەکانی پێشێل بکرێت،چونکە کورد و مەسەلەکەی لەئێستادا زۆر بەرەو پێش چوە و گەلێك دەسکەوتی گەورەو گرنگی وەدەستهێناوە و پشتگیریەکی گەورەتریشی بۆ دروست بوە.کەناکرێت هەروا بەسانایی بچوك و قەتیس و گۆشەگیر بکرێتەوە وەکو سەدەکانی ڕابووردوو.

لەعێراقیشدا کورد فاکتەری سەرەکی برایەتی و تەبایی و پێکەوە ژیان و ڕێکخستنەوەی ناوخۆی عێراق و پاراستنی یەك و یەکگرتوویی خاك و گەلانی عێراقە و گەر کورد نەبوایە ئەوا لەمێژ بوو عێراق پارچەپارچە و خەڵتانی خوێنی شەڕی مەزهەبی و ناوخۆیی ببوەوە . بەم شێوەیە گەر کورد هەموو کارت و

قورسایی وسەنگ و فشاری خۆی بەکارنەهێنێت بەژێری و هێمنی کە گەلێك کارتی بەهێزی لەدەستدایە ئەوا ئەوەی تائێستا بەدەستی هێناوە لەکیسی دەدات و ئەوکاتەش دانکرۆشتن و کاڵەك بەئەژنۆ شکاندن دادی کەس نادات و ڕەورەوەی مێژووش ناگەڕێنرێتە دواوە و بەرنەفرەتی مێژوو و نەوەکانی داهاتووش دەکەوین.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( کوردیش وێب و کوردوستان پۆست و کوردوستان نێت و ئیسلام پەیك )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ )) دا بلاْوکراوەتەوە لە 7 و 11 و2007/7/21دا.

# حکومەتی مالکی

## لەبەردەم گۆڕان یان ڕوخاندایە *

ئاشکرایە زیاتر لە ساڵێکە (( د. نوری مالکی )) ئەمینداری گشتی ئێستای حیزبی دەعوەی ئیسلامی بەسەرۆك وەزیران ڕاسپێردرا. دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ و سەختی نێوان هەموو کوتلە سیاسیەکان بەهۆی دەست بەردارنەبوونی(( د.ئیبراهیم جەعفەریەوە)) بۆ ئەو پۆستە.چونکە ئەو لەلایەن کوتلەی شیعەکانەوە هەڵبژێردرابوو ،بەڵام دوای ئەوەی هەندێك گوشار و فشار بەتایبەتیش کوتلەی هاوپەیمانی کوردوستانی وازی لەو داواکارییە هێنا لە ئەنجامدا((د.نوری مالکی ))ڕاسپێردرا. لەماوەی ئەم ساڵو نیوەدا گەر بەچاوێکی ورد و بەدیقەت بڕوانینە پێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. گەرچی لەهەندێك بواردا پێشکەوتنێکی کەم هاتۆتە دی.بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بڕیار بدرێت کە ئەم حکومەتە سەرکەوتوو نەبووە و نەشیتوانیوە کە زۆرترین کارەکان و بەرنامەکەی جێبەجێبکات و لەئاستی خواست و تێبینیەکانی گەلانی عێراقدا بێت و ئەو بەڵێن و بەرنامە سیاسیەی کە پێشکەش بە پاڕلەمانی عێراقی کردووە جێبەجیٚ بکات. ئاشکراشە هۆکاری بابەتی و خۆی هەن بۆ سەرنەکەوتنی ئەم حکومەتە لە و ئەرکەکانیدا. لەوانە:-

1. خراپی باری ئەمنی لەزۆربەی پارێزگاکاندا بەگشتی و بەتایبەتیش بەغدادی پایتەخت.
2. بێتوانایی دام و دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی عێراق لەڕووی توانا مادی و مرۆییەکانیەوە.
3. باڵادەستبوونی سوپای ئەمریکا و لێپرسراوە سیاسی و سەربازیەکانیان لەبواری ئەمنیدا و تەسلیم نەکردنی مەلەفی ئەمنیی بەحکومەتی عێراقی.
4. بوونی ململانێی سیاسی و حیزبی و تایەفی و مەزهەبی لە نێوان کوتلە سیاسیەکان و نەتەوە و دیانەت و مەزهەبە جیاوازەکانی عێراقدا.

5. دەستێوەردانی ولأتانی دراوسێی عێراق بۆ کاروباری ناوخۆ هەریەکەیان بە بیانویەکەوە و لە تێڕوانینیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و دواڕۆژی عێراق.
6. بەهێزی توانا مادی و مرۆییەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوەکانی تر کە ناوی خۆیان ناوە مقاوەمە لەگەڵ گروپەکانی کۆنە بەعسیەکانیشدا.

بەم هۆیانەوە حکومەتی مالیکی نەیتوانیوە لەبواری ئەمنیی و ئابوری و خزمەتگوزاریەکاندا کاری زۆر گەورەو بەرچاو پێشکەش بکات.کە بتوانێت بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵبێت.

لەئێستاشدا و بەهۆی سەرنەکەوتوویی ئەم حکومەتە لەکارەکانیدا لەبەرامبەر ئەمریکادا و لەبەرامبەر هەموو کوتلە سیاسیەکانیشدا کەوتۆتە بەر هێرش و گوشاری زۆر بەهێزەوە کە چاوەڕوانی ڕووخاندنی یان گۆڕانکاری لە کابینەکەیدا دەکرێت. لەو گوشارانەش:-

1. پێدەچێت (( د.نوری مالکی )) بەڵێنی زۆری دابێت بە ئەمریکا و سەرۆك بۆش کە دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا زاڵ ببێت بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا وەك(( شەڕی تایەفی و مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە)) و زاڵبوون بەسەر ڕێکخراوی قاعیدە و گروپە چەکدارەکانی تردا، زاڵبوون بەسەر ناکۆکی و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراقدا لەپەیڕەوکردنی پڕۆسەی ئاشتەوایی گشتی نیشتیمانی . زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرە ئابورییەکاندا.نەهێشتنی میلیشیا چەکدارەکان بەتایبەتیش ڕەوتی صدری.دەرکردنی هەندێك یاسا، وەك یاسای نەوت و گازی سروشتی و ...هتد . بەلأم تائێستا نەیتوانیوە کە هیچ یەکێك لەو کێشانە چارەسەر بکات و لەبەردەم ئەمریکیەکاندا تووشی ئیحراجیەکی زۆر بووە و ئەمریکیەکان هەر لەسەرۆك بۆشەوە ڕایدەگەیەنن کە حکومەتی مالکی حکومەتێکی لاوازە و پێویست دەکات کە بەڵێنەکانی جێبەجێبکات.ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندی نوری مالکی بەسەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق(( جەنەڕاڵ پترایۆس)) وە زۆر خراپە.ئەمەش بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خراپ لەسەر ئەم حکومەتە بۆ کۆشکی سپی و گوشار دروستکردن لەسەری.

2. لەناو خۆشدا، حکومەتی مالکی نەیتوانیوە کە سیمای شیعە بوونی حکومەتەکەی بسڕێتەوە لەبەرامبەر بەرەی سوونەکاندا کە تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە حکومەتێکی شیعی سەر بە ئێرانە.هەر بەم هۆیەوە لە ئێستادا بەرەی تەوافوق وەزیرەکانی لە حکومەتەکە کێشاوەتەوە و بەهۆی کێشەی سەرۆکی پەڕلەمانیشەوە( د. مەحمود مەشهەدانیش) ئامادەی کۆبونەوەکانی پەڕلەمانیش نابێت.

3. لەگەڵ ڕەوتی صەدردا لە ئێستادا لەو پەڕی خراپی پەیوەندیدان و ئەوانیش وەزیرەکانیان لەحکومەت کێشاوەتەوە و ئامادەی کۆبونەوەکانی پاڕلەمانیش نابن.

4.لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردوستانیشدا گەرچی بەڕواڵەت نەرمونیان و پەیوەندیان باشە.بەڵام لەسەر مادەی 140ی دەستوور و دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار و یاسای نەوت و...هتد.ناکۆکی زۆر هەیە لەگەڵ لیستی شیعەکاندا و حکومەتی مالکیدا.

5. ئەم حکومەتە لە ژێر فشارێکی زۆری ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی سونە و هەریەکەشیان لە تێڕوانین بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەڕواننە کێشەی عێراق و دەست وەردەدەنە ناو کاروباری ناوخۆ.ئاشکراشە بەرژەوەندیەکانیشیان لەلایەکەوە دژی یەکترین و لەلایەکی تریشەوە دژ بەبەرژەوەندی گەلانی عێراق و ئایندەی عێراقیشن و عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی ململانێکانیان بۆ یەکلایکردنەوەی لەگەڵ ئەمریکادا و بەمادی و مەعنەوی پشتگیری لە گروپە چەکدارەکان و ڕێکخراوی قاعیدە و کۆنە بەعسیەکان و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان دەکەن.

6. لەناوخۆی ئەمریکاشدا فشارێکی زۆر هەیە لەسەر ئیدارەی سەرۆك بۆش بۆ دیاریکردن و دانانی نەخشەیەك بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن پارتی کۆماری و دیموکراتیخوازەکان لە کۆنگرێسدا و هەردوێنێ بەزۆرینەی دەنگ بووە بڕیار، چونکە تا ئێستا زیاتر لە 500 ملیار دۆلار خەرجکراوە بۆ جەنگی عێراق و ئەفغانستان. هەروەها لەلایەکی ترەوە گوشاریان

دەخەنە سەر سەرۆك بۆش بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی(( بیکەر – هاملتۆن)) کە تیایدا داوادەکات بە گۆڕینی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە عێراقدا.بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی ڕای گشتی جەماوەری گەلی ئەمریکاش فشار هەیە بۆ کێشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق.

7. بەریتانیا بڕیاریداوە کە بەپێی خشتەیەك هێزەکانی کە 5500 سەربازن بکێشێتەوە لە عێراق.

بەم شێوەیە حکومەتی مالکی لە ئێستادا لەو پەڕی لاوازی و بێهێزیدایە و چاوەڕوان ناکرێت بتوانێت بەرگری زۆری پێبکرێت لەبەردەم ئەم هەموو گوشارە سیاسیانەی ناوخۆ و دەرەکیدا.لەکاتێکیشدا لەسەر ئاستی جەماوەریش ناڕەزاییەکی زیاتر هەیە بەرامبەر ئەدائی ئەم حکومەتە.چونکە نەیتوانیوە کێشەی ئەمنیی و ئابوری و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاولاتییان چارەسەر بکات و پێشکەش بکات.نەیتوانیوە سەرەکیترین کێشە کەنەبوونی ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزاری و کارەبا و سووتەمەنیە دابین بکات.

بەم هۆیانەوە زەمینەی مانەوە و درێژەدان بەتەمەنی ئەم حکومەتە گەلێك لاوازە و چاوەڕواندەکرێت لەماوەیەکی کەم و نزیکدا ئەم حکومەتە متمانەی لێبسەنرێتەوە یان گۆڕانکاریی ڕیشەیی و گەورە لەکابینەکەیدا بکرێت و بەسەر سیاسەت و بەرنامەی خۆیدا بچێتەوە. بەشێوەیەك کە تەباییەك و پشتگیریەکی جەماوەریی و سیاسی لەناوخۆ و دەرەوەشدا بەدەست بهێنێت و درێژە بەتەمەنی خۆی بدات.کە ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نیە.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( سبەی )) دا بلاْوکراوەتەوە لە 2007/7/16دا.

## دیمانە *

**ئـەم دیمانەیـەمان لەگەڵـدا سـازدرا لەلایـەن پـەیمانگای کوردوسـتان بـۆ پرسە سیاسیەکان و لەسایتی ڕۆژەڤدا بڵاوکرایەوە کە چەند پرسیارێکی لەخۆ گرتبوو . بەندەش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە.......**

**بۆ / برای بەڕێز کاك هێمن میرانی سەرنوسەری ڕۆژەڤ**
**ب/ وەڵامی پرسیارەکانتان**

**دوای سڵاو ڕێزمان ..هیـوای هەمیشە لـەش ساغی و سـەرکەوتنی بـەردەوامتان بۆ دەخـوازین و خوازیـارین کـە هـەمووان لـەم قۆناغـە ناسـك و هەسـتیارەی مەسـەلەی گەلەکەمانـدا بتـوانین کارێـك بکـەین بـۆ سەرخسـتن و بەرەوپێشچـوونی زیـاتر و لەدەســت نــەدانی ئــەو دەســکەوتانەی بەدەســت هــاتوون، چــونکە هــەمووان بەرپرسیارین لەم قۆناغەدا هەریەکەمان بەپێی ئاستی لێپرسراوی و دڵسۆزی بۆ گـەل و نیشـتیمانەکەمان ، جارێکی تـریش هیـوای سـەرکەوتنتان بۆ دەخـوازین لـە پەیمانگای کوردوستان بۆ پرسە سیاسیەکان .**

**بفەرموون بەوەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانتان .........**

**پرسیاری یەکەم/** بەتێڕوانینی بەڕێزتان بارودۆخی ئاسایشی عێراق سالّی 2006 باشتر بوو یان ئەمساڵ(( 2007))؟ئەی پێشبینیت بۆ ساڵی داهاتوو چیە؟

وەڵام /

بەدڵنیاییی ساڵی 2007 لەساڵی 2006 باشتربووە لە ڕووی بارودۆخی ئاسایشەوە، ڕاستە کردەوە تیرۆرستی و تێکدەرانەکان بەردەوامن، بەلاّم ژمارەوبڕو جۆرەکانیان کەمتر بۆتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر بونی ژمارەی هێزەکانی عێراق لەسوپاو پۆلیس و باشتر ئاشنابون بەشێوازی کارە تیرۆرستیەکان و ئەنجامدەرەکانیان و ئاشکرابونی باندەکان و بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی نوێتر.

بۆساڵی ئایندە ئەگەر حکومەتی عێراقی کێشەو ململانێ سیاسیەکانی ناو باڵە سیاسیەکانی عێراق چارەسەربکات و پڕۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی باش بچەسپێنێت و حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتووی بەهێز دابمەزرێنێت ئەوا بەدڵنیایی ساڵی ئایندە ڕەوشی ئاسایش باشتر دەبێت، بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەوا بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت.

**پرسیاری دووەم/** پێت وایە فیدڕاڵیزم وەکو شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەلاّت لە عێراقی تازە کە دەستووری هەمیشەیی عێراق بڕیاری لێداوە چەندە وەکو سیستم چەسپاوە و تێگەیشتنی هاوبەشی بۆ هەیە لە نێو پێکهاتەکانی عێراق؟

وەڵام /

فیدڕالیزم لەعێراقی نوێدا تائێستا بە تەواوەتی نەچەسپیوەو لە بەڕێوەبردندا کاری پێ ناکرێت و تێگەیشتنێکی کامڵ و وەك یەکی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا نیە دەربارەی سیستەمی فیدڕالیزم،چونکە شیعە بەجۆرێك لێکی دەداتەوەو سونە بەهەمان شێوەو کوردیش بەشێوزایێکی تر.تائێستا هەرێمی تر جگە لەهەرێمی کوردستان دانەمەزراوە کە فیدڕالیزم بۆ خۆی بریتیە لەدەسەلاّتی هەرێمەکان و چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ناوەندا.

هەرێمی کوردستانیش پێشترو لەساڵی1992 وە دامەزراوەو بۆتە دیفاکتۆو حکومەتی ناوەندی ئێستای عێراق ناتوانێت ڕەتیبکاتەوە، چونکە بەبڕیارێکی پەڕلەمانی کوردستان لە 1992/10/4دا بنەمای فیدڕاڵی قبوڵ کراوە.

**پرسياری سێيەم** / بەديلی فيدڕاڵيزم چيە گەر لە عێراق نەتوانرا جێبەجێبکرێت؟

وەڵام/

تەنيا جێگرەوە بۆ فيدڕاڵی لە عێراقی نوێدا ئەگەر نەچەسپی و جێگيرنەکرا ئەوا دابەشبونی عێراقە بەخاك و گەلەکەيەوە بۆ سێ ناوچەی جياوازی شيعە لە باشورو سونە لە ناوەڕاست و کورد لە باکور، هەروەکو پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمريکيش پلانی بۆ داڕشتوە، ئەگەر ئەمەش نەبوو بۆ پاراستنی يەکگرتوويی خاك و گەلانی عێراق تەنها سيستەمێکی ديکتاتۆری و تاك ڕەوی لەشێوەی سيستمی بەعسی صەدامی دەتوانێت ئەو پێك هاتە عەجيب و غەريبەی عێراق لە چوارچێوەی يەك وڵاتدا بهێڵێتەوە.

**پرسياری چوارەم**/ ئايندەی پەيوەنديەکانی نێوان عەرەبی شيعە و سونەی عێراق چۆن دەبينی و لە ئەگەری پەرەسەندنی زياتر و قوڵتر بوونی ناکۆکی و توندوتيژی ڕۆڵی کورد چی بێت باشە؟

وەڵام/

ئايندەی پەيوەنديەکانی سونەو شيعە بەرەو خراپتر دەچێت، چونکە مێژووی ململانێی ئەو دوو مەزهەبە بەتايبەتی لەعێراقدا مێژوويەکی خوێناويە.تەنها لەسايەی ڕژێمی بەعسی صدامی تاك ڕەودا ئەوململانێيە کپ ببوەوە ئەگينا هەرگيز ئەو دوومەزهەبە تەبانەبون لە سەرەتای ململانێی عەلی کوڕی ئەبوتاليبەوە لەگەڵ معاويەدا ولەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی وعەباسی و عوسمانيەکان و....هتد.ئەگەر عێراق لە چوارچێوەی سيستەمێکی فيدڕاڵيدا مايەوە ئەوا کورد ناچارە بەشداری لەدام و دەزگاحکوميەکانی مەرکەزدا بکات، بەو پێيەش ئەرك و مافی دەبێت و لەوکاتەدا دەبێت ڕۆڵی ئاشتی و تەبايی ببينێت، بەڵام ئەگەر عێراق وانەمايەوە ئەوا کورد پێويستە دوورە پەرێزی هەڵبژێرێت کە ئەمەشيان کارێکی سانانيە بەڕەچاوکردنی بونی کوردی شيعەوسونە، هەروا وڵاتانی دراوسێ ئێرانی شيعە و توركيای سونە و عەرەبی سونە.

**پرسياری پێنجەم**/ مادەی 140ی دەستووری هەميشەيی عێراق کە تايبەتە بە ئاسايی کردنەوەی کەرکوك و ناوچەکانی ديکە کە شێوێنراون لە ڕووی ئيداری و

**جوگرافیا چۆن دەبینی؟پێت وایە لەوادەی دیاری کراوی خۆی کە دوا وادە 2007/12/31ە جێبەجێ دەکرێت؟**

**وەڵام /**

**مادەی 140 ئەگەر چی کامڵ نیەو تەواوی خواستو مافەکانی کوردی نەسەلماندوە، بەلاَم مادەیەکی دەستوریەو نزیکەی 8 ملیۆن عێراقی دەنگی بۆداوەو شەرعیەتو بنەمایەکی یاسایی و دەستوری و جەماوەریشی هەیە، وبۆیە دەکرێت پشتی پێ ببەسرێتو کاری جدیش بکرێت بۆ چەسپاندنی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، چونکە کورد جگە لە شەرعیەتو یاساو دەستور هیچ دەسەلاَتو هێزێکی تری نیە بۆ گەڕانەوەی کەرکوكو شوێنەکانی تر بۆسەر کوردستان.ئەگەر کاری لیژنەی بالاَی جێ بەجێ کردنی مادەی1401 ئاوها بەهێواشی بڕواتە پێشەوە ئەوا ئەستەمە کە لە وادەی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت لە 2007/12/31دا.**

**پرسیاری شەشەم/ جێبەجێکردن یان نەکردنی مادەی 140بارودۆخی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

**وەڵام /**

**جێ بەجێ نەکردنی مادەی140 ڕەوشی عێراق بەرەو خراپترو ئاڵۆزتر دەبات چونکە لەوکاتەدا کوردیش دەبێتە هۆکارێکی ئاڵۆزیو فشارو نانەوەی سەریەشە بۆ حکومەتی عێراقی و ئەمریکاش، بەمەش هێندەی تر پڕۆسەی سیاسی عێراق ئاڵۆزتر دەبیٚ و لە وانەشە دەستوەردانە ناوخۆی عێراق لەلایەن وولاَتانی دراوسێوە لە تورکیا و ئێران و عەرەبە سونەکانیش ڕوبدات، ئەگەرکورد بەهێز کەرکوكو شوێنەکانی تری خستەوە سەر هەرێمی کوردستان. لەکاتی جێ بەجێ کردنیشیدا ئەوا بارودۆخی سیاسی عێراق بەرەو باشترو هێمن تر دەڕوات بەو پێیەی کورد باشترو بەهێزتر بەرگری لە ئاسایشو ئەمنیەتی هەرێمی کوردستانو عێراقیش دەکات .**

**پرسیاری حەوتەم/ پێت وایە ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر پرسی کەرکوك چ هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی هەیە؟**

وەلأم /

تائێستا ئەمریکا نەك لە کەرکوك لە هەموو عێراقدا ڕۆڵی داگیرکەرو چاودێر دەبینێت و لە بەرژەوەندی خۆیەوە ئیدارەی ململانێکان دەدات و دۆست و دوژمنی تاسەری نیە لە عێراقداو بەرنامەو پلانی خۆی جیٚ بەجیٚ دەکات.

**پرسیاری هەشتەم/** ئەی کوردو سەرکردایەتیەکەی چی بکەن گەر ئەو مادەیە فەرامۆش کرا و کاتی دیاریکراوی هات و جێبەجێنەکرا؟

وەلأم /

کورد وەك گوتمان تەنها ڕێگە چارەی ئاشتی و دایەلۆگ و شەرعیەت و دەستورو یاسای لە بەردەمدایە، چونکە هێزو توانا و چەك و تەقەمەنی هێندەی نیە کەدژ بەسوپای عێراق و ئەمریکا بوەستێتەوە، بەهەمان شێوە ناتوانێت بەرەنگاری سوپای تورکیا و ئێرانیش ببێتەوە.

دەکرێت کورد ببێتە مایەی سەرئێشەو ئاژاوە نانەوە، بەلأم بۆی ناچێتە سەرو ناتوانێت بەو شێوازە خواستەکانی بهێنێتە دی، بۆیە تەنها دەبێت لە ڕێگەی :-

1.گوشارو کاری سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و جەماوەر بەپلەی یەکەم و دواتر لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری و نەتەوەیی و مەزهەبی لەعێراقدا کار بکات.بۆ تێگەیشتن لەڕاستیە مێژوویەکان و مافی کورد لەو ناوچانەدا.

2. دواتر بەهەمان شێوە وولأتانی تورکیا و ئێران و عەرەبی سونەش لەو ڕاستیانە تێبگەیەنێت.

3. دواتریش وولأتانی یەکێتی ئەوروپا و زلهێزەکانی دونیا لەڕوسیا و چین و ئینگلیزو ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان.

4. دواتر هەڵمەتی کاری (عصیانی مەدەنی)وخۆپیشاندان و ناڕەزایی لەسەر ئاستی جەماوەرو ڕای گشتی و میدیاکان ڕابگەیەنێت.

5. هەروەها وەك گوشار خستنەسەر دەسەلأتی ناوەند لە بەغدا لە سەرۆکایەتی کۆمارو پەڕلەمان و حکومەتدا کاری خۆی هەڵپەسێرێت .

6. دواتـرو لـە قۆنـاغێکی بـاڵاتردا کێشـەکە بخاتـە بـەردەم نەتەوەیـەکگرتووەکان و دادگای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لەلاهای بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەکە.

بـەڵام پێشـتر دەبێـت سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد لەسـەر ئاسـتی حیزبـە سیاسـیەکان و ڕێکخـراوە پیشـەیی و جـەماوەری و مەدەنیـەکان تادەگاتـە ئاسـتی جەماوەرو ڕای گشتی و هێـزی ( پ.م ) سـازو ئامادەبکـات بـۆ هـەموو ئەگـەرەکان و وەك دەڵـێن: " بـەرەی نـاوخۆ بـەهێزو پتـەو وتۆکمـەو یـەکگرتوو بکـات"، ئەوسـا هەڕەشەو فشـاری جـەنگ و ڕووبەڕووبونـەوە بکـات، چـونکە بـەم حاڵەتـەی ئێسـتاوە پێشـبینی ناکـەم کـە هـەموو ئاسـتەکان ئامـادەبن بـۆ ئـەو ڕۆژە تەنگانەیـە، چـونکە سـەرکردایەتی سیاسـی کـوردو حکومـەت هێنـدە بەتـەنگ داخـوازیو داواکـاری جەماوەرەوە نەهاتون و نەکردنی کاری خزمەتگوزاریـەکان بونەتـە مایـەی بێـزاری و توڕەیی جەماوەری گەلەکەمان و وێنەیەکی گەش و خۆشەویستیان لای جـەماوەر نیە و دەسەڵاتێکی گەندەڵ و خراپیان پێشکەشکردوە، کـە ئەمـەش خـاڵی گـەورەی لاوازی سەرکردایەتی سیاسی کوردە.

---

* ئەم دیمانیە لە سایتی ئەلکترۆنی (( ڕۆژەڤ ))دا بلاوکراوەتەوە لە مانگی 2007/4دا.

# ئەوانەی هەوڵی جێگرتنەوەی مالکی دەدەن هەڵوێستیان بەرامبەر کورد چیە؟ *

• هەموو پێشبینیەکان بۆ ئەوە دەچن کە نوری مالکی سەرۆك وەزیران و کابینەی حکومەتەکەی تەمەنێکی درێژی نابێت و ئەو ماوەیەی کە ماویەتی لەدەسەڵاتدا زۆر کورتە.چونکە شەخصی نوری مالکی کەسایەتیەکی نەرم ونیان و زۆر جارانیش لاواز و لەکاتی تەنگانە و کاتە هەستیارەکاندا بڕیاری یەکلاکەرەوەی بۆ نادرێت.لەژێر چەند فشارێکدا وەك فشاری حیزبی دەعوە و باڵە جیاوازەکانیدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە فشاری لیستی ئیئتیلافی شیعەکان و لەلای سێهەمیشەوە لەژێر فشارەکانی ئێراندا.حکومەتەکەی مالکی لەئێستادا کە 17 وەزیری دەستیان لەکار کێشاوەتەوە یان کارەکانیان هەڵپەساردووە لەهەرسێ لیستی صەدر و تەوافوق و ئەلعێراقیەدا، کەنیوەی کابینەی حکومەتەکەیەتی لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاننەوەدایە و لە پێگەیەکی لاوازی وەهادایە کە حەسودی پێنابرێت. ئەم حکومەتە لەبەردەم هەڕەشەی لێسەندنەوەی متمانەشدایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقیەوە. ئەگەر نوێنەرەکانی صەدر و تەوافوق و ئەلعێراقیەوە و فەزیلە کە هەموویان زۆر تەبانین لەگەڵ ئەم حکومەتەدا لە پەرلەمان بکشێنەوە ئەوا بە دڵنیایی ڕۆژی دوایی ئەم حکومەتە دیاری دەکەن.لە ئێستادا تەنها وەزیر و نوێنەرەکانی لیستی ئیئتیلاف و هاوپەیمانی کوردوستان زامنی مانەوەو بەردەوامبوونی ئەم حکومەتەن.ئەگەرچی نوری مالکی لەبەرامبەر داواو ماف و مەسەلەی کورددا نەرم ونیان و خاوەن هەڵوێستێکی تاڕادەیەك باش بوە.بەڵام هێشتاش نەیتوانیوە و جورئەتی ئەوەی نەکردوە کە ڕاشکاوانە بڕیاری کۆتاییان دەربارەی بدات.وەك کێشەکانی بودجە و پێشمەرگە و یاسای نەوت و گاز و مادەی 140ی دەستوور و ......هتد.

• هەر لە سەرەتای پێکهێنانی ئەم حکومەتەوە و تائێستاش بەبەردەوامی هەندێ کەسایەتی لەهەوڵی دروستکردنی کێشە وگرفت نانەوەدابون بۆ ئەوەی لاواز دەربکەوێت و نەتوانێت بەرنامە سیاسیەکەی خۆی جێبەجێبکات لەو

کەسایەتیانەش(( د. ئەیاد عەلاوی )) سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیەی خاوەن 25 کورسی پەرلەمان و شەش وەزیر و سەرۆك وەزیرانی پێشوتر.(( د. ئیبراهیم جەعفەری )) سەرۆك وەزیرانی پێشوو ، (( د. عادل عبدالمهدی )) جێگری سەرۆك کۆمار و پالێوراوی پێشوو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و دواتریش(( د. مەهدی حافز))سەر بەلیستی ئەلعێراقیە و پیاوی تەکنۆکرات و وەزیری پلاندانانی پێشوو. بەتایبەتی هەردوو (( د. عەلاوی و د.جەعفەری ))زۆر سەرسەختانە لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ ڕووخاندن و گۆڕینی ئەم حکومەتە بۆ ئەوەی خۆیان جێگەی بگرنەوە، ئەم دوو پیاوە خۆشەویستیەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە بۆ کورسی دەسەلأت و پەنا دەبەنە بەر هەموو شێواز و هۆکارێك بۆ وەدەستهێنانی، هەر لەپێکەوەنانی گروپ و هاوپەیمانی سیاسی وفشاری دەرەکی و ...هتد.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم کەسایەتیانە هەڵوێستیان چیە لەبەرامبەر کورد وداواکاری و مافەکانیدا؟

ئاشکرایە هەریەکە لە (( عەلاوی و جەعفەری )) لەسەردەمی دەسەلأتیاندا کارێکی گەورەیان بۆ کورد ئەنجام نەداو بگرە ڕێگر و هۆکاری وەدینەهاتن و جێبەجێنەکردنی مافەکان ومادەی 58 ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بوون.هەمیشە کەلە ڕەق و وشك و دەمارگیر بوون دژ بە کورد.

(( د. عادل عەبدالمهدی)) بەئاشکراو سەرزارەکی پیاوێکی نەرم و نیان و دۆستی کوردە و هەڵوێستی پۆزەتیڤە دەربارەی کورد و مافەکانی و چاکەی کوردیشی لەبیر ناچێت کە پێشنیازیان کرد لەکاتی کێبڕکێیدا دژ بە (( د. جەعفەری ))، بەلأم ئەمیش تانەگاتە دەسەلأت ناتوانرێت بڕیاری لەبارەوە بدرێت.

هەرچی (( د. مەهدی حافزیشە)) کە چانسی لەهەمووان کەمترە، چونکە کەسایەتیەکی سەربەخۆو تەکنۆکراتە و نەحیزب و نە مەزهەب ونە عەشیرەتێکی بەهێزی لە پشتەوە نیە بۆیە ناکرێت بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت. ئەم چوار کەسایەتیە هەموانیان شیعەن و هەموانیشیان دکتۆرن،بەلأم پێشبینی ناکرێت بتوانن و لەتوانیاندا هەبێت چارەسەری دەردی عێراق و عێراقیەکان بکەن چونکە

هەموانیان بەشێواز و ڕێژەیەك دەمارگیری تایەفی و دینی و نەتەوەییان تیادایە و زاڵە بەسەر فکر و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیاندا و هیچ کامیان ناتوانن وەك کەسایەتیەکی میانڕەو و کاریزما و بێلایەن و دادپەروەر حوکم و دەسەڵات پەیڕەو بکەن.

بەڵام ئاشکرایە هەموو ئەو کەسایەتیانە چ سونەبن و چ شیعە بن هەمیشە بیری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی عەرەب تیایاندا زاڵە و هیچ کاتێك مساوەمە ناکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە و تاڕادەیەك نەرمونیان دەبن لەبەردەم داواکاریەکانی کورددا کە زیان بەپێگە و ناو وناونیشانیان نەدات لەسەر ئاستی نەتەوەی عەرەب.بۆیە کورد دەبێت باش لەگەمە سیاسیەکان تێبگات و خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی جدی و ووردی هەبێت بۆ ڕابوردوو و داهاتووی هەر کەسایەتیەك کە هەوڵی وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیران دەدات و نابێت سازش لەسەر بچوکترین داواکاری و مافەکانی کورد بکات و مەرجی پشتگیرکردنی هەرکەسێك ببەستێتەوە بەسەلماندنی مافەکانیەوە.

بۆیە لە ئێستادا بۆ کورد(( د. نوری مالکی )) لەهەمووان باشترە وتابتوانرێت و بکرێت دەبێت کورد ڕێگربێت لەبەردەم گۆڕان یان هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتەدا.و درێژە بە هاوپەیمانی ستراتیژی بدات لەگەڵ شیعەکاندا بەگشتی و هەردوو حیزبی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و حیزبی دەعوەدا بە تایبەتی.چونکە پارت و ڕێکخراوە سونە مەزهەبەکان تا ئێستاش دژایەتی هەموو داواکاری و مافەکانی کورد دەکەن و هەمان بەرنامە و نەهجی بەعسیان هەیە و بەدەستیان بێت بچوکترین مافی کورد ناسەلمێنن. جابۆیە کورد و سەرکردایەتی سیاسی پێویستە زۆر ژیرانە و حەکیمانە لەگەڵ هەموو ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکاندا مامەڵە بکات لە بەرژەوەندی ئێستا و داهاتووی مەسەلەکەی.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( کوردوستان پۆست و کوردوستان نێت و دەنگەکان و ئەمڕۆ و کوردیش وێب و ڕۆژەڤ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ و ڕۆژنامە))دا بلاٌوکراوەتەوە لە 15و18و19و2007/8/31دا.

# عەبدوڵڵا گوڵ یان عەبدوڵڵا غول ؟ *

*ئاشکرایە تورکیای ئەتاتورکی لە ساڵی 1923وە دامەزراوە لەسەر بنچینەی علمانیەت، ئیدی لەوکاتەشەوە هیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دینی دروستنەبوەو ڕێگەی پێنەدراوە کە کاری سیاسی بکات، هەرچەندە تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامیە ماوەی زیاتر لە چوارسەد ساڵ خەلافەتی ئیسلامی بەدەستەوەبوە بۆ پاراستنی ئەو بنەما عیلمانیەتەی کە ئەتاتورک بناغەکانی داڕشتوە، دەزگای سەربازی ئەو وڵاتە وەك پارێزەری ئەو بنەمایانە کاریکردوەو ڕێگەی بەهیچ پارت و سەرکردەیەکی سیاسی نەداوە کە گۆڕانکاری لە دەستوری عیلمانی تورکیادا بکات و ئەو بنەما ئەتاتورکیانە پشتگوێبخات یان گۆڕانکاری یان لێیان پاشگەز بوبێتەوە.

مەرجی سەرەکی دەزگا سەربازیەکان بۆ هەموو پارت و سەرکردەیەك تەنها پاراستنی ئەو بنەمایانە بوەو پابەند بون بوە بەو بنەمایانە، بەپێچەوانەوە ڕاستەوخۆ تەدەخولیانکردوەو لە ڕێگەی کودەتای سەربازیەوە ئەو پارت و سەرکردانەیان دوورخستۆتەوەو حوکمی سەربازیان پەیڕەو کردوە، بەلاّم لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدی سەدەی بیستەوەو دوای گۆڕانکاریە گەورەکانی دونیا لە سایەی سیستەمی نوێی جیهان و ڕوخاندنی بلۆکی سۆسیالیستی و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و بەجیهانیبونی دونیا و....هتد، لە تورکیاشدا گۆڕانکاری گەورە ڕویداو خاوبونەوەیەك لە بیروباوەڕەکانی ئەتاتورك و باڵی سەربازیدا ڕویانداو لە غەفڵەتێکی مێژوویی و زەمەندا، حزبی ڕەفاهی ئیسلامی بەڕابەرایەتی ( نەجمەدین ئەربەکان ) بۆ یەکەمین جارو دوای حەفتا ساڵ لە حوکمی عیلمانیەت و ئەتاتورك دامەزراو توانیشی بۆ ماوەیەکی کەم سەرۆکایەتی و ڕابەرایەتیش وەربگرێت، بەلاّم باڵی سەربازی ڕێگەیاننەدا زیاتر بمێننەوەو ئەو حزبە و سەرکردەکەشیان هەڵوەشاندەوەو لە زیندانیش توندیانکرد .

بۆ جارێکی ترو لەسەر هەمان بەرنامە و فۆڕمی ئیسلامی حزبی ڕەفاه حزبی عەدالەت و گەشەپێدانی ئیسلامی بەڕابەرایەتی (تەیب ڕەجەب ئەردۆغان )

و(عەبودڵڵا گوڵ ) دامەزرا لە ساڵی 2001 دا ، ئەم پارتە توانی لە دوای هەشت ساڵو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002دا سەرکەوتنێکی گەورەو بەرچاو بەدەستبهێنێتو ( 347) کورسی پەڕلەمان لە کۆی ( 555 ) کورسی بەدەستبهێنێتو شکستی گەورەش بە هەموو حیزبە سیاسیە عیلمانیەکانی تر کە ماوەی هەشتا ساڵ زیاتر حوکمی تورکیایان دەکرد بگەیەنێت.

ئەم پارتە بە بەرنامە ڕیفۆرمخوازیو نەرمو نیانیو زیرەکانەکەی توانی پێنج ساڵ بەتەنیا حکومەت بەڕێوەبباتو گەشەیەکی گەورەی سیاسیو ئابوریو ...هتد وەدەست بهێنێتو بۆ جاری دووەمیش لە هەڵبژاردنەکانی مانگی 2007/7 دا بەهەمان شێوەی یەکەم جار سەرکەوتنێکی گەورەتربەدەست بهێنێتەوەو ئەم جارەش بەتەنیا حکومەت دروستبکاتو بۆ ماوەی پێنج ساڵی تر حکومەت بەڕێوەبباتو کە نزیکەی لە 47٪ دەنگەکانی وەدەست هێنا، کە ژمارەی دانیشتوانی تورکیا نزیکەی هەشتا ملیۆن کەسەو بەمەش ئەم حزبە نیوەی دەنگی تورکیا واتە چل ملیۆن کەسی لە گەڵدایە کە ئەمە یەکەمین جارە حزبێکی سیاسیو ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت.

لە ئێستاشدا ئەو حزبە بەهۆی زۆرینەی لە پەڕلەماندا توانی پۆستی سەرۆك کۆماری تورکیا بەدەست بهێنێت بەمەش جارێکی تر لە مێژووی نوێی تورکیادا بوە ڕووداوێکی مێژوویی کە حزبێکی ئیسلامی لە دەوڵەتو دەستورێکی عیلمانیدا ببێتە سەرۆك کۆمارو ژنی سەرۆکیش حیجاب بێت، کە عیلمانیەکان زۆر دژایەتی دەکەن.( عەبدوڵلا گوڵ ) کە لە ڕۆژی 2007/8/28 داو لە جەولەی سێیەمی دەنگدانی پەڕلەمانداو بێهاوکاری و یارمەتی هیچ حزبێکی تر ( 239 ) دەنگی وەدەستهێناوبوە سەرۆك کۆماری تورکیا .

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا عەبدوڵڵا گوڵ بۆ مەسەلەو کێشەکانی تورکیا چی لە دەستدێت؟

ئاشکرایە تورکیا وڵاتێکی گەورەو گرنگی ناوچەکەیەو قورسایی سیاسیو ئابوری خۆی هەیە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لە هەردوو جیهانی ئیسلامیو عەرەبیداو ژمارەی دانیشتوانی هەشتا ملیۆن کەسەو گەلێك خواستو

حەزی سیاسی هەیە کە ڕۆڵی تیادا بێت هەر لە چونەناوەوەی یەکێتی ئەوروپا و ڕابەرایەتیکردنی دونیای ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵبینین لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەداو ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل و میسرو ئێرانداو لەسەر ئەو ڕابەرایەتیکردنە.

بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەو متمانە ئەوروپیی و جیهانیەش تورکیا پێویستە لەسەری کە کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات لە پێش هەمووشیانەوە کێشەی دوورگەی قوبرس و کێشەی کوردو چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان و ئازادکردنی بازاڕو چەندانی ترن، بۆیە ئەرکی ( عەبدوڵڵا گوڵ ) وەك سەرۆك کۆمار کە زیاتر ڕۆڵێکی تەشریفاتیە، بەڵام حزبی سیاسی لە گەڵدایە، لەگەڵ پارتەکەی و سەرۆك وەزیرانیدا گەلێك سەخت و گەورەیە، چونکە دەبێت بۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشانە یەکەم هەنگاو گۆڕانێکی گەورەو بەرچاوبکات لە دەستوری وڵاتدا کە لێرەشدا کێشەی کورد و کێشەکانی ترو دیموکراسی و کاری حزبی دەبێت گۆڕانیان بەسەردا بهێنرێت بەشێوەیەك کە ڕووی سیستەمی حوکمی تورکیا لە بەردەم ئەوروپادا جوانتر بکات و کارئاسانی بۆ بکات بۆ وەرگتنی لە یەکێتی ئەوروپادا کە خەوی پەنجا ساڵەی تورکیایە.

لێرەشدا کوردیش کە بۆ یەکەم جارە بیست و چوار نوێنەری لە پەرلەمانی تورکیادا هەیە هاوبەشی و هاوکاری و نەرمی زیاتر بنوێنێت لەگەڵ پارتی عەدالەت و گەشەپێداندا بۆ ئەوەی هەم ئەو پارتەسەرکەوتوبێت لە کارەکانیدا هەم کوردیش بتوانێت دەسکەوتی گەورەترو گرنگتر وەدەستبهێنێت.ئەم سەرکەتنەی پارتی عەدالەت و گەشەپێدان و کوردەکانیش بۆ خۆی مژدە بەخشە بۆ ئایندەیەکی ڕوونتر بۆ هەردوولا و بۆ گەلانی تورکیاش و هەردولا دەتوانێت ڕۆڵی گەورەو بەرچا و ببێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەگەر باڵی سەربازی و ناحەزانی هەردوولا لێگەڕێن، وەزەمەنیش دەریدەخات کە ( عەبدوڵڵا گوڵ ) بەڕاستی خۆی دەکاتە گوڵ یان دەبێتە غولێکی دزێوو ناشرین بۆ کوردو بۆ هەموو گەلانی تورکیاش .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە))دا بڵاوکراوەتەوە لە 2007/9/5دا.

لەیادی 6 ساڵەی کارەساتی یانزەی سێپتەمبەردا

# جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟ *

- هیچ دوو کەسێك لەسەر ئەو ڕاستیە ناکۆکنین کە دونیای پێش ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکا زۆر جیاواز و گۆڕاوە لەگەڵ دونیای دوای ئەو ڕووداوە . کارەساتی یانزەی سێپتەمبەر یان(( سێشەمەی گەورە)) لە ئەمریکادا بوە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژویی لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ...هتد.لە دونیادا.بەشێوەیەك هەر لە گەورەترین وڵاتی دونیاوە تا بچوکترینیان کەوتنە چاوخشاندنەوە بە پلان و سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی. ئەم ڕووداوە بووە هۆی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی دونیای پاش جەنگی سارد. بەشێوەیەك ئەو ئاشتی و ئارامییەی لەسایەی سیستەمی نوێی جیهانی و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بەجیهانیبوونی دونیاوە هاتە ئاراوە، سەرتاپایانی گۆڕی بە دونیایەکی نائارامی و پڕ لە جەنگ کە هەرگیز جێگای متمانە و ئاشتی و تەبایی و برایەتی تیادا نابێتەوە و دونیای کردە دوو بەرەوە.کە دژ بەیەك و دوژمنی سەرسەختی یەکتر بن لە بیروبۆچون و ستراتیژ و بەرنامەیاندا.بەرەی تیرۆریستان و بەرەی دژە تیرۆر.

بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی مەترسیدار لە دونیادا و پڕۆسەیەکی گەورە و جیهانی هێنایە ئاراوە بەناوی پڕۆسەی جەنگی دژە تیرۆر.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم پڕۆسەیە دوای شەش ساڵ لە دەسپێکردنی گەیشتۆتە چ ئاستێك ؟ئایا توانیویەتی ئامانجەکانی لەبنەبڕکردنی تیرۆردا بهێنێتە دی؟یان بەپێچەوانەوە ئەم پڕۆسەیە لەبەردەم خۆڕاگری و تەشەنەسەندن و بەهێزبوونی بەرەی تیرۆریستاندا شکستی خواردووە؟ئەمە و چەندین پرسیاری تریش.

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە دەبێت زۆر بەدیقەتەوە بڕوانینە ئەو پڕۆسە گرنگ و هەستیارە. چونکە ئەم جەنگی دژە تیرۆرە گەلێك جیاوازی هەیە

لەگەڵ جەنگە گەورەکانی دونیا کە بەرامبەر بە دوژمنێکی ئاشکرا بەرپا دەکرا و هەموو توانا و هێزێکی تیادا بەکار دەهات و سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن بەندبووە بە توانای مادی و مرۆیی هەرلایەکەوە و زۆر جارانیش توانراوە کات و جێگەی دەسپێك و کۆتایی جەنگەکانیش دیاری بکرێت. بەڵام لەم جەنگەدا دوو بەرەی دژ بەیەك کە زۆر جیاوازیان هەیە لە توانا و هێز و تەکنەلۆژیا و ستراتیژەوە.بەڵام سەرکەوتنیش زۆر ئاسان نیە و ماوەی کۆتایی هاتنی جەنگەکانیش دیار نیە و پرۆسەیەکی گشتگیرە و بەشێوەیەك کە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵگایەك ناتوانێت بەشداری تیادا نەکات و هەست بە ئارامی و ئاشتی بکات. دوژمن لێرەدا پەرش وبڵاوە و لە هەموو جێگایەکدا بوونی هەیە و شاراوەیە و خاوەن هیچ هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتی نیە و سنوور و جوگرافیا و نەتەوە و مەزهەب و دیانەتەکان ناناسێت و دژ بەهەموو شارستانیەت و پێشکەوتنەکانیشە.

بەرەی دژە تیرۆر بەڕابەرایەتی ئەمریکا و هەموو وڵاتانی ئەوروپا و پێشکەوتنخوازی دونیایە و بەرەی تیرۆریستانیش بەڕابەرایەتی ڕێکخراوی قاعیدەی توندڕەوی سەلەفی و جیهادی بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و هەموو ئەو وڵات و کۆمەڵگا و ڕێکخراوە توندڕەوە دواکەوتوانەن کە چاویان بە ڕووناکی و شارستانیەت و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی هەڵنایەت.

ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەی شەش ساڵە بەردەوامە و لەگەڵ ئەوەی توانراوە زەبری گورچکبڕ بهاوێژرێتە جەستەی ئەو ڕێکخراوە و لە ئەنجامدا هەردوو ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعسی صدامی لە عێراقدا بڕوخێنرێت. بەڵام هێشتا ئاسۆکانی دواڕۆژ و سەرکەوتنەکان ڕوون نین و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەیانتوانیوە سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنن لەو دوو وڵاتەدا.بگرە پرۆسەکە سەختتر بوە بەهۆی دروست بوون و سەرهەڵدانی گەلێك کێشەی دونیایی و بەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بۆ ئەمریکا گرنگیەکی گەورەی هەیە و دەست بەسەراگرتن و مانەوە و بوونی هێزی سەربازیی تیایدا کارێکی ژیاری و زێدە گرنگە.

سـەرهەڵدانی تۆڕەکـانی ئەلقاعیـدە  لـە وڵاتـانی ناوچـەکەدا و نانـەوەی کێشـە و گرفت بۆ ئەو وڵاتانە و وەستانیان دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هێندەی تر سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. هەربۆیە پێویستە ئەمریکا بـە عەقڵیـەت و سـتراتیژێکی نوێـوە ڕابەرایـەتی ئـەم پرۆسـەی دژە تـیرۆرە بکـات بەشێوەیەك کە بتوانێت جوڵە و چالاکی ئەو تۆڕە تیرۆریستیانە لەناوچەکە و دونیاشدا سست و لاواز بکات و ڕێگا بگرێت لە هەڵایسانی جەنگی تایەفی و مەزهەبی و دینی لەناوچەکەدا و تابتوانێت ڕیزەکانی هاوپەیمان و دۆستەکانی توندوتۆڵتر بکات و دوژمنی زیاتر بۆ خۆی و بەرژەوەندیەکانی دروست نەکات و ئیـدارەی ململانێکانیشـی لەگـەڵ ئێـران و سـوریا و حیزبـوڵا و حـەماس باشـتر و توندوتۆڵتر بکات،چونکە ئەو وڵات و ڕێکخراوانە تائێستاش بە ئاشکرا و بەنهێنی دژایـەتی ئـەمریکا و بەرژەوەندیـەکانی دەکـەن و لـە ململانێیـەکی توندیشـدان بـۆ ئـەوەی بەرنامـە و سـتراتیژیەتی ئـەمریکا شکسـتپێبهێنن و نمونـەی عێـراقیش بـەڕوونی ئـەو ڕاستیە دەردەخـات کـە هـەموو ململانێکانیـان لەگـەڵ ئـەمریکادا لـە عێراقدا چڕکردۆتەوە.

بۆیە لەکۆتایدا دەکرێت بڵێین پرۆسـەی جەنگی دژە تیرۆر قۆناغی باشـی بڕیـوە، بـەڵام هێشـتا لـە کۆتـایی نزیکنەبۆتـەوە و پێشـبینیش دەکرێـت کـە بـۆ ماوەیـەکی زیـاتر درێـژە بکێشـێت و هـیچ کـەس و لایـەنێکیش کلیلـی سـەرکەوتن و کۆتـایی هـاتنی ئـەم جەنگـەی مسـۆگەر نـەکردووە و لـە گیرفانیـدا نیـە .هەربۆیـە دونیـا هەمووی بەرەو ئاسۆیەکی لێڵ و نادیار هەنگاو دەنێت.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( سبەی )) و ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە))دا بڵاوکراوەتەوە لە 12 و2007/9/13دا.

# حارث ضاری کێیە و بۆ وادەکات؟ *

- ئاشکرایە گەلێك ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و پیشەیی و ....هتد.لەعێراقی نوێی دوا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامی سەریان هەڵداو هەریەکە کەوتە چالاکی وجوڵە بەمەبەستی دیاریکراوی خۆیان.زۆرێك لەو پارت وکۆمەڵە و ڕێکخراوانە هیچ زەرورەتێکی قۆناغ و ژیانی کۆمەڵگا نەیهێنانە بوون.بەڵکو زۆربەیان دروستکراوبوون لەلایەن وولات و دەزگا جاسوسیەکانی وولاتانی دەوروبەرو ...هتد.و سەرچاوەی پارەوپولیشیان هەر لەدەرەوەی عێراقەوە بوە و هەندێکیشیان کە کەمینە نین تەنها مەرامی نانەوەی ئاژاوە و ئاگر خۆشکردن و بەردەوام دان بوە بەتێکدانی باری ئەمنی و ئابوری و سیاسی لەعێراقی نوێدا.بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتیمان.
- لەکاتێکدا لە سەردەمی ڕژێمی لە گۆڕنراودا زۆرێك لەو کەس و لایەنانە بەهیچ جۆرێك جوڵە و چالاکیان نەبوە و بەڵکو دەستیان گرتبوو بە کلاوەکانیانەوە با نەیبا، یان لەگەڵ دەزگا ئەمنی و جاسوسیەکانی ڕژێمدا کاریان دەکرد و هەربۆیەش لە ئێستادا چاویان بەرایی نایەت بەم ڕۆژگارە نوێیە و هاوکاری هەر کەس و لایەنێك دەکەن کە هاوکاریان بکات بۆ نانەوەی ئاژاوە و درێژەدان بە ڕشتنی خوێنی عێراقیەکان.و نانەوەی جۆرەها کێشە و فەوزای تایەفی لەنێوان شیعە و سونە و کوردو عەرەب و تورکومان و مەسیحی و ئیسلامی و ئاشوری و ...هتد.
- یەکێك لەو کەس و گروپانە ( حارث ضاری ) سەرۆکی بەناو (( دەستەی زانایانی ئیسلام))ە.کە پیاوێکی کورتە باڵای توندڕەوی سەلەفی سونە مەزهەبە و لەکاتی حوکمی صدامدا ڕاوێژکاری دیکتاتۆر بوە بۆ کاروباری ئاینی و لە ئێستادا هێندەی ئەم پیاوە زیانی بە بەرژەوەندی سونەکان گەیاندوە هیچ کەس و لایەنێك زیانی پێنەگەیاندوە بە کارو گوتار و هەڵوێستە توندڕەوەکانی.

- لەدوای ڕووخانی ڕژێمیش لە چرکە ساتی غەفڵەتی زەمەندا وەکو قارچك هەڵتۆقی و بوە سەرۆکی دەستەی زانایانی ئیسلامی کە هەرچەندە زانایەکی زۆر بەدین و دیارو بەناوبانگیش نیە ، ئەم دەستەی زانایانە ماوەی 2ساڵ و نیوە واتە تەنها دوای 7 مانگ لە ڕووخانی ڕژێم دامەزراوەو لەوکاتەوە سەرۆکەکەی و دەستەکە کەوتونەتە هاوکاری و کارئاسانی و پشتیوانی تیرۆریستان و بونەتە دەلاڵ و وەفدو ڕێکخەری چاوپێکەوتن و بینین و گفتوگۆکردنیان و دەستیان تێکەلْ کردوە لە گەڵیاندا و بونەتە شەریکە بەشیان لە کوشت و کوشتار و سەربڕین و ڕفاندن و تەقینەوەی ئۆتۆمبێل و ..هتد و هەروەها شەریکە بەشیش لە دەسکەوت و کۆکردنەوەی دۆلار و پارەو پول و وەرگرتنی فیدیەو ..هتد.

هەر ڕۆژەشی لە کەناڵێکی فەزاییەوە گوتاری حەماسی دەدەن و هانی عەرەب و ..هتد. دەدەن بۆ ڕووکردنە عێراق و بەشداریکردن لەکاری بەناو مقاوەمەت و تیرۆریستیدا.وەك کەناڵەکانی جزیرەو عەرەبیە و شەرقیە و ئەبو زەبی و ...هتد.بۆ دوژمنایەتی حکومەتی و گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی.

- لەبەر ئەم هەموو کردارانەیان ناوی دەستەی زانایانی ئیسلام گۆڕاوە و گەلێك ناوناتۆرەی تریان لێناون وەك دەستەی زانایانی چەکدار و زانایانی دەموچاو هەڵبەسراو و زانایانی ڕفێنەر و تەقێنەرەوە و زانایانی چەتەو باجگرو زانایانی کەناڵە فەزاییەکان.

- ئەم پیاوە بەخۆشیەوە نەوەستاوە بەڵکو کوڕەکەشی( مثنى ) کە بە درۆزنی کوڕی درۆزن ناسراوە و ڕۆڵێکی گەلێك خراپتر دەبینێت لە باوکی لە خۆشکردنی ئاگرنانەوەی شەڕی تایەفی و نەتەوەیی و ..هتد.و بەزەرقاوی دەڵێت موجاهیدی ڕێگەی خوا.

- لەئێستادا حارث ضاری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بانگکراوە بۆ لێکۆڵینەوە و فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە، لەسەر هەڵوێست و گوتارەکانی لەم سەردانەی دواییدا بۆ هەندێ وولاتانی عەرەبی و کەنداو کە هانی داون بۆ دژایەتیکردنی حکومەت و گەلی عێراق . وئیدی بەم کارە هێندەی تر تووشی شۆك و سەرلێتێکچوون و هاری بوە و بەڕاست و چەپدا قسەی ناشیرین بەم و

بـەودەدات لەناویشـیاندا هـەردووە سـەرۆك کرمـارو سـەرۆکی هـەرێم و شـیعە و کوردو لەلاشەوە پاکانە دەکات و بەواسیتەی عـەمرو موسـی داوادەکات کـە وازی لێبهێنرێت و ڕاوەدوو نەنرێت و فەرمانی گرتنەکەی هەڵبوەشێنرێتەوە .

- ئـەم پیـاوە بـەم هەڵوێسـت و کردارانـەی هێنـدەی تـر عێـراق و عێراقیـەکان بـەرەو کارەسـات دەبـات و ڕۆژانێکـی تاریـك و خوێناویـان بـۆ ئامـادە دەکـات و هێنـدەی نماینـدەی تیرۆریسـتان و بەعسـیەکان و تەکفیریـەکان دەکـات نیوهێنـدە نمایندەی زانایانی ئیسلام و ئیسلام ناکات و پێویستە عێراقی نویٚ بـەپێی یاسـا ڕێگـە لەهـەموو ئـەو کـەس و لایەنانـە و گروپانـە بگرێـت کـە وەك حـارث ضـاری و گروپەکەی کاردەکەن.

---

* ئەم بابەتەم لـە سـایتی ئـەلکترۆنی (( نـاوخۆ )) و ڕۆژنامـەی (( هـەواڵ )) بڵاوکراوەتـەوە لـە 22 و2007/11/25دا.

# ڕێکەوتنامەی مەکەی سونە و شیعەکان تاکوێ بردەکات ؟ *

- ئاشکرایە لەڕۆژی 1 شەمە 2006/10/22 لەماڵی خوادا لەشاری مەکەی عەرەبستانی سعودی ڕێکەوتنامەیەك لەنێوان پیاوانی ئاینی شیعە و سونەکانی عێراقدا ئیمزاکرا کە لە 10 خاڵ پێك هاتوە و بەبەڵگەنامەی مەکە ناسراوە و ئەم کۆبونەوەیەش لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و سەرۆکەکەی(( ئیکرام ئیحسان ئۆغلۆ)) ی تورکەوە ئامادەسازی و ئیمزاکردنی سەری گرت.
- ئەم ڕێکەوتنامەیە لە ئێستادا لەلایەن پارتە سیاسی و گروپە ئیسلامیەکانی شیعە و سونەی عێراقەوە بەگرنگ وەصف دەکرێت و هەموو ئاواتێکیان لەسەر هەڵچنیوە بۆ ئاشتبونەوەو نەهێشتنی خوێن ڕشتنی عێراقیەکان بەدەستی یەکتری و کۆتایهێنان بە 3ساڵی خوێن ڕشتن و کوشتنی بەناهەق و ململانێی مەزهەبی سونەو شیعە لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیدا.هەروەها ئەم ڕێکەوتنامەیە لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و ناوچەیی و پیاوانی مەسیحیشەوە بەهەمان شێوە بەگرنگ وەصف کراو پشتیوانیان بۆ دەربڕی . بەڵام ئاخۆ لە هەحیقەتدا ئەم ڕێکەوتنامەیە تاچەند گرنگە و تاکوێش بڕ دەکات و دەبێتە هۆی کۆتاییپێهێنانی ئەم شەڕە تایەفیە کوشندەیەی نێوان سونە و شیعە لە عێراقدا ؟
- ئاشکرایە لەمێژووی ئیسلامدا و لەوکاتەوەی مەزهەبی شیعە لەناو ئیسلامدا دروست بووە،هەمیشە و بەبەردەوامی ململانێیەکی توندو بەردەوام لەنێوان مەزهەبی سونەی زۆرینە و شیعەی کەمینەدا دروست بووە و لەزۆر قۆناغی مێژوویشدا لاپەڕەیەکی خوێناویان تۆمارکردوە بەتایبەتیش لە عێراقدا.هەربۆیە ئاسان نیە کە بەڕێکەوتنامەیەکی لاوازی ئاوها بتوانرێت کۆتایی بەململانێیەکی ئاینی توندڕەوی مێژوویی بەبەرگێکی سیاسی داپۆشراو لەنێوان وولاتانی ناوچەکەدا کۆتایی پێبهێنرێت.ململانێی شیعە و سونە لە عێراقدا

بەبەردەوامی حوکمی عوسمانیەکان و صەفەویەکان هەمیشە بەردەوام بوە و خاکی عێراقیش گۆڕەپانی ململانێکە بوە .لەئێستای عێراقی دوای ڕژێمی بەعسی سونە مەزهەب و دوای 365 ساڵ لەحوکمی سونە مەزهەبەکان لە عێراقدا، شیعەکان لەپڕۆسەیەکی دیموکراسیدا و لە هەڵبژاردنەکاندا بەحوکمی زۆرینەی ژمارەیان حوکمی عێراقیان گرتۆتە دەست بەهاوکاری کوردو هاوپەیمانەکانی تریان.هەربۆیە جارێکی تر ئاسان نیە دوای 365 ساڵ کە عوسمانیەکان لەساڵی 1538 وە عێراقیان داگیر کردوە و دەستیان کردۆتە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی شیعەکان،لەئێستادا شیعەکان هەموو ئەو مێژووە تاڵ و ڕەشەیان لەبیر بچێتەوە .

- هەروەها بەهۆی ئامادەنەبوونی شەخصی ئایەتوڵا سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان و ناردنی نوێنەرێکی لاواز و بێهێز و ئامادەنەبونی موقتەدا صەدر نەخۆی و نەنوێنەری لە ئیمزاکردنی بەڵگەنامەکەدا ، هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی مرۆ گومان بخاتە سەر سەرکەوتن و بەدینەهێنانی ئامانجەکانی بەڵگەنامەکە.کە ئاشکرایە ڕۆڵ و کاریگەری سیستانی و صەدر لەناو شیعەکاندا چەندە.
- هەروەها ئامادەنەبوونی سونەکانیش بەو بەهێزیە نەبوو..بۆیە جارێکی تریش چارەنوسی ئەم ڕێکەوتنامەیە نادیار و لێڵ و ناڕۆشنە بەجۆرێك کە ئومێدی سەرکەوتن تیایدا کەمە.ئەوەتا پیاوی ئاینی و داعیەی سعودی((سەلمان عۆدە)) دەڵێت ناکرێت تاسەر چاو بپۆشرێت لەسەر زوڵم و زۆری شیعەکان بەرامبەر سونەکان.

ئەزموونی ڕێکەوتن و سوێندخواردن لەماڵی خوادا و لەسەر گۆڕی پەیامبەری ئیسلام لەمەکە و مەدینەدا کارێکی نوێ نیە لەنێوان مەزهەب وباڵ و پارت و گروپە ئیسلامیەکاندا بۆ کۆتاییپێهێنانی شەڕی ناوخۆیی ئیسلامیەکان .ئەوەبوو دوای بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆی باڵە جیاوازەکانی ئیسلامیەکان لە ئەفغانستاندا دوای چوونە دەرەوەی سۆڤیەتەکان لەساڵی 1991دا و بەردەوام بوونی شەڕی ناوخۆیی باڵەکان ،بەهەوڵێکی مەلیك فەهدی سعودی هەموو سەرکردەکانی شەڕی

ناوخۆی ئەفغانستانی بەفڕۆکەیەکی تایبەتی هێنایە شاری مەدینە و سوێندی بەهەمووان خوارد لەسەر گۆڕی پەیامبەری ئیسلام کە جارێکی تر شەڕی ناوخۆ بەرپانەکەن و کۆتایی بەو شەڕە ناوخۆییەی ئیسلامەکان بهێنن و هەموانیش پەیمانیاندا ، بەلأم هەر کە گەڕانەوە ئەفغانستان سەرلەنوێ تێهەڵچونەوە و وەعدو پەیمانەکانیان لەبیرچووەوە و بەردەوام بوون لەسەر شەڕکردن تا تاڵیبانەکان هاتن و هەموانیان وەدەرنا لەساڵی 1996دا ، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە ئەوباڵ و پارت و گروپانە بڕیار لای خۆیان نیە و لەدەرەوەی سنورەکانەوە بەسەریاندا فەرز دەکرێت و ئەوانیش جێبەجێی دەکەن.

لەئێستای عێراقیشدا بەهەمان شێوەیە هەرچی شیعەکان هەیە بە ئاشکراو بەنهێنی لەلایەن باڵە جیاوازەکانی حوکم لەئێراندا پاڵپشتی و پشتگیری دەکرێن بۆ بەردەوام پێدانی ململانێکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا و وەك کارتێکی فشار بەکاریان دەهێنێت و مساوەمە و گەمەی سیاسیان پێدەکات و دەیەوێت ئەو شەڕە بەردەوام بێت .هەرچی سونەکانیشە هەموو وولأتانی عەرەبی سونە مەزهەب و کەنداویەکان بە پارەو پول یارمەتی و کۆمەکیان دەکەن بۆ پاراستنی بوونی سونەکان لە عێراقدا و ئەو شەڕە بەزەرور دەزانن.

لەنێوانیشیاندا ئەمریکاش زۆر جدی نیە لە کۆتایی هێنان بەو گەمە و شەڕی تایەفیەی سونە و شیعەکان بۆ بەردەوامیدان بەمانەوە و بردنی سامانی نەوتی عێراق بۆ خۆی.بۆیە ڕۆژانی داهاتوو باشتر و ڕوونتر چارەنوسی بەڵگەنامەی مەکەمان بۆ دیاریدەکات .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بلأوکراوەتەوە لە 4 و2007/11/6دا.

## سەرکەوتنی دانیاڵ ئۆرتیگا لەنیکاراگوادا

## مژدەی سەردەم و قۆناغێکی نوێیە لەئەمریکای لاتیندا *

- وولاّتی نیکاراگوا گەورەترین وولاّتی ئەمریکای ناوەڕاستە و لەساڵی 1936 وە تا 1979 لەلایەن دیکتاتۆر (( سۆمۆزا)) و بنەماڵەکەیەوە حوکمی ئەو وولاّتەیان دەکرد بەپشتیوانی و هاوکاری ئەمریکا.لەماوەی حوکمی ئەو بنەماڵەیەدا گەل و وولاّتی نیکاراگوا بە خراپترین شێواز دەچەوسانەوە و هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی بلاّوببوەوە .بەمەبەستی گۆڕین و ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە سەپێنراو وخوێنمژە ،پارتی ڕزگاری و بەرەی ساندێنیستای شیوعی دامەزرا و خەباتی بێ ووچانیان کرد تا توانیان لە ساڵی 1979دا سەرکەوتن بەدیبێنن و تاساڵی 1990 لەحوکمدا بمێننەوە و یەکەم سەرۆك کۆماریش بریتی بوو لە دانیال ئۆرتیگای چەپ ڕەو وشیوعی.سەرەڕای دوژمنایەتی و شەڕ پێفرۆشتنی ئەمریکا لەڕێگەی دروستکردنی بەرەیەکی دژە ساندێنستی بەناوی بەرەی کۆنترا و بەهاوکاری ڕژێمی دەسەلاّتداری سەر بە ئەمریکا لە هندۆراسی دراوسێدا.
- نیکاراگوا دانیشتوانەکەی تێکەڵەیەکە لە هندیە سورەکان و ئیسپانیەکان و کەمەکێك هندیە ئەوروپیەکان و ڕەشپێستەکان.و ژمارەی هەموانیان بریتیە لە ( 5487000 ) ملیۆن کەس و ڕووبەری خاکەکەی 130000 کم2 و وولاّتانی هندۆراس و کۆستاریکاو زەریای ئارام و دەریای کاریبی لە باکورو باشور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاّتەوە سنورەکانی دیاریدەکەن و شاری ماناگوا پایتەختە و زمانی بلاّو ئیسپانیە و دیانەتی مەسیحی بلاّوە . نیکاراگوا لەساڵی 1838وە سەربەخۆیە لە وکاتەوەی ئیسپانیەکان لە ساڵی 1522وە داگیریان کردبوو.بنەمای سەرەکی ئابوریان بریتیە لە کشتوکاڵ و 30٪ زەویەکەی لەبارە بۆ کشتوکاڵ بەلاّم تەنها 5٪ ی وەبەرهێنراوە و لە 40٪دەستی کار لە کشتوکاڵدا کاردەکەن و بەروبومە سەرەکیەکانی بریتین لە قاوە و لۆکە و قامیشی شەکر و

گەنمە شامی و برنج و ڕەشە وولاَغ و مەڕوومالاَت، وکانزاکانی ئاڵتون و زیو و تەختەی هەیە و پیشەسازی پالاَوتنی نەوت و ڕستن و چنین تیایدا بەناوبانگە.

ئەم وولاَتە لەساڵی 1979وە و بۆ ماوەی 11ساڵ بە سیستەمێکی شیوعی بەڕێوە دەبرا لەژێر حوکمی ئۆرتیگادا و گەلێك دەسکەوتی گەورەی بۆ نیکاراگوا وەدەست هێناوە لە خوێندنی خۆڕایی و باشکردنی باری تەندروستی و خۆراك و جێگەی نیشتەجێبوون و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا و زەمانەتی کۆمەلاَیەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران.بەلاَم هەندێ کەموکوڕی و هەڵە و لادان و گەندەڵێ بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم بەرەیە دوای 11ساڵ لە حوکم نەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1990 دا لەبەردەم ڤیۆلۆتۆ شامۆرۆی ئۆپۆزسیۆندا و هەرواش لەدووخولی هەڵبژاردنەکانی تریشدا هەر سەرکەوتن بەدەست نەهێنن تا ئەمڕۆ کە 2006/11/5 لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دانیاڵ ئۆرتیگای چەپڕەو لەبەرامبەر ئەنریك بۆلانیۆسی نوێنەری حیزبی لیبڕاڵی دەسەلاَتدار توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەپێی هەموو ڕاپرسی و ئاماژەکان و دوای 16 ساڵ بگەڕێتەوە سەر کورسی حوکم و زیاتر لە 35٪ ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت ، ئۆرتیگا لەساڵی 1986یشدا و سەرەڕای دوژمنایەتی توندی ئەمریکاو هێرشکردنە سەر نیکاراگواو قوربانیدانی 29هەزار کەس توانی لە 63٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت و هەر لەهەمانساڵیشدا لەسەردەمی ڕۆناڵد ڕیگانی سەرۆکی ئەمریکاوە کێشەی ئێران گێت ڕوویدا کە بریتی بوو لە فرۆشتنی سەفقەیەکی چەك بە ئێران کە قازانجەکەی بۆ بەرەی کۆنترا بوو لە نیکاراگوادا لەسەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا و هەلاَیەکی گەورەی لێکەوتەوە .

ئۆرتیگا بەڵێنی داوە کە سوود لە هەڵەکانی ڕابووردوو وەربگرێت و چاکسازی زیاتر لە حوکمدا بکات و حکومەتێکی بنکە فراوان پێکەوە بنێت و جەنگی دژە تیرۆر لەگەڵ ئەمریکادا بکات و دیموکراسی و ئازادیەکان و کاری فرەیی و حیزبایەتی بچەسپێنێت و گەشەی زیاتری ئابوری و کۆمەلاَیەتی بەدەست بهێنێت . و ئەو تۆمەتانە ڕەتبکاتەوە کە ئەمریکاو ئۆپۆزسیۆنەکانی دەیدەنە پاڵی لە هاوکاری کردنی تیرۆریستانی دونیاو لەم هەڵبژاردنەدا ئەمریکاو

بەتایبــەتیش براکــەی جــۆرج بۆشــی ســەرۆك جــی بــۆش حــاکمی ویلایــەتی کالیفۆڕنیـا پشـتیوانیەکی تونـدی نوێنـەری پـارتی دەسـەڵاتدار دەکـات لـە دژی ئۆرتیگا ، چونکە ئەمریکا باش دەزانێت سەرکەوتنی ئۆرتیگا مانای گەڕانەوەیە بـۆ دژایــەتی کردنــی ئــەمریکاو هەیمەنــە و دەســەڵاتەکەی لــەو کیشــوەرەدا. و ســەرکەوتنی ئۆرتیگــا ســەرکەوتنە بــۆ هــەموو پــارت و ڕێکخــراو و حکوماتــە چـەپەکانی کیشـوەرەکە و لـەم سـەردەمەی سـەرەتای سـەدەی بیسـت ویەکەمـدا ئـەمریکای لاتـین بـەو ئاڕاسـتیە دەچـێت کـە چـەپەکان و دانیشتوانەڕەسـەنەکانی حـوکم بگرنـە دەسـت و ئیـدی هەیمەنـەو داگیرکـردن و چەوسـانەوەی ئـەمریکاو بێگانەکان کۆتاییان پێبێت.

ئەوەتا لە بەڕازیل بۆ دووەم جارە کە ئیناسیۆ لۆلا داسیلڤا ببێتە سەرۆك کۆمار کە گەورەترین وولاتی ئەمریکای لاتینیە و هۆگۆ شافێز لە فەنزەوێلا و ئیڤۆ مۆرالیس لە بۆلیڤیاو لەپیرۆ بەهەمان شێوە و لـە چیلیدا بۆیەکـەم جارە ژنێکـی چـەپ خـاتوو مێشــێل باتچــۆلێت دەگاتــە کورســی حــوکم، ئەمــە ســەرەڕای دێــرینترین قــەڵای شیوعیەت لە کوبادا بەڕابەرایەتی کاسترۆبەردەوامە، بەم شێوەیە ئـەمریکای ئێسـتا ئەمریکاکەی سەدەی بیست نەماوە و چەپەکان سەرکەوتن و گورزی پشتشکێنیان داوەتە دەسەڵات و هەیمەنەو هەیبەتی ئەمریکاو بونەتـەوە مەترسیەکی ڕاسـتەقینە و بـەهێز بـۆ ئـەمریکاو ئاینـدەی دەسـەڵات و هەیمەنـەی ئـەمریکایان خسـتۆتە ژێـر پرســـیار و گومانـــەوە و ڕێگـــە نـــادەن چـــیدی ئـــەمریکا مێـــژووە ڕەشـــەکەی دەستێوەردانی لەو ولاتانەدا دووبارە بکاتەوە بەناوی پارێزگاری لە دیموکراسیەت و بەربەستکردنی زیاتری بلاوبونەوەی شیوعیەت وکارکردن بەبیردۆزەی ( دۆمینـۆ) کە ئامانجی ڕێگە گرتنە لە بلاوبونەوەی زیاتری شیوعیەت لە ئەمریکاکاندا .

ئـەمریکا لـە ئێسـتادا کەوتۆتـە بـەر هێـرش و مەترسـیەکی گـەورەی سـێ کوچـکەی کاسترۆ و ئۆرتیگاو شافێز لە کوباو نیکاراگواو فەنزەوێلادا کـە هـەموانیان دوژمنـی سەرسەخت و دەمارگیری ئەمریکان و تا سەر ئێسقان خەبات دەکەن بۆ نەهێشـتنی هەیمەنەی ئەمریکا لەکیشوەرەکەیاندا و کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنانی هاوپەیمانی و دۆسـتایەتی هـەموو ڕژێـم و پـارت و وڵاتـەکانی دژ بەئـەمریکا لـە دونیـادا وەك

ئیسلامیەکان و عەرەب و وولاّتانی سوریاو ئێران و کۆریای باکورو ڕووسیاو چین و ..هتد.و بەم شێوەیە سوورن لەسەر خەباتکردن دژی بەرژەوەندی و هەیمەنە و چاوسوورکردنەوەی ئەمریکا و سیستەمی سەرمایەداری و ڕێگە نادەن جارێکی دی گەل و وولاّتەکانیان ببنەوە ژێردەستەی حوکمڕانانێکی سەر بەئەمریکا .

ڕۆژانی ئایندەش زەمانەتی دەرخستنی حەقیقەت و ئاسۆکانی دواڕۆژی دەسەلاّت و هەیمەنەی ئەمریکان لە وکیشوەرەدا و بەدڵنیایشەوە ئەم سەرکەوتنانەی چەپەکانیش مژدەی هاتنی سەردەم و قۆناغێکی نوێی ئاسودەن بۆ گەلانی ئەو وولاّتانە لە کیشوەری ئەمریکاکاندا.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بلاّوکراوەتەوە لە 8 و2007/11/11دا.

# پرۆژەی بیکەر –هاملتۆن
# لەقازانجی کێیە؟*

وەك ئاشکرایە(( لیژنەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی عێراق)) کە لە ئێستادا بە لیژنەی بیکەر_هاملتۆن دەناسرێت لە مانگی 2006/4 وە پێکهێنراوە و کارەکانی لەماوەی ئەم 7 مانگەی ڕابوردودا بەنهێنی ئەنجام داوە و لەو ماوەیەدا بۆ گوێگرتن و وەرگرتنی بیروڕا جیاوازەکانی کەسایەتیەکانی عێراق و ناوچەکە و ئەوروپاو ئەمریکا 176 کەسایەتیان بینیوە لەهەموو نەتەوەکانی ناوعێراق بە کوردو عەرەب و تورکومان وئاشوری و یەزیدی بە ئیسلام و مەسیحیەوە و بە سونە و شیعە مەزهەبیشەوە و لەنێو کوردا تەنها چاویان بە مام جەلال و د.بەرهەم و هۆشیار زێباری کەوتوە . بەڵام سەردانی کوردوستانیان نەکردوە و هەموو ئەو گەشە و پێشکەوتن و ئارامیەو ئەو سیستەمە دیموکراسی و ئازادیەی کوردیان لەسەر زەمینەی واقع چاو پێنەکەوتوە کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکار و فاکتەری شاراوەی لە پشتەوەیە! هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە لیژنەکە چاویان پێیان کەوتوە بریتیی بوون لە کۆنە لێپرسراو و سەفیر و پیاوانی دەوڵەتی لەسەدەی ڕابووردا و لە ئێستادا لە وولاتانی سونەمەزهەبی عەرەبی و کەنداویەکان و ئێران و تورکیاو ئیسرائیل و ئەوروپیەکان و ئەمریکیەکانیش بە سەرۆك بۆش و تۆنی بلێریشەوە. ئەنجام گەیشتنە نوسینی 79 خاڵ وەك ئامۆژگاری و ڕێگە پیشاندەر بۆ حکومەتەکەی سەرۆك بۆش بۆ گرتنە بەری و جێبەجێکردنی بەمەبەستی گۆڕینی ستراتیژ و سیاسەتەکانی لە عێراق و تەنانەت لە ناوچەکەشدا بۆئەوەی ئەمریکا بەسەرکەوتوویی لەو گێژاوە و ئاڵۆزیەی تێیکەوتوە دەربچێت.ئەوەبوو لە ڕۆژی 2006/12/7دا بەرەسمی تەسلیمی سەرۆك بۆشیان کرد .لیژنەکە لە 10 کەسایەتی ناسراو و شارەزاو سیاسەتمەتداری ئەمریکی پێك هاتوە کە لە حکومەتە جیاوازەکانی کۆماری و دیموکراتخوازەکانی سەدەی ڕابووردودا لێپرسراویێتیان هەبوە و یەکێك بونە لە ناوەندی بڕیارەکان و جێمس بیکەر

(وەزیری پێشووتری دەرەوەی حکومەتی بۆشی باوك) بوە و نیل هاملتۆنیش لە حەفتاکاندا وەزیری بەرگری دیموکراتخوازەکان بوە و هەمووشیان تەمەنیان لە سەروو 70 ساڵیەوەیە.

ڕاستەوخۆ و دوابەدوای بلاوبونەوەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە سەرۆك بۆش بە(توندی) ناوبردو وەزارەتی دەرەوەش بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی لەبارەیەوە دوان و لەلایەن زۆرینەی عێراقیەکانیشەوە کە 80٪ ی گەلانی عێراق پێك دێنن هەر لە سەرۆك کۆمار و لیستی شیعەکان و حکومەت وپەڕلەمان و هەندێ لە تورکومانەکان و ...هتد بە ناتەواو و پێشێلکاری سەروەری و دەستوری عێراقیان دایە قەڵەم و دژی وەستانەوە ، بەڵام کەمینەی سونە مەزهەب کە 20٪ ی گەلانی عێراق پێك دێنن ڕازیبون لە ڕاپۆرتەکە ، بەهەمان شێوەش وولاتانی ئێران و تورکیاو سوریاو و عەرەبەکانی کەنداو و سونە مەزهەبەکانیش ڕازیبوون بە ڕاپۆرتەکە . بەم شێوەیە دەبینین کە ئەم ڕاپۆرتەی تایبەتە بە بارودۆخی عێراق و ئەمریکاش ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنەکەی ناڕازین بەڵام کەمینەیەکی ناوخۆی و وولاتانی خاوەن بەرژەوەندی ناوچەکە لێیڕازین کە خاوەن مەسەلەکە نین ..

لێرەدا ئەو پرسیارانە سەرهەڵدەدەن کە ئایا ئەم ڕاپۆرتە لە سوودو بەرژەوەندی کێیە؟ئایا لە بەرژەوەندی زۆرینەی عێراقیەکانە یان کەمینە؟ئایا لە بەرژەوەندی ئەمریکایە یان وولاتانی ناوچەکە؟ ئایا ڕاپۆرتەکە بەگیانی ئەم قۆناغ و سەردەمە نوسراوە یان بەگیانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو ؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین سەرەتا بیکەرو هاملتۆن نماینەدەی قۆناغێکی ڕابووردووی سەدەی بیست دەکەن کە ململانێی سەرمایەداری و سۆسیالیستی لەئارادابوە و جەنگی سارد لە گەرمەیدا بوە و ئەوان دەرچووی قوتابخانە کلاسیکیەکانی سەدەی ڕابووردوون و لەنوسینی ڕاپۆرەتەکەشدا بەهەمان ڕۆحیەت و تەوژمی جاران نوسیویانە و بیریان کردۆتەوە و لە دونیاو گۆڕانکاریەکانی ئەم قۆناغ و سەدە نوێیە بەتەواوەتی نەگەیشتوون، جیمس بیکەر لەکاتی حوکمی بۆشی باوکدا نەیتوانی ڕژێمی بەعس بڕوخێنێت و

ڕاپەڕینی گەلانی عێراقی شکست پێهێنا لە ساڵی 1991 دا و دواتر و دوای 12 ساڵ دانیان بەهەڵەکانیاندا ناو لە سەردەمی بۆشی کوڕدا و حکومەتی کۆماریەکاندا ئەو هەڵەیەیان ڕاست کردەوە کەچی هەر خۆشێتی ئێستا داوادەکات گەورە بەرپرسانی بەعس بگەڕێنەوە دەسەلات بەبیانوی شارەزاییان لە ئیدارەدا ئەمە چ دوو فاقی و دوو ڕوویيەکە یان بەرژەوەندی پارەو دەسکەوتی شەخصی ڕۆڵ دەبینن.بەبێ گوێدانە ئەو هەموو تاوانانەی کە ئەو تاوانبارانە دژی زۆرینەی گەلانی عێراق ئەنجامیان داون.

جاڕاپۆرتێك کە زۆرینەی داواکاری و مافە ڕەواکانی شیعە و کورد کە زۆرینەی گەلانی عێراقن جێبەجێ نەکات ئەدی لە بەرژەوەندی کێ دایە ؟ ئاشکراشە لە سیستەمی دیموکراسیدا هەمیشە زۆرینە خاوەن ماف و دەسەلاتن نەك کەمینە بۆیە لێرەدا دەڵێین کە ئەم ڕاپۆرتە کە هەرچەندە مولزەمیش نیە کە حکومەتی سەرۆك بۆش جێبەجێیان بکات بەلام بۆ خۆی مەترسیەکە و زەنگێکی ترسناکە بۆ بەرژەوەندی و داهاتووی شیعە و کورد لە عێراقدا و تەنها و تەنها لە بەرژەوەندی کەمینەی عەرەبی سونە مەزهەبە و بۆ ئەوەی جارێکی تر و دوای چەندین سەدە لە دەسەلات هەمدیسان بگەڕێنەوە سەر حوکم و کەمینەیەکی زۆر کەم حکومی زۆرینەی شیعە و کورد بکەن کە بەپێچەوانەی هەموو بنەما دیموکراسیەکانە و دووبارە کردنەوەی هەڵەی 60 ساڵی سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەم ناوچەیەدا کە پشتگیری کەمینەی دەسەلاتی دیکتاتۆری و بنەماڵەکان و کۆنە پارێزەکانیان دەکرد لەسەر حسابی دیموکراسی و چەسپاندنی لە ناوچەکەدا .بەهەمان شێوەش لە بەرژەوەندی وولاتانی سونە مەزهەبی عەرەبیە وەك ئوردون و میسر و وولاتانی کەنداو کە لە ئێستادا بە ئاشکراو بەنهێنی و بە پارە و مەعنەوی هاوکاری و پشتیوانی تیرۆریستان دەکەن بەناوی مقاوەمەتەوە .

- لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەی تایبەتە بەکوردەوە چەند خاڵێکی گرنگن و بە هێڵی سوور دادەنرێن بۆ سەر بەرژەوەندی و ئایندەی کورد ئەوانیش :

کەمکردنەوەی دەسەلاتی هەرێمەکان و زیادکردنی دەسەلاتی مەرکەزە و بەمەش سیستەمی فیدراڵی دەکەوێتە بەر مەترسی هەڵوەشانەوە . هەروەها نەمانی

میلیشیایە کە هـ.پ.م ش بە میلیشیا دادەنێن و هەموو دەسەڵاتەکان دەدەنەوە دەست سوپای عێراقی ، هەروەها کۆنترۆڵکردن و مامەڵەکردنی نەوت و سامانە سروشتیەکانە لەلایەن مەرکەزەوە نەك هەرێمەکان.، وەگرنگترین خاڵیش دواخستنی مادەی 140 ی دەستورە کە تایبەتە بە شاری کەرکوك و خانەقین و شەنگار و مەخمور و ...هتد .کە هەموو خەباتی کوردایەتی لەسەر ئەم جێگەیانە پەکیان کەوتوە . بۆیە ئەم چەند خاڵە ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی و ماف و خەباتی کوردایەتیە و نابێت سەرکردایەتی کورد بەهیچ مساوەمە و سازشێك ڕازیببێت و ڕێگە بدا کە ئەو خاڵانە جێبەجێبکرێت. وپێویستە کورد لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەڕلەمان و حکومەت و پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان و سەرجەم جەماوەریش هەڵمەتێکی ناڕەزایی دەربڕن لە ئیمزا کۆکردنەوە و خۆپیشاندان لەناوخۆی کوردوستان و ئەورووپاو ئەمریکا و دونیادا ڕێك بخەن و سەرکردایەتی سیاسیش هەڵمەتێکی چڕ و پڕی سیاسی و دیپلۆماسی ڕێك بخەن بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و ناوچەکە بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان و هەموو هەوڵ و هیمەتێك بنوێنن بۆ سەرنەگرتن و ڕێگە گرتنی جێبەجێکردنی ئەم ڕاپۆرتە .

ئەگەر نا ئەوا مێژووی ڕەشی سەدەکانی ڕابووردوومان بە خوێناوی ترین و مەترسیدارترین شێواز خۆی دووپات دەکاتەوە و هەموو ئەو خەبات و دەسکەوتانەی کە وەدەست هاتوون لە کیس دەچن و سەدەی بیست و یەکەیشمان بەدەردی سەدەی بیستی داگیر و دابەشکردنی کوردوستان دەچێت .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( ناوخۆ ودەنگەکان و کوردوستان پۆست)) و ڕۆژنامەی ((هەواڵ ))دا بلاّوکراوەتەوە لە 14 و15 و16 و2007/12/17دا.

لەپەراوێزی کێشەی خانەقیندا...

## ئەریٚ ئەمریکا

## ڕۆڵی دادوەر یان دژ دەبینێت لەنێوان هەولێر و بەغداددا؟ *

- ئاشکرایە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی 1921 وە تا ئێستاش کورد هەمیشە لەساتەوەختی لاوازی و بێهێزی دەسەڵاتەکانی بەغدادا. هەمیشە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی بینیوە لە بنیاتنانەوەو دامەزراندن و چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەعێراقدا.بەلاٚم هەمیشەش دوای بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەند لە بەغداد یەکەم کەس و لایەن کە دژی وەستابێتەوە کوردو داواکاریەکانی و مەسەلە ڕەواکەی بووە.هەربۆیەش دوای چەند ساڵێکی ئاشتی و تەبایی و پێکەوەکارکردن جارێکی تر زمانی هێز و براگەورەیی و فەوتان و بچوککردنەوەو چەوسانەوەو داگیرکردنەوە لای بەغداد زیندوودەبێتەوە و لای کوردیش بەناچاری شۆڕش و خەبات و ڕاپەڕین دەست پێدەکاتەوە.
- لە ئێستاشدا تەنها دوای 5 ساڵ لە ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتێکی نویٚ لە عێراقدا کە ناتوانرێت نە بە فیدراڵی و نە بەدیموکراسیش ناوی ببرێت وا جارێکی تر زمانی عەقڵ و مەنتیق و گفتوگۆو سیاسی لای دەسەڵاتدارانی بەغداد کە خۆیان بەدۆست و هاوپەیمانی کورد دەزانن کاڵ دەبێتەوە و لە جێگەیدا زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەو حساب بۆنەکردن و بچوککردنەوەی کورد و دەسەڵاتەکەی و داواکاری و مەسەلە ڕەواکەی سەر هەڵدەداتەوە، هەر لە جێبەجێنەکردنی مادەی 140ی دەستوور و چارەسەرنەکردنی مەسەلەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکنەکەوتن لەسەر یاسای گاز و نەوت و دروستکردنی بەربەست و ڕێگری زۆر لەبەردەم چەسپاندنی ڕێژەی 17٪ی بودجە بە هەرێم و بەزۆر سەپاندنی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و دواتریشیان ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێزی پێشمەرگە لەناوچەی گەرمیان لە قەرەتەپە و جەبارە و جەلەولا و سەعدیە و خانەقین و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێز و سوپا و

هەڕەشـەو گوڕەشـەکردن لـەکورد بـەبیانوی گەڕانـەوەی هەیبـەت بـۆ دەسـەڵات و حکومـەت لـە بەغداد.کێشـەکە نزیکـەی 2 هەفتەیـە سـەریهەڵداوە و تائێسـتاش گەرموگوڕی ماوە و لەئان و ساتدایە کە بتەقێتەوە. ئەگەر نەرم و نیانی و حەکیمی سەرکردایەتی کورد نەبوایە.

- لێـرەدا دوای ڕوونبونـەوەو ئاشـکرابوونی خواسـت و نیـەت و دەسـتی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەبەرامبەر کوردو خواست و داواکاریەکانیدا بەشێوەیەکی دژ و دوژمن و ناحەزانە. پرسیار ئەوەیە ئایا ڕۆڵ و کاریگەری و هەڵوێستی ئەمریکای داگیرکـەری عێـراق و خـاوەن بڕیـار و بـەناو دۆسـتی کـورد چیە لـە کێشـەکەداو لەکێشەکانی داهاتووشدا؟ ئایا ئەمریکا هەڵوێستی دادوەرێکی بەویـژدان دەبینێت لەو نێوەندەدا یان هەڵوێستێکی دژ بەکورد دەبینێت؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە زۆر مانـدوبون و قوڵبونـەوە و تێفکرینـی زۆری ناوێـت، چونکە هەمیشـە ئـەو ڕاسـتیەمان ئاشـکرا کـردوە کـە ئـەمریکا داگیرکـەری عێراقـە بەکوردستانیشـەوە و بەهـەموو شـێوازێك هـەوڵی جێبـەجێکردنی سیاسـەتەکانی خـۆی دەدات لـە عێـراق و ناوچەکەشـدا و کـاری جـدیش دەکـات بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانی و قایمکردنی جێ پێی خۆی لەناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتداو دەسـت بەسـەراگرتنی زیـاتری سەرچـاوەکانی وزە و پاراسـتنی ئـەمن و ئاسایشـی هاوپەیمانــە عەرەبــەکانی لەناوچــەکەداو لەســەروو هەمووشــیانەوە پاراســتنی دەوڵـەتی ئیسـڕائیلە.لەبەرامبەر هەڕەشـەو مەترسـیەکانی دەوڵـەتی ئێرانـی شـیعە مەزهـەب و ڕەوتـە تونـدڕەوە ئیسـلامیەکان و ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکاندا. ئیـدی بـەلای ئـەمریکاوە نەعـەرەبی سـونە و نـە شیعە و نـەکورد و ....هتـد. گـرنگ نـین . بـەڵکو ئـەمریکا ڕۆڵـی ڕاگـری هاوسـەنگی هێـز و ڕەوتـە سیاسـی و نەتـەوەیی و مەزهەبیەکان دەبینێت.ڕۆڵی چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەکەر دەبینێت بـۆ هـەمووان لـەپێناو مانـەوەی هێـز و سـوپاکەیدا لەعێراقـدا بـۆ درێـژترین مـاوە، بۆیـە لـەکاتی دروسـتبوونی هـەر کێشـەیەکدا کـە زۆر مەترسـی نـەبێت بـۆ سـەر بـوون و مانـەوەی ڕۆڵــی بێــدەنگیکار دەبینێــت و لــەدوورەوە چــاودێری بــارودۆخ و ئاڕاســتەی

ڕووداوەکان دەکات. هەرکاتێکیش زانی مەترسی جدی دروست بوە ئەوا پەنا بۆ هەڕەشە و فشار و بەکارهێنانی هێز دەبات.

ئەمریکا بەلای کوردی بێ پشت و پەناوە لە عێراق و ناوچەکەدا هەموو پشت و پەنایەکی بوو. دۆست و هاوپەیمانی بوو، پارێزەری مان و دەسەڵاتی بوو.بەڵام لەم سەروبەندی سەرهەڵدانی ئاڵۆزی و گرژیانەدا لەنێوان بەغداو هەولێردا بەداخەوە ئەمریکا ئەگەر ڕۆڵی دادوەری نەبینێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی دژ بەکوردی بینی لەبەرژەوەندی دەسەلاتی بەغدادا.و کوردی بێ پشت و پەنا بەجێهێشتەوە بەم هەڵوێستەشی هەم زیانی بە پێگە و ڕاستگۆیی گوتار وکردار و بەڵێنەکانی خۆیدا لای کورد و هەم زیانیشی بەکوردی خاوەن ماف و خوازیاری ئاشتی و دیموکراسیدا کە لە عێراقی نوێدا جگە لەکوردو کوردوستان هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی عەرەبی نەشیعە و نەسونە دیموکراسیخوازی ڕاستەقینە نین. هەربۆیە ئیدی کوردیش مافی خۆیەتی پەنا بۆ هەموو کارت و ئەگەر و هێزێکی دی ببات بۆ پارێزگاری لە ماف و بوون و خواست و دەسەلاتەکەی لە عێراقی نوێدا. چونکە کێشەی خانەقین بەدڵنیایی دوا کێشە نابێت و شەڕی خانەقینیش هەر دەبێت ڕوبدات ئەگەر لەخانەقینیش نەبێت و لەهەر جێگەیەکی تر بێت جا چەندە زووتر ڕووبدات باشترە بۆئەوەی باشتر بەغداد و هەولێر لە یەکتر بگەن.

بەڵام مەخابن کورد لەکاتێکدا پەنا بۆ هێز و شەڕکردن دەبات دژی ناوەند کە سوپاو دەسەلاتی بەغداد تاڕادەیەك چەسپاو و بەهێز بوون و ململانێی شیعە و سونە کپ بۆتەوە و ڕەوتی صەدرو فەزیلەش ناحەزی ناوەند نەماون و ڕێکخراوی قاعیدەش دەسەلات و هێزی جارانی نەماوە . بۆیە شەڕکردن لەم کاتەدا دژی حکومەتێکی ناوەندی تاڕادەیەك بەهێزی پاڵپشتی کراو لەلایەن ئەمریکاو دەرودراوسێی و ناوچەکەش کارێکی حەکیمانەو سیاسیانە و ساناو ساکار نابێت و کۆتایی تونێلەکەش ڕوون و ئاشکرا نیە بۆ کورد.

بەڵام دەبێت حکومەتی بەغداش ئەو ڕاستیە باش بزانێت کە هیچ کێشەو گرفتێك لەگەڵ کورددا بەزمانی هێز و خۆسەپاندن سەرکەوتوو نابێت و شەڕیش لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدا نیەو مێژوو و ڕابوردوی هەردولاش ئەو ڕاستیەی

سەلماندوە. کورد وەك هێزەکانی صەدر و قاعیدە نیەو لەسەر خاك و مافی ڕەوای خۆی شەڕ و پارێزگاری لەخۆی دەکات نەك هێرش بکاتە سەر هیچ لایەك. بۆیە بۆهەردولا ئاوها باشە کە پەنا ببنە بەر دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن و چەسپاندنی دەستوور و گەڕانەوە بۆ گیانی تەوافوق و پێکەوە کارکردن و بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ و تەنها بەگیانی برایەتی و دوور لە ئینتیماو دەستێوەردانی دەرەکی کێشەکان چارەسەر بکەن . ئەگەرنا ئەوا مێژووی خوێناوی لەنێوان هەولێر و بەغدادا خۆی دووبارە دەکاتەوە بە خوێناوی ترین و مەترسیدارترین شێواز و ئەوکاتەش ڕەوڕەوەی خوێن و فرمێسك و شەڕ بەردەوام دەبێت و گوناه و تاوانەکەشی هەمووی لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی بەغدادا دەبێت نەك کورد.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( هەواڵ )) بڵاوکراوەتەوە لە 2008/9/20دا.

# بەشی دووەم

# ساڵی 2007

## ساڵێکی چارەنوسساز بۆ کورد و بۆ کەرکوك *

* ئاشکرایە شاری کەرکوك بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد لەم بەشەی کوردستانی باشوردا هەمیشە خاڵی لێك تێنەگەیشتن و جێگەی مشتومڕی حکومەتەکانی بەغداو بزوتنەوەی کوردایەتی بوە.شاری کەرکوك هەر لەمێژەوە گرنگی و کاریگەری هەبوە لەسەر ڕابردوو و ئێستا و ئایندەی کورد .کەرکوك لەمێژەوە و لە سەردەمە ڕابردوەکاندا وەك شارێکی دێرین و پایتەختی ولایەتی شارەزوور و دواتر شارێکی دەوڵەمەند لەولایەتی موصلْ جێگەی گرنگی و بایەخ پێدان و چاوتێبڕینی دۆست و دوژمنان بووە .کەرکوك پێش دۆزینەوەی نەوتیش تیایدا گرنگی خۆی هەبوە لای ئاشوریەکان و مەسیحیەکان و .. هتد . دوای دۆزینەوەی نەوتیش لەساڵی 1927 وە هۆکارێك بوە بۆ داگیرکردنی ولایەتی موصلْ لەلایەن ئینگلیزەکانەوەو بەردەوامیش داواکردنەوەی لەلایەن تورکیاوە .

بەم شێوەیە کەرکوك لەڕابردوودا جێگەی مشتومڕ و ململانێ و کێشمەکێش بوە ، و لەئێستاشدا و لەم قۆناغەدا بەتایبەتی کەعێراق و ناوچەکەش پیایدا گوزەر دەکات ودوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ورزگارکردنی عێراق و هاتنە کایەی عێراقێکی نوێ کەدیموکراسی و ئازادیەکانی تیا بەرجەستە بوە بۆ هەموو گەلان و مەزهەبە جیاوازەکانی ناو عێراق .

کەرکوك جارێکی تریش بۆتەوە خاڵی وەرچەرخان و ناکۆکی و ململانێ لەلایەك لەنێوان هەرسێ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکومان لەناو خۆی شارەکەدا ، لەلایەکی تر لەنێوان حکومەتی ناوەندی بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان ولەلای سێهەمیشەوە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دەوڵەتی تورکیادا. کە لە هەرسێ ئاڕاستەکەدا تەنیا کورد بەتەنهایە بەرامبەر هەرسێ بەرەکە لەگەڵ ئەوەی کەخاوەن هەق و زەوی و مێژوو و جوگرافیای کەرکوکە بەدرێژایی مێژوو لەچوارچێوەی بەڵگەو دۆکۆمێنتەکانی عوسمانیەکان و ئینگلیز و ... هتدا .

کەرکوك لەدێر زەمانەوە شاری پێکەوە ژیانی نەتەوەو مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان بوە و هیچ کاتێك لەناو ئەو پێك هاتانەدا لەسەر ئاستی شەقام و جەماوەر کێشەو ململانێ نەبوەو نەبۆتە شارێکی شەڕو پێکادان و ململانێی خوێناوی بەڵکو تەنها لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەو ناڕاست و زیندوکردنەوەی گیانی تەسکی حیزبایەتی و دەمارگیری نەتەوایەتی و مەزهەبی بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کەرکوك بۆتە شارێکی پڕ مەترسی و ئایندە ناڕۆشن و هەمیشە وەك بەرمیلێکی باروت حسابی بۆ کراوە کەپێشبینی دەکرێت لە هەر ئان و ساتێکدا بتەقێتەوە .

لەئێستادا حکومەتی مەرکەزی بەغداد کە شیعە مەزهەب و خاوەن دەسەڵاتی زۆرینەیە نایەوێت بەجدی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت لەبەر ئەوەی ژمارەیەك عەرەبی هاوردەی شیعە مەزهەبی بۆ هاتوە و دەیەوێت شاری کەرکوك بەهەرێمێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی هەرێمی کوردستاندا بمێنێتەوە .سونە مەزهەبەکانیش کەعەرەبی ناسۆنالیستین و لەبڕوانەبونیان بەکوردستانی بونی کەرکوك و بچوك بونەوەی قەوارەی سونە لەعێراقدا ڕێگرن لەبەردەم ئاسایی بونەوەی بارودۆخی کەرکوك بەپێی مادەی 140 ی دەستور .دەوڵەتی تورکیاش جارێك بەناوی پاراستنی کەمینەی تورکمانەوە و جارێك لەبەر دەوڵەمەندی بەنەوت ، تەماعی لەکەرکوکدایە و داوا دەکات کەمادەی 140 ی دەستور جێ بەجێ نەکرێت و چەند کۆڕو سیمینارو کۆنفرانسیش لەتورکیا دەبەستێ بەئامادەبونی شیعەو سونەو عەرەب و تورکمان و دەوڵەتانی دراوسێ جگە لەکورد وەك دژایەتیکردن و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوردا.ئەمریکاش لەم نێوەندەدا وەك چاودێرێك هەڵوێستی وەرگرتوە .

بەم شێوەیە هەموان بەشیعەو سونە و عەرەب و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و سوریا و تورکیاو عەرەبەکانی تریش پێکەوە هاوڕان لەسەر جێ بەجێنەکردنی مادەی 140 ی دەستور ، یان لانی کەم دواخستنی جێ بەجێکردنی ئەو مادەیە بۆ 10 ساڵی تر ، لەڕێگەی بەرتیل دان و چاوسورکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشەوە .ئاشکرایە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا کەلە 70٪ ی عێراقیەکان بەشیعەو سونە و عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری و ....هتد .دەنگیان بۆ داوە

چارەنوسی کەرکوك لەچوارچێوەی مادەی 140 ی دەستور و پێشتریش مادەی 58 ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتدا چارەسەرکراوە بەسێ قۆناغی ئاسایی کردنەوەو سەر ژمێری کردن و ڕیفراندۆم .کەپێویست دەکات لەساڵی 2007 دا ئەم سێ قۆناغە یەك بەدوایەکدا جێ بەجێ بکرێت .بەڵام پێشتریش و لەسەردەمی هەردوو سەرۆك وەزیرانی عێراق( عەلاوی و جەعفەری ) یدا مادەی 58 یان پەکخست و خۆیان لەجێ بەجێکردنی دزیەوە .لەئێستاشدا هەرچەند نوری مالکی سەرۆك وەزیران هەمیشە دوپاتی دەکاتەوە کەکێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقە و لەچوارچێوەی دەستوردا چارەسەر دەکرێت و تاڕادەیەکیش نەرم ونیانە ، بەڵام هێشتاش لەژێر فشاری توندڕەوە شیعەکان و سونەکان و دەوڵەتانی عەرەبی و تورکیادا ناتوانێت هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا و بوێرانە بنوێنێت و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی باڵای مادەی 140 جێ بەجێ بکات .
لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، ئایا مادەی 140 لەساڵی 2007دا جێ بەجێ دەکرێت یان دوا دەخرێت یان ئەگەری ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی تر هەیە ؟ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد چی کردووە تائێستا و بەنیازە لەئایندەشدا چ بکات ؟
ئاشکرایە 3 مانگی یەکەمی وادەی جێ بەجێ کردنی قۆناغی یەکەمی ئاسایکردنەوە کۆتایهات و جێ بەجێ نەکراوە ، جگە لەدانانی لیژنە فەرعیەکان وئۆفیسەکانیان و ئەندامانی لیژنەکەو دەرکردنی 4 بڕیار کەتائێستا و دوای 60 ڕۆژ ئەوسا ئەنجومەنی وەزیران ڕازیبون لەسەری بەناچاری و لەئێستاشدا وەك ئاستەنگ دروستکردنێکی نوێ ئەو بڕیارانە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کراوەتەوە بۆ ڕاستاندنیان کە ئەم هەنگاوە دژی یاساو دەستورە و تەنیا بۆ خۆدزینەوەو جێبەجێ نەکردنیانە و دژی کورد و ئایندەی کەرکوکە .
لەئێستاشدا کە تەنها نزیکەی 9 مانگ ماوەکە هەرسێ قۆناغەکە جێ بەجێ بکرێت کەماوەیەکی کەم و کورتە و پێشبینی ناکرێت کە ئەگەرەکان ئاوها بڕوات لەوادەی خۆیاندا قۆناغەکان جێ بەجێ بکرێت ئەو کاتەش تەنها دواخستن و جێبەجێ کردنی مادەی 140 لەبەردەمدا دەمێنێتەوە .کەئەمەش لەبەرژەوەندی کورد و کەرکوکیشدا نیە .ئایا لێرەدا دەبێت هەڵوێستی کورد و سەرکردایەتیەکەی چ بێت؟

ئاشکرایە کورد بەدرێژایی خەباتی چەکداری زۆر جاران لەسەر مێزی گفتوگۆ لەسەر شاری کەرکوك نەگەیشتونەتە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا و زۆریش پشوو درێژبوەو خۆڕاگربوە لەبەردەم هێرش وپەلامارە لەناو بەرەکانی ڕژێمەکانی عێراقدا لەئەنفال و کیمیاباران و جینۆسساید و .. هتدا .و لەدوای ڕزگارکردنی عێراقیشەوەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسیەکان بۆ کورد لەناو شاری کەرکوکیشدا توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر خێزان و ئاوارە کەرکوکیەکان بگەڕێنێتەوە و گوندەکان ئاوەدان بکاتەوەو خوێندن ونوسین و قوتابخانە کوردیەکان زیندو بکاتەوە و ڕێگە لەبەعەرەبکردن بگرێت و زۆر کاری گرنگی تریش کەهێشتا جێگەی دڵخۆشکەرنین .بۆیە لەم قۆناغەشدا پێویست دەکات لەجاران زیاتر پشوو درێژتربێت و نەکەوێتە کارو گوتار و هەڵوێستی توندڕەو و کورت بین و هەڵەوە لەبەرامبەر پێك هاتەکانی ناو عێراق و دەرو دراوسێشدا . پێویستە بەهێمنی و لەسەرخۆ بەلاّم دوور لە مساوەمەکردن و تەنازول کردن لەبچوکترین مافی کورد لەکەرکوکدا ، بەردەوام بێت لەهەوڵەکانیدا بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی 140ی دەستور لەوادەو کاتی خۆیدا ، چونکە هیچ هەڵوێستێك و گوتارێکی توندڕەوانە لەم قۆناغەدا لەقازانجی کوردو کەرکوك نیە ، بەڵکو خاڵی بەهێز دەداتە دەست دوژمنان و ناحەزانی کوردو کەرکوك بۆ پاشگەزبونەوە یان ئاستەنگ دروست کردن لەبەردەم جێ بەجێ کردنی ئەو مادەیەدا .

بۆیە ساڵی 2007 ساڵێکی زۆر گرنگ و هەستیارە و چارەنوسسازە بۆ کوردو کەرکوك . و پێویست دەکات کەهەر لەسەرکردایەتی سیاسی کورد بەپارت و ڕێکخراوەکانەوە تاشەقامی کوردی و کوردستان هەموان پێکەوە بەیەك هەڵوێست و گوتاری یەکگرتووەوە کاربکەن بۆ سەرخستنی هەڵمەتی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 بەهاوکاری و یارمەتی ئەمریکاو بەریتانیاو دەوڵەتانی زلهێزو کاریگەری ناوچەکەو دونیا و هەڵمەتێکی سیاسی و ڕاگەیاندن لەناو خۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو دونیادا بەرپابکەن و لەدەروازەی شەرعیەت و دەستور و

یاساوە دوور لەدەمار گیری نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەکە بچن و لەکۆڕو کۆبونەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا بەتوندی بەرگری لەمافی کوردستانبونی کەرکوك بکەن و پێداگری بکەن لەسەر دەرخستنی ڕاستیەکانی نیەت و نیازی کورد لەپێکەوە ژیانی نەتەوەو مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان لەکەرکوکدا بەئاشتی و برایەتی و تەبایی .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ناوخۆ و دەنگەکان )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ))دا بڵاوکراوەتەوە لە 12 و2007/4/14دا.

# کورد و
# ئاسۆکانی دوارۆژی کوردایەتی *

❖ ئاشکرایە کورد وەك نەتەوە و کوردایەتیش وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی ڕزگاریخواز و پێشکەوتنخواز و دینەمۆی هەژاندن و جوڵەی هەست و بیروهۆشی تاکی کورد تائێستا وبەدرێژایی مێژوویی دروست بوون و سەرهەڵدانی بەچەندین قۆناغی سەرکەوتن و نوچدانی جیاوازدا گوزەریان کردوە. مێژووی خەباتی کوردو کوردایەتی هێندەی لاپەڕەی ڕەش و خوێناوی و مەرگەساتەکانی لەخۆگرتوە،بەچارەکی ئەو هێندە لاپەڕەی گەش و دراوشاوەی لەخۆ نەگرتوە، هەرچەندە لەچەند زەمەنێکی غافڵبوونی مێژوویدا لێرەو لەوێ هەندێ دەسەڵاتی لۆکاڵی و ناوخۆیی دامەزراون، بەڵام هەربەدەستی هاوزمان و براکان خۆیان لەناوچوون بەهاندان و پیلانگێڕانی دوژمنان. هۆکاری نەگەیشتنی کوردایەتی بەسەرکەوتن و نوچدانە یەك لەدوایەکەکانی بۆ گەلێك فاکتەر دەگەڕێتەوە لەوانە:-

1.ناهۆشیاری سیاسی کورد و جەماوەرەکەی.

2.دواکەوتوویی و هەژاری و نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردەواری.

3.بونی کێشە و ململانێی کۆمەلأیەتی و ناوچەیی و خێڵەکی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.

4.بوونی سیستەمی دواکەوتوویی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی کە تائێستاش لەهەندێ ناوچە و پارچەی کوردوستاندا بەردەوامی هەر ماوە.

5.نەبونی حیزبێکی سیاسی گەورە و بەدەسەلأت کەخاوەن سەرکردە و ڕابەرێکی کاریزمایی و سیاسەتمەدارێکی هۆشیارو بیرتیژ و عەقڵیەتێکی ستراتیژی نەتەوەیی بێت.

6.هەڵکەوتەی جوگرافیاو سروشتی کوردوستانیش لەناوەڕاستی چوار دەوڵەت و سێ نەتەوەی جیاواز و سەردەست و خاوەن کەلتور و مێژو و دەسەلأتێکی گەورەو

بـەهێزی ئـەم ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتە گەرمـەی پـڕ لەکێشـە و ململانێـی نێودەوڵەتیەکان.

7.فاکتـەری دەرەکـیش هێنـدەی ئـەو فاکتـەرە نـاوخۆیی و سروشـتیانە کاریگـەری گەورەی هەبوە لەسەر ئەو ڕەوتە.

هەربۆیە کوردایەتی نەیتوانیوە بگاتە ئامانج و دوامەنزڵگای سـەرکەوتن ، کـورد و کوردایـەتی لـەدوای داگیر و دابەشـکردنی کوردوسـتانەوە بەسـەر چـوار دەوڵـەتی ناوچەکەدا و سیٚ نەتـەوەی جیاوازیشـدا، گیـانی یـەکێتی و یـەك ئامـانجی و یـەك هەڵوێستی و یەك گوتاری گشتگیر و یەکگرتوی تیادا لاوازکردن. هێندەی بەرنامەو پلانیان تەنها بۆ پارچەکانی خۆیان هـەبوە ، هێنـدە ئاوات و ئامانج و سـتراتیژیان بـۆ پێکـەوەنانی کۆمەڵگایـەکی یـەکگرتووی کـوردی نـەبوە لەسـەر ئاسـتی کوردوسـتانێکی گـەورە و بـەهێز. هەربۆیـەش ئـەو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـی و پیشـەییانەی کـە دروسـت دەبـوون لـەو پارچـانەی کوردوسـتاندا تـەنها نماینـدەی داواکـاری و خواسـتەکانی کۆمەڵگـەی کوردەواریـان دەکـرد لـەو پارچـانەدا، نـەك هـەموو کۆمەڵگـەی کوردەواری.هەرئەمـەش وایکـردوە کـە کوردایـەتی وەك بزوتنەوەیـەکی سیاسـی ڕەگ دانـەکوتێت لـەناو هـەناو و نـاخ و دڵ و مێشـکی جەماوەری پان و پۆڕی کۆمەڵگای کوردەواریدا و تەنها لەناو نوخبەیەکی سیاسی کەمـدا دروسـت بـوە و لەچوارچـێوەی هەسـتەوە نەچـۆتە چوارچـێوەی بـیرو نەتوانراوە بچەسپێت لە عەقڵیەتی سەرتاپای تاکی کوردیدا.

ئەمـەش بۆتـە هـۆی لاوازبـون و سسـتبوونی کوردایـەتی و تـاکی کـورد تائێسـتاش هێندەی ئینتیما و وەلائی بۆ ناوچە و خێڵ و حیـزب و گروپـی بچـوك و ناوچـەیی هەیە، هێندە ئینتیماو وەلائی بۆ کوردوستان و کوردایەتی نیـە. کـە ئەمـەش خـاڵی هـەرە بـەهێزە بـۆ لاوازبـوون و سسـتبونی کوردایـەتی و هەڵخەڵەتانـدن و ساویلکەبوونی تاکی کورد لەبەرامبەر پیلانی دوژمناندا و هەمیشە کـاری خیانـەت و پاشگەزبونەوە و خۆفرۆشتن بەدوژمنان لای تاکی کوردی بۆتـە کـارێکی ئاسـایی و هەمیشـە بەرژەوەندیـە تایبـەتی و ناوچـەیی و خێڵـەکی و حیزبیـەکانی خـۆی خستۆتە سەروو بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل و نیشتیمانەوە.

❖ **لێرەدا پرسيار ئەوەيە کە ئايا کوردو ئاسۆکانی دواڕۆژی کوردايەتی لەم قۆناغەی ئێستادا بەرەو کوێيە؟**

**کوردو کوردايەتی هيچ کاتێك هێندەی ئەم قۆناغ و سەردەمە لەبوژاندنەوەو جوڵەو گەشەکردندا نەبوە لەسايەی ئەم دەسەلاَتە کورديە تەمەن 16 ساڵيەدا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ڕێگريە ناوخۆيی و ناوچەيی و دەرەکيەکان کەزۆربەيان هەمان ئەو ڕێگری و ئاستەنگانەن کە بەدرێژايی مێژووی خەباتی کوردايەتی ڕۆڵی نێگەتيڤيان بينيوە لەسەر ڕەوت و ئاڕاستەو گەشەکردنی کوردايەتی.بەلاَم لەجاران زياتر کاريگەر و مەترسيدارترن بەهۆی گۆڕانی سەردەم و گەورەيی ڕووداو وپێشهاتەکان و تەکنەلۆژياکانی سەردەمەوە.**

**کوردايەتی لەم قۆناغەدا کە ئەگەر پيلانی دوژمنان و شەڕی نەگريسی ناوخۆو لێکترازانی ڕيزەکان و تێکچوونی ماڵی کوردی نەبوايە کەماوەی 10 ساڵی ڕێکی خاياند، پێدەچوو لە ئێستادا زۆر گەشەکردوتر و بالاَتر بوايە. بەلاَم سەرەڕای گەورەيی ئاستەنگەکان و پيلانی دوژمنانی دراوسێ و هۆکارەکانی ناوخۆيی و دەرەکيەکانيش کوردايەتی لەگەشەکردن و بەهێزبوون و ڕەگ داکوتانی زياتردايە لەسەر ئاستی حيزب و سەرکردايەتی سياسی وجەماوەريش. لەئێستادا هێندەی گيانی خۆشەويستی و دڵسۆزی و سەرگەرمی هەيە بۆ ئالاَی کوردوستان و دروشمە نەتەوەييەکان و کوردوستانی گەورەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، نيو هێندە ئينتيما و دڵسۆزی بۆ حيزب و سەرکردە و ناوچە و خێڵ نيە و هێواش هێواشيش بەرەو کاڵبونەوە و نەمانی زياتر دەچێت .بۆيە ئەم قۆناغە لەگەڵ هەستياری و ناسکيەکەيدا، بەسەردەمێکی زێڕينی کوردايەتی دادەنرێت. و دەکرێت و دەشتوانرێت گەشەی زياتر و برەوی زياتر پێبدرێت ئەگەر کورد توانی:-**

**1.ماڵی کورد هەر لە حيزبە سياسيەکان و ڕێکخراوە پيشەييەکان و ئيدارە و دام و دەزگا حکوميەکان و تائاستی جەماوەر و شەقامی کوردی ڕێك بخاتەوە و بيانکاتە يەك بەرەی يەکگرتوو لەگوتار و هەڵوێستی سياسياندا.**

2.ســەربکەوێت بەســەر ئینتیمــا ئــاینی و مەزهــەبی و ناوچــەیی و خێڵــەکی و بنەماڵـەیی و تایبەتیـدا و بیانگۆڕێتـەوە بـە ئینتیمـاو دڵسـۆزی بەتـەنها بـۆ کـوردو کوردایەتی.

3.کوردایەتی بکاتە تاکە پێوەر و سومبول بۆ هەموو کوردو ئیدی حیزب و ڕابەر و سەرۆك خێڵ و بنەماڵە و ناوچە هێندە بەپیرۆزی نەمێنێتەوە.

4.کۆمەڵگای کوردەواری هۆشیار بکاتـەوەو گەشـەی پێبـدات لـە هـەموو بوارەکـانی خوێنـدن و پـەروەردە و تەندروسـتی و خزمەتگوزاریـەکان و هـەوڵی پێکـەوەنانی کۆمەڵگایـەکی تەندروسـت و پێشـکەوتوو و خۆشـگوزەران بـدات. هـەروا هـەوڵی چەسپاندنی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیان بدات و ئازادیەکانی ڕادەربڕین و کاری سیاسی و میدیاکان بپارێزێت و ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان زیاتر بکات و مافـەکانی مـرۆڤ و ژنـان بپارێزێـت و یاسـا سـەروەربێت و بنچـینەی دەوڵـەتێکی کوردی و موئەسەساتی پتەو دابمەزرێنێت.

5.هێزێکی پێشمەرگەی تۆکمە و پتەو و بەهێز لەڕووی مادی و مرۆیی و پەروەردە بە بیروباوەڕێکی ڕاست و دروستی کوردایەتیەوە پێك بهێنێت کە تـەنها دڵسـۆزیان بـۆ کـوردو کوردایـەتی بێـت دوور لـە ئینتیمـا بـۆ بنەماڵـە و حیـزب و سـەرکردە و ناوچــە و خێــڵ و ئــاین و مەزهــەب. و بــەهێزیان بکــات بــە چــەك و تەقەمــەنی و تەکنـەلۆژیای سـەربازی نـوێ کـە توانـای بـەرگریکردنیان هـەبێت لـە سـنورەکانی کوردوستان و دەسەڵاتە کوردیەکە.

6.لەسەر ئاستی ناوچەیی و دەرودراوسێش سیاسـەتێکی نـەرم و نیـان و هێمن و بێدەنگ و لەسەرخۆ پەیڕەو بکات دوور لـە هەڕەشـە و گوڕەشـەو لێدوانی ئاگرینی بێنـاوەڕۆك کـە زیـانی زیاتربێت وەك لـە قازانج.چونکە لـە ئێسـتادا نـە حیـزب و نـە سەرکردە و نە پێشـمەرگە و نـە جـەماوەریش ئامـادەی شـەڕی چەکدار و قورس و خوێناوی نین بەرامبەر بچوکترین هێزی دەرەکی چجای هێزێکی گـەورەو بـەهێز و مۆدێرنی وەك تورکیا،چونکە دەسـەڵات و سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد هێنـدە لـە جــەماوەرەوە نزیــك و خۆشەویســت نیــە بــەهۆی گەنــدەڵی و کــاری دزێــوی لێپرسراوەکانیەوە. بۆیە هەڵگرتنی بەردی گـەورە و دروشـمی بـاق وبریـق کـە کـارو

کــردەوە و هەڵوێســتی ڕاســتەقینەی لەگەڵــدا نــەبێت مانــای نەهاویشــتنێتی و خۆڵکردنــە چــاوی جــەماوەری گــەلی کوردوســتانەو نادڵسۆزیشــە بــۆ کــوردو کوردایەتیش. کورد دەبێت لەم قۆناغەدا تابتوانێت بەلایەنی کەمەوە گەر نەتوانێت دۆست لەناوچەکە بۆخۆی پەیدا بکات ئەوا نابێت کارێك بکات دوژمن بۆخۆی زیاد بکات و پێویستە بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکات بەئاڕاستەی درزخستنە ڕیزی دوژمنەکانیەوە و کەمیان بکاتەوە نەك کارێك بکات کە بەهەموانیان گەلەکۆمەکی لێبکــەن و یــەکبگرن و خۆیــان بــۆ دوژمنایــەتی کــوردو ئامــانج و مافــەکانی ئامادەبکەن.

ئاشکراشە کورد دوژمنی زۆرە لەناوخۆو ناوچەکەدا لە عەرەب و تورك و فارس و بەئاین و مەزهەبە جیاوازەکانیشەوە، ئەوان هەرچەندە زۆر ڕێك و تەبا نین لەنێوان خۆیاندا بەڵام هەمیشەش دژ بەکورد یەك و یەکگرتوو بون و پیلانی هاوبەشیان هەبوە بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردن و بچوککردنەوەی کوردو کوردایەتی.بۆیە لەتوانای کورددا نیە کە لەم قۆناغەدا و لەیەك کاتدا چەند بەرەیەکی بەهێز بەسەر خۆیــدا بکاتــەوە و دژ بەهــەموانیان بجــەنگێت گەرچــی بەشــێوەی سیاســی و دیپلۆماسیش بێت.

لەئێستای عێراقدا شیعەو سونەو تورکومان و ئاشوری و ئیسلام و مەسیحی هــەموانیان دژی داواکــاری و خواســتەکانی کــوردن بەڵگــەش جێبەجێنــەکردن و خۆدزینــەوەو دروستکردنی ڕێگر و ئاستەنگ و دەسی دەسی پێکردنیانە بۆ مادەی $140$ی دەستوور، بۆیە کورد دەبێت لانی کەم بەرەی ناوخۆی عێراق مسۆگەر بکات ئەوسا دەرگای هەڕەشە بەرامبەر دراوسێکانی تورکیاو ئێران و سوریا و عەرەبەسونەکانی ناوچەکە بەسەر خۆیدا بکاتەوە. کارێکی ژیرانە نابێت کە کورد قەوارەو قورسایی خۆی لێتێکبچێت و کارو فەنتازیای وابکات کە لەخۆی گــەورەتر بێــت، ئــەم قۆناغــە پشــوودرێژی و نــەرمونیانی و ســنگفراوانی زیــاتری گەرەکە،نەك کەم جیکەلأنەیی و تەنگەنەفەسی و کاری سەرەڕۆیی و بێ بەرنامەیی.

کورد لە ئێستادا ئەنجومەنێکی سیاسی هەیەکە لەهەموو حیزبە سیاسیەکان پێك هاتوە و هەروا پەڕلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی یەکگرتوی هەیە، بۆیە

دەبێت لەبەردەم هەڕەشە و گۆڕانکاری وبڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا هەموان پێکەوە هەڵوێست وەربگرن و بەشداربن نەك تاکە کەس و سەرکردە و ڕای تایبەتی، هەموو گوتار و هەڵوێستێکیش پێویستە بەبەرنامە و پشت ئەستوور بەبەڵگە و ڕاستی مێژوویی و سەر زەمینەی واقیع بێت، نەك بێگەڕانەوە بۆ مەرجەعە شەرعیەکان.

7. هاوپەیمانی و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو زلهێزە سیاسی و ئابوریەکانی دونیاو ناوچەکە بپارێزێت و گەشەشی پێبدات و بەهێزیشیان بکات وەك فاکتەرێکی دەرەکی کە لەئێستادا و لەداهاتووشدا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتیش. بۆئەوەی ببێتە پشت و پەنایەك و پشتگیریەکی بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بکات لەبەرامبەر هەڕەشەو گوڕەشەو پیلانەکانی ناوخۆو دەرودراوسێکاندا. ئەمەش بەبەردەوام بوونی دەبێت لە سەنگەری دژەتیرۆردا و چەسپاندنی دیموکراسیەت و هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئازادکردنی بازاڕو ئابوری و بازرگانی و پێشکەوتن و گەشەکردنی زانست و تەکنەلۆژیاو و وەبەرهێنانی بیانی و ...هتد.

❖ لە ئێستاشدا خۆش بەختانە کورد تاڕادەیەکی باش توانیویەتی خۆ بگونجێنێت لەگەڵ ڕەوت و نەزمە نوێ دونیاییەکەدا و کەڵك و سوود وەربگرێت لە تەکنەلۆژیا و داهێنانەکان و هۆکارەکانی پەیوەندی و توانیویەتی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و...هتد لەگەڵ دەرودراوسێ و دونیاشدا دروست بکات و لەو داخراوەیی و بچوکیەکەی جاران دەربچێت و لە ئێستادا بەسەرهەموو دونیادا کراوەیەو توانیویەتی لەسەر ئاستی کوردوستان و عێراقیشدا گەلێك دەسکەوتی گەورەو بەرچاو وەدەست بهێنێت هەرچەندەلە ئاستی ویست و خواستەکانی خۆشیدا نین. هەربۆیە دەکرێت مرۆ بچێتە سەر ئەو ڕایەی کە ئاسۆکانی دواڕۆژی کوردو کوردایەتی ڕوون و ڕۆشنن، بەڵام گەیشتن بەدوا مەنزڵگای سەرکەوتن بەگوڵ و ڕێحانە دانەپۆشراوە بەڵکو سەختی و کووڕیی و ئاستەنگ و ڕێگری و پیلانی زۆری دوژمنانی لەبەردەمدایە.

بۆیە کورد دەبێت تەنها ڕاستە ڕێگاکەی کوردایەتی بگرێتە بەرو خۆئامادەکرنی تەواو بکات و توێشووی ئەو ڕێگە درێژو ماندوکەرە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت لەبیروباوەڕو گیانی مقاوەمەت و خۆڕاگری و پشت ئەستوور بە کوردایەتیەکی ڕاستەقینە و بێگەرد و شارەزا بە هەموو داهێنان و تەکنەلۆژیاو هۆکارەکانی پەیوەندی و بەهەڵەدا نەچوونی لەخوێندنەوە و شیکارەکانی بۆ هاوکێشە و حساباتە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکانی سیاسەتی دونیا، هەروا خۆ بەهێزکردن لەڕووی ئابوری و بازرگانی و سەرمایەگوزاریەکانەوە کەکوردوستان سەرچاوەیەکی گەورەیەتی، بەم شێوەیە کورد تەنها و تەنها خۆی فاکتەری سەرەکیە بۆ دیاریکردنی دواڕۆژ و ئایندەی خۆی، چونکە هەموو فاکتەرەکانی تر کار لەسەر کوردو هەڵوێست و گوتار و یەك و یەکگرتوویی و توانا و هێز و نەخشە و ستراتیژیەتی دەکەن، بۆیە پێویستە زۆر بەئاگاو هۆشیارو ژیر و حەکیم بێت لەهەر هەنگاوێکدا کەبەرەو ئایندە دەیهاوێژێت چونکە بچوکترین هەڵەو سەرسم دەبێتە هۆی کارەسات و مەرگەسات و دووبارەبونەوەی مێژووە ڕەش و خوێناویەکەی ڕابووردووی.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ناوخۆ و دەنگەکان و کوردوستان نێت))دا بلأوکراوەتەوە لە 4/18 و2007/5/1دا.

# ئەریٚ بەڕاست

# مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە ؟ *

*لەلای زۆر کەس مێژوو دوبارە نابێتەوە، چونکە زەمەن و کات کە بەسەرچوو هەرگیز ناگەڕێتەوە، بەڵام زۆر کەسی تریش پێیان وایە کە مێژوو ئەگەر کتومت وەك پێشتر دووبارە نەبێتەوە ئەوا بەشێوەو شێوازێکی تر پێدەچێت مەترسیدارترو خوێناوی تریش لەزەمەنێکی ئایندەدا دووبارە ببێتەوە.

گەر بڕوانینە مێژووی خەباتی گەلان و پێشکەوتنەکان و ڕووداوەکانیش دەبینین گەلێك لێك چوون هەیە لەنێوان زۆرێك لەڕووداو و بەسەرهاتەکاندا لەدوو زەمنی جیاوازدا، ئەگەر چی کتومت لەیەکتریش نەچن ، لەمێژووی خەبات و کارەسات و شۆڕش وکاولکاری وسەرنەکەوتنەکان و دوژمنایەتی و شەڕەناوخۆییەکانی کورددا، بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدان و دروست بون و ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری هەمیشە مێژوو بە ترسناکترین و خوێناویترین شێواز دووبارە بۆتەوە لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا، بەداخیشەوە هەرگیز سەرکردەو ڕابەرانی کورد پەندیان لەو مێژووە وەرنەگرتووە.

ئەوەتا زانای گەورەی نەتەوەی کورد مامۆستا (محمد امین زەکی بەگ ) لەکتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان )کەلەساڵی 1931 و1937 هەردوو بەرگەکەی نوسیوە، دەڵێت ((کەمێژووی کورد هەمیشە دووبارە بۆتەوە لەقۆناغە جیاوازەکاندا و ڕابەرو سەرۆك هۆزو سەرکردە سیاسیەکانیش پەندیان لێ وەرنەگرتووە)).

لەجێگەیەکی تردا دەڵێت(( بنەماو بناغەی هەموو بەڵاو نەهامەتیەکانی کورد بریتی بوون لەجەهل و فەقرو نیفاق و حەسادەت)) لەنێوان عەشرەت و ناوچەو ڕابەرو سەرۆك هۆزو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کورددا.

هەروەها دەڵێت:(( کەبنچینەی سەرکەوتن و گەیشتن بەڕزگاری و سەربەخۆی و بەهێزی پێویستی بە عیلم و سەروەت و سامان)) هەیە.

نمونەی هەموو کارەساتەکانی مێژووی کورد هەر لەڕووخانی دەوڵەتی مادو هەموو ئەمارەتە کوردیەکان و خۆخۆری وشەڕی ناوخۆی هۆزو عەشیرەت و ناوچە جیاوازە کوردیـەکان و خیانـەت و وڵات فرۆشـی لـەنێوان تاکـەکانی خێزانـە دەسـەڵاتدارە کوردیەکانـداو ڕێکنەکـەوتن و ئیتفـاق نـەکردن لەسـەر یـەکبون و یـەکگرتن و یـەك بەرنامـە بۆ بەرژەوەنـدی میلـەتی کـورد بۆتـە هـۆی لەدەسـت دانـی ئـەو دەسـەڵات و دەوڵـەت و ئەمارەتانـە و تائێسـتاش کـورد نـەیتوانیوە بگاتـە ئـاوات و ئامـانج و خواستەکانی لەسەر بەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا.

جـا ئـەو مێـژووە خوێنـاوی و پـڕ کارەسـاتانە گەرچـی لەسـەدەکانی ڕابـردوو داو لەزەمەنی جەهل و نەزانین و هەژاری و دواکەوتویدا ڕوویانداوە و بونەتە لاپەڕەیـەکی ڕەشی مێژووی گەلەکەمان، کەچی لەئێستاشداو لەزەمەنی بەجیهانی بونی دونیـادا و سـەردەمی تەکنـەلۆژیا و پێشـکەوتن و داهێنانەکانـداو سـەردەمی بـازاڕی ئـازاد وئـــابوری و بازرگـــانی و ســـەردەمی تێکچـــڕژاندنی بەرژەوەندیـــەکان و شارستانیەتەکان و سەردەمی عیلم و زانست و خۆش گوزەرانی و بونی سـەروەت و سامان و بونی حیزبی سیاسی و ڕابەرو سەرکردەی هۆشیارو سیاسی ناودار.

کەچی هەمان مێژووی ڕەشی ڕابردوو بەمەترسیدارترین شێواز دووبارە دەبێتـەوەو ئاینـدەی گـەل و نیشتمانەکەمان ڕووبەڕووی لەناوچون و بچوك بونەوەوکارەسـاتی جـەرگبڕ دەکـات و هەڕەشـەی لەناوچـون و نـەمانی ئـەم دەسـەڵاتە کوردیـە دەکـات کـەماوەی 15 سـاڵە لـەم بەشـەی کوردسـتاندا هاتۆتـە ئـاراوەو گـەلێك دەسـکەوتی گەورەو مەزنی بەدەستهێناوەو کێشەو مەسەلەو ناوبانگی کوردی لەدونیادا گـەورە کردوە.

ئــەوەتا لەســەر دەســتی حیزبــە سیاســیەکاندا دیــاردە دزێــوو قێــزەون و زیــان بەخشـەکانی ( عەشـیرەت گـەری و ناوچـەگەری وحەسـادەت و ململانێـی نـاوخۆیی حیزبایەتی وکێبڕکێی دەسەڵات و ئـابوری وئینشـقاق و دووڕووی و درز خستنە نـاو ڕیزەکـانی گەلەکەمانــەوە) ســەریان هەڵــداوە کەهــەموو ئــەم دیاردانــە لەکۆنــەوە تائێستا هۆکاری سـەرەکی دواکـەوتن و هـەژاری و بـەش مەینـەتی و سـەرنەکەوتنی کورد بون .

کەچـی لـەدوای سـەدەیەك و لـەم زەمەنەداهـەمان مێـژووی کارەسـاتبار دووبـارە دەبێتـەوە کەلەئێستادا کاریگەری‌و مەترسیەکانی لـەجاران زیـاترە ، چونکە کـورد لەئێسـتادا لەهـەموو کـات زیاترنزیـك بۆتـەوە لـەئامانج‌و خواسـتەکانی بۆیـە هـەر خیانـەت‌و هەڵگەڕانـەوەو فرۆشـتنی گـەل‌و نیشـتمان بەهـەر کـەس و لایـەنێك بێـت‌و بەهەر بڕو بیانویەك بێت سەدان جارو بگرە هـەزاران جـار گوناهـەو کاریگـەریـەکانی گەورەتر دەبێت لەسەر ئایندەی گەلەکەمان.
لەپێناو ڕێگە گرتن‌و دووبارە نەبونـەوەی هەڵـەکانی باوباپیرانمـان کەبونەتـە هـۆی ڕوخانـدنی حکومـەت‌و ئـەمارەت‌و شۆڕشـەکانی کـورد هـەر لـەمیرەکانی ئـەردەڵان‌و هەکاری‌و سۆران‌و بادینان‌و بابان‌و تاسەر شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری‌و شــێخی شــەمزینان‌و شــێخ ســەعیدی پــیران‌و و بەدرخانیــەکان وسمکــۆی شکاك‌وشێخی نەمرو شۆڕشەکانی بارزان‌و کۆماری کوردستان‌و چەندانی تر ..

- پێویستە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو جەماوەر کەنەهێڵن:

1.یـەك و یـەکگرتوویی ڕیزەکـانی پارتـە سیاسـیەکان‌و ڕێکخـراوە پیشـەییەکان‌و جەماوەر تێکبچێت .
2.حکومەت‌و دەسەڵاتی کوردی پتەوو بەهێزو چەسپاو و بەموئەسەسات بکرێت.
3.هەوڵی جدی بدرێت بۆ بەگژداچونەوەی گەنـدەڵی ئیـداری‌و دارایـی لـە حـزب‌و حکومەتدا .
4.بـەپێی یاسـا هـەموو پارتـە سیاسـیەکان پابەنـد بکـرێن بـە کارنـەکردن دژی بەرژەوەندی گەلی کوردو بەشدارپێنەکردنیان لەهیچ کۆڕو کۆبونەوەو بەرەیەکی دژ بـەکورددا وەکـو ئـەوەی لـە قـاهیرە لـە 2007/4/29دا سـازدراوە و یـەکگرتووی ئیسلامی کوردوستانیش بەشداری لەو بەرەیەدا کردووە .
5.پیرۆزکـردن‌و چەسپاندنی هەسـت‌و بیری نەتـەوەیی لـەناو بەرنامـەی خوێنـدن‌و لـەناو خێـزان‌و تـاکی کوردیـدا بـۆ ئـەوەی هـەموان ئینتیمامـان تـەنها بۆکـوردو کوردستان بێت لەجیاتی زیندو کردنەوەی دیـاردە زیـان بەخشـەکانی عەشـیرەت‌و هۆزو ناوچەگەری، کەهێزو یەکێتی گەلەکەمان پەرتەوازە دەکات‌و هەمیشـە خـاڵی لاوازە بۆ درزتێکردن‌و هەڵگەڕانەوەو خیانەت و نیشتمان فرۆشی .

6.توندو تۆڵ کردنی پەیوەندیەکانی کورد بەهێزە سیاسیە ناوخۆییە عێراقیـەکان کە لەکوردەوە نزیکن‌و دواتر لەگەڵ وڵاتـانی ناوچەکەو دونیاشـدا و بەتایبـەتیش زلهێزەکانی وەك ئەمریکاو بەریتانیاو یەکێتی ئەوروپاو...هتد .

7.گرنگـــی دان بـــەعیلم‌و زانســـت‌و پێشـــکەوتن و ئـــاوەدانی‌و وەبـــەرهێنان لەکوردستاندا .

* هەموو ئەم کارانە زامنی ڕۆژێکی نویٚ و قۆناغێکی نوێیە بۆ ئایندەو نـەوەکانی داهاتومـــان و پاراســـتنی ئـــەو دەســـتکەوت‌و دەســـەڵاتەی ئێســـتامان ، بەپێچەوانەشەوە ئەوا مێژووە کۆن‌و ڕەش و خوێناویەکەی گەلەکەمان لەئێستادا بەخراپترین شێوازخۆی دووپات دەکاتەوە وەخەرمانی خەبات‌و دەسکەوتەکانمان گڕتێبەردەدات و خەونەکانیشمان بەنەزۆکی دەهێڵێتەوەو ئەو کاتەش پەشیمانی دادی هیچ کەس و لایەن و سەرکردەیەك نادات .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ڕۆژەڤ وکوردیش وێب وکوردوستان نێت و دەنگەکان )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ))دا بلاْوکراوەتەوە لە 5 و6 و7و2007/6/16دا.

# ئەرکەکانی حکومەتی هەرێم

# لەنێوان ململانێی حیزبایەتی عیلمانی و ئیسلامیەکاندا *

- ئـەم ناوچـەیە بەتایبـەتی و دونیـاش بەگشـتی بـەهۆی کێشـەی ئـەتۆمی ئێرانەوە و ململانێی لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپادا بۆتە ناوچەیەگی گەرمی پڕ کێشە و چەندان گریمانـە و پێشبینی بۆ ڕووداوەکـان دەکرێـت لـە ئێستاشـدا گریمانـەی هێرشـکردن و لێـدانی ئێـران لەلایـەن ئـەمریکاوە گریمانەیـەکی زۆر بـەهێز و چاوەڕوانکراوە، بـەلآم هێرشـکردنە سـەر ئێـران کـارێکی سـاناو سـەرپێی نیە.بۆیـە ئـەمریکا بـەگرنگی و لێووردبونـەوەی زیـاترەوە ئـەم کـارە هەڵدەسـەنگێنێت و دەیەوێت وەك چارەنوسی عێراقی لێبەسەرنەیەت، بەلآم لە بەرنامـە و سـتراتیژیەتی ئـەمریکادا هەیـە کـە ئێـران بـەم هێـزو دەسـەلآت و نفوزەیـەوە نەمێنێتـەوە لەناوچـەکەدا.پڕۆژەی ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاسـتی گـەورەی ئـەمریکا کـە داڕشـتوە بـۆ گـۆڕینی سـەرتاپای ئـەم ناوچـەیە ئێـرانیش یەکێکـە لـەو وولآتانـەی کـە پڕۆژەکـە دەیگرێتەوە.هێرشـکردنە سـەر ئێـران کاریگـەری گـەورەی دەبێـت لەسـەر ئاینـدەی ناوچەکە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت زۆر بەووریایی و زیرەکانـە ئەو کارەبکات.ئێران لـە ئێسـتادا خـاوەن توانـای مـادی و مرۆیـی زۆرە و هـەوڵی بەدەسـتهێنانی وزەی ئـەتۆمیش دەدات کـە بـەم کارەشـی ئـەمریکاو ئەوروپاشـی هەراسـان کـردووە و پشـتگیریەکی گەورەشـی لەلایـەن دەوڵـەتانی عـەرەبی و ئیسلامیشـەوە لێـدەکرێت، بەمەش ئێران مەترسـی زۆری دروسـتکردوە بـۆ سـەر بەرژەوەندیـەکانی ئـەمریکا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی هاوپەیمانی ئەمریکا لەناوچەکەدا. و هەرکاتێکیش ئەمریکا بڕیاری لێدانی ئێرانی جێبەجێکرد . ئەوا بەدڵنیاییـەوە کاریگـەری دەبێت بۆ سەر هەموو دونیاو ناوچـەکەو بەتایبـەتیش وولآتـانی دەرودراوسـێ و لەوانـەش هەرێمی کوردوستان و بۆیەش پێویستە کە حکومـەتی هـەرێم ئـەرك و کـاری خـۆی بۆ ئەو قۆناغە ساز و ئامادە بکات و چەندی پێدەکرێت خزمـەتی هاولآتیـان بکـات و ئامادەباشی بکات بۆ هەموو ڕووداو پێشهاتەکانیش.

❖ ئەرکی حکومەت و دەسەڵات لەبەرامبەر گەلدا ئاشکرایە و دەبێت:-

1.هەوڵی داڕشتنی بەرنامە و ستراتیژی گرنگ بێت بۆ کارو خیتابی سیاسی داهاتووی کوردی لەبەرامبەر عێراق و دراوسێکان و دونیاشدا.

2.هەوڵی چەسپاندنی ماف و ئەرکی کورد بدات لەچوارچێوەی یاساو دەستووری عێراقی و کوردوستانیدا.

3.هەوڵی چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادیەکان(( ڕادەربڕین و میدیاو کاری حیزبایەتی و پیشەیی و ڕێکخراوەیی و مەدەنیەکان)).

4.هەوڵی سەروەرکردنی یاسا بدات و بڕوابهێنێت بەئاشتی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لەڕێگەی شەرعیەت و هەڵبژاردن و صندوقەکانی دەنگدانەوە. نەك زەوتکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ حیزبێك یان دوان.

5.هەوڵی باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بدات.

6.هەوڵی پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزاریە پێویستی و ڕۆژانەییەکان بدات.

7.هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی کوردوستان و بوژانەوەی بازاڕ و بازرگانی بدات.

8.هەولأی نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری ودارایی و کۆمەلأیەتی بدات.

9.هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری و نەزانین بدات.

10.هەوڵی بەزیندووکردنەوەی ئینتیما بۆ کوردو کوردایەتی بدات و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕای گشتی لەو بارەیەوە دوور لە ئینتیما بۆ سەرکردە و حیزب و بنەماڵە و عەشیرەت و مەزهەب و ناوچەگەرێتی و تەکەتولچێتی و دڵڕازیکردن و خزخزمێنە و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت.

11.هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و منداڵ و ژنانیش بدات بەبێ جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبی و...هتد.

- کورد بەهۆی ئەوەی کە تائێستا نەبۆتە خاوەنی کیان و ئاڵاو شەرعیەتی سەربەخۆی خۆی.بەوهۆیەشەوە نەشبۆتە خاوەن یەك بەرنامە و ئایدیاو خیتابی سیاسی و ستراتیژی خۆی.لەبەرئەوە تائێستاش دابەشبۆتە سەر بیروڕاو بەرژەوەندی و تێڕوانینی حیزبی تەسك و بچووك بەنەتەوەیی و ئیسلامیەکانیشەوە.ئەمەش وایکردوە کە هێندەی ئینتیما بۆ سەرکردە و ڕابەر و

حیزب وبنەماڵە و ناوچەو عەشیرەت و ئاین و مەزهەب زاڵە نیو هێندە ئینیما بۆ گەل و نیشتیمان و بەرژەوەندیە باڵاکان زاڵ نیە.

مێژووی خەباتی کوردایەتی لەکۆنەوە تائێستا بەهەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیەوە چ نەتەوەیی بوبێت یان ئیسلامی هەموویان بەهۆی (( جەهل و فەقر و دواکەوتوویی و حەسادەتی نێوانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و عەشایەر و ناوچەوە)) سەرنەکەوتن و بە ئەنجام نەگەیشتوون، هەر ئەو دابەشبونی ئینیمایەش بۆتە هۆی یەکنەگرتن و سەرنەکەوتنی کورد، لەئێستاشدا مێژووی کۆنمان خۆی دووپات دەکاتەوە بەلاّم بە مەترسیدارترین شێواز.

کورد هەمیشە لەشەڕ و جەنگ و مەیداندا سەرکەوتووبوە، بەلاّم مەخابن لە دەسەلاّت و ئیدارە و سیاسەت و دیپلۆماسیەت و مێزی گفتوگۆکردندا و بەهۆی هەڵە و خراپ هەڵسەنگاندن و تێنەگەیشتنی حسابات و هاوکێشە سیاسیەکانەوە ئەوەی بەدەستیان هێناوە لەسەر مێزی گفتوگۆ و دانوسان بەبەلاش دۆڕان ودیانەتەوە.هەروەها بەهۆی غرورو لەخۆباییبوون و حساب بۆنەکردنی هاوپەیمان و تەنانەت براکانیشیەوە کەوتۆتە هەڵەی کوشندەوەو ئەمەش سەرەتایەك بوە بۆ تێکچوونی ڕیزەکان و درزکرکردنە ڕیزەکان و جیابونەوە و پەرتبوونی هێز و تواناکان و بەمەش ئەنجام لەدەستدانی دەسەلاّت و خەون و ویستەکان بوە.

هۆکاری دروست نەبوونی متمانەی نیشتیمان پەروەری و کاری هاوبەش لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار و ئیسلامیەکانی کوردوستاندا بەدەر نیە لەم ڕەوتە مێژوییە.هەردوولاش بەتێڕوانین و بۆچوون و بەرژەوەندی دەسەلاّت بۆ خۆیان بیردەکەنەوە . نەك بەیەك ستراتیژ و بەرنامەی نیشتیمانی بالاّ.زۆر جارانیش بەدوور لەخواست و ویستەکانی خۆیان و لە ژێر گوشار و فشاری هێزە دەرەکیەکانەوە لە دراوسێی و ناوچەکە و دونیاشدا بڕیارەکانیان داوە کە ئەمەش هەرگیز لەبەرژەوەندی نیشتیمان و نەتەوەدا نیە و نەبووشە، هەربۆیەش ئەزمونی پێکەوەژیان و کارکردنی عیلمانی و ئیسلامیەکان لە کوردوستاندا لەهەڵکشان و داکشاندایە وتائێستا تەباو گونجاو و هاوڕا و هاوخیتابی سیاسی نیشتیمانی و نەتەوەیی نین.

بەڵام پێشبینی دەکرێت لەداهاتوودا و لەئەنجامی کامڵ بوونی هەردوولایان لە دەسەڵات و ئیدارە و پەرلەماندا و لەژێر سایەی مەترسیەکان و هەڕەشەکانی دوژمناندا هەمووان عاقڵانەتر بیربکەنەوە و دەست بخەنە دەستی یەکتر و بەیەك بەرنامە و بیرو هێزەوە ڕووبەڕووی هەموو پێشهات و ڕوداوە سیاسیەکان ببنەوە و ڕێگە بە لەناوچوون و بەفەنا بردنی ئەم ئەزموونی دەسەڵاتە خۆماڵیە بگرن. ئەمەش زەمەن زامنی وەدیهاتنێتی و خەونی هەموو ئیسلام پەروەرو کورد پەروەرێکی ڕاست و ساغڵەمیشە.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( کوردیش وێب و ئیسلام پەیك و کوردوستان نێت و کوردوستان پۆست و ڕۆژەڤ))دا بلأوکراوەتەوە لە 11و13و2007/7/21دا.

## شۆڤێنیەتی تورکیا

## لەبەردەم ئاشتیخوازیو دیموکراسی کورددا شکست دێنێت *

* ئاشکرایه لەڕۆژانی 29و2007/6/30دا کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونالْ لەشاری جنێفی سویسری سازدرا، بەبەشداری زیاتر لە نوێنەری 100 دەوڵەتو پارتی سیاسی لەهەموو دونیادا، هەر لەسەرۆكو سەرۆك وەزیرانو وەزیرو سەرۆکی پارتی سیاسی کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن .

ئاشکرایە SI بەدووەم ڕێکخراوی گەورەی جیهانی دادەنرێت لە ڕووی ژمارەی ئەندامانیەوە لە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.ئەم ڕێکخراوە هەموو پارتێکی سیاسی لە خۆدەگرێت کە بڕوای بەسێ کوچکەی (ئاشتیو دیموکراسیو عەدالەتی کۆمەلأیەتی ) هەبێتو لەبەرنامەی سیاسی خۆیدا بیچەسپێنێتو هەوڵی بەدیهێنانیشی بدات .

یەکێك لەو ئەندامانەی کە بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوو وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو وەك ئەندامێکی کارای ڕێکخراوەکە بەسەرۆکایەتی بەڕێز "مام جەلال "وەفدێکی هاوڕێی لە بەڕێز "مەسعود بەرزانی " سەرۆکی هەرێمو مەکتەبی سیاسی هەردولاو چەند کەسایەتیەکی عیراقیش .

ئامادەبونی بەڕێز "مام جەلال "هەم وەك سەرۆکی کۆماری عێراق و هەم وەك سکرتێری گشتی "ی.ن.ك "بەهەموو سەنگو قورساییو مێژوو خەباتی لەو پێناوەدا، هێندەی دی گرنگی کۆبونەوەکەو ئامادەبونیانی زیاد کرد .

بەڕێز "مام جەلال " لە دوو ووتاری کردنەوەو کۆتایی کۆنگرەکەدا باسێکی دورودرێژی ئاشتیو پێکەوە ژیانودیموکراسیەتو بارودۆخی عێراقو کوردستانی کرد، جەختی لەسەر پێکەوە ژیانو ئاشتیو تەبایی هەموو گەلانی ناوچەکەی کردەوە دوور لە بەکارهێنانی هێزو توندو تیژیو ئیرهاب .

ئەم وتانەی بەڕێز "مام جەلال "بونە مایەی خۆشحاڵیو پەسەندکردنو چەپلەڕێزانو هەستانە سەرپێی سەرجەم ئامادەبوانو هەموانیش پشتگیریان لەکارو کردەوەو هەڵوێستی کورد کردەوە لەم قۆناغە ناسکەدا .

بەتەنیا ساین ( دێنیس بایکاڵ ) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا نەبێت، کە بەگیانێکی شۆڤێنیو کورت بینیو دوور لە هەموو هەڵسوکەوتێکی لێپرسراوانەو سۆسیالیستانە ناڕەزایی دەربڕیو چووە دەرەوەی هۆڵەکە لەکاتی خوێندنەوەی وتەکانی بەڕێزان "مام جەلال " و" کاك مسعود"دا .وهەرئەمەش وایکرد کە سەرجەم ئامادەبوان ناڕەزایی دەربڕنو ئاگاداریشی بکەنەوە کە ئەو هەڵسو کەوتو مامەڵە ناشارستانیە لە قازانجی تورکیادا نیە .

ئەم هەڵوێستە شۆڤێنیو دەمارگیریو تورانیەی دێنیس بایکاڵ ئەو ڕاستیە دەردەخات کە تاکو ئێستاش تورکیا و سەرکردەکانی بەئیسلامیو عیلمانیو توندڕە و میانڕەوەوە بڕوایان بە ئاشتیوپێکەوە ژیانو مافی چارەنوسی گەلان نیە بەتایبەتیش گەلی کورد.

ئەوان لەئێستاشدا بەڕۆحیەتی سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانیو کەمالیەکان کاردەکەن و خۆیان بەمیراتگری عوسمانیەکان دەزانن‌و داوای خاکی ئەو وڵاتانە دەکەن کەپێش لە سەدەیەك لەژێر دەسەلاتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا بون وەك ویلایەتی موصڵ.سەرکردەکانی تورکیای ئێستا هەروا دەزانن کە سەردەم ساڵی 1923ی ڕێکەوتنامەی لۆزانە ، نازانن کە دونیا شەپۆلێك گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی بەسەردا هاتوە هەر لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازی و پەیوەندیە نێودەوڵتیەکان و ...هتد. ئەو تورکیایەی ئەو کاتەو سەدەی بیستەم نەماوەو بەهەمان شێوەش کوردیش هەمان ئەو کوردە بێ بەشو بەشخوراو ودابەشکراوو بێ پشتو پەنایەی جاران نەماوەو مەسەلەی کوردیش وەك جاران بچوكو قەتیس کراو نەماوە کە تورکیاو ناحەزانی کورد ڕێگەی چارەسەرکردنی لێبگرن بەشەڕو توندو تیژیو هەڕەشەو گوڕەشە .

کورد لە ئێستادا لە هەموو دونیاو ناوچەکە بەگشتیو لە عێراقدا بەتایبەتی دەنگو ڕەنگی بینراوەو لە هەموو هاوکێشەو گۆڕانکاریەکاندا حسابی بۆ دەکرێت وەك گەلێکی ئازادو زیندوو ئاشتی خواز.

ئەم کۆنگرەیە جارێکی تر سەلماندیەوە کە کورد بێ پشتو پەناو بێ کەس نەماوەتەوە تا تورکە شۆڤێنیو تورانیەکان بەئارەزوی خۆیان دەنگو ڕەنگی کپو بسڕنەوە .

هەڵوێستی SI بۆ بەڕێز "مام جەلال"و کورد نامەیەکی بەهێزە بۆسەرانی تورکیاو سوپاکەیو بۆ هەموو ناحەزانی تری کورد کە بۆیان نیە بەشەڕو توندو تیژی کورد بچەوسێنەوە، ودونیا و هێزە گەورەکان لە ئەوروپاو ئەمریکادا ڕێگەیان پێ نادەن.

هەر بۆیە لە دوای ئەم کۆنگرەیەوە هەقە سەرانی تورکیا عاقڵانەترو مەنتیقانەتر هەڵسو کەوتو مامەڵە لەگەڵ کوردو مەسەلەو سەرکردایەتیەکەیدا بکەن وەك دیفاکتۆ، چونکە دوور لە ئاشتیو پێکەوە ژیانو تەبایی هیچ لایەکیان سوودمەن نابن، بۆیە پێویست دەکات مەسەلەی پەکەکەو دراوسێیەتیو کاری هاوبەش لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە سنورەکانو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان بێتو بەشێوازی سیاسیو دیبلۆماسی گفتۆگۆیان لە بارەوە بکرێت نەك بەهەڕەشەو هێرشی سەربازی و ...هتد، بەپێچەوانەوە تورکیاو سەرانی تورکیا گەلی تورك دەخەنە گێژاوێکەوە کە دەرچونیان سانا نابێت، چونکە ئەوان لە ئێستادا تەنیا بەو کارەیان دژی کوردنین بەڵکو دژی بنەمای ڕێکخراوێکی گەورەی سیاسیشن لەدونیادا، چونکە کوردو ( ی.ن.ك ) ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوەن، و ئەم هەڵوێستو پشتگیریەی SI لە کوردو "مام جەلال" سەرەتای ئەو هەڵوێستەیە دژی تورکیا. "مام جەلال" بەم هەڵوێستە نەرمو نیانوژیرو ئاشتیخوازو دیموکراسیانەی توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێتو شۆڤێنیەتو تورانیەتی تورکیاش شکست پێبهێنێت .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( ئەمڕۆ))دا بلاْوکراوەتەوە لە 2007/7/21دا.

# پەکەکەو پژاكو هەڵوێستیان لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا لەم قۆناغە ناسکەدا *

* ئاشکرایە ئەم دەسکەوتو ئەوئەزموونەی باشوری کوردستان لە ئەنجامی خوێنو خەباتێکی گەورەو دورودرێژی گەلەکەمان هاتۆتەدی، لەو پێناوەدا چەندین کارەساتی خوێناوی و مەترسیدار بەسەر بونو مافی گەلو نیشتمانەکەمان هاتوەو کارگەیشتۆتە ئەوەی کە جوگرافیای مێژووی ئەم گەلو نیشتمانە بەهۆی سوتماکردنو جینۆسایدکردنو ئەنفالو کیمیابارانی گەلەکەمانەوە سەرتاپای بسڕێتەوەو بۆ هەتاهەتاشە نەکورد وەك نەتەوەو نەکوردایەتیش وەك بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازو ڕزگاریخوازی گەلەکەمانو نە مەسەلەیەکیش بەناوی کوردەوە بمێنێت.جا لەئێستاداو لەئەنجامی ئەو هەموو خوێنو فرمێسكو خەباتەدا توانراوە لەم بەشەی کوردستاندا ئاسۆیەکی ڕونو تروسکەیەکی ڕوناکی بەدەست بهێنرێت کە ئەگەر بەعاقڵانەو ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکەو دونیادا بکەن، زۆر نزیکە ئەم تروسکاییە ببێتە ڕۆژێکی گەشو پرشنگدار بۆ هەرسێ پارچەکەی تری کوردستانو ببێتە هاوکارو جێگەو لانەی حەسانەوەو گۆڕینو سەندنەوەی ڕزگاریخوازەکانیان چ لە ڕێگەی خەباتی چەکداریەوە بێت یان لە ڕێگەی خەباتی ئاشتیو جەماوەریو هەڵبژاردنەوە بێت.

بۆیە ئەرکی هەموانە کە ئەم ئەزموونو دەسەڵاتە خۆماڵییە بپارێزینو نەیگۆڕینەوە بەهەندێ دەسکەوتی بچوكو کاتیو هیچ کاتێکیش بیانویەك نەدەیتە دەست دوژمنانی ئەم دەسکەوتو دەسەڵاتی کوردیە بۆ ئەوەی گەلەکۆمەکی لێبکەونو دوژمنان هێرش بکەنە سەریو لە ناوی ببەن.

ئاشکرایە کورد لەم بەشەی کوردستانداو لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی سەدامیش لە ساڵی 2003 داو بەبەشداریکردنی کارای لە پرۆسەی سیاسی عیراقی نوێداو داڕشتنەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری سێیەم لە عێراقدا لەسەر بنچینەی ئازادیودیموکراسیوفرەییو فیدڕاڵی، کورد بۆتە شەریکێکی

گەورەو گرنگ لە عێراقی نوێداو گەلێك دەسکەوتی زۆر گرنگی دەستوریو شەرعیو جەماوەری بەدەست هێناوەو هیچ کەسو لایەنو گروپو ئاینو مەزهەبو نەتەوە ودەوڵەتێکی ناوچەکەو دونیاش ناتوانێت نکۆڵی لە بونوکاریگەری کورد بکات، نەك هەر ئەوە بەڵکو کورد بۆتە هۆکاری تەباییو ئاشتیو پێکەوە ژیانو هەموو ڕەوتو بۆچونە سیاسیو دینیو مەزهەبیە جیاوازیەکانیش لە عێراقدا، بەم شێوەیە کورد هۆکارو فاکتەری پاراستنی یەكو یەکگرتوویی خاكو گەلی عێراقە .

لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ مەسەلەو مافی ڕەوای گەلەکەشمان ماوە کە بهێنرێتە دی، ئەوەش بەخەباتو کۆڵنەدانو یەك و یەکگرتووی ڕیزەکانی گەلەکەمانو چەسپاندنو بەهێزی ئەم دەسەڵاتە دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا.بۆیە بەدەستهێنانی ئەم مافو داواکاریانە بەندە بە بەهێزی ئەم دەسەڵاتەو بەردەوامبونیو چەسپاندنی لە کورستاندا، بەم شێوەیەش ئەم قۆناغەی ئێستای خەباتی گەلەکەمان گەلێك هەستیارو ناسكو گرنگە، چونکە ئەگەر جاران لە دژی یەك دوژمنی سەرسەختو ئاشکرا خەباتمان دەکرد لە ئێستادا دەیان دوژمنی ئاشکراو نهێنی بۆ مەسەلەی کورد پەیدابووە لە ژێر چەتری شەرعیەتو دەستورو پەلەڕمانو هەڵبژاردنو دیموکراسیدا دوژمنایەتی مادەو مافو بونمان دەکەن.هەر بۆیە پێویست دەکات کە بچوکترین بیانوو نەدەینە دەست هیچ گروپو دەوڵەتێك کە کار بۆ نەمانو ڕوخانی ئەم دەسەڵاتەمان دەکەن .

* ئاشکرایە هەردوو پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا "پەکەکە" و پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی ئێران " پژاك " لە ئێستادا لە ناوچە سەر سنوریەکانی هەرێمی کوردستان بەڕووکاری هەردوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیادا، ناوبەناو هەندێ چالاکی زۆر بچوكو دیاریکراودژی هێزی سوپاو پاسدارانی ئەو دوو وڵاتە دەکەن کە زەرەو زیانەکانی ئەو چالاکیانە هێندە کەمن کە تەنانەت بەراوردیش ناکرێت لەگەڵ ژمارەی قوربانیانی کارەساتە ئوتومبێلەکان لە شارەکانی ئەو وڵاتانەدا .

جابۆیە نەکردنی ئەو چالاکیانە گەلێك سوودی زیاترە لە کردنیان، چونکە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە بیانویەکی باش دەداتە دەست هێزەکانی ئەو دوو وڵاتە

کـــە هێـــرش بکەنـــە ســـەر ســـنورەکان، لـــە ئـــەنجامی تۆپبـــارانکردن و تـــەقوتۆق زەرەوزیانێکی گەورەی مرۆیی ومادی لەو ناوچانە دەدەن و نائارامی و پشێویەکیش دەنێنەوەو بارودۆخی ئارامی هەرێم تێکدەدەن و ڕێگەش خۆش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو ولاٌتانەش گروپ و چەکداری تیرۆرستی زیندوو بکەنەوەو بیانێرێتە ئەم دیوی سنورەکان و ترس و دلٌە ڕاوکێ دروست بکەن بە گروپەکانی ئەنسارولئیسلام و تۆپبارانکردنی ناوچەکانی حاجی هۆمەران لەلایەن ئێرانەوەو هەڕەشەو گوڕەشەی تورکیاو هێنانی زیاد لە200 هەزار سوپاو تۆپبارانکردنی ناوچەکانی زاخۆ و کانی ماسی و خواکوڕك..هتد.ئەگەر ئەم دوو پارتە درێژە بەو کارانەیان بدەن زۆرنزیکە ئەو دوو ولاٌتە بەتواناای گەورەتری سەربازی و فڕۆکەو تانك و زرێپۆشەوە بێنە ناو هەرێمی کوردستان و ئەم دەسکەوت و ئاوەدانی و ئازادیەکانمان لێ زەوت بکەن .

بەدلٌنیایش ئەو کارەیان دەکرد ئەگەر بونی ئەمریکا لە عێراقدا نەبوایە، پێشبینی دەکرێت لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ئەوکارە ئەنجام بدەن .

بۆیە مانەوەو بەهێزکردن و چەسپاندنی ئەم دەسەلاٌتە خۆمالٌیە ئەمانەتە لە گەردنی هەموو کوردێك لە هەر جێگەیەك بێت و ئەو لایەنەشی هەولٌی لە ناوبردنی بدات دەکەوێتە بەر نەفرەتی مێژوو نەوەکانی داهاتوشمانەوە، چونکە لە ئێستاداو کورد لە عێراقی نوێداو بەتایبەتیش لەم سالٌدا گەلێك ئەرك و کاری گرنگی لە پێشە، خۆ ئەگەر سەرقالٌی ئەم کێشەو گرفتانە بێت لەسەر سنورەکان کە پەکەکەو پژاك دروستی دەکەن ئەوا ناتوانرێت نەمادەی 140 ی دەستور و نەیاسای نەوت و گازی سروشتی و نەکێشەی بودجە چارەسەر دەکرێت کە لە ئێستادا ئەمانە گرنگترین و لە پێشترین کاری سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( کوردوستان نێت ودەنگەکان و ڕۆژەۀ وکوردیش وێب )) و ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە))دا بلاٌوکراوەتەوە لە 7/30 و2و2007/8/5دا.

# هاوپەیمانی کورد لەگەڵ سوننە یان شیعەدا ستراتیژی و سەرکەوتوە؟ *

- ئاشکرایە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و بەتایبەتی لە ئێستادا ڕووبەڕووی تەنگژە و مەترسی پەککەوتن و گەڕانەوە بۆ خاڵی سفری لێدەکرێت.بەوەی کە گوشار و فشارە دەرەکی و ناوخۆیی و ناوچەییەکان گەلێك زیادیکردوە لەسەر حکومەتی (( د.نوری مالکی )) کە هەڕەشەی ڕووخان یان گۆڕینی جدی لەسەرە. ئەوەتا دوانزە وەزیر لەکابینەی حکومەتدا دەستیان لەکار کێشاوەتەوە لە لیستەکانی ئەلعێراقیە و تەوافوق. بەهەمان شێوە لە پەڕلەمانیشدا کە سەرچاوەی متمانە پێدانی ئەم حکومەتەیە ناڕەزایی و دژایەتی گەورە دروست بوە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی گەورەترین لیستی یەکگرتووی شیعەکان خۆیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان لیستەکانی تریشدا.ئەمەش بۆتە هۆی تێکچوونی بەلانس و ژمارەی پاڵپشت و دژەکانی ئەم حکومەتە.

ئاشکرایە ژمارەی کورسیەکانی پەڕلەمانی عێراق 275 کورسیە و دابەشبۆتە سەر 141کورسی بۆ لیستی شیعەکان و55کورسی بۆ هاوپەیمانی کوردوستان و 44 کورسی بۆ بەرەی تەوافوق و 25 کورسی بۆ لیستی ئەلعێراقیە و11 کورسی بۆ بەرەی دایەلۆگی نیشتیمانی و 5 کورسی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی و 11 کورسی تریش بۆ هەموو لیست و لایەنەکانی تر. بەلام لە ئێستادا ڕەوتی صەدر کە خاوەن 30 کورسی و لیستی فەزیلە خاوەن 20 کورسی و لیستی ڕیسالیون خاوەن 2 کورسین لەلیستی شیعەکان کشاونەتەوە و بەمەش ئەو لیستە ژمارەی کورسیەکانی کەمبۆتەوە و بەبێ هاوپەیمانی کوردوستان ناتوانێت زۆرینە بەدەست بهێنێت و یاسا و بڕیارەکان تێبپەڕێنێت لە پاڕلەماندا. سوننەکانیش لەبەرەی تەوافوق و هەندێکیشیان لەلیستی ئەلعێراقیە وبەرەی دایەلۆگدا کۆبونەتەوە بەهەمان شێوەی شیعەکان لە بەردەم ڕای جیاواز و هەڵوەشانەوەی لیستەکانیاندان و ئەندام پاڕلەمان و وەزیرەکانیان پابەندنین

بەڕێنمایی و یاساکانی لیستەکانیانەوە. ئەوەی کە مابێتەوە بە یەکگرتوویی تەنها لیستی هاوپەیمانی کوردوستان و لیستی یەکگرتووش لە گەڵیاندا کۆکن لەسەر مەسەلە کوردییەکان.

بەم شێوەیە حکومەتی د. مالکی لەبەردەم هەڕەشەی لێسەندنەوەی متمانەی پەرلەماندایە بەهۆی لەدەستدانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان. هەر لەهەمان کاتدا لیستی بەرەی تەوافوق 11 داواکارییان پێشکەش کردوە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت ئەوا لە پاڕلەمان و حکومەتیش دەکشێنەوە هەر لە جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و شەش وەزیر و 44 ئەندام پەڕلەمان. لیستی ئەلعێراقیەش بەهەمان شێوە.

لەسەر ئاستی ناوچەییش حکومەتی مالکی تەنها جێگای ڕازیبونی ئێران و سوریەکانە لە ڕوانگەی تایەفی و مەزهەبیەوە.بەڵام هەموو دەوڵەتانی سوننە مەزهەبی عەرەب و هی دیکە تائێستا بە گومان و دوو دڵیەوە لەم حکومەتە دەڕوانن.لەسەر ئاستی دەرەکیش هەر لە ئەمریکا و بەریتانیا و ...هتدوە، ئەم حکومەتە بەلاواز و بێدەسەلأت لەقەڵەم دەدەن.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆ ڕزگارکردنی ئەم حکومەتە لە ڕووخان و گۆڕین چ ڕێگا چارەیەکی لەبەردەمدایە؟ ئایا کورد وەك هاوپەیمانی سەرەکی تاکۆتا لەگەڵ ئەم حکومەتەدا دەمێنێتەوە؟ ئایا هاوپەیمانی کورد لەگەڵ شیعە یان سوننەدا ستراتیژ و گرنگە بۆ دواڕۆژی داواکاری و ماف و مەسەلەکەی؟... دەیان پرسیاری تریش...

ئاشکرایە ڕووخان یان هەر گۆڕانێکی گەورە لەم حکومەتەدا پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەخاتە بەر مەترسی و هەڕەشەی گەورە و ناوچەکە و دونیاش تووشی کارەسات دەکات و هێزی تیرۆریستانیش بەهێزتر دەکات و هێزەکان و سیاسەتەکانی ئەمریکاش لەناوچەکەدا لاواز دەکات و پڕۆسەکە دەگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا و پێدەچێت فەوزایەکی گەورە دروست ببێت. بۆیە مانەوەی ئەم حکومەتە و پشتگیرکردنی بۆتە دیفاکتۆ چ کورد و چ ئەمریکا و ...هتد هەوڵی جدی دەدەن بۆ پشتگیرکردنی و بەردەوامبوونی ئەم حکومەتە لە ڕێگای

چاكسازی و بەهێزكردنی سوپا و پۆلیس و چەسپاندنی دام ودەزگا دەوڵەتیەكان و...هتد.

- د. نوری مالكی چەند ڕێگا چارەیەكی لەبەردەمدایە كە ئەگەر جێبەجێی بكات ڕەنگە درێژە بەتەمەنی حكومەتەكەی بدات لەوانە:–

1.درێژەدان بە هاوپەیمانێتی ڕاستەقینە لەگەڵ كورددا ئەویش بە دڵڕازیكردن و جێبەجێكردنی داواكاریە ڕەواكانی گەلی كورد لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا. هەر لەمەسەلەی بودجە و هێزی پێشمەرگە و یاسای نەوت و گاز و جێبەجێكردنی مادەی 140 ی دەستورەوە و ...هتد.

2.نەرمی نواندن و تەنانەت تەنازولیش لەبەردەم داواكارییەكانی بەرەی تەوافوقدا ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی كاتیش بێت وەك تاكتیك.

3.دەبێت هێزی پۆلیس و ئاسایش و سوپای عێراقی بەهێز بكات . بۆ ئەوەی لەكاتی پاشەكشە یان كەمكردنەوەی هێزەكانی ئەمریكادا بتوانێت پارێزگاری لە حكومەت و ئاسایشی وڵات بكات.هەروەها پێویستە ئەو بەڵێنانەی كە داویەتی بە ئەمریكیەكان لە نەهێشتنی گەندەڵی و ئاشتەوایی سەرتاسەری و دەركردنی یاسا گرنگەكان لە پەرلەماندا جێبەجێ بكات.

4. ئەو سیفەتە یان ئەو ناوزڕاندنە تایەفییەش لەحكومەتەكەی بكاتەوە و بتوانێت پەیوەندیەكانی لەگەڵ دەوڵەتە سوننە مەزهەبەكانی ناوچەكەش بەهێز بكات. بەپێچەوانەشەوە د. نوری مالكی و حكومەتەكەی ناتوانێت لەبەردەم ئەو هەڕەشە و فشارانەدا خۆی ڕابگرێت.

- وەك ئاشكراشە كورد هەمیشە برای تەبایی و ئاشتی و ڕێكخستنەوەی ماڵی عێراقی و نزیككردنەوەی ڕاوبۆچونە جیاوازەكان بووە لە نێوان شیعە و شیعە.سوننە و سوننە، سونە وشیعەكانیشدا. بەمەبەستی ڕزگاركردنی پڕۆسەی سیاسی و بەرەو پێشبردنی. بەڵام ئایا كورد تاسەر دەتوانێت بەم شێوەیە هەڵوێستی هەبێت. یان دەبێت خۆی ساغ بكاتەوە بەلایەكدا و چاو بخشێنێتەوە بە هاوپەیمانێتیەكانیدا لەگەڵ سونە و شیعەدا و كامیان لە بەرژەوەندی و ئایندەی مەسەلەكەیدایە هەڵیببژێرێت.كە ئەمەش بیری تیژ و عەقڵكراوەیی و

خوێندنـەوەی ڕاسـت و دروسـتی ڕوودا و وپێشـهاتەکانی گەرەکـە و گونجانـدنی بەرژەوەندیەکانی کوردە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکاندا. لێرەدا پرسیار ئەوەیـە ئایا هاوپەیمانی کورد لەگەڵ سوننە یان شیعەدا ستراتیژی و گرنگە؟

سەرەتا دەبێت ئەم ڕاستییانە لەبەر چاوبگیرێت:-

1.شیعە زۆرینـەی ڕەهایـە لـە عێراقدا و بەدیموکراسـی و هەڵبـژاردن بێـت هەمیشـە لیستی براوە و یەکەمە و دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت کە لایـەنی جێبـەجێکار و باڵادەستە، ئەگەر یەك و یـەکگرتووبن. بەڵام ئەگـەر پارچە پارچە و سـەر بەلیسـتی جیاوازبن خوێندنەوەکان دەگۆڕێن.

2. ئێـران وڵاتێکـی گـەورەی شیعە مەزهەبـە کـە کاریگـەری و ڕۆڵـی بەرچاوی هەیـە لەناوچەکەدا و لە دونیای ئیسلامیدا و جۆرە هەڕەشەیەکیشە بۆ دەوڵەتانی سـوننە مەزهەبی کەنداوی عەرەبی و ئیسڕائیل و لـە ئێستاشـدا تاکە کێبڕکێـی سـەرەکییە لـەدژی ئـەمریکا و بەرژەوەندیـەکانی. پشـتیوانی سـوریا و حیزبـولاّ و حەماسـیش دەکـات و لـە عێراقیشـدا پاڵپشـتە بـۆ حکومـەتی شـیعەکان و بەهـەموو شـێوەیەك دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆی ئەم حکومەتەوە.

3.بـەڵام شـیعەکان لـەڕۆژانی خـەباتی دژ بـە دیکتاتۆریەتـەوە تـاکو ئێسـتا نێـوان و پەیوەندیان لەگەڵ کورددا باشبووە.

4.لەبەرامبـەردا سـوننەکان کەمینـەن و هـیچ کاتێك لـەڕێگای هەڵبژاردنـەوە نـاتوانن حکومەت پێکبهێنن. بەڵام خـاوەن ئـەزموونی حـوکم و ئیـدارەن و پشـتگیری هـەموو وڵاتانی سوننەی عەرەبی دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکایان هەیە لەناوچەکەدا.

5.بـەڵام سـوننەکان بـە ئێستاشـەوە بێـت و بەدرێـژایی حـوکمی هەشـتا سـاڵەیان لـە عێراقدا پەیوەنـدییان لەگـەڵ کـورد و مەسـەلەکەی و مافـە ڕەواکانیـدا بـاش نـەبوە و هەمیشە دژایەتیان کردوە و بە ئاگر و ئاسن مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون.

6.کــورد دۆســتی کەمــە و دوژمنــی زۆرە لــەناوخۆ و ناوچــەکە و تاڕادەیــەك دونیاشدا.بەڵام خۆشبەختانە لە ئێستادا خاڵە هاوبەشـەکان لەنێوانیانـدا و لەگـەڵ ئەمریکا و بەریتانیادا زیاترن.کە ئەمەش هەلێکی باشی بۆ کورد ڕەخساندووە.

ئـالێرەدا کـورد دەکەوێتــە دووڕیــانێکی چارەنوسســاز و زۆر هەســتیارەوە، کــە هەڵبژاردنی هەر لایەکیان ڕاستەوخۆ کاریگەری گەورە و کوشندە و ژیاری دەبێت لەسـەر ئاینـدەی مەسـەلەکەی. بۆیـە پێویسـت دەکـات زۆر بـە وریـایی و ژیرانـە و دووربینانە و دوور لە سۆز و خۆ بەکەم زانین و مساوەمەکردن لەسەر داواکاری و مافە ڕەواکانی گەلی کورد ڕێگا ڕاست و دروستەکەیان هەڵببژێرێت و نەکەوێتە هەڵەی کوشندە و گەورەی واوە کە مەسەلەی کورد بەدەیان ساڵ بباتەوە بۆ دواوە و هـەموو دەسکەوتەکانیشـی لـەکیس بـدات و چارەنوسـی گەلەکـەشمان بـەرەو هەڵدێر و لەناوچوون و ڕۆژانی تاریك و لێڵ بباتەوە.

بۆیـە پێویسـت دەکـات زۆر بـە وریـایی و ژیرانـە و دووربینانـەوە ڕێگـا ڕاسـت و دروســتەکەیان هەڵبــژێرێت و نەکەوێتــە هەڵەیــەکی کوشــندە وگــەورەی واوە کــە مەسەلەکەی کورد و هەموو دەسکەوتەکانی بۆ چەندین دەیەی ئایندە دوا بخاتەوە و چارەنوسی گەلەکەشمان بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون بباتەوە.

---

* ئەم بابەتەم لەسایتی ئەلکترۆنی(( سبەی )) و ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە )) دا بلاْوکراوەتەوە لە 26 و27 /2007/9دا.

## پێگەی کورد لە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی
## عێراق – ئەمریکا – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا *

- ئاشکرایە لەئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە کوانوی پڕ لە ژیلەمۆ کە هەموو ئان‌وساتێك ئامادەیە بۆ کڵپەکردن‌وتەقینەوە، بەهۆی کێشەو ململانێی گەرمەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەلایەك لە نێوان خۆیانداو ململانێشیان لەگەڵ ئەمریکای ڕابەری سیستەمی نوێی جیهانی لەلایەکی ترەوە، بۆیە هاوکێشەیەکی ئاڵۆز دروست بوە کە چارەسەرکردن‌و هاوسەنگ کردنی کارێکی سانا نیە. جەمسەری هاوکێشەکانیش لەلایەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکایە، لەلایەکی تریشیەوە عێراق وکوردە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە کە ئایا سەنگ‌و قورسایی کورد لەم هاوکێشەیەدا چیەو چەندە؟ ئایا کورد لە پێگەیەکی بەهێزدایە یان بە پێچەوانەوە تەنیا کارتی گوشارو گەمە سیاسیەکانە؟ ئایا کورد توانیویەتی لەم بارودۆخە نوێیەی عێراقدا هێزو توانای سیاسی‌و جوگرافی خۆی لە هاوکێشەکەدا چەسپا و بەهێز بکات؟ یان بەپێچەوانەوە کەوتۆتە سازشکردن لەسەر ماف‌و داواکاریە ڕەواکانی ؟

بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەو دەیانی تریش دەبێت بەدیقەتەوە لە بارودۆخەکەی ناوچەکەو عێراق بڕوانین‌و ئەو کارو دەستکەوتانەش هەڵسەنگێنین کە کورد بەدەستی هێناوەوچۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو وپێشهاتە ناوخۆیی‌و ناوچەییەکان دەکات؟ ئایا بەرژەوەندی و خیتابی سیاسیەکانی خۆی گونجاندوە لەگەڵ ئەمریکاو زلهێزەکانی تردا یان نا؟.

- ئاشکرایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی بونی کێشە سیاسی‌و ئابوری‌و دینی‌و کۆمەڵاتیەکانیەوەو بونی هەژاری‌و دواکەوتوویی‌وداخراوی کۆمەڵگاکانیانەوە بۆتە ناوچەیەکی بەردەوامی گەرم لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، لە بەرئەوەی ناوچەیەکی گرنگی جیۆپۆلەتیك و دەوڵەمەندیشە لەنەوت‌و گازی سروشتیەوەو بازاڕێکی پڕ فرۆشی ئابوری‌و بازرگانیشە، و بۆتە جێگەی چاو تێبڕین‌و ململانێ‌و مشتومڕی هەموو زلهێزو کۆمپانیا

فرەنەتەوەییەکانی دونیا، ئەمەش وایکردووە کە چارەسەری کێشەو گرفتەکان ئاڵۆزو تێکچڕژاوتربن .کێشەی عەرەب – ئیسرائیل و لوبنان– سوریاو حزبوڵلاّو کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێرانو ...هتد، لەسەروو ئەو کێشانەوەن.

- باڵا دەستیو هاتنە ناوەوەی ئەمریکاو سوپاکەشی بۆ ناوچەکەو پشتگیریکردنی بەردەوامی ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییە کۆنە پارێزەکانی هاوپەیمانی بۆتە هۆکارێکی تری چارەسەرنەکردنی کێشە و ململانێکان و هێندەی تر ناوچەکەی خستۆتە بەر مەترسی هەلاّیسانی شەڕی ناوخۆیی تایەفیو مەزهەبیو لێکهەڵوەشاندنی دەوڵەتەکانو دابەشبونیان بەسەر دەوڵەتۆکەی بچوکدا بەگوێرەی بیردۆزەی فەوزای دروستکەر کە بنەمای سیاسەتو ستراتیژی ئەمریکایە لەناوچەکەداو لە چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەدا کە ئەمریکا کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات .
- عێراقیش وەك ولاّتێکی عەرەبی زلهێزو بەتواناو دەوڵەمەند، ڕۆڵو پێگەی بەرچاوی خۆی هەیە لەناوچەکەدا، بەڕوخاندنی ڕژێمی بەعسو دامەزراندنی کۆمارێکی نوێی دیموکراسی و فیدراڵی و فرەیی بۆتە جێگەی ئومێدی گۆڕان لە ناوچەکەدا، بەلاّم گیرۆدەبونی بەجەنگی دژە تیرۆر و جەنگی تایەفی و مەزهەبی ناوخۆییەوە نەتوانراوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کاری گەورەو بەرچاو بکرێت بەو ئاڕاستەیە، لە ئێستاشدا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا نەك ناچێتە پێش، بەڵکو مەترسی تێکچونو ڕاوەستانو بۆ دواوە گەڕانەوەشی لێدەکرێت و پێدەچێت لەو کاتەشدا فەوزایەکی سیاسی سەرتاسەری عێراقو ناوچەکەش بگرێتەوە کە کۆنترۆڵکردنی سانا نابێت .
- کوردیش وەك هێزێکی سونی ونەتەوەیی لە عێراقی نوێدا ڕۆڵو کاریگەری بەرچاوی هەبوەو هەشە لەسەر ڕوداو وپێشهاتەکانەکاندا و بۆتە هۆکارو زامنی مانەوەی عێراقو گەلانی بەیەكو یەکگرتوویی و ڕێگر لە بەردەم هەلاّیسانی شەڕی تایەفیدا.

کورد توانیویەتی تاڕادەیەکی باش لە گەمە سیاسیەکاندا وازی بکاتو بەرژەوەندی و مافو داواکاریەکانی لە دەستورو یاساکاندا بچەسپێنێت و پشکی

خۆی لە بودجەو حکومەت و سوپاو ...هتد دیاریبکات، کاری جدیش بکات بۆ گەڕانەوەو سەندنەوەی ئەو جێگایانەی کە دابڕوان لە کوردستان لە چوارچێوەی ماددەی 140 ی دەستوردا، گەرچیش بەهێواشی دەچێتە پێش .کورد لەسەر ئاستی کوردستانیش توانیویەتی بەرەیەکی سیاسی و حکومەت و پەڕلەمانێکی یەکگرتووی خاوەن خیتابێکی سیاسی یەکگرتوو چێبکات، گەرچی بەڕواڵەتیش بێت لە بەردەم هێزە عێراقیەکان و ناوچەییەکان و ئەمریکاشدا، کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لە سەر پێگەی کورد لە هاوکێشەو گەمە سیاسیەکاندا .

کورد دەبێت چیدی شەرمن و لە ژێر لێوەوە باس لە ماف و داواکاریەکانی نەکات، بەڵکو وەکو هێزێکی گەورەو ئەکتیڤی سەر گۆڕەپانی عێراق و ناوچەکە وخاوەن ماف و شەرعیەتی دەستوری بەو پەڕی تواناو ئاشکراو ڕاشکاوانە لە هەموو کۆڕو کۆبونەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا بەرگری لە ماف و داواکاریەکانی بکات و هەوڵی جدی بدات کە لە هاوکێشەکەدا پێگەی کۆنکرێت و بەهێز بۆ خۆی مسۆگەر بکات و چیدی ڕێگە نەدات کە وەك کارتێکی گوشارو گەمە سیاسیەکان مامەڵە و سەودای لە گەڵدا بکەن .بۆیە دەبێت لە ناوخۆی عێراقەوە دەستپێبکات و ئەوسا لەسەر ئاستی دەرودراوسێ و دواتریش زلهێزەکان و لەپێشەوە ئەمریکا بەهەمان بەرنامەو میتۆد کاری سیاسی خۆی بکات، کە ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی و هەنوکەیی سەرکردایەتی سیاسی کوردە لەم قۆناغەدا .بەپێچەوانەشەوە ڕۆژە تاریك و تونەکان خۆیان دووبارە دەکەنەوەو خەونەکانیش سەر ئاو دەکەون و ڕەوڕەوەی مێژوو پێشکەوتنەکانیش بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، لەو کاتەشدا هەموان بەرپرسیار دەبین لە بەردەم نەوەکانی داهاتووداو لە پێش هەموانیشەوە هەردوو سەرکردایەتی پارتی دەسەڵاتدار لە پارتی و یەکێتی بەشی شێریان پێدەبڕێت لە نەفرەت و بێزاری و ڕەخنەو گلەییەکانی جەماوەر و مێژوو .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( کوردوستان ڕیفراندۆم و سبەی )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ و ڕۆژنامە))دا بلاوکراوەتەوە لە 18 و20 و25 و2007/10/28دا.

# مەرامە شاراوەکانی تورکیا

# لە پشت هێرشکردنی بۆ سەر کوردستان *

- ئاشــکرایە تورکیــا وڵاتێکــی گــەورەو گــرنگ و خــاوەن پێگەیــەکی جیۆستراتیژیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو خاوەن هەڵکەوتەو پێگەیەکی جــوگرافی هەســتیارو توانایــەکی مرۆیــی گــەورەوهێزێکی ســەربازیو تەکنەلۆژیایــەکی مۆدێرنــە، خــاوەن ســوپایەکی بــەهێزو ڕاهێنــراوو گەورەیــەو پاشکەوتێکی گەورەی کەلتوری و مێژوویشی هەیە .

لەبــەر ئــەم هــەموو فاکتەرانــە تورکیــا هەمیشــە لەخــەون و خــەیاڵی گەڕانــەوەی دەسەڵات و نفوزی لەدەستچوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیە کە زیاتر لە پێنج سەدە لەم ناوچەیەدا و لە ئەوروپاشدا ڕۆڵو کاریگەری هەبووە، و بەدرێژایی 84 ساڵی ڕابــردووش و لەوکاتــەوەی کۆمــاری تورکیــای نــوێ بــە ڕابەرایــەتی بــیرو فکــری ئەتاتورکی دامەزراوە لە هەوڵی بێوچاندابووە بۆ پارێزگاری لە یەکگرتوویی خاكو گەلانی تورکیاو بەبیرێکی پان شۆفێنیزمو تورانی کەوتۆتە چەسپاندنی دەسەڵاتە تاك نەتەوەیی و تاك زمانیو تاك ئایدیایی تورکی، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەداوە کە گەلان و کەمایەتیە نەتەوەکانی تر لە کوردو ئەرمەنو عەرەبو...هتد، ببنە خاوەن مافە ڕۆشنبیریو کەلتوریو نەتەوەییەکانی خۆیان، تورکیا لەگەڵ ئەوەی ئیدعای دیموکراتیەتو ئازادیەکان دەکات، بەڵام بچوکترین ئازادی و ماف بەو گەلانەی ژێر سایەی تورکیا بەڕەوا نابینێت، بەڵکو بەتوندترین شێواز بەرەنگاری خواستو داواکارییە ڕەواکانیان دەبێتەوە، تەنانەت دان بەبونو زمانو کەلتورو مێژووشیاندا نانێت، تەنها کەسێك کەمافی ژیانو ئازادی هەبێت لە تورکیادا ئەو کەسەیە کە بەتورکی دەدوێت و بەتورکی بیر دەکاتەوە ، لەبەرنامەشیدایە کە ئەم ئایدیا شۆڤێنیو تەسكو دژ بەمرۆڤایەتیەشی ڕەوانەی دەرەوەی سنورەکانی تورکیا بکات، بۆ وڵاتانی ناوچەکە، لە ڕێگەی پشتگیری و هاندانو هاوکاری و یارمەتی مادیو مەعنەوی کەمایەتیە تورکیەکان لەتورکمانو..هتد، لە وڵاتانی وەك عێراقو ئێرانو بولگاریاو ڕۆمانیاو بۆسنەو هەرسكو قوبرسو ...هتد .

* ئاشکرایە بەشێکی گەورەی کوردستانیش کەوتۆتە تورکیاوە و ژمارەیەکی 20 – 25 ملوێن کەسی کورد لەو ولاّتەدا دەژی و خاوەنی بچوکترین مافی نەتەوەیی و کەلتوری و ڕۆشنبیریش نین.

لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە تورکیادا بەدرێژایی دەسەلاّتی عوسمانیەکان و ئەتاتورکیەکانیش کورد لە خەبات و تێکۆشان و بەرخۆداندا بووەو بەدەیەها شۆڕش و ڕاپەڕینیان بەرپاکردووە، وەك شۆڕشەکانی بەدرخانیەکان و شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری و شێخەکانی شەمزینان و یەزدان شێرو ئاگری داغ و ..هتد ،نوێترینیشیان دەستپێکردنی شۆڕشێکی سیاسی و چەکداری کرێکارانی کوردستانە لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوەوە بەڕابەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردوستان، کە بۆتە هۆی نیگەرانی و هەراسانکردنی دەوڵەتی سەربازی تورکیا و بۆتە مایەی سەرقاڵکردن و تێکدانی پیلان و بەرنامە شۆڤێنیەکانی تورکەکان، بەوەی کە مەسەلەی کوردی لە تورکیادا زیندو کردۆتەوەو گەورەکردوەو توانیویەتی دۆست و هاوپەیمان و پشتیوانی ناوچەیی و دونیایی بۆ مەسەلەی کورد پەیدا بکات.لە ئێستادا بۆتە کێشەی سەرەکی یەکەمی تورکیا و زەبرو کاریگەری کوشندەی داوەتە نفوزو هێزو هەیبەتی دەوڵەتی تورکیا. هەر بۆیەش تورکیا گەرەکیەتی بەهەر هۆکارو فشارو هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی دیپلۆماسی و سەربازی بێت، ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و بۆ هەتا هەتایە لەناوی ببات، ئەگەر بتوانێت کێشەی کورد لە تورکیادا لە ڕەگەوە هەڵبکەنێت .

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا دەتوانێت لە ڕێگەی هێرشی سەربازی و چەکدارییەوە کێشەی کوردو pkk لە تورکیادا چارەسەر بکات؟ ئایا تورکیا لەم هەڕەشەو خۆ ئامادەکردنە سەربازیەدا تەنیا مەرام و مەبەستی لێدانی pkk یە لە کوردستانی باشوردا؟ یان نیازو مەبەستی شاراوەتری هەیە لە تێکدانی ئەم دەسەلاّتە کوردیەی باشورو دواخستن و پەکخستنی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراقی ؟ یان تورکیا مەبەستی نیە ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی بۆ خۆی بگێڕێتەوە؟ ئایا تورکیا بۆچی ڕێگا چارەی

سیاسی و دیپلۆماسی ناگرێتەبەر لە جیاتی هەڕەشەو گەمارۆی ئابووری و...هتد؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر.

بۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە، دەبێت بەدیقەت لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری وململانێ ناوخۆییەکانی تورکیا لەلایەك و ناوچەکەش لەلایەکی ترەوە بڕوانین و هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستیشیان بۆبکرێت و ئەوسا دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە وەربگرینەوە.

* کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا

ئاشکرایە تورکیا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1923 وە بە ئایدیای عەلمانیەت و ئەتاتورکی بناغەی داڕێژاوەو دەزگایەکی سەربازی بەهێزو توندڕەویش پارێزگاری لەوبنەما فکریانە دەکات و خۆی بەپارێزەری دەوڵەتی تورکیای ئەتاتورکی دەزانێت و ڕێگە بەهیچ پارت و ڕێکخراوێك و کۆمەڵەیەکی سیاسی نادات کە لەو بنەمایانە لابدات و گۆڕانکاری لە فکرو بیری ئەتاتورکیدا بکات، بەتایبەتیش هەستیاریەکی گەورەیان بەرامبەر پارتە نەتەوەیی و ئیسلامیەکان هەیە، هەرکاتێ زانیبێتیان هەڕەشە لەسەر بنەما ئەتاتورکیەکان هەیە، ڕاستەوخۆ باڵی سەربازی دەستی وەرداوەتە کاروباری دەوڵەت و تەنانەت چەندین کودەتای سەربازیشیان ئەنجام داوە .بۆیە کارێکی سانا نیە کە پارتە سیاسیەکان بتوانن لەوشاڕێگەیە لابدەن و حساب بۆ هێزو نفوزی باڵی سەربازی نەکەن .

لە ئێستاداو لە ساڵی 2001 ەوە پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بەفکری ئیسلامی میانڕەو توانیویەتی گەورەترین سەرکەوتن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەست بهێنێت بەسەر هەموو پارتە سیاسیە عەلمانی و نەتەوەییەکانی تورکدا و لەم قۆناغەدا هەرسێ سەرۆکایەتی پەڕلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتیش بۆخۆی پاوان بکات، و زۆرینەی ڕای گشتی تورکیاو جەماوەریشی لێکۆببێتەوە کە ئەمە دەسەڵات و هێزی تەواوی دەداتێ بۆ گۆڕانکاری لە دەستورو هەموو بنەماعەلمانیەکانیشدا، بۆیە باڵی سەربازی ترسیان لێنیشتووە و کەوتونەتە خۆ بۆ بەرەنگاری ، بەڵام گۆڕانی سەردەم و هاوکێشە سیاسی و ئابووریەکان و

بەدەستهێنانی شەرعیەتی جەماوەری و دەستووری لەلایەن پارتی عەدالەتو گەشەپێدانەوە وای کردوە ناتوانن کودەتای سەربازی ئەنجام بدەنو ئەو پرۆسە سیاسیە ڕابگرن یان ڕەوڕەوی گۆڕانکاریەکان بگێڕنەوە بۆ دواوە .هەر بۆیە دەیانەوێت ناکۆکیە ناوخۆیەکان بەرنە دەرەوەی تورکیا و کێشەی pkk یان کردۆتە بیانوو .لەلایەکی تریشەوە باری ئابووری تورکیا کە لە بنچینەدا لاواز و بێ بناغەیە، لە ئێستادا زیاتر بەرەو خراپی دەچێت، بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی دونیاداو دابەزینی نرخی لیرەی تورکی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی تورکیا سەرچاوەی زیاتری داهات بەدەست بهێنێت.

نزیکترین جێگەو وڵاتیش کە دەتوانێت ئەو مانۆڕە سەربازی و سیاسیانەی تیادا ئەنجام بدات کوردستانو عێراقە، بەبڕو بیانوی نادروستو بەهۆی بوونی کێشەو مەترسی pkk و بونی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە باشوری کوردستانداو پێشێلکردنی مافی تورکمانەکان و مافی تورکیا لە ولایەتی موسڵو ...هتد.

بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا کەوتۆتە خۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکەو دونیاو زلهێزەکانیش کە هەوڵێکی چڕ و پڕی دیبلوماسی دەستپێکردووە بۆ ڕازیکردنو بێدەنگ کردنی هەموان بەرامبەر ئەگەری هێرشکردنە سەربازیەکەی بۆ سەر pkk و هەرێمی کوردستان. بەخەیاڵی خۆی لە ناو بردنی pkk و ئەم دەسەڵاتە کوردیە دەبێتە مایەی چارەسەرو بنەبڕکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و ناوچەکەشدا .

بەڵام تورکەکان ئەوەیان لە بیر چوتەوە بە درێژایی 23 ساڵەی تەمەنی دامەزراندنی pkk نەیان توانیوە بەڕێگە چارەی سەربازی و چەکداری ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، چونکە pkk و کورد کۆمەڵە چەکدارێکی یاخی بوو نین کە نەمافو نەڕەوایەتیو نەبەرنامەیان نەبێت، بەڵکو pkk و کورد حەقیقەتێکی واقعی و چەسپاون و مەسەلەیەکی سیاسیو نەتەوەیین و تەنها لە ڕێگەی سیاسیو دیبلوماسیو دیموکراسی و هەڵبژاردنو گفتوگۆ و دانو سانەوە چارەسەر دەکرێن، مێژووش شاهیدی ئەو ڕاستیەیە لە عێراق و ناوچەکەشدا، تورکیا لە ئێستادا زیاد لە 250 هەزار سەربازو تانکو تۆپو زریپۆش و فڕۆکەو هەلیکۆپتەری سەربازی لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە بۆهێرش

**کردنە سەر pkk ، بەڵام ئەم هێزە زۆرە تەنها بۆ لێدانی pkk نیە، بەڵکو نیازو مەرامی شاراوەی تری لەپشتەوەیە.**
**کێشەکە لە ئێستادا لە وپەڕی گەرمیدایەو تا ئێستا تورکیا خاوەنەبۆتەوەو تەنها ڕێگا چارەی سەربازیو گەمارۆی ئابووری و چاوسوورکردنەوە بەچارەسەر دەزانێت دوور لە ڕێگە چارە سیاسیو دیبلۆماسیەکان.**
***هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان و عێراق لەمەڕ ئەم کێشەیە چیە؟**
**ئاشکرایە pkk ڕێکخراوێکی ئازادیخوازو ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردەو ئایندەی بەشێکی زۆری ئاواتو خەونو داخوزایەکانی گەلی کوردی لەسەر هەڵچنراوە لە تورکیاداو pkk خاوەن 23 ساڵ خەباتی سیاسیو چەکداری سەرکەوتووەو خاوەن جەماوەرێکی پانو پۆڕی کوردیە لە تورکیاداو لە کوردستانی گەورەشداو پەیوەندی و هاوپەیمانیو پشتگیری دەوڵەتانی ناوچەکەو دونیای هەیەو ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕو عەقائیدیو توندو تۆڵەو خاوەن ئابووریەکی بەهێزو تۆکمەشەو تەنها پشتی بەستۆتە سەر خۆیو جەماوەرەکەیو ڕەوایی ماف و داواکاریەکانی.**
**هەرچەندە توندڕەوی و هەندێك جار زیاد ڕەویشی بەئامانجو دروشمەکانیەوە دیارە کە زۆر جار لەگەڵ قۆناغو سەردەمەکەدا نایەتەوەو توشی پێکدادانی کردووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانو بۆتە مایەی دروستکردنی کێشە بۆی لەگەڵ ئێرانو تورکیاو عێراقیشدا، بەڵام بە نەزەری سەرکردایەتی کورد و هەموو تاکێکی کوردیش pkk ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەو جێگەی پشتیوانی و کۆمەکردنی هەموو گەلی کوردە.وەهەر بۆیە حکومەتی هەرێم pkk بەڕێکخراوێکی تیرۆرستی نازانێتو ئامادەش نیە شەڕی pkk بکاتو نەکادرو سەرکردایەتیەکانیان تەسیلم بەتورکیا بکاتەوە، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم داوا لە تورکیا دەکات کە ئەو کێشەیە بەڕێگا چارەی ئاشتی و دانوسان و دیبلوماسی چارەسەر بکات، نەك بەپەنابردنە بەر هێرشو پەلاماری سەربازی کە هیچ ئەنجامێکی نابێت .**

* ئاشکرایە حکومەتی هەرێم کە 17 ساڵە گەلێك دەسکەوتی گەورەو بەرچاوی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ..هتد، بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکەو دونیاش، بۆیە ناکرێت هەموو ئەو دەسکەوتانە بخاتە بەر مەترسی و لە ناوچونەوە بەوەرگرتنی هەڵوێستێکی نامەسئولانەو سەرپێیانە و بچێتە شەڕێکی دۆڕاوەوە بەرامبەر بە تورکیا، نەك حکومەتی هەرێم ، بەڵکو دەوڵەتی عێراقیش لەم کاتەداناتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکاتو بەرەنگاری سوپای تورکیا ببێتەوە.

* ئاشکراشە ئەم جەنگو کێشەیە بەرۆکی حکومەتی هەرێمی گرتووە نەك کێشەی ئەو بێت، بۆیە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کێشەیە تەنها ئەرکی حکومەتی هەرێم نیە، بەڵکو کێشەی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقیشە، چونکە کوردستان تائێستاو بەفەرمی هەرێمێکە لە عێراقو جیانەبۆتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی مەرکەزی بەغدادیش بەهەموو هێزو توانایەکیەوە بێتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنو ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەڕەشەو گوڕەشانەی تورکیا، و وەك بینەرێکی دوور نەڕوانێتە کێشەکە، چونکە هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی سەروەری خاكو دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقەو ڕاگەیاندنی جەنگە، کە ئەمەش پێویست بەیەك هەڵوێستی و یەك خیتابی کوردیو عێراقی دەکات، نەك جیاوازی و دووڕووی لەگەڵ یەکتردا .

بۆیە تا ئێستا هەڵوێستی عێراق هەڵوێستێکی بەهێز نەبووە لە بەرامبەر تورکیادا، کە ئەمەش زیان بەپەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستانو بەغدا دەگەیەنێت لەئێستاو داهاتووشدا،و پێویستە سەرکردایەتی کورد چاو بخشێنێتەوە بەپەیوەندیو داواکاریەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا و لایەنە سیاسیەکانی عێراقیشدا بەجیاوازی بیروڕاکانیانەوە .

* هەڵوێستی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە

ئاشکرایە ئەمریکا وەك داگیرکەر ودەسەلاتدار لە عێراقدا بەرپرسە لە بەرامبەر پاراستنی سنورەکانی عێراق لە بەرامبەر هێرشو پەلامارە دەرەکیەکاندا.بۆیە ئەم کێشەیەش ڕووبەڕووی ئەمریکاش دەبێتەوە و هەڵوێستی ئەمریکاش یەکلا کەرەوەیە، چونکە خاوەن هێزو نفوزو دەسەلاتە و هاوپەیمانی هەم تورکیاو هەم

کوردیشـە، بۆیـە ئـەمریکا لـە پێگەیـەکی زۆر گـرنگ و کاریگـەرو هەستیاریشـدایە، چونکە ناتوانێت هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی دژ بەکورد یان تورکیا وەربگرێت، بۆیە ئەمریکاش دەیەوێت بەڕێگە چارەی ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکات .

تورکیاش ناتوانێت زۆر لاملی لەگەڵ ئەمریکادا بکات، چونکە زیانی دەبێت بۆبە ئەندام بوونی لە یەکێتی ئەوروپادا و زیندوکردنەوەی پڕۆژە بڕیارو بەجینۆساید ناساندنی قەتڵو عامکردنی ئەرمەنیەکان و بڕینی کۆمەكو هاوکاریە سەربازی و ئابوریەکانی ئەمریکاو ئەوروپا لە تورکیا، هەڵوێستی تورکیا لاواز دەکەن وناچاری دەکەن کە مل بدات و ڕێگا چارەی ئاشتی هەڵبژێرێت.

هەڵوێسـتی ولاّتـانی دراوسـێ سـوریا و ئێـران سـەر زارەکـی دژی شـەڕو جـەنگو پەلاماردانی سەربازییە، بەلاّم ژێر بەژێریش پێیان خۆشە ، چونکە لەلایەك کورد و مەسـەلەکەی بچـوك و لاواز دەکەنـەوە، لەلایـەکی تریشـەوە دوژمنێکـی تـر بـۆ سیاسـەتەکانی ئـەمریکا لـە ناوچـەکەدا دروسـت دەکـەن، لـەلای سێهەمیشـەوە فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و سوریا و حزبوڵلاّ کەم دەبێتەوەو هەڕەشەی زیاتریش بۆسەر ئیسرائیل دروست دەبێت، دەوڵەتانی عەرەبیش بێ هەڵوێستی و بێ دەنگیان هەڵبژاردووە.

- هەڵوێستی جەماوەری کورد چیە؟

جەماوەرو ڕای گشتی شەقامی کوردیش بەگشتی و لەسەرتاسەری هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردوستانی باشورداو بەجیاواز لەگەڵ خواست و ویستەکانی دەسەلاّتدارانی حکومەتی هەرێمدا کەوتنە ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ناڕەزایی و ڕسواکردن و بایکۆتکردنی ئەو هەڕەشە و گوڕەشە و لەشکرکێشیانەی تورکیا بۆ سـەر پەکەکـە و خـاکی هـەرێمی کوردوسـتان .هـەروەها کـوردان لـە ئێـران و لـەناوخۆی تورکیاشـدا و لەشـارە گـەورەکانی ئەنقـەرە و ئەسـتەنبوڵ و زۆربـەی شـارەکانی وولاّتـانی ئـەوروپاش کەوتنـە خۆپیشـاندان و نـاڕەزایی دەربـڕین دژ بەهەڵوێستەکانی تورکیاو. بەم شێوەیە کوردان هەموو بەگیانێکی کوردانەی دڵسۆز و پڕ لە حەماسیەتی شۆڕشگێڕانە هەموانیان کۆك بوون لەسەر پشتگیری و هاوکـاری و پاڵپشـتی کردنـی پەکەکـە و هەڵوێسـتەکانی حکومـەتی هـەرێمی

کوردوستان بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکە و گەشەنەسەندنی و تەشەنەنەکردنی . بۆ خۆی ئەم هەڵوێستەی کوردان هێندەی تر هەڵوێست و پێگەی پەکەکەی لەناو دڵ و گیانی کوردانندا بەهێزتر کردو خۆشەویستی کردن کەئەم هەڵوێستەش بۆخۆی هێندەی تر ورەی گەریلاکانی پەکەکە و سەرکردایەتیەکەشیانی بەرزکردەوە و هانی دان بۆ بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سوپای تورکیادا.

- لێرەدا پێویست دەکات مەرام و نیازە ڕاستەقینەو شاراوەکانی تورکەکان باس بکەین کە لەپشت ئەم هێرش و پەلامارانەی سەر pkk و بەناوی لە ناوبردنی pkk وە پەردەپۆشی کردووەو تورکیا تەنها مەترسی لە pkk نیە بەڵکو گەلێك مەرامی شاراوەی تری هەیە وەك :-

1.لێدان و بچوککردنەوەی حکومەتی هەرێم و دەسەلأتەکانی لە عێراقی نوێدا لە ناوچەکەو دونیاشدا چونکە بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ تورکیا و دەیەوێت بەهەر پاساو ڕێگەیەك بێت لەناوی بەرێت یان بچوك و لاوازی بکاتەوە.

2.تورکیا بەنیازە بەم هەڕەشانەی و لە ناوبردنی pkk گیانی بەرخۆدان و ڕاپەڕین و شۆڕش لەناو کوردانی تورکیا و .... هتد دابمرکێنێتەوە و خامۆشیان بکات .

3.مەرامی تورکیا بۆدەست بەسەرگراتنی هەموو ویلایەتی کۆنی موسڵی سەردەمی عوسمانیەکانە کە بەناچاری لە ساڵی 1925 – 1926دا لە بەرامبەر بڕێك زێڕدا لە دەستی داو دەیەوێت ئەم ناوچە گرنگە و دەوڵەمەندە بەنەوت بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بیکاتە باکگراوندێکی بەهێز بۆ خۆی ، کە هەر پێنج پارێزگاکانی موسڵ و دهۆك و هەولێرو سلێمانی و کەرکویش دەگرێتەوە .

4.پەکخستنی جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستووری عێراقی کە جێبەجێکردنی مانای گەڕانەوەی شاری کەرکوك و خانەقین و ...هتد بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەو ساش بەهێزبونی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستانە .

5.لانی کەم سەندنی مافی زیاتری تورکمانەکانە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بۆئەوەی هەمیشە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەست وەربداتە ناو کاروباری کوردستان وعێراقیشەوە.

6.لە بەرامبەری ئێرانی شیعە مەزهەبی خاوەن نفوز لە عێراقی نوێدا ، دەیەوێت درێژە بەململانێ مێژووییەکانی خۆی بدات لەگەڵ فارسەکاندا.

7.بەمەبەستی ڕابەرایەتی کردنی دەوڵەتانی ناوچەکە لەدونیای عەرەبی و ئیسلامیدا لە بەرامبەر " ئێران و ئیسرائیل و میسردا " کار بۆ بەهێزبون و چەسپاندنی پێگەی خۆی دەکات .

- کۆبەند

1.ئەم کێشەیە کێشەیەکی سیاسیەو تەنها بە ڕێگا چارەی ئاشتی و سیاسی چارەسەردەکرێت و هەموانیش بەدۆست و دوژمنەکانی کوردەوە لەسەر ئەم خاڵە کۆکن.

2.مەسەلەی کورد و pkk ش هێندەی تر گەروەبون و دۆست وپشتیوانیان بۆ پەیدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیە تاڵەشی بیرخستینەوە کە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی لەم قۆناغەدا کارێکی سانا نیە ، چونکە گۆڕانکاری لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا لە تورکیا و ئێران و سوریادا هێشتا چیێ نەبوەو ڕادەی قبوڵکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی بێهێزە.

3.ئەمریکا پشت لە کورد ناکات و بەجۆرێك لە جۆرەکان دەیەوێت کورد ببێتە دەسەلأت لە ناوچەکەداو دەیکاتە سەرنێزەی گۆڕانیش لە تورکیا و ئێران و سوریاشدا، چارەسەر نەکردنی کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆزی نەتەوەیەکی گەورەی 40 ملوێنی وەك کورد، لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا دەبێتە مایەی دروست بونی فەوزاو سەرهەڵدانی کێشەی نویێ بۆ ئەمریکا کە ئاشکرایە ئەم ناوچەیە چەندە گرنگە بۆ ئەمریکا.

4. پێشبینی دەکرێت کە لەخراپترین ئەگەرەکاندا تورکیا بێتە ناو خاکی کوردستان بەشێوەیەکی کەمو کورت و دیاریکراو وکاری سەربازی ئەنجام بدات، ئەگەرچیش پێشەکی ئەنجامێکی بەرچاوی لێناکەوێتەوە، تەنها بۆ

دامرکاندنــەوەو خامۆشــکردنی کــەف و کــوڵی کێشــە و ململانــێ سیاســی و ناوخۆیی و حزبی و سەربازییەکانی ناو تورکیاش بێت ئەو کارە دەکات.

5. هێرشەکەش پێدەچێت لە دوای 11/5 وە ئەنجام بدرێت دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق لە تورکیا و کۆتایی هاتنی سەردانەکەی سەرۆك وەزیری تورکیا بۆ ئەمریکا، خۆ ئەگەریش زیاتر دوابکەوێت ئەوا سەرماو سۆڵە و بەفری زستانی کوردستان ئەو هێرشانە دوادەکەوێت بۆسالی نوێ و ئەو کاتەش زەمەن زامنی ڕوودان یان پەککەوتنی ئەو هەوڵ و هەڕەشانەی تورکیان و پێدەچێت گۆڕانکاری گەورەتریش لەناوچەکەدا ڕووبدات کە بەزیانی تورکیا و بەقازانجی کورد تەواو ببێت.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( سبەی )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بڵاوکراوەتەوە لە 7 و2007/11/10دا.

## کورد

## ئێستاش تەنها شاخەکان دۆست و پشتیوانێتی.....! *

*ئاشکرایە بارودۆخە سیاسیو ئابوریەکەی دونیا بەگشتی و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سایەی دونیای سیستەمی نویێ و بەجیهانبونیانەوە بەشێوەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووەو کاریگەریەکان هێندە گەورەو بەهێز بوون جێگەیان بۆ مەسەلە فکری و ئایدۆلۆژی و عەقائیدیەکان نەهێشتۆتەوە، زۆر لە بنەما پیرۆزەکانی سنور و سەروەری دەوڵەتان و تەنانەت مەسەلە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیەکانیشیان بچوك کردۆتەوە و کاڵ کردۆتەوە و پیرۆزی و گرنگیەکانی سەدەی ڕابردویان نەماوە.

لە ئێستادا هێندەی هۆکارە ئابووریەکان لە سەرچاوەسروشتیەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن و پەیوەندیکردن و کۆمپانیا ئابوریە فرەنەتەوەییەکان ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لە گۆڕانکاریە سیاسیەکاندا، نیو هێندە هۆکارە فکری و ئاینی و نەتەوەییەکان کاریگەریان نیە تەنانەت ڕۆڵ و کاریگەری دەوڵەتیشیان بچوك و کاڵ کردۆتەوە.

هەربۆیە هەرکۆمەڵگا و دەوڵەتێك خاوەن ئابووری و سەرچاوەکانی نەوت و وزەو کانزاکانی تربێت دەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری نەك لە ناوخۆی خۆیدا، بەڵکو کاریگەری لەسەر گۆڕانکارە ناوچەیی و دونیاییەکانیش هەبێت، هەرچەندە بەقەبارەو ژمارەی خاك و دانیشتوانیشی بچوك بێت، دیارترین نمونەش وڵاتانی کەنداوی عەرەبیە.

هەر بۆیەش کورد و دەسەڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە بەبەرنامەیەکی پتەو و شەفاف و کراوەی ئابوریەوە هەموو دەرگاکان والاّ بکات بەمەبەستی وەبەرهێنان و دامەزراندنی پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی وا کە گرنگی دوور مەودای هەبێت لەسەر ئایندەی کۆمەڵگای کوردەواری .

دەکرێت پلانی زانستیانە و واقعبینانەی ئابووری دابڕێژرێت لە ڕێگەی دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی ئابوری و بازرگانی و...هتدوە کە کار ئاسانی تەواو بکات بۆ خاوەن سەرمایە و کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکیەکان بۆ هاندانیان و بۆ هاتنە کوردستان و دەستکردن بە کارو پرۆژەکانیان.لەم بوارەشدا دەکرێت کە سوودی گەورە لە ئەزموونی ولآتانی کەنداو وەربگیرێت . کوردستان بەهۆی ئەوەی کە لە عێراقی نوێدا، بەهۆی سەقامگیری ئارامی و ئاسایش تیایدا بۆتە نموونەیەکی زیندووی گەشەکردن و پێشکەوتن، کەئەم کەش و هەوا ئازاد و ئارامیە هانی زۆرێك لەوەبەرهێنەرانی داوە کە کارو پرۆژەکانیان دەست پێبکەن، بەلآم هێشتا لە ئاست خواستو ویستەکاندا نین، چونکە هێشتا ترسی تیرۆرستانیان هەیەو ناتوانن مغامەرەو مجازەفە بەسەرمایەکانیانەوە بکەن .

بۆیە ئەرکێکی لە پێشینەی حکومەتی هەرێمە کە پارێزگاری لەم ئازادی و دیموکراسی و ئارامیە بکات و ڕێگە بەهیچ گروپێك و لایەنێك نەدات کە پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرودراوسێدا تێك بدات، بەشێوەیەك کە بەزیانی سیاسی و ئابووری گەورەتر بگەڕێتەوە بەسەر کۆمەڵانی خەڵك و ئەم دەسەلآتەشدا. و سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت واز لە گوتار و دروشمی بریقەدار بهێنێت و سیاسەتێکی واقیع بینانە پەیرەو بکات کەلەگەڵ گۆڕانکاریەکان و بەرژەوەندیە باڵاکانی کورددا بگونجێت و لەپێناو هەندێ دروشم و هەڵوێستی سەرپێیدا ئەزمونی چەندین ساڵەی حوکم و دەسکەوتەکان لەکیس خۆی و گەل و نەوەی داهاتوش نەدات.

بۆیە کوردستان دەبێت بەبێ جیاوازی دەرگاکانی خۆی والآ بکات بەڕووی هەموو دەوڵەتان و کۆمپانیا فرەنەتەوەیی و خاوەن سەرمایەکاندا بەبێ گوێدانە ڕەگەز و بۆچوونەکانیان، چونکە ناکرێت لەم قۆناغی دەستپێك و سەرەتاییەدا کوردستان خۆی ببەستێتەوە بەتەنیا لایەن و ولآت و چەند کۆمپانیایەکەوە، چونکە ئەم قۆناغە پێویستی بەهەموو ئەزمون و شارەزایی و کارامەییەکی هەمەجۆر هەیە هەر لە وولآتانی ئەمریکا و بەڕازیل و ئەوروپای ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاواو ڕوسیا و چین و یابان و کۆریا و تەنانەت ولآتانی دراوسێ و ناوچەکەش، چونکە لانی کەم

ئەوانە هەموویان بەبچوك و گەورەوە خاوەن ئەزمونن و ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستانیان تێپەڕکردوە.

بۆیە کورد و سەرکردایەتیەکەی نابێت " هەمو هێلکەکان تەنیا لە سەبەتەی وڵاتێکدا دابنێت"، تەنیا پشت ئەستور بێت بەئەمریکا لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە، چونکە کورد ئەزمونی تاڵ و بەسۆی هەیە لەم بارەیەوە و شکستهێنانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1974 دا گەواهی ئەو ڕاستیەن ، و نزیکترین کێشەش هەڕەشەکانی تورکیا بوو لە هەرێمی کوردوستان بەبیانوی ڕاوەدوونان و لێدانی پەکەکەوە و لەم ئەزمە جدی و مەترسیدارەشدا کورد بەتەنها مایەوە و تەنانەت ئەمریکا هەڵوێستێکی جدی و ڕاشکاوانەی نەبوو بۆ پشتگیری کوردو لەسەر زاری لێپرسراوێکی گەورەی کوردەوە لە بەغداد ئەمریکا بەسەرکردایەتی کوردیشی ووتبوو(( وامان لێمەکەن لەنێوان کورد و تورکیادا تورکیا هەڵببژێرینەوە)) ، کورد دەبێت ئەو ڕاستیە هیچ کات لە بیر نەکات کە" بەرژەوەندی بەردەوام هەیە، نەك دۆست و دوژمنی بەردەوام" ، لە ئێستادا کە کورد و مەسەلەکەی لە هەردوو باری سیاسی و ئابوریدا بەزۆربەی دەوڵەتانی زلهێز و بچوکی دونیا و ناوچەکەش ناسراون و گەلێك دەسکەوتی گەورەو بەرچاوی بەدەست هێناوە، ئیدی ترسی لە ناوچون و بچوك بونەوە تاڕادەیەکی زۆر ڕەویوەتەوە.بۆیە پێویست دەکات کە سەرکردایەتی کورد هەموو جۆرە پەیوەندیەکی سیاسی و ئابووری و کەلتوری ..هتد لەگەڵ زۆرێك لەو وڵاتانە و کۆمەڵگایانەدا دروست بکات و بەتەنیا خۆی نەبەستێتەوە بەسیاسەت و پلان و نیازو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە، چونکە لە دونیای ئێستادا بەتەنیا ئەمریکا خاوەنی هێز و دەسەلأت و بڕیاری سیاسی و ئابوری و زانستی و سەربازیش نیە، ناتوانێت هیچ ئەرك و کارێکی نێونەتەوەیی ئەنجام بدات بەبێ هاوکاری و پشتیوانی یەکێتی ئەوروپا و چین و ڕوسیا و یابان و کۆریا و ئوستوڕالیا و ..هتد. ولە دونیای ئێستادا ئەمریکا تاکە ڕابەرو تاکە جەمسەر نەماوە، بەڵکو لەبەر مەترسی دروستبوونی فرە جەمسەری هێزدایە، هەر لە ئەوروپا و یابان و ڕوسیا و تەنانەت ئەمریکای لاتینیشدا.ئەم ڕاستیانە ئەوەمان لەبیر ناباتەوە کە

ئەمریکا خاوەن نفوز و دەسەلأت و هێزێکی گەورەیە لەدونیادا و دەتوانێت گوشار و فشارەکانی بەکاربێنێت لەسەر زۆر لە وولأتان و کۆمەڵگاکانی دونیا .

لەبەر هەموو ئەم فاکتەرانە کورد ئەکرێت کە پەیوەندی سیاسی و ئابوریەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و ڕوسیا و چین و یابان و کۆریا و ولأتانی ئەمریکای لاتیندا توندوتۆڵبکات و لەسەر بنەمایەکی بەهێز دابڕێژێت، بۆ ئەوەی لەهەر قۆناغ و گۆڕانکاری بەرژەوەندیەکاندا و لەکاتی پشتلێکردنی ئەمریکادا بۆکورد، کورد بێ پشت و پەنا نەمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە خاڵی دەستپێك و سفر، هەموو " هێلکەکانی بەیەك جار نەشکێت" و ئەزموونی مێژوویی تاڵی خەباتی کوردەواریمان دووبارە نەبێتەوە، ئەم کارەی کوردیش کارێکی شەرعیە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکاندا، چونکە لە دونیای ئێستادا هەموو پەیوەندیەکان دوولایەنەن و هەردولا پێویستیان بەو پەیوەندیانە هەیە.

بۆیە چیدی کورد نابێت شەرمن و خۆ بەبچوك زانیەوە هەنگاو بنێت بەو ئاڕاستەیە، چونکە هەموو دواکەوتنێك لەم کاروانی پێشکەوتنانەی دونیادا دەبێتە مایەی زەرەرو زیانی گەورە بە ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کوردو نەوەکانی داهاتوووش .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( سبەی )) و ڕۆژنامەی (( کوردوستانی نوێ))دا بلأوکراوەتەوە لە 12/5 و12/ 2007دا .

# هەڵە کوشندەکانی

# سەرکردایەتی کورد لە عێراقی نوێدا *

* ئاشکرایە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامی لەلای کوردو سەرجەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقیەوە ببووە کارێکی نەکردە و موستەحیلو لەتوانادا نەبوو، کاتێکیش ئەو کارە ئەنجامدرا بەڕابەرایەتی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانان هەموان شاگەشکەبوونو وەك خەون و خەیاڵ وابوو کە هاتبێتە دی .هەربۆیە خۆئامادەکردنێکی باش نەبوو بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتو حوکمی وڵاتێکی گەورەو گرنگی وەك عێراق بەهۆی پێگە مێژوویو جوگرافیی وهەڵکەوتەکەی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دەروازەی ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی عەرەبو بەهۆی دەوڵەمەندیەکەشیەوە لەنەوتو کانزاکانوبەهەموو کێشە نەتەوەیی و تایەفی و دینی و .........هتد .بۆیە کارێکی ئاسانو سانا نەبوو کە هەمووان بەکوردو شیعەو سونەو ...هتد وە، لەسەریەك بەرنامەو سیاسەتی یەکگرتوو کار بکەن .لەلایەك بەهۆی نەبوونی تواناو شارەزاییو کارامەیی تەواو لەئیدارە و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا لای هیچ لایەکی ئۆپۆزسیۆن ، لەلایەکی تریشەوە هەریەکەیان بەئەجێندەی وڵات یان دەزگایەکی سیخوڕی ناوچەییو عەرەبیو بیانی کاریان دەکرد کە مەحاڵ بوو هەموانیان لەسەر یەك بەرنامە کۆك بن، چونکە هەریەکەیان بەرژەوەندی تایەفەو پشتیوانەکانی خۆیان دەپاراستو هەوڵیان بۆ دەدا .

کوردیش وەك هەموان بەرنامەو ئەجیندای خۆی هەبوو لەو دەەسەڵاتو عێراقە نوێیەی کە وەك خەون هاتبووە دیو چەندەها ساڵ بوو خەباتو خوێنو فرمێسکی بۆ دەڕشتو کەوتە خۆ بۆ ئەوەی جێگەوپێگەی شیاوی خۆی وەربگرێت لەو عێراقە نوێیەدا .بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد یان ڕاستر بڵێین سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس دوو ئیدارەو دوو گوتارو دوو هەڵوێستی سیاسی جیاوازیان هەبوو لەمەڕ زۆر

لەمەسەلەکان لەنێوان خۆیاندا ، هەر بۆیەش لەلایەك نەبوونی متمانە بەیەکتری و لەلایەکی تریشەوە زاڵبوونی بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی و دەسکەوتی حیزبی و شەخسی و لەلای سێهەمیشەوە پرس و ڕانەکردن بەکەسانی پسپۆڕو شارەزاو جەماوەر و پارتە سیاسەیەکانی تر، ئەو سەرکردایەتیە کەوتەهەندێ هەڵەی کوشندەوە کە لەئێستاداو دوای چوار ساڵ لەڕووخانی ڕژێمی بەعس کاریگەریەکانیان دەردەکەوێت کە پێگەی کورد ڕۆژ بەڕۆژ لەلاوازبوون و بچوك بوونەوەو لەقاڵبداندایە و ئەو سەنگ و قورسایی و هەیبەت و هەیمەنەیەی جارانی نەماوە .

هەر بۆیەش مەترسی هەڕەشەکان لەسەرماف و داواکاری و مەسەلەی کوردیش بەجدی سەریان هەڵداوەتەوە بەهۆی زاڵبوون و باڵادەست بوون و بەهێزبوونی لایەنەکانی تر کە تا دوێنێ دۆست و هاوپەیمانی کورد بوون و لەخاکی کوردستانەوە بەناو خەباتیان دەکرد، بەڵام لەئێستاداو لەسایەی دیموکراسی و لەژێر قوبە پەرلەمانی شەرعی و یاسایی و دەستوریدا دژایەتی خواستە ڕەواکانی کورد دەکەن .

ڕاستە ئەرکی کورد و سەرکردایەتیەکەی لەئێستادا گەلێك لەجاران سەختره بەهۆی ئاڵۆزبوونی کێشەکان و زیادبوونی ناحەزان و بوونی کاریگەری پلە و ئیمتیازات و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەو دونیا و..هتد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بەژیرانەو حەکیمانەو دووربینانەو دیقەتی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووریەکاندا بکات و هاوکێشە و بەلانسی هێزەکان باش بخوێنێتەوە و کارتەکانی گوشار لەدەستیدا زیاتر بکات، ئەوانەش هەموی بەنەکردنی هەڵەی زەق و کوشندەی یاسایی و سیاسی دەبێت، چونکە ڕوودانی هەر هەڵەیەك دەبێتە هۆی مایە پووچبوونی بەری ڕەنج و خەباتی چەندەها ساڵەی کورد، بەپێچەوانەشەوە هەموو سەرکەوتنێك و بەدەستهێنانی دەستکەوتێك دەبێتە مایەی زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات و قەوارەی سیاسی کوردو پێگەی دەسەڵاتی لەعێراق و ناوچەکەو دونیاشداو هێندەی دی ئاسۆکانی دواڕۆژ ڕووناکترو گەشاوە تر دەکات .

* لەو هەڵە گەورانەی کە سەرکردایەتی کورد کردویەتی لەعێراقی نوێدا :-

1. نەتوانینی جێبەجێکردنی مادەی 58 لەیاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتدا کە لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا نوسراو نەتوانر لەسەردەمی هێزو دەسەڵاتی کورددا لەهەردوو حکومەتی عەلاوی‌و جەعفەریدا جێبەجێبکرێت .

2. لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کە نزیکەی دوانزە ملیۆن عێراقی دەنگیدا بۆی، لەماوەی دوو ساڵی ماوەی جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستووردا، نەتوانرا ئەو مادەیە جێبەجێبکرێت، کە هەڵەی سەرەکی سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەبوو کە ماوەی دانا بۆ جێبەجێکردنەکە، کە نەدەبوو ئەو کارە بکات‌و وەك هەموو مادەکانی تری دەستوور مامەڵەی لەگەڵدا بکرایەو تا ئەو دەستوورە هەبوایە مادەکەش کاریگەری یاسایی‌و شەرعیەتی خۆی بمایە، نەك وەك ئێستا بەهۆی هەڵەی سەرکردایەتی کوردەوە شەرعیەتی مادەکە کەوتۆتە بەر تانەو تەشەرو گومانەوە .

3. هەر لەسەرەتای پێکەوەنانی حکومەتەکانی عەلاوی‌و جەعفەریدا نەتوانرا بوونی هێزی پ. م ی کوردستان وەك هێزێکی سەربازی یاسایی بچەسپێنرێت‌و بوودجەی بۆ تەرخان بکرێت نەك وەك ئێستا بۆتە کێشەو دوژمنی بۆ زیاد بووە، هەموو پرس‌و ڕایەك دەبێت لەپەڕلەمانی عێراقدا یەکلایی بکرێتەوە کە ئەمەش کارێی زەحمەتە .

4. نەتوانرا هەر لەسەرەتاوە بەو هێزی پ.م کەهەیەو لەئێستادا بەهەردوو پارتی‌و یەکێتی کە نزیکەی 100 هەزار چەکداریان هەیە، بتوانرێت سنووری جوگرافیای کوردستان لەشەنگارو تەلەعفەرو مەخمورو کەرکوك‌و حەمرین‌و خانەقین‌و مەندەلی بپارێزێت‌و بیکەنە ئەمری واقع‌و لەدەستووری هەمیشەیی عێراق‌و کوردستانیشدا بچەسپێنرێت .

5.لەئێستاشدا کە سەرکردایەتی کورد بۆی دەرکەوتووە کە پێگەو دەسەڵاتی بەرەو لاوازبوون دەچێت هەوڵی ئەوەدەدات کە هەندێ کار بکات بۆ ئەوەی ئەو بارە لارو ڕوو لەناهاوسەنگیە ڕاستبکاتەوە بەهەندێ هەنگاوی حساب بۆ نەکراو و پشت نەبەستوو بەشەرعیەتی دەستووری‌و جەماوەری خەڵکی کوردستان .وەك

لێـدانی بـیری نـەوت و ئیمزاکردنـی پەیوەسـتنامەی نـەوتی لەگـەڵ کۆمپانیـا بیانیەکاندا، بەبێ گەڕانەوە بۆ مەرکەزو پرس و ڕاوێژ پێکردنیان .

ڕاستە هەموو هەوڵێکی حکومەتی هەرێم بەئاڕاستەی زیاتر چەسپاندنی واقعی سیاسـی کوردسـتان و بـەهێزکردنی بنـەما ئابووریـەکانی هـەرێم کارێکـە لەبەرژەوەنـدی ئاینـدەی کوردسـتاندایە، هـەموو تـاکێکی کـورد خـەونی بـەوەوە دەبینـی کـە نـەوتی کـورد بـۆ کوردبێـت نـەك دژ بـەکورد .بـەڵام دەبێـت ئـەم هەوڵـەو گەمـە سیاسـیە زۆر هەسـتیارە لەلایـەك بەئاشـکرابێت و لەلایـەکی تریشـەوە پشـت ئەسـتوور بێـت بـەڕای گشـتی جـەماوەری کوردسـتان و پارتـە سیاسـیەکان و پەڕلەمانی کوردستان .نەك شاراوەبێت تەنانەت شەریکە بەشەکەی حکومەتیش کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ئاگاداری ووردەکاری ئەو پەیوەستنامانە نیە و تەنانـەت پەڕلـەمانی کوردوسـتان کـە نماینـدەی گـەلی کوردوسـتانە ئاگـاداری ناوەڕۆکی ئەو پەیوەستنامانە نیە.

* لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەڵەو کەموکوڕیانە بۆ کران ؟ئایا لاوازبوون و بچووکبوونەوەی پێگەی کورد لەبەغداد هەڵەی کێ بوو؟ کورد خۆی یان خەڵکانی تر ؟ ڕێگا چارە چی یە؟

ڕاست و دروست ئەم هەڵانە تەنها سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لێی بەرپرسیارە، لەئـەنجامی نەشـارەزایی و پـرس نـەکردنی بەپسـپۆڕانی یاسـایی و دەسـتووری و ئیـداری و ئـابووری و ....هتـد .لەئـەنجامی ململانێـی حیزبایـەتی و وەدەسـتهێنانی پلەوپایـەو پۆسـت و ئیمتیـازاتی حیزبـی و کەسـی بـووە، لەئـەنجامی بـێ متمانـەیی بەیـەکتر بـووە، لەئـەنجامی نەگەڕانـەوە بـۆ لای هێـزە سیاسـیەکانی سـەر گۆڕەپـانی کوردسـتان و جـەماوەری گەلەکـەمان بـووە، بەهـەمان شـێوە لەئـەنجامی خۆشباوەڕی و موجامەلەو دڵ ڕازیکردنەوە بووە، لەئەنجامی بێ بەرنامەیی و باش هەڵنەسـەنگاندنی هاوکێشـەو گۆڕانـە سیاسـەکان و هێزەکانـەوە بـووەو نەخوێندنەوەی ئایندە بووە .

لەئێستاشـدا بەهـەمان شـێوە هـەمان سـەرکردایەتی سیاسـی بەرپرسـیارن لـەلاوازبوون و بچـوکبوونەوەی پێگـەی کـورد لەعێراقـدا، چـونکە کـورد خـۆی بـووە

ناوبژیوان‌و دەم ڕاست‌و کوێخای شیعەو سونە بۆ ئەوەی شەڕی تایەفی‌و ئەهلی ڕوونەدات، هەر ئەم کارەش بوو کەبوە هۆی بەهێزبوونی هێزی پۆلیس‌و سوپاو دەزگا ئەمنیەکانی تر ،دەسەڵات‌و حکومەتی مالکی بەهێزتر کردوو زیاتر چەسپاندنی و وایکرد کە ڕێگری زۆر لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140 دا دروست بکات‌و بەبەرنامەش کار بۆ پەکخستنی دەکات، تاکار گەیشتە ئەوەی کە هاوپەیمانی لەدژی کورد سازبدات لەگەڵ هێزە دژەکان بەکوردو داواکاریەکانی ، لەکاتێکدا تەنها کورد بووە مایەی مانەوەو بەردەوامبوونی حکومەتەکەی مالکی .

کورد هەر خۆی بوو بووە هۆی دواکەوتنی لەسێدارەنەدانی تاوانبارانی ئەنفال . کورد خۆی کەمتەرخەم‌و خوێن سارد بوو بۆ جێبەجێکرنەکردنی مادەی 140 ی دەستوور لەکاتی خۆیدا .بەدەستنیشانکردنی کەسانی لاواز و بێدەسەلات لەکوردوستان و لیژنەی بالاًی مادەی 140.کورد هەر لەسەرەتاوە هەڵەی خۆی بوو کە کەرکوکی وەك خانەقین پاکنەکردەوەو کۆنترۆڵی نەکرد .کورد هەر خۆی بووە هۆی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەژمارەو خەرجی‌و پێداویستیەکانیەوە نەچەسپێت .

کورد هەر خۆی بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی خۆی لەعێراق‌و لەبەردەم ئەمریکاداو لەناوچەکەشدا، چونکە تائێستاش ئاشتبوونەوەو متمانەیەکی ڕاستەقینەو توندوتۆڵی لەناو خۆی خۆیدا لەحیزب‌و حکومەت‌و پەڕلەماندا چێ نەکردووە .

کورد هەر خۆی نەیتوانیوە لەماوەی دوو ساڵدا بناغەی حکومەتەکەی خۆی بچەسپێنێت‌و هەموو وەزارەتەکان یەکپێبگرێتەوە.

کورد داوای شەراکەتێکی یەکسان‌و هاوبەش دەکات لەبەغداد کەچی لەناو حکومەتەکەی خۆیدا هەردوو شەریکە بەشەکە متمانە بەیەکتری‌و پەڕلەمانە هاوبەشەکەش ناکەن .کەواتە تەنها کورد خۆی بەرپرسیارە لەبچوکبوونەوەو لاوازبوونی ڕۆڵ‌و کاریگەریەکانی تەنانەت لەناو کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەو لەبەردەم ئەمریکاشدا .

هەر بۆیە چارەسەر بریتیە لەوەی کە، ئەم سەرکردایەتیە سیاسیەی کورد یان بگۆڕدرێت، یان بەسەر گوتارو هەڵوێستەکانی خۆیدا بچێتەوە .
لەسەر ئاستی کوردستان :-

1. بەزووترین کات حکومەتێکی توندوتۆڵ و بنکە فراوان و بەهاوبەشی هەموو حیزبە سیاسیەکان پێکبێت لەسەر بنەمای تواناو لێهاتووی و ڕابوردوو پاکی و خاوەن بڕوانامە، نەك لەسەر بنچینەی حیزبایەتی .
2. پرس و ڕاکردن بەپارتە سیاسیەکانی کوردستان و لەهەموو مەسەلەکاندا بۆ ئەوەی یەکڕیزی گەلی کورد بپارێزرێت و ڕێگە نەدرێت بەدرزتێکردنی ڕیزەکانی گەلی کورد .
3. گەڕانەوە بۆ لای جەماوەر ئەویش بەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشکردنی زیاتری خزمەتگوزاری بۆ جەماوەر .
4. نەهێشتنی گەندەڵی و چێ کردنی سازکاری لە حیزب و حکومەت و دەسەڵاتی کوردیدا .
5.چەسپاندنی زیاتری دیموکراسیەت و ئازادیەکان و دادوەری کۆمەلآیەتی .

* لەسەر ئاستی عێراق :-

بەدڵنیایی چەندە لەکوردستاندا یەك و یەکگرتوو بین، هێندەش لەبەغداد بەهێزو بەتوانا دەبین، هەر بۆیە عێراق ڕەنگدانەوەی کوردستانەو دەبێت لەبەغداد سیاسەتی نەتەوەیی پیادە بکەین دژی هەموان و لەسەر ماف و داواکاریە ڕەواکانی کە لەبەرژەوەندی خەڵکدایە نەك حیزب سازش نەکرێت و مل نەدرێت بۆ گوشارو فشارەکانی هێزە نەیارەکان .

* لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە :-

لەبەر ئەوەی کورد لەڕەوایی مەسەلەکەیی و جەماوەرەکەی و شاخ و داخەکانی کوردستان هیچ دۆستێکی ڕاستەقینەو تاسەری نیە نە لەعێراق و نە لەناوچەکەو نە لەکوردستانیشدا، هەر بۆیە پێویستە مامەڵەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەشدا بەهێمنی و لەسەر خۆو نەفەس درێژی بەڕێوە بەرێت، دوور لەزمانی

زبرو توندو هەڕەشەو گوڕەشە کە لەتوانامانـدا نـەبێت، بـۆ تێپەڕانـدنی قۆناغەکەو سیاسەتی ڕێزگرتنو دراوسێیەتی باش پیادە بکات، بەبێ ئەوەی دەست بەربدات لەمافە ڕەواکانی.

*لەگەڵ ئەمریکادا :-

کورد ئەگەر بەناوو لەم قۆناغەدا دۆستێکی هـەبێتو پارێزگـاری لێبکـات لەبـەردەم هێزە نەیارەکانی نـاوخۆی عێـراق لەلایـەكو وڵاتـانی عـەرەبیو ئیسـلامی ناوچـەکە لەلایەکی ترەوە تەنها ئەمریکایـە، بـەڵام ئاشکراشـە لـەدونیای سیاسـەتدا دۆسـتو دوژمنی تاسەر نیە، بەڵام بەرژەوەندی تاسەر هەیە، هەر بۆیەش ئەم دۆستایەتیەی ئەمریکاش بەدڵنیایی تاسەر نابێت، بەڵگەش بۆ ئـەو ڕاسـتیە هەڵوێسـتی ئـەمریکا بـوو لەکێشـەی pkk و بەئاشـکراو بـەنهێنی  دژی pkk  بـوو، لەگـەڵ تورکیاشـدا پەیوەندیە ساردبوەوەکانی گەرمتر کردەوەو هەڕەشەی لەسەرکردایەتی کوردیش کـرد کـە زیـاد لەبـەڕەی خـۆی پـێ ڕانەکێشـێت .بەهـەمان شـێوە تائێسـتا هـیچ کۆمپانیایــەکی ئــەمریکی لەگــەڵ حکومــەتی هەرێمــدا پەیوەســتنامەی نــەوتی ئیمزانەکردووە .

بـەڵام کـورد دەتوانێـت درێـژە بـەو پەیوەندیانـەی لەگـەڵ ئـەمریکاو ئـەوروپا بـدات بــەزیاتر چەســپاندنی دیموکراســیەتو ئازادیــەکان لەکوردســتانداو نەهێشــتنی گەندەڵی لـە حکومەتـداو زیـاتر ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتانو تێکـەڵاوبوون لەگـەڵ بازاڕەکانو کۆمپانیاو بانکە نێودەوڵەتیەکاندا .

* بۆیــە گــەر ســەرکردایەتی کــوردی ئــەم قۆناغــە ناســكو هەســتیارە بەژیرانــە تێنەپـەڕێنێت ئـەوا زۆر نزیکـە کـە هـەموو بـەری ڕەنـجو خـەباتو دەسـتکەوتەکان لەدەست بچێتو جارێکی دی بۆسـەدان سـاڵی تـر چاوەڕوانی هـەلێکی لـەم جـۆرە بین.

---

*  ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی((سبەی))دا بڵاوکراوەتەوە لە 2008/2/27دا.

# ئەریٚ کۆمەڵگای کوردەواری
#  کۆمەڵگایەکی دیموکراسیە یان حیزبی ؟*

* وەك ئاشكرایە دیموكراسی شێوازێكە لەشێوازەكانی دەسەڵاتو لەم سەردەمەدا بۆتە ئامانجو دروشمێكی گرنگ لەلای زۆربەی پارتە سیاسیەكان و دەوڵەتانی گەورەو بچوكەوە، تەنانەت سیستەمە تاكڕەو وشمولیەكانیش دەیانەوێت بەپێی خواستو بەرژەوەندیەكانیان دیموكراسی بسەپێننو لەو پێناوەشدا پرۆسەی هەڵبژاردنی بەناو ئازادو نهێنی ئەنجام دەدەن، هەرچەندە ئەنجامەكانی لەپێشەوە زانراوە.

دیموكراسی مێژوویەكی دێرینی هەیەو لەسەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە لەیۆنانی كۆندا سەریهەڵداوەو بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پیادە كراوە، بەو مانایەی كە دیموكراسی دەسەڵاتی گەل خۆی دەگەیەنێت .بەم شێوەیە بەپێی قۆناغەكانی گەشەكردنی ئابووری كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاو مێژووی دیموكراسی گەشەو پێشكەوتنی گەورەی تیادا بەرجەستەبووە لەچەمكو شێواز و جێبەجێكردنەكانیدا.ئاشكراشە دیموكراسی گەلێك دووژمنی سەرسەختی هەیە لە جۆرە دەسەڵاتەكانی تاك ڕەو وئەلیگارشیو خۆسەپێنەكانو كۆنەپارێزو دواكەوتووەكاندا .

دیموكراسی هەمیشە لە كۆمەڵگایەكی ئازادو خۆشگوزەرانو پێشكەوتوو وتەندروستدا بەباشی گەشەدەكاتو دەچەسپێت، بەهەمان شێوەش لە سایەی دیموكراسیدا كۆمەڵگا پێشكەوتن وەدەست دەهێنێت لەسەر ئاستی هەموو بوارەكانی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی ....هتد.جا هەر كاتێك دیموكراسی بووە بەشێك لەكەلتورو ژیانو هەڵسوكەوتو گوتاری تاكو دەسەڵاتداران لە هەر كۆمەڵگایەكدا ئەوە دەتوانرێت بەو كۆمەڵگایە بووترێت كۆمەڵگایەكی دیموكراسی. لە ئەنجامیشدا هەركاتیٚ كۆمەڵگایەكی دیموكراسی

هاتە بوون ئەوا بەدڵنیاییی دەسەڵاتێکی دیموکراسیش دێتە بوون، بەڵام مەرج نیە ئەگەر دەسەڵات دیموکراسی بوو ئەوا کۆمەڵگاش دیموکراسی بێت.

ئاشکراشە شێوازی دەسەڵاتی دیموکراسیش بێ کەمو کوڕیو بێ هەڵە نیە، دیموکراسیش زۆر جاران ڕەخنەو توانجی لێدەگیرێتو لێگیراوە، لە ڕووی پیادەکردنو هەیمەنەی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، چونکە دیموکراسی بۆ خۆی بریتیە لە حوکمی زۆرینە، وەك جان جاك ڕۆسۆش دەڵێت:" لە هیچ کاتو جێگەیەکدا دیموکراسی سەد دەر سەد جێبەجێ نەبووەو ناشبێت".

بەڵام دەکرێت تاڕادەیەکی زۆرباشو کاریگەرو بێ هەڵە دیموکراسی پیادە بکرێتو جێبەجێ بکرێتو کاریگەری زۆر باشیشی هەبێت لەسەر گەشەکردنو خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان کە هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەموان بیکەنە دروشمو ئامانج.

ئاشکراشە دیموکراسی وەك چەکێکی دوو دەم وایە کە ئەگەر توانرا کۆنترۆڵ بکرێتو لەچوارچێوەی یاساو دابو نەریتدا ڕێك بخرێت ئەوا بە قازانجو بەسوودە، بە پێچەوانەشەوە گەر لە کۆنترۆڵ دەرچوو دەبێتە فەوزاو پاشاگەردانی .

سیمادیارەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی بریتین لە: -

* جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسا دانانو جێبەجێکردنو دادوەری لەیەکتری.
* جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت .
* سەروەری یاسا .
* چەسپاندنی ئاشتیو ئارامی .
* خۆشگوزەرانی .
* بەرقەرارکردنی سەرجەم ئازادیەکانی تاكو کۆمەڵگا .
* بازاڕی ئازاد .
* ئازادی میدیاو زانکۆکان .
* یەکسان بوونی هەمووان لە بەردەم یاسادا .
* بوونی دادوەری کۆمەلایەتی .

جا لێرەدا ئەو پرسیارانە سەر هەڵدەدەن کە ئاخۆ کۆمەڵگای کوردەواری لەکوێی ئەم چوارچێوەیەدایە؟ ئایا کۆمەڵگایەکی دیموکراسیە یان حیزبی؟ ئایا تا چەند دیموکراسی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چەسپاوە؟ ئایا دیموکراسی بۆتە بەشێك لە کەلتوری کوردەواری؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە، دەکرێت کەمێك دیققەت و وردبوونەوە لە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواری پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بدەین و جیاوازیەکان ڕوون بکەینەوە و بەچاوێکی دووربین و تیژبین و بە ویژدانیشەوە ئێست بکەین لە بەردەم هەوڵ و خەباتی دەسەڵات و سەرکردایەتی سیاسی کورددا، بەهەمان شێوەش کەش و هەوای ناوچەکەو دەوروبەریش بخوێنینەوەو خواست و خەون و داواکاریەکانی جەماوەریش بەهەند وەربگرین، ئەوسا دەکرێت بڕیاری کۆتا لەسەر دیموکراسی بوون یان حیزبوونی کۆمەڵگای کوردەواری بدەین .

ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری لەساڵی 1916 وەو دوای ڕێکەوتنامەی (سایکس – بیکۆ – سازانۆف ) وە بۆتە کۆمەڵگایەکی داگیرو دابەشکراو بەسەر کۆمەڵگاکانی " تورکی و فارسی و عەرەبیدا"، کەهەموانیشیان کۆمەڵگای نادیموکراسی و شۆڤێنی و کۆنەپارێزو دواکەوتوو هەژارو نەخوێندەوارو داخراو بوون، دەرئەنجامیش کۆمەڵگایەکی کوردی داخراوو داوکەوتوو هەژارو نەخوێندەوارو نەخۆشی هێناوەتە بەرهەم، ئەم حاڵەتە لە بەشەکانی تری کوردستانی گەورەدا تائێستا هەر بەردەوامە، بەڵام لە باشووری کوردستانداو لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 وەو زیاتریش لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامیەوە لەساڵی 2003 دا، کۆمەڵگای کوردەواری لەسایەی کەش و هەوایەکی ئازادی و دیموکراسی و هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 1992/5/19 و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 1992/7/4 و بڕیاردان لەسەر شێوازی دەسەڵات و پەیوەندی بەناوەند لە بەغداوە لەسەر شێوەی فیدڕاڵیزم لە 1992/10/4 دا، توانیویەتی تاڕادەیەك ببێتە کۆمەڵگایەکی کراوە، هەنگاوی باشیش بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادیەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و

ئەنجومەنەکان و جياکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەرقەرارکردنی ياسا و ڕێنەگرتن لە ئازاديەکان لە کاری سياسی و کاری ڕێکخراوەيی و جەماوەری و خۆپيشاندان و ناڕەزايی و ...هتد چیێ بکات.

هەنگاوی سەرەتايشی ناوە لە ئازادکردنی ميديا و ڕاگەياندنەکاندا، هەوڵی ئازادکردنی بازاڕو ئابووری و بازرگانی داوە، هەرچەندە هەڵەو کەموکوڕيشی تيادايە ، هەوڵی نەهێشتنی بێ کاری و هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشيەکانی داوە، هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنانی داوە، هەوڵی پێکەوە نانی کۆمەڵگايەکی مەدەنی و ئاشتيخوازو ئارام و پێشکەوتووی داوە، هەوڵی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی کوردستان و سەرمايەو بازاڕی داوە، هەوڵی داوە بەپێی توانا ودەسەڵات خۆشگوزەرانی چیێ بکات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاريەکانەوە.

بەڵام... ئايا ئەم هەوڵانە هەمووانيان چوونەتە قۆناغی کارو پيادەکردن و جێبەجێکردنەوە بەشێوەيەکی ڕاست و دروست و بێ هەڵەو کەموکوڕی، يان تەنها وەکو خواست و داواکاری و خەون ماونەتەوە ؟

بە دڵنياييی ئەم هەوڵانە زۆربەيان لە قۆناغی خەون و داواکاريدا ماونەتەوە، هەندێکيشيان لە قۆناغی ساوايی و هەنگاوی سەرەتايدان، بە درێژايی ئەم حەڤدە ساڵەی دەسەڵاتی کوردی خۆی، ئەمەش مايەی نيگەرانی و نائومێديە، چونکە دەکرا زياترو زۆتر بکرايە.

ئەی بۆ نەکراوە؟

ئاشکرايە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگايەکی زيندوو خەباتگێڕو پێشکەوتخوازو ئازادی و ديموکراسی خوازە، هەميشە حەز بە ئاشتی و ئارامی دەکات، چونکە بە درێژايی مێژوو ژێر دەستەو چەوساوەو ماف خوراو بووە، بۆيە تەنها ديموکراسی و ئازادی بەدەرمانی دەردەکانی دەزانێت، هەر بۆيەش زۆر بەزوويی هەوڵی چەسپاندن و پيادەکردنی ئازاديەکان و ديموکراسيداو توانيشی سەرکەوتوو بێت، بەڵام هێشتاش زۆر ماوە، بەڵام وەك دەڵێن:" الناس على دين ملوكهم ".

هەر بۆیە کەموکوڕی لە جەماوەردا نیە، چونکە جەماوەر سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتو شەرعیەتەکانە، بەڵام هەڵەو کەموکوڕیو کەمتەرخەمی لەڕابەرو سەرکردەو دەسەڵاتداراندایە، چونکە ئەوان لەبەر ململانێی حیزبی تەسكو ناڕەواو گرتنە دەستی دەسەڵاتو هێشتنەوەی هەرچی زووترو زۆرتری پۆستو ئیمتیازاتو سەروەتو سامانیان لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە هەلومەرجە سیاسیو ئابووریەکانی ناوچەکەو پیلانگێرانی دووژمنانو داگیرکەران، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ نەبوونی کۆمەڵگای کوردەواری بە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی پێگەیشتوو .

کوردستان خاوەن سەروەتو سامانو داهاتێکی هێندە زۆرە کە:-

ئەگەر پلان و بەرنامەی زانستی وردو واقعیو دوور لە گەندەڵیو مشەخۆریو بەفیڕۆدانی هەبوایە دەتوانرا زۆر کاری گەورەترو پرۆژەی ستراتیژیو گرنگتر جێبەجێ بکرایە.

ئەگەر سەرکردەو حیزبەکان بەتایبەت ( هەردوو حیزبی پارتیو یەکێتی دەسەڵاتدار) بیانویستایەو بەرژەوەندی گەلو نەتەوەیان بخستایەتە سەروو بەرژەوەندی خۆیانو حیزبەکانیانو بنەماڵەکانیانەوە ئەوا دەکرا کاری گەلێك گەورەتر بکرایە.

ئەگەر سەرکردەو ڕابەرو حیزبەکانو لێپرسراوانیان ئینتیمایەکی ڕاستەقینەیان بۆئێستاو ئایندەی مێژوو خەباتو نەوەکان هەبوایە دەکرا گەلێك خزمەتگوزاری پێشکەش بکردایە.

ئەگەر تەکەتولی ناڕەواو ناوچەگەریتیو تیرەگەریتیو دڵڕازیکردنو خزم خزمێنەو مەحسوبیەتو مەنسوبیەت نەبوایە، دەکرا کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانو یەکسانو دادپەروەر بهێنرایەتە بەرهەم .

ئەگەرحیزبایەتی هێندە تۆخ نەکرایەتەوەو نەبوایە بەسەرچاوەی داهاتو ژیانو گوزەرانو کارو دەسکەوتی بێ شومارو پێکەوەنانی سەروەتو سامانی بێ حسابو بەرزکردنەوەی کۆشكو تەلاری چەندین نهۆمیو وەرگرتنی پۆستو ئیمتیازات بۆ توێژێکی کەمی حیزبی لە کۆمەڵگادا ئەوا دەکرا هەموان بە توانای

لێهاتووی و شارەزایی و بڕوانامەکانیان هاوکارو بەشداربوونایە لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای کوردەواری لەسەر بنچینەیەکی ڕاستو دروستو دیموکراسی و دادپەروەری .

هەموو ئەم ئەگەرانەو دەیانی تریش دەکران چارەسەر بکرێن و بگۆڕدرێن بەفاکتەری گەشەکردن و پێشکەوتن و چەسپاندنی زیاتری دیموکراسیەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، هەموانیش بەهێندەی بەهرەمەندبوونیان لە دەسکەوتو داهاتو خۆشگوزەرانیەکان بەشدارو هاوکار بوونایە، نەك وەك ئێستا زۆرینەی زۆری کۆمەڵگای کوردەواری ناڕازی و توڕەو زویرن لە دەسەڵاتی سیاسی کوردی و بە ئاواتەوەن کە گۆڕانکاری ڕووبداتو ڕاپەڕین و هەڵشاخانێکی جەماوەری تر دژ بەم دەسەڵاتە چێ ببێت، چونکە بۆتە نمایندەی کەمینەیەکی زۆر کەمی گەندەڵ و مشەخۆرو خاوەن دەسکەوتو قازانج، پشتیشی کردۆتە زۆرینەی جەماوەری هەژارو بێ کار.

لەکۆتاییدا دەکرێت بڵێین:" بەداخەوە کۆمەڵگای کوردەواری تائێستا و دوای حەڤدە ساڵی دەسەڵاتی کوردی سیماو ڕووخساری حیزبایەتی زاڵترە بەسەریدا نەك سیماو ڕووخساری دیموکراسیەت" .

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( سبەی و بەرەو کۆنگرە))دا بلأوکراوەتەوە لە 4/6 و2008/5/4دا.

# دەسەڵاتی کوردی

# و

# هەنگاونان بەرەو دیکاتۆریەت *

- ئاشکرایە دوو سیستەمی سەرەکی دەسەڵات هەن لەدونیادا ،ئەوانیش دەسەڵاتی دیموکراسی و دەسەڵاتی دیکتاتۆرین ولەژێر چەتری ئەو دوو سیستەمەشدا شێوە و شێوازی زۆری تر هەن و پیادە دەکرێن بەناو و ڕێبازی جیاوازەوە .کە ئەو دوو سیستەمەش هەرگیز پێکەوە هەڵناکەن و دوژمنی سەرسەختی یەکترین . هەمیشە و لەمێژوودا هەر وابوە هەرکاتێ سیستەمێکی دیموکراسی ڕووخابێت لەئەنجامی هۆکاری ئابوری یان کۆمەڵایەتی و ...هتدوە . ئەوا ڕاستەوخۆ سیستەمێکی دیکتاتۆری جێگەی گرتۆتەوە .ئاشکراشە ئەم دوو سیستەمەش جیاوازیەکی گەورەیان لەنێواندا هەیە و زۆر بەسانایی درك بەکاریگەریە باش و خراپیەکانی هەردوو سیستەمەکە دەکرێت لەسەر ژیان و گوزەران و پێشکەوتن و گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا.
- لەدونیای ئێستادا مۆدێلی سیستەمی دیموکراسیە و سەرتاپا سیستەمە دیکتاتۆری و شمولی و سەربازی و کۆنەپەرستەکان کەنار و پەراوێزخراون و بونەتە بەشێکی ڕەش و تاڵی مێژووی مرۆڤایەتی .هەرچەندە لێرەو لەوێ و تاکو تەرا سەرهەڵدەدن ودروست دەبن ، بەڵام بەهۆی قێزەونی و دڕندەییان هێندە دوژمنیان هەیە ناتوانن لەبەر فشارە ناوخۆیی و دەرەکی و جەماوەریەکاندا خۆ ڕابگرن و بەناچاری دەکەونە خۆ گونجاندن و جوانکردنی سەرو سیماو دروشم و بەرنامەکانیان و دواتریش بەرەو ڕوخان و داڕمانی کۆتا دەچن.هەربۆیە لەئێستادا تاکە سیستەمێك کە مایەی ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بێت تەنها دیموکراسیە کە ئەویش هەرچەندە بە تەواوی و بێ کەموکوڕی نیە بەڵام هەمیشە لە سیستەمی دیکتاتۆری پەسەندتر و بەهێزترە.جابۆناسینی زیاتری سیستەمی دیکتاتۆری کەمێك بەدرێژی باسی لێوە دەکەین چونکە مەبەستی باسەکەمانە.

- **پێناسەی دیکتاتۆریەت:-**

**1. شێوازێکە لەشێوازەکانی دەسەلاَت کە تیایدا دەسەلاَتی ڕەها لەدەستی یەك کەسدایە ( دیکتاتۆر )، وشەی دیکتاتۆریەت لەکرداری ( dictate) بەمانای دەیسەپێنێت و لەچاوگی ( dication) یان سەپاندنەوە هاتووە .**

**2. سیستەمێکی دەسەلاَتە کە تیایدا تاکە کەسێك خاوەن سەرجەم دەسەلاَتەکانە لەبەڕێوەبەردنی دەوڵەتێکدا، جا بەتەنها ئەو دەسەلاَتانە پیادە بکات یان لەڕێگەی دەست و پێوەندەکانیەوە.**

*** مێژووی پەیدابوونی دیکتاتۆریەت**

**ڕەگ و ڕیشە سەرەکیەکانی دیکتاتۆریەت دەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەتی ڕۆمانی کە زانیاریە ڕاستەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکەم دیکتاتۆریەت لەپێش زایندا بەنزیکەی 500 ساڵ دروست بوە ، وە دوا دیکتاتۆری هەڵبژێراویش بەشێوەیەکی یاسایی ڕاست و دروست لەپێش زایندا بە 210 ساڵ بووە، بەلاَم دیکتاتۆریەت وەك سیستەم بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی چواردەمدا دەرکەوت.**

**لای ڕۆمانیەکان دیکتاتۆریەت پشتی دەبەست بەبنەما دەستوریەکان لەبڕیارەکانیداو بۆ ماوەیەکی نائاسایی و دیاریکراو بوو، وە کۆتایی دەهات ئەگەر کارەکانیشی تەواو نەکردایە، بەلاَم لای ئغریقیەکان دیکتاتۆر گۆڕا بۆ دەسەلاَتی سەپێنراو و چەوسێنەرەوە.**

**سۆکرات و ئەفلاتون هۆشداریاینداوە کە دەسەلاَتی چەوسێنەرەوە لەدوای دیموکراسیەتەوە دێت و لەناوی دەبات. لای ڕۆمانیەکان دیکتاتۆر دەسەلاَتدارێکی ڕەها نەبوو، بەڵکو دەستوری بووە، وە سیستەمێك نەبوو کە دامودەزگای دیکتاتۆریەتی هەبێت کەسەر بەدیکتاتۆر بووبن، بەلاَم دواتر لای ئیغریقیەکان بووە دەسەلاَتێکی سەرکوتکەرو چەوسێنەرو داپڵۆسێنەرو بەبێ بوونی بناغەیەکی دەستوری ڕاستەقینە.**

***چەمکی دیکتاتۆریەت**

**دوو بەکارهێنان هەیە بۆ چەمکی دیکتاتۆریەت:-**

1. دیکتاتۆری ڕۆمانی کە پۆستێکی سیاسی بوو لە کۆماری ڕۆمانی کۆندا کە لەو کۆمارەدا دیکتاتۆر خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها بوو لەکاتی نائاسایدا، وە پێویست بوو لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە ئەو پۆستەی پێبدرێت.

2. لەم سەردەمەدا وشەکە بەمانای شێوازێکی دەسەلاتی ڕەها دێت بۆ تاکە کەسێك بەبێ پابەندبوون بەدەستورەوە یان یاساکانەوە، یان هیچ هۆکارێکی سیاسی یان کۆمەلأیەتی لەناو ئەو دەوڵەتەی کە حکومی دەکات.

وشەی دیکتاتۆر بەهەموو دەسەلأتدارێکی خۆسەپێن یان هەر کەسێك کە نوێنەرایەتی دەکات دەوترێت لەبردنەڕێوەی ولأتێکدا دوور لە گەلەکەی .

پێناسەی چەمکی تێوری دیکتاتۆریەت و زاراوەکانی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆبیستەکان و سیەکانی سەدەی ڕابردوو.

دیکتاتۆریەت مێژوویەکی کۆنی نیە، بەڵکو بەکارهێنانی وشەی دیکتاتۆر مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئاشکراشە جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان چەمکی دیکتاتۆرو چەمکی دیکتاتۆریەتدا، چونکە دیکتاتۆر تاکە کەسێکەو دیکتاتۆریەت سیستەمێکی دام و دەزگاییە، لەسەدە کۆنەکاندا شتێك نەبووە بەناوی دیکتاتۆریەتەوە، بەڵکو دیکتاتۆر هەبووە وەك تاکە کەس.لەڕاستیدا جیاوازی هەیە لەنێوان دیکتاتۆرو دیکتاتۆریەتدا، سەرەڕای هەبوونی پەیوەندی و ڕایەڵە لەنێوانیاندا.

- زاراوەی دیکتاتۆرو دیکتاتۆریەت لەمێژوودا بەچەند قۆناغێکی گۆڕانی قوڵدا تێپەڕیوە، وەك سیستەم و وەك دەربڕینی زمانەوانی . دەکرێت دابەشبکرێتە سەر چوار قۆناغ:-

1. سەدەی پێنجەم – سەدەی سێیەمی پێش زاین (دیکتاتۆریەتی ڕۆمان) کە سیستەمێکی نائاسایی دانراوە بۆ ڕابەرایەتیکردنی ولأت لەکاتی نائاسایدا ( تایبەتدا).

2. سیستەمی ڕۆمانی لەسەردەمی (دیکتاتۆریەتدا ) قەیسەری ڕۆمانی و سەردەمی ماریۆسی حەوتەم .

3.لەلایــەنی یاســاییەوە، لەســەردەمی ڕۆمــانی سیســتەمی دیکتاتۆریــەتی سیستەمێکی شکڵی بووە، وە هەندێ لەدامو دەزگاکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی کاتی هەڵوەشانەوە. بەم شێوە چەمکی دیکتاتۆریەت بزر بوو لەبەکارهێنانیدا تا سەدەی بیستەم.

4. دیکتاتۆریەتەکانی سەدەی بیستو زیندووکردنەوەی ئەو زاراوەیە، بەڵام بەچەمکێکی نوێیەوە.

- لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین کە لەکۆندا وشەی دیکتاتۆر بەمانایەکی باش بەکار دەهات نەك بەخراپی، دواتر بەمانایەکی خراپ لێکدەدرایەوە وەك لەم چەند دەساڵەی دواییدا بڵاوبۆوە بەتایبەتیش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەکار دەهات لەوڵاتە دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکاندا، بەڵام زاراوەی دیکتاتۆرریەتی پڕۆلیتاریا بەکار دەهات لەلایەن وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستیەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوەو دواتر بووە (دیموکراسیەتی گەل)، بەم شێوەیە چەمکی دیکتاتۆریەت گۆڕدراو گەشەی کرد لەگەڵ زەمەنداو وەك زاراوەیەکی چەوسێنەرو دەسەڵاتی ڕەهای لێهاتو چەمکێکی خراپی وەرگرت.هەندێك دەڵێن: لەماوەی 2000 ساڵدا چەمکی دیکتاتۆرو سیستەمی دیکتاتۆریەتی نەما، هەتا کارل مارکس هات کە یەکێکە لەو کەسە یەکەمانەی کە ئەم زاراوەیەی جارێکی تر بەکار هێنایەوە لەساڵی 1850 دا و بەمانای هێز بەکار دەهات هاوشان لەگەڵ شۆڕشدا نەك زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە.

لەکۆندا تاکێکی دەسەڵاتدار یان سەرکردەو ڕابەرێك دەشێت ببونایە بە دەسەڵاتدارێکی سەرکوتکەر، بەڵام دیکتاتۆر نەبوون، نا لەبەرەوەی کە سیستەمێکی کۆماری دیکتاتۆریو ڕۆمانی هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زاراوەی دیکتاتۆر مانایەکی خراپی نەبووە و بەمانای سیستەمێکی زوڵمو سەرکوتکەر نەهاتووە، لەبەر ئەوە دیکتاتۆریان دانەناوە بەتاکێکی سەرکوتکەر.

زاراوەی دیکتاتۆریەت لەدوای بزربوونی ئەو ماوە دوورو درێژەو گەڕانەوەی و بەکارهێنانی لەناو دەمو دەزگا ئەوروپیەکاندا، لەڕووی تیۆریەوە پشتی بەستۆتە

سەر دیموکراسیەتی ئیغریقی و کۆماری ڕۆمانی کە هەردووکیان ڕووخان و لەجێگەیاندا سیستەمی ئیمپراتۆریەتی ( پاشایەتی ) دامەزرا.

هەندێك دەڵێن : (( یەکەم جار کە زاراوەی دیکتاتۆر بەمانای خراپی بەکار هات لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا بوو کە دژی ڕۆبسپێرو هاوەڵانی بەکاریان دەهێنا )).

لەسەدەی نۆزدەهەمدا زاراوەی ((بۆناپارتی)) بۆ دەسەڵاتداری ڕەها بەکار دەهات لەجیاتی زاراوەی دیکتاتۆریەت، بۆیە ئەم زاراوەی دیکتاتۆریەتەی ئێستا ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی، لەئێستادا دەشێت دەسەڵاتی تاك سەرکوتکەر بێت، بەڵام هەرگیز دیکتاتۆر نیە.لەئەنجامی هەرەس هێنان و نەخۆشکەوتنی ئیمپراتۆریەتە سەرکوتکەرەکانەوەو دەرکەوتنی کۆمارەکان ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، ئاشکراشە هیچ کاتێك نەبینراوە کە دیکتاتۆرێك بەخۆی بڵێت دیکتاتۆر.تائێستا هیچ کۆدەنگیەك نیە لەسەر دیاریکردنی یەکەم دیکتاتۆر لەمێژوودا، هەرچەندە هەندێ کەس کرۆمیل یان ناپلیۆن بە دیکتاتۆر دادەنێن.

* چ جۆرە سیستەمێك دیکتاتۆریەتە ؟

لەگرنگترین و دیارترین سیفاتەکانی سیستەمی دیکتاتۆریەت بریتیە لە :-

*قەدەغەکردنی ئازادیە گشتیەکان.

*دەستبەسەراگرتنی سەرجەم دام و دەزگاکان ( سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی و .. هتد ).

* هێزی چەکدارو سوپا.

* دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

لەئەنجامی دارمانی سیستەمی دیموکراسی دێتە دی کە بەهۆی هۆکاری ئابووری یان کۆمەڵایەتیەوە یان لەکاتی تێکشکاندنێکی گەورەی سەربازیەوە سیستەمە دیموکراسیەکە دەڕووخێت . بەشێوەیەکی گشتیش هەموو سیستەمێك دەبێتە دیکتاتۆریەت کە دیموکراسی نەبوو، هەروەها پشت ئەستور نەبوو بەدەستورو تەنها پشت دەبەستێتە سەر هێزو داپڵۆسین و سەرکوتکردن.بەهەمان شێوە هەر سیستەمێك پشتی نەبەستە سەر دیموکراسیەت بەدڵنیایی دیکتاتۆریە، یاخود

**نەبوونی کەشو هەوایەکی دیموکراسی بۆشایی دروست دەکات بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت.**

- **سیستەمە دیکتاتۆریەکان**

**لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا هەندێ سیستەم دەرکەوتن کە لەلایەن لیبڕاڵیەکانەوە پێیان دەوترا دیکتاتۆریەت وەك سیستەمی فاشی لەئیتاڵیاو نازی لەئەڵمانیاداو سیستەمی کۆمۆنیستی لەیەکێتی سۆڤیەتدا، چونکە سیفاتی تاك حیزبیو پڕکردنی جەماوەر بەئایدۆلۆژیای تاك حیزبو کۆنترۆڵکردنی دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنو گۆڕینیان بەزورناژەنی دەسەڵاتو ئاراستەکردنی چالاکیە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەر بە بەرژەوەندی حیزبو بەکارهێنانی هێزو داپڵۆسین لەپێناو تۆقاندنی هاوڵاتیاندا.لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە دیکتاتۆریەت بووە سیمایەکی دیار لەزۆربەی وڵاتەکانی جیهانی سێدا کە تازە سەربەخۆییان وەدەست هێنا بوو کە زۆربەیان سیمای سەربازیان لە خۆ گرتبوو.**

- **لێرەدا پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئایا دەسەڵاتی کوردی چ سیمایەکی پێوە دیارە؟ سیماو ڕوخسارو ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەت یان دیموکراسیەت؟ ئایا دەسەڵاتی کوردی لەماوەی 17 ساڵی تەمەنیدا بەڕاستی هەوڵی چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی داوە؟ یان هەنگاو دەنێت بەرەو دیکتاتۆریەت؟**

**بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە کەمێك دیقەتو ویژادنیشی دەوێت بۆ بڕیاردان لەسەر دیموکراسیەت بوون یان دیکتاتۆریەت بوونی دەسەڵاتی کوردی.بڕیاردانیش لەسەر بەرنامەو دروشمو گوتار نابێت، بەڵکو لەسەر کارو جێبەجێکردنو پیادەکردنو هەڵسوکەوت و سلوکی ڕۆژانەی دەسەڵاتو سیستەمەکە دەدرێت.**

**ئاشکراشە تەمەنی دەسەڵاتی کوردی 17 ساڵە کە تەمەنێکی کەم و کورتە بۆ تێگەیشتنو چەسپاندنو پیادەکردنی دیموکراسیەت بەڕاستو دروستیو دانانو دامەزراندنی سیستەمێکی کامڵو پێگەیشتوو، چونکە بۆ خۆی دیموکراسیەت لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاداو گۆڕانی زەمەنو زەمینە جیاوازەکاندا دەگۆڕێتو گەشەدەکات، بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت وەك سیستەمو وەك**

داموەدەزگاش پێویستە کەش و هەوای دیموکراسی هەبێت لەئاشتی و ئارامی و نەبوونی جەنگ و هۆشیاری سیاسی و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەهەموو بوارەکانداو بوونی یاساو دەستورو پەرلەمان و حکومەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بوونی ئازادیەکان و یەکسانی و ...هتد.کە لە کوردوستاندا ئەگەر ئەو کەش و هەوایەش هەبوبێت دوور و درێژ نەبوە و هەمیشە لەبەردەم هەڕەشە و پیلانی ناحەزاندا بوە و شەڕی ناوخۆو خراپی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ..هتد .ڕێگر بوون لەبەردەم چەسپاندنی ڕاست و دروستی دیموکراسیەتدا. بارودۆخە ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیاییەکەش لەبەرژەوەندی گەشەکردن و چەسپاندنی دیموکراسیەتدا نەبوون لەکوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی کە چ دەسەڵات و چ کۆمەڵگای کوردەواریش تینووی دیموکراسیەت و ئازادیەکان بوون.هەر بۆیە نەتوانرەوە کە بناغە و بنچینەیەکی ڕاست و دروست دابمەزرێت بەمەبەستی چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی لەکوردستاندا، هەر چەندە هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیە نراون لەگەڵ کەموکوڕی و ڕێگریەکاندا، بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە هەوڵەکان چڕو پڕ بکرێنەوەو نیەتەکانیش ئاشکراو ڕوون و شەفاف بن بەو ئاڕاستەیە.

بۆیە لەئێستادا و دوای 17 ساڵ تەمەنی دەسەڵاتی کوردی و چێژ وەرگرتنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار( پارتی و یەکێتی) و سەرکردەکانیان و کەمێکی زۆر کەم لەئەندامانیان لەپۆست و پلەو پایەو ئیمتیازاتەکانی دەسەڵات دەستیان کردوە بەهەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت و قۆرخکردنی دەسەڵات و قەدەغەکردنی ئازادیەکان و بەکارهێنانی زمانی زبرو هەڕەشە ئامێز نەك تەنها لەمیدیاکان و ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو تەنانەت لەپارتە سیاسیەکان و دادوەران و ئەندامانی پارتەکانی خۆشیان .لەڕێگەی سزادان و گرتن و هەڕەشەلێکردن و چاو سوورکردنەوەو دانانی دادگای تایبەتی و پێشێلکردنی یاساکان و دەستورو ڕەفتارکردن لەپێناو بەرژەوەندی تاکە کەس و گروپ و بنەماڵەو ... هتد، هەروەها قۆرخکردنی سەرچاوەکانی داهات وئابوری و بازرگانی و بازاڕەکانی کوردوستان وکۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی و چەکدار

لەکوردوسـتاندا کـە هـەموو ئـەم کارانـەش دەچـنە چوارچـێوەی لـەگۆڕنانی دیموکراسیو هەنگاونان بەرەو دیکتاتۆریەت.

نـوێترین نموونـەش لەسـەر هەڵسوکەوت و هـەنگاونانی سـەرکردە و ڕابـەرانی ئـەو دووپارتی دەسەڵاتدارە بەرەو لەقاڵبدانی ئازادیـەکان و بەرتەسکردنەوەی ڕەخنـە و ڕادەربـڕین و ئازادیـەکان ، گشـتاندنێکی سـکرتێری گشـتی یەکێتیـە بـۆ ئەنـدامانی حیزبەکەی کە هەڕەشەی سزادانو دادگای تایبەتیان لێ دەکات لەسەر ڕەخنـەگرتن لەیەکێتی لەدەرەوەی ئۆرگانەکانو لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەکاندا.هـەروەها هەڕەشـەی مەکتـەبی سیاسـی پـارتیو سـکرتێری مەکتـەبی سیاسـیانە لەپارتـە سیاسـیو سەرکردەکانیانو هەرکەسێك کـە ڕەخنـە لەحکومـەتو ئەنـدامانی حیزبیـان بگرێـت بەزمانی زبرو ناوزڕاندن.

بۆیــە بــەدڵنیایی لــەغیابی کــەشو هــەوای دیموکراسـیدا، دیکتاتۆریــەت ســەر هەڵـدەداتو هـەنگاوی یەکـەمیش لـەنێو خـۆی حیزبـە دەسـەڵاتدارەکانەوە دەسـت پێدەکاتو دواتر هەنگاو بەهـەنگاو بـەرەو قەدەغـەکردنی کـاری حیزبـیو سیاسـیو مەدەنیو ڕۆژنامەی ئازادو دواتر بەکارهێنانی هێزو تۆقانـدنو گـرتنو ڕاوەدونـانو قـۆڕخکردنو کـۆنترۆڵکردنی هــەموو بوارەکـانی سیاسـیو ئـابووریو زانسـتیو کۆمەڵایــەتیو ســەربازی....هتد دێــنو بەمــەش سیســتەمێکی دیکتــاتۆری دادەمەزرێنو ئیدی مانای ژیانو پێشکەوتنو گەشەکردن نامێنێت لە کۆمەڵگادا.

بەهیوای ئەوەی کە دەسەڵاتی کوردی زیاد لەوەی ئێستا پیادەیان کـردووە هـەنگاو نەنێت بەرەو دیکتاتۆریەت، چونکە ئەنجام بێزار بوونو تووڕەبوونو تەقاندنـەوەی جـەماوەری بـەدواوە دێـت کـە ئـەنجام ڕووخـانو هەڵتەکانـدنی ئـەو سیسـتەمەی لێدەکەوێتـەوە هـەروەك سیسـتەمە دیکتاتۆریـەکانی دونیـاو هـەرە نزیکەکەشـیان ڕژێمی بەعسی سـەدامی بـوو کـە لەئێسـتادا یـادی 5 سـاڵەی لـەگۆڕنانی ئـەو ڕژێمـە دەکەینەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی (( سبەی )) دا بڵاوکراوەتەوە لە 2008/4/23دا.

# ئەو هێزە سیاسیەی کە لەئایندەدا جێگە بە پارتی و یەکێتی لێژ دەکات!*

## بەشی یەکەم

- **پارتی سیاسی**

**پێناسەی حیزبی سیاسی:-**

**چەند پێناسەیەکی جیاواز هەیە بۆ حیزبی سیاسی کە دەگۆڕێت بەگۆڕان و جیاوازبوونی ئایدۆلۆژیەکان و بیرمەندیەکان، هەندێك وەك (( بنجامان کونستان)) لەساڵی 1916دا . گرنگی دەداتە ئایدۆلۆژیاو وای دەبینێت کە حیزبی سیاسی بریتیە لەکۆبوونەوەی ژمارەیەك کەس کە هەمان بیروباوەڕی سیاسیان هەیە، هەندێکی تر وەك ((سۆشیالیستەکان )) وایدەبینن کە حیزبی سیاسی بریتیە لەدەربڕینی ڕاوبۆچون و بەرژەوەندی چینە کۆمەلأیەتیەکان، هەندێکی تر دەڵێن بریتیە لە کۆمەڵەکان کە ئامانجیان کاری سیاسیە، هەندێی تر دەڵێن بریتیە لەکۆمەڵێك هاولأتیانی یەکگرتوو لەچواردەوری هەمان سیستەم و هەندێ پێناسی تریش.**

**حیزبی سیاسی: - بریتیە لەڕێکخستنی سیاسی، کە تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی لەناو حکومەتدا، ئەویش لەڕێگەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا، حیزبی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆژیایەك و ڕوانگەیەکی دیاریکراوە، هەروەها دەشێت کە نمایندەی هاوپەیمانێتیەکی نێوان بەرژەوەندیە جیاوزاەکانیش بێت.**

**هەروەها: - حیزبی سیاسی بریتیە لەکۆمەڵێك ڕێکخراوی فەرمی کە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە بۆ پەسەندکردنی سیستەمەکە سەرەڕای سیاسەتە گشتیەکانی کە هانی تاکەکان دەدات بۆ وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان، هەروەها بریتیە لەڕایەڵەی نێوان جەماوەرو ناوەندی بڕیارەکانی حکومەت.**

بەلاّم دەكرێت بەشێوەیەكی گشتی پێناسی حیزبی سیاسی بكرێت بەوەی كە بریتیە لە (( كۆمەڵە كەسێك بڕوایان بەئامانجە سیاسی و ئایدۆلۆژیە هاوبەشەكان هەیە و خۆیان ڕێكدەخەن بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەلاّتی سیاسی و وەدیهێنانی بەرنامەكانیان )).

* بنەماكانی حیزبی سیاسیی

بریتیە:-

1. لەبوونی ئایدۆلۆژیا، واتە بیربـاوەڕو بنـەمای هاوبەش و سـەرەتا كە لەڕێگەی بەرنامەوە دەگۆڕێت و دەگەیەنرێتە هاولاّتیان.

2. بوونی ڕێكخستنێك كە سیمای گشتی و بەردەوامبوونی تیادا بێت،

3. لەگەڵ بوونی تۆڕێكی پەیوەندی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نەتەوەیی، ئەم كۆمەلاّنەش تێدەكۆشن بۆ گەیشتن بەدەسەلاّتی سیاسی و هاوبەشیكردن تیایداو پارێزگاریكردنیش لێی.

- پۆلینكردنی حیزبە سیاسیەكان

گەلێك پۆلینكردنی جیاواز هەیە بۆ حیزبی سیاسی، ئەو پۆلێنكردنانەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەنێوان ئەو حیزبانەدا لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیاو سروشت و پێكهاتە و قەبارە و ئامانجەكانیاندا ... هتد، جگە لەمانەش گۆڕان و پێشكەوتنە بەردەوامەكانیش كە بەسەر حیزبی سیاسیدا دێن هۆكاری ترن بۆ ئەو پۆلێنكردنانە.

بەناوبانگترین پۆلینكردنەكانیش لەو بوارەدا بریتیە لەوەی كە (( مۆریس دوفرچیە)) خستوویەتیە ڕوو وپێشی وایە كە گەشەكردنی حیزبی سیاسی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1850، چونكە پێش ئەو مێژووە هیچ ولاّتێك نەبوە كە حیزبی سیاسی تیادابوبێت جگە لە ولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نەبێت. كە بەم شێوەیە پۆلینی حیزبی سیاسی دەكات : -

1. حیزبە شكڵیەكان: كە لەڕیزەكانیدا چینە بۆرژوازیەكان لەخۆ دەگرێت، ئەم حیزبانە لەسەدەی نۆزدەدا لەئەوروپادا هەبوون كە لەم سەردەمەدا بەحیزبی پارێزگارەكان یان ئازادیخوازەكان دەناسرێن كە تەنها كەسایەتیە ناودارەكان لەخۆ

دەگرێت و تێکەڵیەکی جەماوەری بەربڵاوی نیە، پەیوەندیە ناوخۆیەکانی زۆر لاوازە.

2.حیزبە جەماوەریەکان:- زۆر ترین ژمارەی جەماوەری هەیە، پەیوەندیەکانی لەسەر بنەمای سەنتڕاڵیزم لەپەیوەندیەکانی ئەندامەکانیدا لەگەڵ سەرکردایەتیدا دروستبووە، ئەندامان ئابوونەی مانگانە دەدەن و بەشداری لەچالاکیە سیاسی و فکریەکاندا دەکەن، حیزبە شمولیەکان و کۆمەڵایەتیەکان یان ئابووریەکان و حیزبە ژینگەیەکانیش دەچێتە ئەم چوار چێوەیەوە .

- سیستمی حیزبی:-

سروشتی سیستمی سیاسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا ڕەنگدەداتەوە لەسەر سیستەمە حیزبیەکەی کە هەیە، بەهەمان شێوەش سروشتی سیستەمی حیزبیش کاریگەری گەورەی دیاری هەیە لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی لەو کۆمەڵگایەدا، و توانیوێتی زۆر گۆڕان و پێشکەوتن وەدەیبهێنێت لەسەر سیستەمە سیاسیەکە و کاریگەری لەسەر سروشتە یاسایی و سیاسیەکەی.دەکرێت بووترێت کە ناوەڕۆکی ئەم پۆلێنکردنانە دەوەستێتە سەر دابەشکردنی سیستەمی حیزبی بۆ دوو جۆر سیستەم کە بریتیە لە:-

1. سیستەمی حیزبی ڕکابەری: - ئەم جۆرە لەسیستەمی حیزبی پەیڕەو دەکرێت لەو وڵاتانەدا کە بەلایەنی کەمەوە دوو حیزبی تیادایە کە کێبڕکێ دەکەن لەنێوان خۆیاندا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی کە دەکرێت دابەش بکەرێتە سەر دوو جۆر:-

* سیستەمی دوو حیزبی:-

ئەم سیستەمە لەو وڵاتانەدا هەیە کە تەنها دوو حیزب یان لانی کەم دوو حیزبی گەورە و کاریگەر هەیە وەك لەئەمریکاو بەریتانیادا هەیە، هەرچەندە حیزبی تریش هەن.

* سیستەمی فرە حیزبی:- لانی کەم لەم سیستەمەدا سێ حیزب هەیە کە کێبڕکێ دەکەن بۆ گرتنە دەستی دەسەلات کە هەریەکەیان خاوەنی ژمارەیەك کورسی پەڕلەمانیە، بەڵام ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، هەر بۆیە پەنا دەباتە بەر

هاوپــەیمانێتی کـردن لەگـەڵ حیزبـی تـردا، ئـەم سیســتەمە لـەولأتانی ئـەڵمانیا و فەڕەنسا و سویسراو .... هتد پەیڕەو دەکرێت.

2. سیتەمی حیزبی دوور لەڕکابەری: -

لەم سیستەمەدا تەنها تاك حیزب هەیە کە سەرتاپاگیریە و دەسەلأتی بەسەر هەموو لایەنە سەربازیو مەدەنیەکاندا هەیەو هیچ حیزبێکی ڕکابەری نیە، ڕەنگە حیزبی تر هەبێت، بەلأم لەدەرەوەی شەرعیەتدایە و کاروچالاکی بەنهێنی ئەنجام دەدات، وەك ولأتانی چین و کوباو... هتد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بەوەی کە لەهەندێ ولأتدا ڕێگە بەدروستکردنی حیزبی سیاسی نادرێت و لەسەر ڕەوتێکی کلاسیکی حوکم دەکات وەك ولأتی سعودیە.

*ڕۆڵی حیزبی سیاسی:-

حیزبی سیاسی چالاکی هەمە جۆری هەیە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و... هتد، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی حیزبی سیاسی بریتیە لەگرتنە دەستی دەسەلأتی سیاسی لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بەلأم ڕۆڵ و کاریگەری حیزبی سیاسی لەسەر ئەندامەکانی و کۆمەڵگاش ناکرێت ڕەچاو نەکرێت لەبارودۆخی ئاشتی و تێکچوون وجەنگدا ئەگەر نەشیتوانی بگاتە دەسەلأت.

ڕۆڵی حیزبی سیاسی لەم بوارانەدا دەردەکەوێت:-

1. چێکردنی کاری سیاسی و هاوبەشیکردن لەکاری سیاسیدا.
2. گەشکردنی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی.
3. نمایندەکردنی بیروڕای جیاوازو دەربڕینی.
4. چاودێری و لێپرسینەوە لەسەر ئیشوکارەکانی حکومەت ئەگەر لەدەرەوە یان لەگەڵ حکومەتدابێت.
5. پێدانی شەرعیەت بەسیستەمی سیاسی.
6. کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و داکۆکیکردن لێیان.

7. گەشـەپێکردن و چەسـپاندنی هەسـتی نیشـتمانی و نەتـەوەیی و هاوبەشـیکردن لەپرۆسەی ڕزگارکردنی نیشتمانیدا.

* هەیکەلیەتی حیزبی سیاسی

بریتیـە لەکۆمـەڵێك یاسـاو سیسـتەمو ڕێنمـایی کـە پەیوەنـدی نـاوخۆیی لـەنێوان ئەندامـەکان و دامو دەزگـاو ئاسـتە حیزبیـەکان لـەنێوان خۆیانـدا ڕێـك دەخـات. ئـەم جـۆرە پێکهاتـە ڕێکخراوەییـە کاریگـەری دەبێـت لەسـەر پەیوەندییـە دەرەکیـەکانی حیزب، بەهەمان شێوە ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی حیزب کاریگەری دەبێت لەسەر ژێر خـانی ڕێکخراوەیـی حیزبـی، هـەر بۆیـە بوونیـادو پێکهاتـەی حیزبـی دەکرێتـە دوو جۆرەوە:–

1. هەیکـەلی ڕێکخراوەیـی نـەرمو نیـان :– لـەو حیزبانـەدا پـەیڕە و دەکرێـت کـە سیسـتەمی لامەرکـەزی پـەیڕە و دەکـەن، لێرەشـدا هـەموو ئاسـتەکان تاڕادەیـەك سەربەسـتیان هەیـە لەبڕیاردانـداو سـەرکردایەتی حیـزب تاڕادەیـەك دەسـەڵاتەکانی دیاریکراوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی فراوانتردا بۆ دەزگاو لقە جیاوازەکانی حیزب.

2. هەیکەلی ڕێکخراوەیی یەکگرتوو (( مەرکەزی )) : –

لەم جۆرە حیزبانەدا پەیوەندیەکان لەنێوان هەموو ئاست و دامو دەزگاکانـدا تونـدو تـۆڵترەو مـافی بڕیـاردان تـەنها لەدەسـتی سـەرکردایەتی بـاڵای حیزبدایـە، لێرەشـدا دەکرێت کە پۆلێنی مەرکەزیەت بکەینە دوو جۆرەوە: –

* مەرکەزیـەتی ئۆتۆکراسـی:– کـە ئـەم جـۆرە گونجـاوە لەگـەڵ حیزبـە فاشـیەکاندا، بەشێوەیەك کە هەموو بڕیارەکان لەدەستی سەرکردایەتی باڵای حیزبدا کۆبۆتەوە.

* مەرکەزیەتی دیموکراسـی:– دەوەسـتێتە سـەر پەیوەندییـە تێکچڕژاوەکانی دامو دەزگاکـانی حیـزب، لێرەشـدا بڕیـاردان و دەسـەڵات لـەلای سـەرکردایەتی حیـزب دەبێت، بەڵام بەشێوەی هەرەمی فراوان .

## بەشی دووەم

*ئاشــکرایە لــەدوای ڕاپــەڕینی بــەهاری ســاڵی 1991 ی گەلەکەمانــەوەو دوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمان لە 1992/5/19دا و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 1992/7/4 دا، هەردوو پارتی سیاسی ((یەکێتی و پارتی )) بوونە دوو حیزبی سیاسی گەورەو کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش.

هەرچەندە ئەنجامی هەڵبژادرنەکە بەتەوافوق ڕێکەوتن لەسەری و 50 × 50 هەموو وەزارەت و پۆستە ئیدارییەکانی تریان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردو حیزبەکانی تریان لێ بێبەشکرد، بەمەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکە و تەنانەت پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش لەکاتی خۆیدا جێگەی نارەزایی زۆربەی حیزبەکان بوو بەپارتی و یەکێتیشەوە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکەم ئەزموونی دیموکراسی بوو لەبەرچاوی هەموو دونیادا نەدەکرا ڕەتبکرێتەوە، هەر بۆیە ئەنجامەکان بەناچاری و بەنابەدڵی قبوولْ کران، بەڵام چونکە پرۆسەیەکی دیموکراسی پێگەیشتوو و کاملْ نەبوو تەنها لەدوای نزیکەی دوو سالْ و نیو شەڕی ناوخۆ هەڵایسا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا و زەبری کوشندەی لەپرۆسە و ئەزموونی دیموکراسی و دەسەڵاتی کوردیدا. ((ئەوەی لەسەر هەڵە بنیات بنرێت ئەنجامەکەشی هەر هەڵە دەبێت )).

ئیدی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە ڕۆژ بەڕۆژ دەچەسپاو شۆڕ دەبۆوە بۆ ناو بچووکترین کایەو بواری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری، بەهۆی ئەوەی کە پاوانی دەسەڵاتی سیاسی و سەرچاوە ئابووری و بازرگانیەکانیان لەدەستدا بوو، لەبەرامبەریشدا هێزە سیاسیەکانی تر بچووکترو دەپووکانەوە.

ئاشکراشە تا ساڵی 2005 و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامی لەساڵی 2003 دا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان ئەنجام نەدرایەوە کە دەبوو دوای شەش مانگ هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرایەتەوەو بەڕەسمیش بۆ سێ سالْ پەرلەمان هەڵبژێردرابوو، بەڵام بوە سیانزە سالْ، ئەم ماوەیەش بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە زۆر گرنگ و پێویست بوو، ئاشکراشە ئەو دوو حیزبە هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە لەڕووی بەرنامە و

ئایدۆلۆژیا و سلوك و کەسایەتی سەرکردەکانیانەوە و ڕێبازی خەباتیانەوە گەلێك جیاوازیان هەبووە و وەك دوو هێزی ڕکابەرو دووژمن بەیەکتر مامەڵەیان کردووەو لەپێناو تواندنەوەو بچووك کردنەوەی ئەوی تردا هەموو ڕێگەو شێوازێکیان گرتۆتە بەرو لەپێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا حەڵاڵ و حەرامیان بەزاندووەو بازیانداوە بەسەر هەموو هێڵە سنوورە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی کورد و کوردستانداو هێندەی ئینتیمای حیزبایەتیان لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا سەپاندووە نیو هێندە ئینتیمای کوردایەتیان نەچەسپاندووە.

لەئێستاشداو دوای 17 ساڵ دەسەڵاتو چێژ وەرگرتنیان لەهەموو ئیمتیازاتو خۆشیەکانو کرانەوەی دەرگای دونیای زیاتر بەسەریانداو هەڵڕژانی دەسکەوتو داهاتی زیاتر بەسەریاندا هێندەی تر عاشقی ئەو دەسەڵاتە بوونو ڕێگەو بوار بەهیچ حیزبو هێزێکی سیاسی تر نادەن ئەو دەسەڵاتەیان لێ وەربگیرێتەوەو ئەوان کەنار گیر بکەن. لەدونیای ئێستای سەردەمی بەجیهانی بوونو بازاڕی ئازادو کۆمپانیا ئابووریە فرەنەتەوەییەکاندا کە بازیانداوە بەسەر هەموو سنوورە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتیەکاندا، دەسەڵاتی سیاسی لای ئەو هێزو لایەنە دەبێت کە لەڕووی ئابووریەوە بەهێزە، چونکە لەئێستادا داواکاریەکانی جەماوەریش هێندەی بەئاڕاستەی خۆشگوزەرانی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕۆژانەیە نیو هێندە بەئاڕاستەی فکرو نەتەوەو نیشتمان نیە.

هەر بۆیە پارتی و یەکێتی بەهەموو شێوازێك کەوتوونەتە خۆ بۆ قۆرخکردنی ئابووری و بازرگانی و بازاڕو کۆمپانیاکان لەناو کوردستانو دەرەوەشدا، هەر ئەمەش وایکردووە کە برستی لەهەموو هێزە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بڕیوەو ناتوانن ململانێی سیاسی لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکەنو بتوانن ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و ڕەسەن کە نمایندەی داخوازی و داواکاری و جێگەی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بن . ئەو هێزانە دابەشبوونەتە سەر ڕچەو ڕێبازی جیاوازی (( ئیسلامی و شیوعی و نەتەوەیی )) کە لەناو خۆیاندا کۆك و تەبانین لەسەر بەرنامەی کاری هاوبەشو پێکەوەیی تەنانەت لەناو ڕەوتە ئیسلامیەکانو نەتەوەییەکانو شیوعیەکان خۆشیاندا

جیاواز و لێك دوورن، هەر بۆیەش هەریەکەیان کەوتوونەتە خولگەی یەکێك لەو دوو حیزبە گەورەیە و ناتوانن لێیان دەربچن و هەریەکەیان هەوڵی بەدیهێنان و دەسکەوت و داهات و سەرچاوەی ژیانی زیاترە لەو دوو حیزبە.

ئاشکراشە تا ئەو حاڵتە نەگۆڕدرێت و ئەو حیزبانە پشت نەبەستنە سەر هێزی سیاسی و جەماوەری خۆیان و سەرچاوەی داهاتی جیا لەپارتی و یەکێتی بەدەست نەهێنن ناتوانن ببنە هێزێکی ڕاستەقینەو مەترسیدار لەئایندەدا بۆ سەر دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە، بۆیە لەئێستاو ئایندەیەکی نزیکیشدا ئومێد بەو حیزبانە نیە.

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەی چارە چیە؟ دەبێت پارتی و یەکێتی هەتا دونیا دونیایە ببنە ملۆزمی سەرشانی کۆمەڵانی خەڵك؟ ئایا هیچ هێزێکی سیاسی و جەماوەری و دیموکراسی ناتوانێت سەرهەڵبدات و ببێتە جێگرەوەو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە؟ ئایا لەبنچینەدا هیچ هەوڵێك هەیە بۆ جێگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە ؟ ئایا هەر هێزێکی تر لەئایندەدا لەپارتی و یەکێتی دڵسۆزترو شەفاف ترو دیموکراسی تر دەبێت ؟ ئەمەو دەیان پرسی تر کە دەکرێت بووروژێنرێن.

ئاشکراشە دونیای ئێستا لەسایەی پێشکەوتنەکان لەبواری گەیاندن و پەیوەندیکردندا دونیای هێندە بچوك کردۆتەوە کە دەتوانرێت لەماوەیەکی زەمەنی کەم و کورتدا گۆڕانکاری گەورەو سەرسوڕهێنەر وەدیبهێنرێت لەسەر هەموو ئاستەکاندا کە گەورەترین دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لەهەر جێگەیەکی دونیادا بێت ناتوانێت تاسەر خۆڕاگر بێت لەبەردەمیدا، هەربۆیە گۆڕان لەدەسەڵاتی سیاسی کوردستانیشدا کارێکی حەتمیەو هەر دەبێت ڕووبدات، ڕۆژ بەڕۆژیش دوای 17 ساڵ دەسەڵاتی دوو حیزبی لەکوردستاندا هۆکارو زەمینە سازی ئەو گۆڕانکاریانە دێننەدی، چونکە:-

1. پارتی و یەکێتی مایەی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆو تێکدانی ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵك و لێکترازانی یەك و یەکگرتووی کوردو کوردایەتی بوون.

2. ئەو دوو حیزبە سیماو ڕووخساری دەسەڵاتی کوردستانیان لەدیموکراسیەوە گۆڕیوە بەدیکاتۆریەتیو قۆرخکردنو چەوساندنەوە.

3. دزینو بەتاڵانبردنو دەستبەسەراگرتنی سەروەتو سامانو داهاتو ئابووریو بازاڕی کوردستان بۆ خۆیانو بێبەشکردنی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵك لێی.

4. شێواندنو لادانی دەسەڵاتی ئیداری کوردیو نقومکردنی لەزەلکاوی گەندەڵیو بیرۆکراسیەتو دواکەوتویی، ئەمەش بۆتە هۆی پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاریە پێویستو سەرەکیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵك.

5. بەرتەسککردنەوەی کایەی ئازادییەکان لەکۆمەڵانی خەڵكو حیزبە سیاسیەکانو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانو تەنانەت ئەندامانی خۆشیان، بەشێوەیەك هیچ ئازادیەکی ڕاستەقینەی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانو ناڕەزاییو میدیا نیە لەکوردستاندا .

6. گۆڕینی سیمای ڕووخساری کۆمەڵگای کوردەواری لەکۆمەڵگای تینوو بەئازادیو دیموکراسی بۆ کۆمەڵگایەکی حیزبی ڕووت کە تەنها ژیان بەندە بەحیزبایەتیەوە.

بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە لەئێستاشدا بۆتە دێوەزمە و ناشیرین و بێزراو و ڕق لێبوٚوە لەلایەن بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکەوە، هەموان ئاواتە خوازن ڕۆژێك زووتر گۆڕانکاری لەو دەسەڵاتەدا ڕووبداتو گەلێکیش ئاوات بەسەردەمی حیزبی بەعس دەخوازنەوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە درێژەی نابێت ئەگەر لەسەر ئەم ڕەوتو ڕێبازو چڕکردنەوەی خۆپەرستیو تاك دەسەڵاتیو خۆسەپاندنانەدا بەردەوام بن، ئاشکراشە حیزبە سیاسیەکانی تریش توانای ئەو گۆڕانەیان نیە وەك پێشتر باسکرا.

ئەی چارە چیە ؟

ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی خەباتگێڕو تێکۆشەرو خۆنەویستەو دڵسۆزو تینوە بۆ ژیانێکی باشو ئارام و ئاشتیو ئازادیو دیموکراسی، هەر بۆیەش هیواو ئاوات زۆرە کە کۆمەڵگایەکی ئاوها کە هەمیشە

سەرچاوەی ژیان و بەرخۆدان و هەڵسانەوە و شەرعیەتدانیشە بەدەسەڵاتی سیاسی، بزووتنەوەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو نەوەیەکی نوێ لەهەناویدا لەدایك ببێت جیاواز لەبیرکردنەوەو ڕێبازو ڕچەی کارکردن و خەباتی ئەم دەسەڵاتە.

هەر بۆیەش تاکە ئومێدو هیوای گۆڕان لەم دەسەڵاتدا، چێکردن و لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی دیموکراسی و ڕۆشنبیری سەرتاسەریە لەهەموو کوردستاندا دوور لەهەموو ئینتیمایەکی حیزبی، تەنهاوتەنها پشت ئەستوور بێت بە بیرو باوەڕی کوردانەی ڕەسەن و دیموکراسی و پاراستنی ئازادییەکان و کۆبوونەوە لەچواردەوری سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیەکی نوێ لەعەقڵ و جەستەو بیرو فکردا کە تەنها مەبەستی خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵك و پێشخستنی کوردستان و چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بێت، دوور لەقۆرخکردنی دەسەڵات و بەحیزبکردنی کۆمەڵگای کوردەواری و بەردەوام بوون لەسەر گەندەڵی و مشەخۆری.

خۆشبەختانەش سەرەتای ئەو پرۆسە دیموکراسی و بزوتنەوە ڕاستکەرەوەیە سەریهەڵداوە لەڕێگەی ڕەخنەگرتنی بوێرانە لەدەسەڵات و کارکردن بۆ چێکردنی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.... هتد، و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دەرخستنی کارە دزێوو گەندەڵ و ناشیرینەکانی دەسەڵات، تەنانەت لەناو خودی ئەو دوو حیزبە خۆشیانداو لەناو پەرلەمان و حکومەتدا، هەر بۆیە درێژەدان بەم ڕەوتە ڕیفۆرمخوازو دیموکراسی و ئازادییە گرەنتی سەرکەوتن و گۆڕانە، چونکە ئەو دوو حیزبەش بەهۆی شەقی زەمانەوەو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانەوە بەڕووکەش ڕێکن و هاوپەیمانی ستراتیژین، ئەگەر فشارو گوشارە جەماوەری و دیموکراسیەکان زیاتر بکرێن بەدڵنیایی خۆڕاناگرن و ملکەچ دەکەن بۆ ئەو باهۆزی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمخوازیەی کە دەستی پێکردوە و سەریهەڵداوە و بۆتە تاکە ئومێدی دیموکراسی خواز و ئازادیخواکانی گەلەکەمان.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی (( سبەی )) و ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە))دا بڵاوکراوەتەوە لە 14و21و2008/5/26دا.

# خێڵ و نەتەوە

# لەتەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا..*

- **پێناسە و چەمکی خێڵ**

**خێڵ:- بریتیە لەکۆمەڵە کەسێك کە زۆر جار هەموویان دەچنەوە سەر یەك بەرەباب یان پێکدێن لەچەند تیرەیەکی تر، زۆر جار خێڵێك لەناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێدەبن کە بەنیشتمانی خۆیانی دەزانن وە دیالێکتێکی جیاش دە ئاخاوتن، وە ڕۆشنبریەکی وەك یەکیان هەیە وە کارکردنی پێکەوەییان هەیە دژی ڕەگەزی دەرەکی .**

**خێڵ لەهەموو کیشوەرەکانی دونیادا بلاْوبوونەتەوە، هەندێکیان بەدرێژایی مێژوو نەماون وەك هەندێ لەخێڵە ئەوروپیەکان وەك جەرمانیەکان، وە هەندێکی تریان پەرش‌و بلاْوبوونەتەوە وەك خێڵەکانی هندیە سورەکان لەئەمریکای باکورو باشوردا، وە هەندێکیان تواونەتەوە لەکۆمەڵگا شارستانیەتەکاندا وەك هەندێ لەخێڵەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا، ئاشکراشە کە داب‌و نەریت‌و شێوازی ژیان و هونەر و سیستەمی ئەو خێلاْنەش لەیەکتری جیاوازن.**

*** زانایانی کۆمەڵناسی دوو ڕەگەز دەکەنە مەرج بۆ دروستبوونی هەر کۆمەڵەیەك کە ئەوانیش جێگیری جێگەو سۆزی ئەو کۆمەڵەیەیە، ئەو دوو مەرجەش لەخێڵدا هەیە کە لەچەند تیرەیەك پێك دێت .**

**ئەگەر خێڵ ڕەوەند بێت ئەوا سنورێکی دیاریکراویان هەیە بۆ هاتوچۆیان هەرچەندە ئەو سنوورە دەگۆڕێت لەکاتێك بۆ کاتێکی تر، ئەگەر ئەو خێڵە لەجێگەیەکدا نیشتەجێبوون ئەوا پەیوەندییەکی توندو تۆڵتر لەنێوان تاکەکانیدا دروست دەبێت کە نزیکایەتیان زیاتر تۆخ دەکاتەوە.**

**خێڵ بەپێی ئەم چەمکە کۆمەڵگایەکی ناوچەییە، لەگەڵ ئەوەشی کە هەندێ لەتیرەکانی گەڕۆك‌و ڕەوەندیش بن و هەریەکە لەو تیرانەش ناوی خۆیان هەیە، بەلاْم لەنێوان هەموانیاندا سۆزێك هەیە کە تاکەکانی خێڵ بەیەکەوە گرێ دەدا ئەویش بریتیە لەوەی کە ناو دەبرێت بە(( دەمارگیری خێڵەکی )) کە هەڵدەقوڵێت**

لەهەستکردن بەیەکێتی کۆمەڵەکەیانەوە لەژیان و پەیوەندی خزمایەتیان لەسەریەك زەوی .

* سیفات و داب و نەریتی خێڵ

1. لەبواری ژن هێناندا ، پێویستە کچ تەنها لەناو خێڵەکەی خۆیدا شوو بکات.

2. ژن لەخێڵدا کەسی دووەمە و لەدوای پیاوەوە دێت، و مافی بڕیاردان و هەڵبژاردنی هاوسەرو.... هتد نیە.

3. ژن تەنها بۆ بەخێوکردنی منداڵ و خزمەتکردنی مێردو ئیشوکاری ناو ماڵە.

4. لەتەمەنێکی زوودا ( 10 – 12 ) ساڵ کچان دەدرێن بەشوو، کوڕانیش لەنێوان ( 15 – 20 )ساڵیدا ژن دەهێنن .

5. خێڵ بەناوبانگن لەخۆرئاواو خۆرهەڵاتدا بەخزمەتکردنی میوان و دەست و دەرون کراوەیی و دڵسافی و پیاوەتی.

6. شانازیکردن بەخێڵ و تیرەو باو و باپیران و ناوبانگی خێڵەکەیانەوە.

7.ناونانی خێل زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی و پاڵەوانێتی یەکێك لەپیاوەکانی خێڵەکە.

8. دەمارگیری خێڵەکی زۆر جار لەناو تیرەکانی یەك خێڵیشدا بۆتە هۆی نانەوەی شەڕو شۆڕو پێکادان، بەڵام هەمیشە دەمارگیری خێڵەکی لەبەرامبەر خێڵێکی تر بوونەتە هۆی یەکگرتنی هەموو تیرەکانی خێڵەکە لەبەرامبەر خێڵە دەرەکیەکاندا .

9. تۆڵە سەندنەوە لەخێڵدا کارێکی باوە و جێگەی شانازیشە، بۆیە هیچ خوێنێك بەبێ بەرامبەر نابێت یان بەکوشتنەوەی یەکێك لەخێڵی بەرامبەر یان بەپێدانی کچ یان مەڕو ماڵات یان پارە حوکم دەکرێن.

10. سەرۆکی خێڵ زۆر جار بەهەڵبژاردن دەبێت لەنێوان نوێنەرانی تیرەکانداو دەبێت سەرۆکی خێڵ کەسێکی بەتەمەن و ژیرو دانا و بەئەزموون و شارەزاو جێگەی متمانەی هەموان بێت و خاوەن نفوزو سەروەت و سامانیش بێت، زۆر جاریش ئەم سەرۆکایەتیە میراتیە لەباو و باپیرانەوە بۆ کوڕەکانیان بەجێدەمێنێت.سەرۆکی خێڵ نوێنەری خێڵە و توانای فەرماندانی بەشەڕ و ئاشتی هەیە و خاوەن فەرمانە بۆ گواستنەوە و ڕەوکردن و ئاشتیکردن لەنێوان تیرەکانی خێڵەکەیدا.

11. لای زۆربەی خێڵەکان دادگای خێڵەکی هەیە کە لەلایەن دادوەری خێڵەوە بەڕێوە دەچێت و لەسەر بنەمای داب و نەریتە خێڵەکیەکان بڕیار و حوکمەکانیان دەردەکەن.

- چەمك و پێناسەی نەتەوە

* بیری نەتەوەیی لەسەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا لەئەوروپادا لەلایەن ئیتاڵی و ئەڵمانیایەکانەوە، لەسەدەی بیستیشدا لەهەموو دنیادا بیری نەتەوەیی گەشەی سەند.

بیری نەتەوەیی بریتیە لەبزوتنەوەیەکی سیاسی فکری دەمارگیر کە داوای بەرز ڕاگرتنی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەکات لەڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی، لەسەر بنچینەی پەیوەندی خوێن و زمان مێژوو نیشتمان و ئازادی و داخوزاییەکان، لەجێگەی هۆکاری دین .

باوترین پێناسی نەتەوە بریتیە لەوەی گیلتر کە وای دەبینێت لەبنچینەدا نەتەوە بریتیە لە (( بیرو باوەڕێکی سیاسی کە دەوەستێتە سەر جوتبوون لەنێوان یەکێتی سیاسی و یەکێتی نەتەوە )) .

- هۆکاری سەرهەڵدانی بیری نەتەوە لەئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەڕەنسی، چونکە لەو شۆڕشەدا ئینتیمای تاك بۆ پاشاو خانەوادە نەجیبزادەکان گۆڕا بۆ ئینتیما بۆ یەك نیشتمان و یەك زمان و یەك نەتەوە.
- گەشەکردنی فکری نەتەوەیی پەیوەستە بەپرۆسەی بەدیموکراسیکردن و پێشکەوتن و داهێنانە نوێکان لەبواری گواستنەوەو پەیوەندیکردن و نوسین و چاپکردن و خوێندەواریدا، لەبەرئەوەی ئەم پێشکەوتن و داهێنانە دەبێتە هۆی بچوك کردنەوە یان نەمانی ئینتیمای ناوچەیی و خێڵەکی و بنەماڵەیی و .... هتد و دروستبوونی ئینتیما لەبوارێکی گەورەترو بەرفراوانتری نەتەوەدا.
- بەهەمان شێوە فکری نەتەوە لەگەڵ عیلمانیدا هاوئاهەنگن بۆسەرکەوتن و لەناوبردنی داب و نەریتە کۆن و دواکەوتووەکان و دەستگرتن بەدینەوە، لەجیاتی ئەوانەی بڕوایان بەپێشکەوتن و داهێنانەکان هەیە لەسەر ئاستێکی فراوانترو

گــــەورەتری هـــەموو وڵات و کۆمـــەڵگاو دوور لــــەئینتیمای بچـــوکی خێڵـــەکی و هەرێمایەتی و بنەماڵەیی.

- بیری نەتـەوەیی لەگـەڵ ململانێـی چینەکاندا لەسـەرەتاداو لای مـارکس دژ بەیەك بوون، ئەو وای دەبینی کە فکری نەتـەوەیی دژی بەرژەوەندییە کانی چینی کرێکـاران و پرۆلیتاریایـە، بـەڵام دواتـرو لەیـەکێتی سـۆڤێتی و لەسـەر دەسـتی سـتالیندا لـەو بیرو بـاوەڕە پاشـگەزبوونەوە و هـانی نەتـەوە و گـەلانی جیاوازیـان لەدونیادا دەدا بۆ شۆڕش و ئازادبوون لەداگیرکەرانی سەرمایەداری.
- لێرەدا دوو جۆر هەست و سۆزی نەتەوەیی لەجیهاندا هەیە:-

1. ئەوەی پەیوەستی تەواوە بەگەل و ڕەگەز یان کۆمەڵێکی ڕەگەزی یان ڕۆشـنبیری وەك ( نەتەوەکانی ئیتاڵی و ئەڵمانی ) .

2. ئـەوەی پەیوەسـتە بەدەوڵەتـەوە وەك وڵاتـانی (( ئـەمریکاو کەنـەداو مەکسـیك و بـەڕازیل و گواتیمـالاو هنـدۆراس و کۆسـتاریکا و ڤـەنزوێلاو پۆلیڤیـا و چـیلی و ئەرجەنتین .. هتد . و زۆربەی وڵاتـانی ئەفریقیا وەك وڵاتـانی (( ئـەنگۆلا و زامبیـا و مۆزەمبیق و زیمبابۆی و .. هتد ))، وڵاتانی بنەماڵە و خێڵەکی وەك وڵاتـانی عـەرەبی کەنداو (( سعودیەو کوێت و ئیمارات و عومان و قەتـەرو بەحرین )) کە هـەموانیان لەسەر بنچینەی دین و خێڵەکی و بنەماڵەیی دامەزراون و دژی عیلمانیەتن .

- دوای ئـەم ڕونکردنـەوە و باسـکردنەی خێـڵ و نەتـەوە لەهـەموو دونیـادا و دابەشـکردنی جـۆری دەسـەڵاتەکانی وڵاتـان لەسـەر بنچینـەی خێـڵ و نەتـەوە . ئـەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کـە ئایـا دەسـەڵاتی سیاسـی کـورد چـۆن دەڕوانێتـە خێـڵ و نەتەوە ؟ ئایا بـەلای سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد و سیسـتەمە حوکمڕانیەکەیـەوە خێـڵ بـاڵاتر و گـرنگترە یـان نەتـەوە ؟ ئایا بنچینـەی دەسـەڵات و فکـری حکـومڕانی کورد بنچینـەیەکی تەسـك و بچـوکی خێڵەکیـە یـان بنچینـەیەکی فراوانـی پـانوپۆڕی نەتەوەییە؟ئایا لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کورددا خێڵ سـەنگینترو قورسـتر و جێگەی بایەخە یان نەتەوە ؟ و ئەمەو دەیان پرسیاری تریش.

بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە . دەکرێـت کـەمێك دیقـەت لـە ڕابـووردوو ئێسـتای کۆمـەڵگای کـوردەواری بـدەین و بـزانین کۆمـەڵگای کـوردەواری قۆناغـەکانی

گەشـەکردنی مێـژوویی کۆمـەڵگای بەشـێوەیەکی سروشـتی تێپەڕانـدوە و گەشـەی ئاسـایی کـردوە (( مەشـاعیەت وکۆیلایـەتی و دەرەبەگایـەتی و سـەرمایەداری و سۆسـیالیزمی )). و لەئێسـتادا لـەکوێی ئـەو ئاسـتبەندی و ڕیزبەنـدی گەشەکردنەدایە.

ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری بەهۆی داگیرو دابەشکردنی خاك و نەتەوەکەیـەوە لەلایـەن داگیرکـەران و دوژمنانیـەوە بـە کۆمەڵگایـەکی دواکـەوتوو گەشـەنەکردوو ناتەندروست و نەخوێندەوار و هەژار ماوەتەوە کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی گەشـەی ئاسـایی خـۆی نـەکات لـە هـیچ کـام لـەبوارەکانی ژیانـدا ((سیاسـی و ئـابوری و کۆمەلأیـەتی و فەرهـەنگی و زانسـتی و ...هتـد)) . و بـە کۆمەڵگایـەکی داخـراو و خێڵەکی و پارێزگـار لـەدابو نەریتـە باوەکـانی بـاو باپیرانی ماوەتـەوە و ئیـدی خێـڵ بۆتە سەرچاوە و ڕوانگەی بیرو بۆچونەکانی تـاکی کۆمـەڵگا و شانازیکردن بـەخێڵ و تیرە و بنەماڵە و تایەفە بونەتە چاوگی هەست و سۆزیان و ئینتیما لـەلایان تـەنها بۆ خێڵەکانیان بوە لە چوارچێوە و سنورێکی بەرتەسك و ناوچـەیی و هەرێمایـەتی دیاریکراودا . و ئیدی لەدەرەوەی ئەو سنورە خێڵەکیـەدا هـەموو دەوروبـەری خـۆی بـە دوژمـن و ناحـەز و نادۆسـت زانیـوە و تابۆشـی کرابێـت بـەرگری لـەو سـنورە خێڵەکیـەی خـۆی کـردوە و ئیـدی گـوێی نەداوەتـە دەرودراوسـێکانی کـە لەهـەمان خوێن و زمان و ڕەگەزن و مێژوو و جوگرافیایـەکی گـەورەتر و دێـرینتر و خاکێك و نیشـتیمانێکی گـەورەتری هاوبـەش پێکیانـەوە گرێـدەدات. ئەنـدامانی خێـڵ بـەبێ جیاوازیـان لـە جوگرافیـای هەرێمایـەتیان هـەموانیان هاوبەشـن لـە دابـو نەریتـە کۆنەکان و پارێزگاریان لێدەکەن لەم ڕۆژگارەی ئێستاشماندا و لەسـەدەی بیسـت و یەکـدا و لەسـەردەمی دەسـەڵاتی کـوردی خۆماڵیشـدا و لەسـەدەی دیموکراسـی و داهێنانە تەکنەلۆژیا و ژمارییەکاندا کـە گـۆڕانی زۆر گـەورەیان لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـدا وەدیهێناوە.بەداخـەوە تائێسـتاش هێنـدەی بـیرو سـۆزی خێـڵ و تایەفـە و بنەماڵە و هەرێمایەتی گەورەتر و کاریگەرترە لەناو کۆمەڵگاو دەسەڵاتی کوردیشدا نیـو هێنـدە ئینتیمـا بـۆ گـەل و نیشـتیمان و نەتـەوە نیـە و بـەڵکو بەپێچەوانەشـەوە کـەدەبوو بـۆ پێـك هێنـانی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی ئـازادی نەتەوەیـدا کـورد و

دەسەڵاتەکەی  هەوڵی جدیان بدایە بۆ بوژاندنەوە و زیندوکردنەوە و گەشەپێدانی هەست و بیری نەتەوەیی  نەك زیندوو کردنەوەی گیانی خێڵەکایەتی و بنەماڵەیی و هەرێمایەتی و تایەفی. کورد هێندەی بەدەست ئەو هۆکارانەوە زیانی پێگەیشتوە و بەڵکو هەر بەهۆی ئەو بیرە تەسکەی خێڵەکیانەوە بوە کە نەگەیشتۆتە ئامانج و سەرکەوتن لە مێژووی خەباتی کوردایەتیدا . لێرەدا ڕێزم هەیە بۆ هەموو کەسایەتی و سەرۆك خێڵەکان و تاکەکانیشیان و هەوڵ و خەباتیشیان لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ، بەلاّم پێویستە  ئەوان هەموو بەرژەوەندی و بیر و فکری خێڵەکی خۆیان بخەنە ژێر چەترە گەورەکەی کوردایەتیەوە و هەموو توانا و هێز و ئینتیمایەکیان لەپێشدا بۆ نەتەوە و نیشتیمان بێت نەك بۆ خێڵ وسەرۆك خێڵ و ناوچەکانی  خۆیان .  نمونەی شۆڕشە سەرنەکەوتوەکانی کورد بەدرێژایی مێژووی خەباتی کوردایەتی هەمیشە خاڵی لاوازیان  بوونی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و شەڕی ناوخۆی خێڵەکان بوە و هەر ئەوانیش شکستیان بە شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکان هێناوە گەرچی هەرخۆشیان هەڵگیسێنەری ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەش بوون . بەلاّم بەهۆی بێ نیزامی و بێ سەرکردەی و بێ بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی وایان کردوە کە هاوسەنگی هێزەکان بە زیانی کوردو شۆڕشەکانی بشکێتەوە .

جێگەی داخە کە لەئێستادا و لەسەردەمی دەسەلاّتی دووحیزبی دەسەلاّتداری کوردیدا دیاردەی زیندووکردنەوەی خێڵ و بنەماڵە و تایەفە و دیوەخانانە زیندوو دەکرێتەوە بۆ بەرژەوەندی تەسکتری حیزبایەتی و گرەوی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان و بردنەوەی زۆرترینی دەنگەکان. لەم پێناوەشدا کەوتونەتە کردنەوە و کۆکردنەوەی سەنتەری بەناو ڕۆوشنبیری خێڵەکان و بەخشینەوەی پارەو پولێکی ئێجگار زۆر بۆ ئەو مەبەستە . خۆ ئەگەر ئەو پارانە لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکاندا خەرج بکرایە ئەوا ئێستا کوردوستان لە کاولی و بێخزمەتی ڕزگاری دەبوو. بەهۆی ئەمەشەوە لە ئێستادا خێڵەکان کەوتونەتە خۆ بۆ زیندووکردنەوەی دابو نەریتە خێڵەکیەکان و زیندووکردنەوەی مەڕاسیمە خێڵەکیەکان و دانانی وێنە و پەیکەری سەرۆك خێڵەکان و هەڵدانەوەی

لاپەڕەی بەناو پڕ شانازی خێڵەکانیان کە بریتیە لە مێژووی پڕ خوێناوی خێڵەکان لەنێوان خۆیاندا و دیاریکردنی سنوری نفوز و دەسەلاتی خێڵەکیان و داوای دیاریکردنی پۆست و پلەو پایەی حیزبی و حکومی دەکەن بۆ ئەندامانی خێڵەکانیان . کە ئاشکراشە هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی زیاتر دابەشبوون و کەرت و پەرت بوونی هێز و توانای نەتەوە و کوردایەتی و بچوکبونەوەی خواست و ویستەکان لەپێکەوەنانی دەوڵەت و یەك ویەکگرتوویی نەتەوەوە بۆ بەرژەوەندی بچوکی خێڵەکی کە ئەمەش تەنها دوژمنانی کورد سوودی لێدەبینن.

بەدرێژایی مێژووش ئەو ڕاستیە خۆی دووپاتکردۆتەوە کە تاکی خێڵەکی یان کۆمەڵگای خێڵەکی کۆمەڵگایەکی دوورە لە پێشکەوتن و داهێنان و گەشەکردن ، چونکە بیر تەسك و ئینتیما بچووکن و بیر و مەودای فکریان تەنها لەچوارچێوەی بازنەیەکی بچوکی خێڵەکیدا دەسوڕێتەوە و ناتوانێت بال بهاوێت بۆ دوورتر و فراوانتر . و هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندیە بچوکەکانی خێڵدا بەرگری دەکات نەك بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی و هەمیشە خێڵی لا گرنگتر و سەنگینترە و ئینتیماشی بۆ ئەو توند و تۆڵترە و لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیەکانیشدا هێندەی بەرگری لە خێڵەکەی و ناوچەکەی دەکات نیو هێندە بەرگری لە نیشتیمان و نەتەوە ناکات. لەوانەیە هەندێ کەس هەبن نمونە بە بنەماڵە خێڵەکیەکانی کەنداو بهێننەوە کە چەندە سەرکەوتوو پێشکەوتوون و بەرگری لەبوونی خێڵ و بنەماڵە بکەن. بەلام ئێمە دەڵێین سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی ئەوان وەك بلقی سەر ئاو وان و بە فویەك لەناو دەچن و نمونەشمان ولاتی خێڵەکی و بنەماڵەیی کوێت بوون لەبەرامبەر هەڕەشە و پەلامارەکانی ڕژێمی بەعسدا کەنەیتوانی تەنها 24 کاتژمێر خۆی ڕابگرێت و ئەوەش دەڵێین کە خێڵ ئەگەر بۆ هەموو ولاتێك سوودی هەبێت ئەوا بەدڵنیایی بۆ ئێستاو ئایندەی کورد و کوردایەتی زەرەرمەندە.

هەر بەم پێو دانەش دەسەلاتی کوردیش لە تەرازووی خۆیدا دەڕوانێتە گرنگی و سەنگینی خێڵ و کار بۆ بوژانەوەیان دەکات و بەمەش هەڵەیەکی گەورەو

مێژوویی شۆڕش و سەرکردەکانی ڕابووردومان دووپات دەکاتەوە و بەهەمان شێوەش مێژووە تاڵ و ڕەش و پڕنەگبەتیەکانمان دووبارە دەبنەوە و ئەوەشی کە بەدەست هاتوە لەدەست دەدەرێت . بۆیە پێویستە و کارێکی زەروریشە کە هەموو هێزە دیموکراسی و نوێگەر و مەدەنیخواز و ئازادی خوازەکانی کوردایەتی هەیە ڕێگە لەم کارو کردەوانە و هەڵوێستە دواکەوتووەی سەرکردایەتی کورد بگرن و ڕێگەنەدەن کۆمەڵگای کوردەواری و ئەم دەسکەوت و سەرکەوتن و گەشەکردن و پێشکەوتنانەی کە ئێستا هەن بگەڕێنرێنەوە بۆ دواوە و بۆ ڕۆژگارە ڕەشەکانی مێژوو . پێویستە لەسەر هەموان هەموو هێز و توانا و بیرکردنەوە و ئینتیمایەکمان بۆ کورد و کوردایەتی ڕەسەن و ڕاستەقینە بێت و نەتەوە و نیشتیمانیش لەسەروو خێڵ و بنەماڵە و تایەفە و دین و ناوچەگەرێتیەوە دابنێن . ئەگینا بەپێچەوانەوە مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە بەڵام ئەم جارەیان خوێناوی ترو پڕ مەترسی تر.

---

* ئەم بابەتەم لەسایتی ئەلکترۆنی(( نوێپۆست و سبەی ))دا بڵاوکراوەتەوە لە 5/23 و2008/6/8دا.

## کورد– کەرکوك – کات *

- ئەم سێ وشەیە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ ڕاستەوانەیان بەیەکەوە هەیە ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوەو هەریەکەیان کاریگەری گەورەی لەسەر ئەویتریان هەیە. کوردو مەسەلەکەی بەبێ کەرکوک ناتەواو ودۆڕاو و بێ مانایە.بەبێ سوود وەرگرتنیش لەکات و زەمینەی گونجا و بەهەمان شێوە کەرکوک لەدەست دەچێت و تاکات درەنگتر بێت کورد زەرەرمەندتر دەبێت. ئەم ڕاستیەی سەرەوە کورد بەدەستیەوە نالاندویەتی لەسەردەمی هەموو حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقیدا و بەتایبەتیش ڕژێمی بەعسی صدامی لەگۆڕنراو.کەمەسەلەی کوردو کوردایەتی لەم بەشەی کوردوستاندا هەمیشە لەسەر کەرکوك نەگەیشتۆتە ئامانج و هەمیشە کەرکوك خاڵی جیابونەوە و لێکدوورکەوتنەوەی شۆڕشەکانی کوردو ڕژێمەکانی عێراق بوە.کەرکوك خاڵی پێوانەی ڕاستگۆیی نیەت و کردار و خیتابی سیاسی ڕژێمەکانی عێراق بوە، کەرکوك خاڵی سەرهەڵدان و سەرلەنوێ ململانێ و شۆڕشەکان بووە. کەرکوك بەلای کوردەوە مەسەلەیەکی میحوەری و ناوەندی بوە و نەتوانراوە پشتگوێ بخرێت و چاوی لێبپۆشرێت . بەهەمان شێوەی گرنگی کەرکوك بەلای کوردەوە کەرکەوك گرنگی مێژوویی و جوگرافی و ئابوری هەبوە بەلای ڕژێمەکانی عێراقیشەوە و جێگەی گرنگی پێدانیان بوە.
- کەرکوك لای کوردو شۆڕشەکانی بە دڵ و قودسی کوردوستان ناسراوە بە و مانایەی کوردوستان بێ دڵ و بەبێ کەرکوك ژیان و مانی لەمەترسیدایە و ناتەواوە و بەهێندەی پیرۆزی شاری قودسیش بەلای فەلەستینیەکانەوە کەرکوکیش پیرۆزە بەلای کوردەوە.جاهەروەك چۆن یاسر عەرەفات سەرۆکی دەسەلاتی فەلەستینی بەدرێژایی خەباتی خۆی و تا دوارۆژەکانی ژیانیشی کە کەوتبوە ژێر فشار و گوشارەکانی ئەمریکاو ئیسرائیلەوە دەسبەرداری بستێك لەشاری قودس نەبوو چونکە بەخیانەتی دەزانی.جاپێویستە کورد و سەرکردایەتیەکەشی هەمیشە کەرکوك و چارەنوسی وەك قودس سەیر بکەن و تالەژیان و دەسەلاتدا ماون بۆ چرکەیەکیش بیر لە دەستدانی بستێکی کەرکوك نەکەنەوە و ئەو ئەرك و لێپرسراوێتیە مێژوییە بپارێزن. خەباتی کوردایەتی

لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا کە خەباتێکی چەکداری و شۆڕش و خوێناوی بوو بەدرێژایی 35 ساڵەی تەمەنی حوکمی بەعسیان سەرەڕای کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگواستن و تەعریب و تەبعیس و بەجینۆسایدکردنی کوردو کوردوستان بەڵام هێشتا لە چاو خەباتی دیموکراسی دوای ڕژێمی بەعس و لەسەردەمی بەناو دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل و پەڕلەمان سانا و ساکارتر بوو، چونکە ئەوێ دەمێ یەك دوژمنی ئاشکرا و یەك سەنگەر لەبەرامبەردا هەبوو دەتناسی و دەیناسیت و هەموو شێوازێکی خەبات حەڵاڵ بوو.

- بەڵام لە ئێستادا و لە ژێر قوبەی پەڕلەماندا و لەژێر ناوی هاوپەیمانی و دۆستایەتی و دیموکراسیەت و دەنگدان و هەڵبژاردندا.دەیان دوژمن و ناحەز و دەیان سەنگەری ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکی بۆ کوردو مەسەلەکەی و مافە ڕەواکانی دروست بووە.

جارێکی تریش خاڵی وەرچەرخان و لێکتۆران و پێکنەگیشتنی کوردو ئەو هێز و لایانە ناحەزانەی ناو دەسەڵاتی عێراقی بەهەمان شێوە شاری کەرکوکە و ئەم دەسەڵاتدارە نوێیانەی بەسیما دیموکراسی خوازو هاوپەیمان و لەناوەڕۆکدا شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و عەقڵ دۆگماو مەرکەزیەت خوازو قەومیانەی سەردەمی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو و دەیانەوێت بەجۆر و شێوازێکی تر کورد و کەرکوك بچوك بکەنەوە و سیاسەتی تەعریب و تەهجیر و داگیرکردنی بەعس دووبارە و بکەنەوە و درێژەی پێبدەن بە سوود وەرگرتن لەکات و بەفیڕۆدانی.

ئەوەتا لە یەکەم کابینەی حکومەتی عەلاوی و جەعفەری و مالکی ئێستاشدا و بۆ ماوەی زیاتر لە 3ساڵە دەستی دەستی بەکورد دەکەن و کات بەسەر دەبەن و مادەی 58 و 140 ی دەستور جێبەجێناکەن و ڕێگریشی بۆ دروست دەکەن.

لەمەشدا نابێت تەنها گلەیی و گازندە لەو بەناو دۆستانەی کوورد بکەین لە هێزە سیاسیەکانی ناو عێراق و ئەمریکاو بەریتانیاو ..هتد. چونکە هەریەك لەو هێزانە لەبەرژەوەندی حیزبی و تایەفی و مەزهەبی و قەومی خۆیە بۆ مەسەلەکان دەڕوانێت و کار بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆی دەکات نەك بۆ بەرژەوەندی و

خواستەکانی کورد و لەمەشدا کات لە بەرژەوەندی ئەوانە و دژی کوردە، چونکە بەتێپەڕبوونی کات شیعە و سونە و ئەوانی تریش ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێز دەبن و خۆڕێکدەخەنەوەو پێگەی خۆیان قایمتر دەکەن لەناو دەسەلاَتی عێراقدا و بەلاَم کوردیش بە پێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ پاشەکشە دەکات و بەرەو بێهێزی و لاوازی و بێ پشت پەنایی و بێ هاوپەیمانی و دۆستایەتی ڕاستەقینە دەچێت هەرئەمەش وایکردوە کوردو مافەڕەواکانی لە عێراقی بەناو فیدڕاڵدا لەپاشەکشەی بەردەوامدابێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە کوشندەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد و خۆش باوەڕی و هەڵفریواندیان بەدۆست و هاوپەیمانە فشەڵ و درۆزنانەکانی شیعە و سونە و تەنانەت ئەمریکاو بەریتانیاش.

ئەوەتا لەڕۆژی 2008/7/22 لەناو پەڕلەمانی عێراقیدا و لە گفتوگۆی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا و لەلایەن سەرۆکی پەڕلەمانی عەرەبی سونەوە محمود مەشهەدانیەوە دوور لەهەموو یاساو ڕێسا و پەیڕەوەی ناوخۆی پەڕلەمان و بەنهێنی دەنگ لەسەر بەندی 24ی یاساکە دەدرێت و تێدەپەڕێنرێت چونکە دژی مادەی 140 دەستور و دژی بەرژەوەندی کوردو کەرکوکە.لەپێشتریش و تائێستاش کوردو بەرژەوەندیەکانی و کەرکوك لەلایەن (( حسێن شەهرستانی )) شیعەی وەزیری نەوتی عێراقیەوە دژایەتی دەکرێت . ئەمە سونە و شیعەی هاوپەیمان و دۆستەکانمانن . کە ئەم هەڵوێستانە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو لایەنانە دەردەخەن و دووفاقی و دووڕوویی و شۆڤێنیەتی عەرەبی دەردەخەن لەبەرامبەر کورد و کەرکوکدا و پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد چاو بەو هاوپەیمانی و دۆستایەتیاندا بخشێنێتەوە و سیاسەت وستراتیژو خیتابی سیاسی خۆی بگۆڕێت و دابڕێژێتەوە بەئاشکراو ڕوونی.

سەرکردایەتی سیاسی کورد لەساڵی 2005وە هەمیشە لەسەنگەری بەرگریی وشەرمنی و ترسنۆکیدا بوە . ئێستا کاتی ئەوەهاتوە بچێتە سەنگەری هێرش و ڕاشکاوی و جورئەتەوە بۆ داواکردنی مافەکانی و پێویستە خیتاب و پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە وەك سەرەتای ساڵی 2003. ئەمەش تەنها بەگەڕانەوە دەبێت بۆلای جەماوەری گەلی کورد لە کوردوستان و پاراستنی یەك ڕیزی و یەك گوتاری

و یەك هەڵوێستی و یەك حکومەتی و یەك ئیرادەیی هەموو پارتە سیاسیەکان بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی دەبێت پشت ئەستوور بە جەماوەری گەل. پێویستە کاری جدی بکەن بۆ پتەوکردنی بەرەی ناوخۆیی وڵات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر و پڕۆژەی ستراتیژی و چوون بەدەم داواکاریەکانی جەماوەرەوە و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان و گەندەڵیەکان بۆئەوەی حکومەت و دەسەڵات و سەرکردایەتی لەلای گەلەکەی خۆیان خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بن و خۆیان بەخت بکەن بۆ بەرگری لە کورد و کەرکوك و کوردوستان ، نەك بێزراو وناخۆشەویست بن و ببنە هۆی ساردکردنەوە و مراندنی گیانی کوردایەتی لەلایان.

بۆیە چیدی سەرکردایەتی سیاسی کورد نابێت زۆرینەی زۆری جەماوەر پشتگوێ بخات لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەی هەرە کەمی جەماوەر . بۆیە گەورەترین و ڕاسگۆترین پشت و پەنای کورد و سەرکردایەتیەکەی تەنها جەماوەر و شاخەکانی کوردوستانە دوور لە بەناو دۆست و هاوپەیمانە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان. بۆیە دەکرێت بەو پشتیوانیەی جەماوەر کوردو کەکوك وکات بگونجێنین و بە قازانجی مەسەلەکەی کوردایەتی وەگەڕیان بخەین و سەرکەوتوش بین و ئیدی ئەو 3 کافە نەفرەتیەی جاران بگۆڕینەوە بە تاجە گوڵینەی خێرو بەرەکەت بۆ ئاینەدەمان.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( هەواڵ ))دا بڵاوکراوەتەوە لە 2008/8/2دا.

# بەشی سێیەم

## پێشنیازێکی کراوە بۆ هەموو هەڤاڵانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان
## بەرەو پێکهێنانی ڕێگای سێیەم
## لەناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردوستاندا...*

❖ ئاشکرایە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی 1975وە لەچەند باڵ و ئاڕاستەو ئایدیاو ڕێبازی جیاواز لەیەکتر پێك هاتوە و هەموانیان لەژێر چەتری ئەودا درێژەو بەردەوامیان بەخەبات داوە سەرەڕای جیاوازی لە ئایدیاو ڕێباز و دروشم و ئامانجەکانیان ،بەلاّم هیچ کاتێك لەزەمانی شاخدا هێندەی ئەم سەردەمەی ئێستا ناکۆکی و جیاوازیەکان نەگەیشتونەتە ئەم ڕادەیە کە لە خاڵێکی زۆر هەستیار و مەترسیداردایە کە هەڕەشە و مەترسی لێکترازانی ڕیزەکانی یەکێتی لێدەکرێت و یەکێتی ناو یەکێتی دەخاتە بەر دواڕۆژێکی نادیارەوە.

❖ یەکێتی کە لە ئێستادا تەمەنی 31 ساڵە بەلاّم بەدرێژایی ئەم سی ساڵە تەنها 2 کۆنگرەی گشتی بەستوە کە دەبوو بەلایەنی کەمەوە هەر دوو ساڵ جارێك کۆنگرەی گشتی سازبدایە،لەدوای حلکردنی باڵەکانیەوە لەکۆنگرەی یەکەمی ساڵی 1991وە کە تەنها یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان وەك ڕێکخراوێکی گەورەو کاریگەر مایەوە، بەلاّم هەرجارەی بەبیانویەکەوە دواخراوە و کۆنگرە نەگیراوە ،جارێك بەبیانوی هەستیاری قۆناغەکەوە و جارێکی تریش بەبیانوی ململانێکانی ناو یەکێتی و جاری سێیەمیش بەبیانوی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ پارتی و لایەنە ئیسلامیەکان و ..هتد و جارێکی کەش بەبیانوی مانی ڕژێمی بەعس لە بەغدادا و گەلێك بیانوی تریش.

کە هەموو ئەم هۆکارانە وایان کردوە کە گۆڕانێکی زۆر کەم ڕووبدات لەدەم و چاو و توانا و خوێن و عەقڵەکانی ناو یەکێتیدا هەر لەخوارەوەی بنکەی ڕێکخستنەکانەوە تا سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەسکرتێری گشتیشەوە ، کەئەمەش بوە هۆی دروستبوونی جۆرە خاوبونەوەیەك لە داهێنان و بەرەو

پێشبردنی یەکێتی و بەهێزکردنی ڕیزەکانی و هۆشیارکردنەوەی ڕێکخستنەکان و پێشـمەرگە و جەماوەرەکـەی یـەکێتیش، بەهـەمان شـێوە جـۆرە تـاك ڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات و دیاردەی گەندەڵی ئیداری و دارایی و مشەخۆری و دیاردە دزێوەکانی گروپچێتی و خێڵ زیندووکردنەوە و بنەماڵە پەرستن و ناوچەگەرێتی و سـەرهەڵدانی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵڕازیکـردن بـوە کـارێکی بـاو و هـیچ کـەس و ئەنـدامێك ناتوانێـت پۆسـت و پلـەو پایـەی حیزبـی و حکـومی وەدەستبهێنێت ئەگەر یەکێك لەو سەرکردانە پاڵپشت و پشتیوانی نەکەن و ئەمانە کاریگەریـەکی گـەورە و خراپیـان کردەسـەر ژیـانی حیزبایـەتی لـەناو یەکێتیـداو هێنـدەی تـر ئیشـوکارەکانی نـاو یـەکێتی بـەرەو ئـاڵۆزتر و تێکچـووتر دەبـرد.وە پرنسـیپەکانی حیزبایـەتی کـاڵ دەبونـەوە لەبەرامبـەر تۆخبونـەوەی ئاڕاسـتەی پیاوپیاوێنـە و وەلا نوێکردنـەوە بـۆ ئـەو سـەرکردە و ئـەو مەکتـەب سیاسـی و لەسـەرو هەمووشـیانەوە جـەنابی سـکرتێری گشـتی .بەشـێوەیەك ئیشـوکارەکان تێکچووبوو کە یەکێتی تـەنها لـەدوورەوە هەیبـەت و جوانی و بریقەداری مـابۆوە ، بـەڵام بەداخـەوە لەناوەڕۆکـدا بـەرەو کرمـۆڵ بـوون دەچـوو. بەتایبـەتیش دوای ڕزگارکردنی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس هێندەی تر سنوور و نەخشەی کارو دەسکەوت و ئیمتیازاتەکان و دەسەڵاتەکان گەورەتر و فراوانتر بوون کە یەکێتی بـەم سـەرکردایەتیەی ئێسـتای و بـەم عـەقڵ و توانـا دەق بەسـتوەی 5سـاڵی دواکـۆنگرەی دووەمـی وەتاسـاڵی 2003 نەیـدەتوانی کەلەئاسـت کـۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانی ناوەوەو دەرەوەی یەکێتیدا بێت کە لەبنچینەدا لەگرێژەنە چووبوو.

❖ هەروەها سەرقاڵ بوونی بەڕێز سکرتێری گشتی بەکاروباری عێراقەوە لە زەمانی مەجلیسی حوکمەوە تا هەڵبژاردنـەوەی بەسـەرۆك کۆمار بۆ یەکەم جارو دووەمجاری و سەرقاڵبوونی ژمارەیەك ئەندام مەکتەب سیاسیش بە وەزارەتـەکانی بەغـداو و سـەرقاڵبوونی نیوەکـەی تریشـی بـە کاروبارەکـانی کوردوسـتانەوە و ڕێکخسـتنەوە و یەکگرتنـەوەی مـاڵی کـوردی بـۆ خۆئامـادەکردن بـۆ بارودۆخـە نوێکـەی دوای ڕووخـانی ڕژێمـی بەعس.هێنـدەی تـر بـارودۆخی نـاوخۆی یـەکێتی بـەرەو خـراپتر بردتاکارگەیشـتە ئـەوەی ژیـانی حیزبایـەتی و بڕیـاردان و

ئیشوکارەکان تووشی جۆرە سستی و شەلەلێك ببون بەهۆی ئەوەی کە بۆ هەموو بڕیارێك دەبوایە بگەڕانایەوە بۆ لای جەنابی سکرتێری گشتی کە ئەم کارەش سانا نەبوو بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی و زیندوو گەورە و کاریگەری وەك یەکێتی ، ئەمە و کۆمەڵ گەلێك کەموکوڕی و هەڵەی تر کە لە ئەنجامی پاوانکردن و قەتیسکردنی زۆربەی دەسەڵاتەکان لای بەڕێز سکرتێری گشتی وایکرد کە چیدی مەکتەبی سیاسی بەزۆرینەی دەنگ و ڕاوبۆچوون یاداشتێك بدەنە بەڕێزسکرتێری گشتی لەساڵی 2005دا وکە لە7 خاڵ و پاشکۆیەك پێك هاتبوو بۆ ئەم مەبەستەش زۆرێك لە ئیمزای کادرانی ڕێکخستنەکان و پێشمەرگە کۆکرایەوە و و تیایدا بیرو ڕاو ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی بەڕێز سکرتێری گشتی کرد، بەم کارەش بۆ یەکەم جار سەرەتایەکی ڕاچڵەکێنەر دەستی پێکرد لەناو یەکێتی و هەموانی بە بەڕێز سکرتێری گشتیشەوە لەخەو و خەیاڵ و خاوبونەوەو حساب بۆنەکردنی یەکتری و پاوانکردنی دەسەڵات و دروستبوونی گەندەڵی ئیداری و دارایی لەحیزب و حکومەتدا ڕاچڵەکاند و بەمەش دوو ئاڕاستەی جیاواز جارێکی تر لەناو یەکێتیدا سەریهەڵدایەوە .

❖ ئاڕاستەیەك لایەنگری بەڕێز سکرتێری گشتی بوون و لەدوای نەرمی نواندنێکی کەمەوە سووربوون لەسەر بیروڕاو ئاڕاستەی کارو ڕەوتی بۆچونەکانیان لەسەر مۆدێلە کۆنەکەی پێشووترو نەیاندەویست بە سانایی دەست هەڵبگرن لەتاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات و دارایی و چاوسوورکردنەوە و..هتد ،کەلەئێستادا بەم ڕەوت و ئاڕاستەیە لەناو جەماوەر و ڕێکخستن و پێشمەرگەشدا دەوترێت کۆنە پارێز و گەندەڵ بەهۆی ئەوەی کە کەسانێکی خاوەن فایلی ڕەش و ڕابووردووی گەندەڵ لە حیزب و حکومەتداتیایدا کۆبونەوتەوە .

❖ هەرچی ئاڕاستەی دووەمیشە کە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسین و دروشمی چاکسازی و ڕیفۆرمیان بەرزکردۆتەوە لەناو حیزب و حکومەتدا داوادەکەن کە ژیانی حیزبایەتی ناوخۆی یەکێتی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا شۆڕشگێڕیەکەی و کاربکرێت بەپەیڕەوی ناوخۆو و دەست هەڵبگیرێت لە گەندەڵی و ڕۆتین و چیدی مەکتەبی سیاسی پەراوێز نەخرێت و بڕیارەکان دەستە جەمعی بن و ژیانی

دیموکراسی ببوژێنرێتەوە و واز لە ئیرهابی فکرو چاوسورکردنەوە و هەڕەشە و گوڕەشە بهێنرێت بۆیە لەناوجەماوەر و ڕێکخستن و پێشمەرگەشدا بەم ئاڕاستەیە دەوترێت ئاڕاستەو ڕەوتی ڕیفۆرمخوازان .

❖ لەئێستادا و دوای بڕیاردان لەسەر چیٚ کردنی هەڵبژاردنەکان لەناو ڕێکخستنەکاندا و دەرکەوتنی ئەنجامی کۆمیتەو مەڵبەندەکان و دەرکەوتنی ئەنجامەکان بە بەرژەوەندی لایەنگرانی بەڕێز سکرتێری گشتی کە هیچ کەس و لایەنێك چاوەڕوانیان نەدەکرد، کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و پێدەچێت پارە و ئیغراکردن و ترسی نانبڕین و چاوسوورکردنەوەو ..هتد ڕۆڵیان بینیبێت.

❖ ئیدی لێرەوە ململانێکان توندتر دەبن و هیچ لایەکیشیان نەرمی و خاوبونەوە لە هەڵوێست و گوتاریاندا نابینرێت و هەریەکەشیان سوورن لەسەر ڕەوتی ئایدیاو بۆچوون و بەرنامەی خۆیان.کە بەجۆرێکە گەیشتۆتە خاڵی پاشگەز نەبوونەوە و ئەو گومان ودوودڵیە سەرهەڵدەدا لەداهاتووی یەکێتی کە بەیەك و یەکگرتووی بمێنێتەوە لەکارو ئایدیاو بەرنامەدا.

❖ ئالێرەوە من وەك کادرێکی خەمخۆر و بەپەرۆش بۆ ئێستاو ئایندە و مێژوە پڕ لەسەروەریەکەی یەکێتی وەك سەدان و هەزاران کادری ڕێکخستنەکان و پێشمەرگە و جەماوەرە دڵسۆزەکەی یەکێتیشەوە پێشنیازدەکەم کە (( ڕێگەی سێیەم لەناو یەکێتیدا)) دروست بکرێت وەك ڕەوت وئاڕاستەیەکی میانڕەو لە ژێر چەتری یەکێتیدا و بەڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال وەك گروپێکی فشار بۆ سەر هەردوو ڕەوتەکەی دی،وەك چاودێرێکی بیٚ لایەنیش، ئامانجیش لەم کارە:-

1.پاراستنی یەکڕیزی یەکێتی بێت.

2. هەوڵی زیندووکردنەوەی سەرەتا شۆڕشگێڕیەکان بێت .

3.هەوڵی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو ڕێکخستن و پێشمەرگە بێت بۆ ئەرکە گرنگەکانی ئەم قۆناغە.

4.کاربکات بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردنی گەندەڵی ئیداری و دارایی و سیاسی لەناو حیزب و حکومەتدا.

5.کاربکات بۆ ڕێگە گرتن لە تاك ڕەوی و پاوانکردن و ئیرهابی فکر.

6.کاربکات بۆ ئاکتیڤکردنی بنەما دیموکراسیەکان لەناو یەکێتیدا لە ڕەخنەو ڕادەربڕین بە ئازادانە.

7.کاربکرێت بۆ پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە بڕیارو ئیشوکارەکان و خەرجی و داهاتەکانی یەکێتیدا.

8.داوای کاری دەستە جەمعی و پێکەوە ژیانی و تەوافوق بکات لەنێوان ڕەوت و ئاڕاستەو باڵ و مینبەرە جیاوازەکاندا و بەتایبەتیش لەنێوان بەڕێزان مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتیدا.

❖ من وەك کادرێك هەست دەکەم کەلەناو یەکێتیدا و لەناو جەماوەرەکەشیدا بێزاریەکی زۆر هەیە لەبەرامبەرئەم باودۆخە بارگەویە و ئەم ململانێ نەبڕاوەو بەردەوامەی ئەم دووباڵەدا و هەر ئەمانیش پەرۆشن و بەتەنگەوەن بۆ پاراستنی مێژوو ئێستاو ئایندەی یەکێتی ، ئەم کۆمەڵە لەم ململانێیەدا هەڵوێستێکی ژیرانە و بێ لایەنانەیان هەڵبژاردووە کە ژمارەشیان کەم نیەو هەرئەمانیش لاسەنگی دروست دەکەن و باری لاریش ڕاست دەکەنەوە بۆیە بوونی لایەنی سێیەم بۆتە پێویستیەك.

❖ جالێرەوە پێشنیازدەکەم بۆ کۆبونەوە و گفتوگۆکردن و ڕادەربڕینی بوێرانە و یەکگرتنی هەموو ئەو دەنگە ناڕازیانەی لەم بارودۆخەی ئێستای یەکێتی و لەچوارچێوەی ئاڕاستەیەکی نوێدا بەناوی ڕێگای سێیەم لەناو یەکێتیدا.

❖ لەکۆتاییدا ئەو ڕاستیە دووپاتدەکەمەوە کە ئەگەر هەردوو ئاڕاستەکە پەرۆشی ئێستاو ئایندەو مێژوە پڕ لەسەروەریەکەی یەکێتی نەبن ئەوا زۆر نزیکە مێژوو بە مەترسیدارترین و خراپترین شێوە خۆی دووپات بکاتەوە وەك چۆن لە شەستەکانی سەدەی ڕابووردوودا لەناو پارتی دیموکراتی کوردوستانی ئەوکاتەدا ڕوویدا و ململانێی نێوان بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی سەریهەڵداو درێژەی کێشاو بوە هۆکاری دووکەرت بوونی ئیرادەی کوردی و تائێستاش کاریگەریە خراپەکانی ماونەتەوە و لە ئەنجامیشدا جیابونەوە و دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانی لێ سەوز بوو وەك حیزبێکی سیاسی نوێ. کە ئەم کارو

ڕووداوە لە ئێستادا بە لاپەڕەیەکی ڕەش لە خەباتی کوردایەتیدا دادەنرێت چونکە هۆکاری سەرەکی هەموو شەڕە براکوژی و خوێنڕشتنەکانی ناو کورد بووە و لەئێستاشدا پێدەچێت ئەنجامی ئەم ململانێیە بەهەمان شێوە و ئاڕاستە بشکێتەوە کە هەمووان تیایدا زەرەرمەند دەبن و جارێکی تریش دەبێتە هۆی دووکەرت بوونی ڕیزەکان و ئیرادەی جەماوەرو گەلی کوردیش و باڵیش دەکێشێتە سەر ئایندەی نەوەکان و مێژووی داهاتووشمان و ئەوکاتەش هەموان بەر نەفرەتی نەوەی نوێ و مێژوو دەکەوین و هیچ کەسیش بێ تاوان دەرناچێت و ئەوەی کە هەشمانە لەکیسمان دەچێت .

❖ سەیرە مێژووی کورد هەروا بوە لەبەرامبەر دوژمناندا سازشکارو نەرم و دڵ ساف و پاکین بەڵام لەبەرامبەر یەکتر و براو هاوخوێن و هاو خەباتەکانی خۆماندا توندو دڵ ڕەق و لێنەبوردوو چاوسوورکەرەوەین کە ئەمە کارەساترین ڕووداوە .

❖ بەهیوای ئەوەی هەمووان لەنیازی پاکمان تێبگەن و بەهیچ بارو ئاڕاستەیەکی جیاخوازی و بچوك بونەوەی یەکێتی تێنەگەن چونکە هەموانمان بەیەکێتیەوە جوان و گەورە و بەهێزو سەربەرزین و دوور لەیەکێتیش هەمووان دۆڕاو و لاواز و پەراوێزخراوین ئەگەر لەکۆمیتەیەك یان چەند مەڵبەنێکیشدا گرەوی هەڵبژادنمان بردبێتەوە ......

**والله على ماقوله شهيد..**

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی (( ناوخۆ و کوردوستان نێت وکوردوستان پۆست))دا بڵاوکراوەتەوە لە 2 و2006/11/5دا.

## کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان

# کۆنگرەیەکی مەترسیدار و چارەنوسساز *

* وەك ئاشـكرايە (ی ن ك )هێزێكـی سياسـی گـەورەو كاریگـەرو گرنگـی سـەر گۆڕەپانی سياسی كوردستان و عيراقيشەو لە سەرەتای دامەزراندنيەوە تاكو ئێستا كـە تەمـەنی 32 سـاڵە، ڕۆڵو كاریگـەری گـەورەو بەرچـاوی هـەبوە لـە بـەرەوپێش بردنی خـەباتی كوردايـەتیو پاراستنی يـەك و يـەكگرتوويی خيتـاب و هەڵوێسـتی سياسی كوردو يـەك خستنەوەی مـاڵی كـورد لـە پەرلـەمانو حكومەتـداو دواتـريش ڕۆڵی مەزنی بينيوە لە ڕوخانی ڕژێمی بەعسی صەدامیو وەدەست هێنـانی گـەلێك دەسـكەوتی مـەزن لـە ئێسـتای دەوڵـەتی عيراقـی نوێـدا، هەربۆيـە هـەر ڕوداوێكـی چاوەڕواننەكراو كـە ئەگـەر ڕووبـدات لـە نـاو ڕيزەكـانی يەكێتيـدا لـە جيابونـەوەو لێكترازانـدنی ڕيزەكانيـدا، ڕاسـتەوخۆ كاریگـەری گـەورەی دەبێـت لەسـەر ڕەوشـی كوردستان بەتايبەتی و عێراقيش بەگشتی .

بۆيە بەستنی كۆنگرەی سێ كارێكی لەلايەك زێدە گـرنگو ژيـاریو چارەنوسسـازو لەلايەكی تريشەوە كارێكی گەلێك مەترسيدارەو زەحمەتە،چونكە چارەنوسسازە بۆ خـۆ نوێكردنـەوەو ڕاچـڵەكاندنی هـەموو ئۆرگانـەكانی ( ی ن ك ) لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوەو خـۆ ڕزگاركردنـە لـە خـەوشو گەنـدەڵیو خاوبونـەوەو پتـەوكردنی ڕيزەكانو نەهێشتنی كەموكوڕی و ڕەخنەو ململانێ ناشەرعيەكانو...هتد .

كـارێكی زەحمـەتو مەترسيداريشـە، چـونكە ( ی ن ك ) لـە ئێسـتاداو لـە نـاوخۆی خۆيـدا تووشـی خاوبونـەوەو سسـت بـونو مشـەخۆریو زۆر ديـاردەی قێزەونـی ناشـــەرعی لـــە ملاملانـــێو تەكەتولچـــێتیو ناوچـــەگەرێتیو مەحســـوبيەتو مەنسـوبيەتو دڵ ڕازيكـردن لەسـەر حسـابی ديسـپلينی حزبـیو دڵسـۆزی و لێهاتوويیو لێوەشاوەيیو ڕابردوو پاكی .بۆيـە بەستنی كۆنگرە مەترسـی ئـەوەی لێـدەكرێت كـە ئـەو بـاڵو گـروپو كۆمەڵانـەی نـاو ( ی ن ك ) لەسـەر يـەك پـەيڕەوو پرۆگرامو ئامانجی سياسیو ئابوری ڕێكنەكەونو لە ئەنجاميشدا بەرەو لێكترازانو جيابونەوەو بچوك بونەوەی ڕيزەكانی ( ی ن ك ) بچێت، كە ئـەم حاڵـە زۆر گـرنگو هەستيارەو پڕ مەترسيە كە پێويست دەكات هەموان لە بنكەی ڕێكخستنەكانەوە تا

سەرکردایەتی زۆر بەجدیو بەدیقەتو دڵسۆزیەوە هەڵوێستەی لەسەر بکەنو ڕێگە نەدەن کە بەرژەوەندیە شەخصیو ناوچەییو عەشیرەتیو خزمایەتیوئابوریەکان بچنە سەرو بەرژەوەندی باڵای یەكو یەکگرتوییو خەباتو مێژووی پڕشانازی (ی ن ك ) وە .

بەو مەبەستە، هەندێ ڕاوبۆچون دەخەینە بەرچاو و بەردەم کۆنگرەی سێی ( ی ن ك) بەهیوای سوود لێوەرگرتنو ڕەچاوکردنیان .

1.دەربارەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی :

ئاشکرایە ئەم شێوە هەیکەلەی ئێستا هەمانە هەیکەلی ڕێکخستنە لەسەردەمی نهێنیو شاخدا هی حزبێك یان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕیە کەلەقۆناغی خەباتی شاخو نهێنیو چەکداریدا پەیڕەویکردوە بۆپاراستنی نهێنیەکان و گیانی هەڤاڵان ، بەڵام بۆ ئەم سەردەمەی ئێستای کە ( ی ن ك ) پارتی دەسەڵاتدارە و بەئاشکرا کاردەکاتو جەماوەرێکی پانو پۆڕی شارو دێهاتی هەیەو لەنەتەوەو مەزهەبی جیاواز پێکهاتووە وئایدیای سۆسیال دیموکراتی هەڵگرتووە کە ئەم جۆرە هەیکەلە ڕێکخراوەییە گونجاو وتەبانیە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا، بۆیە پێویستە بیر لەشێوازێکی زیاتر گونجاوتر بکرێتەوە و بۆ ئەمەش دەکرێت سوود لەئەزموونی پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا وەربگیرێت بەڕەچاوکردنی بارودۆخی کوردستان. بۆ زیاتر ڕێکخستنەوە و نەهێشتنی هەر جۆرە تاك ڕەو و خۆسەپاندن و زیادەڕۆیی و نەهێشتنی دیاردەی قۆرخکردنی دەسەڵات و ئیمتیازات و پلە وپۆستەکان و بەگوڕوچالاککردنەوەی یەکێتی ئەم چەند پێشنیازە دەکەم بۆ کۆنگرە :-

1. سکرتێری گشتی ڕاستەوخۆ لە کۆنگرەی گشتیدا هەڵببژێرێت .

2.کۆنگرەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك ببەسترێت .

3.سکرتێری گشتی تەنها بۆی هەبێت لە دوو خولی هەڵبژاردندا خۆی کاندید بکات.

4. 2-3جێگر بۆ سکرتێری گشتی دیاریبکرێت و دەسەڵاتەکانی(( ئیداری و دارایی وڕێکخراوەیی و ...هتد)) سکرتێر و جێگرەکانی و مەکتەب سیاسیەکان و سەرکردایەتیەکان دیاریبکرێت بەڕوونی و بە ئاشکرا.

5. لەپێناو هاتنە پێشەوەی توانای نویٚ و بیر و خوێنی نویٚ و گەنج بۆ سەرکردایەتی یەکێتی پێشنیاز دەکەم کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بۆ یەك خولی هەڵبژاردن خۆیان کاندید بکەن .

6.بۆ ئەو هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیانەی کە دەرنەچونەتەوە یان خۆیان هەڵنەبژاردۆتەوە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دابمەزرێت و بچنە ئەو ئەنجومەنەو ڕاوێژی سیاسیان پیٚ بکرێت وەك ڕێزلێنانێك بۆخەباتیان ،دوای هەموو بەستنی کۆنگرەیەك کاری ئەوانیش لەو ئەنجومەنەدا تەواو دەبێت و کەسانی تر دەچنە ئەو ئەنجومەنەوە.

7.سیستەمی خانەنشینی حزبی دروستبکرێت، هەر ئەندامێك تەمەنی لەکاری حزبی تێپەڕ ببێت خانەنشین بکرێت بەموچەیەك کە پێی بژی.

8.هەق وایە لەم کۆنگرەیەدا دروشمی ( من این لك هذا ) بەرزبکرێتەوە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ سەرکردایەتی و ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان بکرێتە مەرجێك بۆ خۆ کاندید کردن بۆ ئەوەی کەسانی گەندەڵ و مشەخۆر و دواکەوتەی سەروەت و سامان و ئیمتیازات نەچنە سەرکردایەتیەوە .

9.شانەی ڕێکخستن نەمێنێت، چونکە بەفعلی لە ئێستادا کار ناکات .

10.لەبەر ئەوەی ململانیٚ و تەکەتولبازی هۆکاری سەرەکیان دەسەڵات و ئیمتیازاتی مادی و دەسکەوتە ، بۆ ڕێگرتن لەو دیاردانە پێشنیاز دەکەم :- کە چاوێك بخشێنرێتەوە بە مووچەی هەموو ئاست و ئۆرگانەکاندا بەشێوەیەك کە ناعەدالەتی تیادا نەمێنێت و تاڕادەیەکیش نزیك بن لەیەکتریەوە بۆ ئەوەی کەس هەڵپەی پۆست و پلەو ئیمتیازات نەکات . چونکە لەئێستادا بەداخەوە هێندەی بۆ ئیمتیازاتەکان هەڵپەدەکرێت نیو هێندە بۆ خەبات و کارکردن و گەشە و پێشکەوتنی یەکێتی هەڵپەناکرێت.

11. پلـە حزبیـەکان کـەم بکرێتـەوە لەگـەڵ ئیمتیازاتەکانـدا، چـونکە ئەمـە دەبێتـە کەمبونەوەی ململانێی ناشەرعی بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلەوپۆستانە.

12. بۆ کەمکردنـەوەی خـەرجی یـەکێتی هەقوایـە بنکـەو بارەگـای ناپێویسـت کـەم بکاتـەوەو چیدی بارەگـای تـر نەکاتـەوە، لەلایـەك لـە هەیبـەتی ئـەو بارەگایانـە کـەم دەکاتەوەو لەلایەکی تریش کـادر فێـری کـاری مەکتـەبی ناکـاتو مـەجبوری دەکـات بچێتە ناو جەماوەرەوە .

13. پێویستە شێوازی کارکردنی مەکتەبی بگۆڕێت بۆ شێوزای چونە نـاو جـەماوەر لـە ڕێگـەی کـادری گـەڕۆكو بـزۆك لـەناو شـارو دێهاتەکانـدا بەمـەرجیٚ خـەرجی پێویستیان بۆ دابین بکرێت نەك جەماوەر ڕوبکاتە بارەگاکان .

2. مەسەلەی فکر:

لەئێسـتاداو لـەناو ( ی ن ك)دا فکـرو ئایـدیاو ڕێبـازێکی دیاروئاشـکرانیە کـە هەموانی لەسەر کۆکبنو وەحدەیەکی فکری کۆیان بکاتەوە، بۆیـە هێڵـی فکـری ( ی ن ك ) جیاناکرێتـەوە و ناتوانرێـت دیاریبکرێـت، کـە ئایـا فکرێکـی نەتـەوەیی یـان ئیسـلامی یـان سۆسیالیسـتی یـان لیبڕاڵ و یـان ..... هتـد . لەئێستاشـدا لـەناو یەکێتیدا هێندەی ململانێی پۆست و دەسکەوت و پلـە و پایـە دەکرێت نیـو هێنـدە ململانێی فکر ناکرێت و ئەو دیاردە دزێوانـەی وەك تەکەتولچێتی و گروپچێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و خزمایەتی و دڵڕازیکردنە زۆرربەی هەرە زۆری تـەنها بۆ دەسکەوتی مادی و مەعنەویە نەك بۆ گەشە و پێشکەوتنی یەکێتی لەڕووی فکر و ڕێباز و ئایدیاوە.

بۆیــە پێویســتە ( ی ن ك ) فکرێکــی ئاشــکراو ڕوون بــۆ خــۆی دیاریبکــاتو هۆشــیاریو ڕۆشــنبیریش دەربــارەی بڵاوبکاتــەوە بــۆ نــاوخۆو دەرەوەی ( ی ن ك).هەڵبژاردنی فکرو ڕێبازێکی دیاریکراویش هەروا ئاسانیە، بەڵکو بەلێکدانـەوەو هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکانی کوردستانو ناوچەکەو دونیاش ئـەو کـارە دەکرێت، چــونکە ناکرێــت فکرێــك هەڵبــژێردرێت کەجێگــەی ڕەزامەنــدی ناوچــەکەو دەوروبەرنـەبێتو شـازو نـەگونجاو بێـت، وەك فکرێکـی نەتـەوەیی یـان دینـی

توندڕەو. ئاشکراشە ( ی ن ک ) بەبونی بەئەندام لەڕێکخراوی SI هەندێ مەرج و وابەستەیی بۆ دروست بوە، لەبەرئەوە ناتوانێت پێچەوانەی بەرنامەی SI فکرێکی جیاوازو ناتەبا هەڵبژێرێت .

3. بارودۆخ و هەل و مەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەکە:

لەئێستادا بارودۆخی دونیا بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی زۆرگەرم و پڕکێشەو ململانێی سیاسی و ئابوری و سەربازی و زانستیە، کەهەموو ئەم ململانێ سیاسیانە کاردەکەنە سەر بارودۆخەکە.

- کێشەی تیرۆر کێشەیەکی نێودەوڵەتیەو دونیای سەرقاڵکردوەو مەترسیەکی جدی و گەورەشە.
- کێشەی عەرەب – ئیسرائیل.
- کێشەی لوبنان _سوریا .
- کێشەی ئەتۆمی ئێران .
- تێکچونی بارودۆخی عێراق و نادیاری چارەنوسی .
- کێشەی ئەفغانستان .
- تورکیا و کێشە ناوخۆیی ودەرەکیەکانی .
- کێشەی سەرهەڵدانەوەی جەنگی سارد لەنێوان ڕوسیا و ئەمریکادا.

هەموو ئەم کێشانە پێویستە ( ی ن ک ) هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ڕاست و دروستی بۆیان هەبێت و سیاسەت و بەرنامەی خۆی لەتێڕوانینی خۆیەوە بەشێوەیەك هیچ هەلێك لەدەست نەدات بۆسوود وەرگرتن بۆ پێشکەوتن و وەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر .

4. مەسەلەی نیشتمان:

تێکچوونی بارودۆخی عێراق و نەچەسپاندنی و تائێستا سەرنەکەوتنی ئەمریکا لەعێراقداو هەڕەشەی شەڕی تایەفی و ململانێی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەو ئەمریکا و .. هتد، کە وایکردوە پاشەڕۆژی عێراق و ناوچەکە نادیاربێت و لەکۆنترۆڵ دەرچووە، هەربۆیە تێگەیشتن لەماناو مەغزای نیشتمان بۆ کورد لەم قۆناغە زۆر هەستیارو ناسکەدا زەحمەتە بتوانرێت جوگرافیاو سنورو پێناسەیەکی

ڕاست و دروستی بۆ دیاری بکرێت .و بتوانرێت ناوچەکانی دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردوستانی ئێستا بەڕوونی و بە ئاشکرا داوا بکرێتەوە و بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردوستان ، ئەوەتا مادەی 140 ی دەستور کە شەرعیەتی یاسایی و دەستوری و جەماوەریشی هەیە بەو شێوەیە جێبەجێدەکرێت کە هەموان دژین تەنها کورد نەبێت .بەلأم ئاشکرایە نیشتمانی کورد کوردستانەو دابەشکراوەتە سەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەو ژمارەی کورد نزیکەی 40 ملیۆن کەسەوخاوەنی داب و نەریت و ڕەسەنایەتی و مێژو و کەلتورو زمان وخاکی تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی .و پێویستە درێژە بەخەبات بدرێت بۆ سەندنەوە و گەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچانەی کە ئێستا لەدەرەوەی سنووری هەرێمدان.

5. مەسەلەی گەنجان و ژنان:

مەسەلەیەکی گرنگە، ( ی ن ك ) بۆخۆی تەمەنی 32 ساڵە واتە پارتێکی گەنجە، هەربۆیەش دەبێت لەبەرنامەو پلان و بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتیشدا گەنجانە بێت، گەنج بەو مانایە نا تەمەنی کەم بێت، بەڵکو عەقڵ و هەڵسەوکەوت و بیرکردنەوەی گونجاوبێت، بەپێی یاساش لەتەمەنی 30 ساڵ بۆهەموو کەس هەیە هەرپۆست وپلەیەکی سیاسی و سەربازی و .....هتد وەربگرێت لەپەڕلەمان و وەزارەت و...هتد .

بۆیە لەحزبیشدا نابێت هێندە پێداگیری بکرێت لەسەر تەمەن هەر ئەندامێك تواناو کەفائەت و لێهاتوویی تیادابوو باهەرپۆست و پلەیەك بیەوێت خۆی بۆ کاندیدبکات، پێویستە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بەهەمان شێوە گۆڕانی تیادابکرێت وعەقڵ وتوانای گەنجانی تیادا زیاد بکرێت وبتوانرێت داواکاری و پێشنیازو ڕەخنەکانی گەنج جێبەجێبکرێت و گوێیان لێبگیرێت و هاوبەشی بڕیارو پرۆسەی سیاسیشی پێبکرێت، پشتگوێ نەخرێت و پەراوێز نەخرێت لەڕووی خوێندن و ناردنەدەرەوەی وڵات و دابینکردنی سەرچاوەی ژیان و پێداویستیەکانی ترەوەی گەنجان و ... هتد .

بەهەمان شێوەش بۆ ژنان، ( ی ن ك ) وەك هێزێكی ئەندام لەSI دا پێویست دەكات تواناو لێهاتوویی ژنان پشت گوێنەخاتو بەشداریەكی جدیان پێبكات لەدەسەڵاتو حكومەتو حزبیشدا، ناكرێت لەسەركردایەتیو مەكتەبی سیاسیدا ژنێك نەبێت، بەڵام دەبێت ژنانێك بێنە پێشەوە كەمەرجی تواناو لێهاتوویی و زیرەكــی و ڕابردووپــاكی تیادابێــت، دوور لــەدڵڕازیكردنو تەكەتولچــێتی و ناوچەگەرێتی ... هتد.

6. بەدامەزراوەیكردنی ( ی ن ك ) :

گرنگترین خاڵە، كە ئەگەر ( ی ن ك ) بكرێتە موئەسەسەیەكی دامەزراو و چەسپاو دەتوانرێت زۆر گۆڕانكاری بكرێتو دەتوانرێت:-

- زاڵبێــت بەســەر دیاردەكــانی گەنــدەڵیو مەحســوبیەتو تەكــەتولو دڵڕازیكردنو ناوچەگەرێتیو مەحسوبیەت و.....هتد.
- ئەگەر هەڵسەنگاندن تەنیا لەسەر تواناو لێوەشاییودڵسۆزی بێت، ماف پێشێلكردن و ناعەدالەتی نامێنێتو بەخشینەوەی پارەو سەروەتو سامانو پۆست نامێنێت .
- لەبــەدەزگایكردنی ( ی ن ك ) دا دەســەڵاتەكان دیاریــدەكرێتو كــەس ناتوانێت سەرپێچیان لێبكات، بڕیار بڕیاری تاكەكەس نابێت، بەڵكو بڕیاری دەســتەجەمعی دەبێــتو بــەپێی پــلانو بەرنامــە دەبێــت نــەك لەســەر مــەزاجی كەسەكان .
- پێویســتە زۆر بــەڕوونی و ئاشــكرا دەســەڵاتەكانی ســكرتێری گشــتیو مەكتەبی سیاسیو سەركردایەتیو ئاستەكانی خوارەوەش دیاریبكرێت.
- لەبــەدەزگایكردنی ( ی ن ك )دا بــەگۆڕانی كەســەكان گــۆڕان بەســەر سیاسەتو بەرنامەی ( ی ن ك ) دا نایەت .
- لەبــەدەزگایكردنی ( ی ن ك ) دا دەبێــت سەرچــاوەی داهــاتو چــۆنێتی خەرجیەكان دیاریبكرێت، دەسەڵاتی داراییو لێپرسینەوەو داداگایكردنی حزبی پێویستە دابنرێتو دیاریبكرێت . لێرەدا پێشنیاز دەكەم كە بانكێكی تایبەت هەبێت بەداهات و خەرجی یەكێتی و حساباتی ساڵانەی دیاریبێت و بتوانرێت

لەلایەن دەستەی چاودێری دارایی یەکێتییەوە لێپێچینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت و هەموو ئۆرگانێکی یەکێتی حسابێکی تیادا بکاتەوەو داهات و خەرجی خۆی تیادا دابنێت و ڕابکێشێت بەپێی ئصوڵی حسابی، نەك وەك ئێستا کەس نازانێت داهات و خەرجی چۆن دەکرێت و پارەی یەکێتی لەلای کێیە و چۆن چۆنی مامەڵە و کاسبی پێوەدەکرێت و حسابەکانی بەناوی کەسانی ترەوە بێت ، کەئەگەر خوانەخواستە بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەرداهات هەموو ئەو داهات و پارە و کۆمپانیاو بیناو کەلوپەلانەی یەکێتی کەس نازانێت لای کێیە . چونکە هەموو مومتەلەکاتی یەکێتی موڵکی شەخصی هیچ کەسێك نیە بەڵکو تەنها و تەنها موڵکی یەکێتیە .ئەم خاڵە زۆر گرنگە پێویست بەهەڵوێستەکردنی زیاتر دەکاتو دەبێت کۆنگرە بەجدی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی لەسەربکات .

- لەکۆتایدا هیوای ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیەکەمان دەخوازم و خوازیارم کە یەکێتیەکەمان هەمیشە سەرکەوتوو سەرفراز بێت و بتوانێت سەرکەوتوو بێت بەسەر کێشە و ململانێ ناوخۆیەکانیدا و هەموو هەڤاڵان و کادر و سەرکردە زویر و دورکەوتوەکان و دڵ ئێشاوەکان بگێڕێتەوە ژێر چەترە گەورەو پڕ شانازیەکەی خۆی و بتوانێت لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و قۆناغ و گۆڕانکاریەکانی ئەم سەردەمە نوێیەدا خۆی بگونجێنێت و بەهیمەت و تواناو عەقڵێکی نوێوە بەرنامە و کارو خەباتی خۆی درێژە پێبدات بۆ هێنانە دی هەموو خواست و ئاوات و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە عێراقی نوێدا. ئەوەش تەنها بە پرۆسەیەکی گشتگیر و وورد و هێمنی بەسەرداچونەوە و ئاشکراکردن دەبێت لەهەموو بوارەکاندا و کارکردنی جدی دەبێت بۆ چێکردنی پرۆسەی چاکسازیکردن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی هەموو بیر بۆچوون و سیاسەت و دیسپلینە حیزبیەکان .

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( ڕۆژنامە))دا بلاْوکراوەتەوە لە 2007/9/19دا.

# ئەمجارە

# من یەکێتیانە و سلێمانیانە بیردەکەمەوە *

هەمیشە بەندە لایەنگری زیندوکردنەوەو گەشانەوەو چەسپاندنی هەست و بیری نەتەوەییانە و کوردانەی ڕاستەقینە بوومە لەناو دڵ و مێشك و کرداری هەموو تاکێکی کورددا.چونکە بەبێ بوونی هەست و بیرێکی قوڵ و پتەو وبەهێزی نەتەوەییانەی کورددانە.مەحاڵە نەتەوەی کورد یەك و یەکگرتوویی زمان و خاك و سەروەری خۆی بەدەست بهێنێت و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئالأی سەربەخۆی خۆی.هەمیشەش لایەنگری برایەتی و تەبایی و پاراستنی یەك ڕیزی گەل و نیشتیمان و پارتە سیاسیەکان بوومە .لەپێناو خزمەتکردن بەمەسەلە گەورەکەی گەلەکەمان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە ناسکەی گەلەکەمان و پاراستنی هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە تائێستا بەدەست هاتوون و زۆری تریش ماون بەدەست بێن. هەمیشە کورد چ لە خەباتی چەکداری و شۆڕش و چ لە خەباتی سیاسی خۆیدا دژی دوژمنان و داگیرکەران هەرکاتێ گوتار و کردارەکانی یەك و یەکگرتوو بوبێت.هەمیشە براوەو سەرکەوتوو بوەو بەپێچەوانەشەوە دۆڕاو و تێکشکاو بووە.

هەربۆیە ئەگەر لەقۆناغەکانی پێشتردا گرنگی ئەم برایەتی و تەبایی و گیانی لەخۆبوردەییە دەرنەکەوتبێت و هەستی پێنەکرابێت. ئەوا لەم قۆناغەدا بۆتە زەرورەتێکی ژیاری و چارەنوسساز.چونکە خەباتی گەلەکەمان نزیك بۆتەوە لە سەرکەوتن،بۆیە دوژمنان بەهەموو شێوە و شێوازێك گەرەکیانە ئەم دەسکەوت وسەرکەوتن و دەسەڵاتە و قورساییەی کورد کە لە عێراقی نوێ و ناوچەکە و دونیاشدا بەدەستی هێناوە لەناو ببەن،بەداخیشەوە دەڵێم کورد هیچ کاتێك دۆست و پشتیوانی ڕاستەقینەی نەبووە جگە لە جەماوەر و شاخە سەرکەشەکانی کوردو کوردوستان نەبێت.ئەمەش لەهەموو ڕۆژە تەنگانەکاندا دەرکەوتووە لەکاروانی خەباتی کوردایەتیدا.بۆیە هەمیشە لەمەسەلە نەتەوایەتیەکان و کوردایەتیەکاندا عەقڵ و هۆش و بیرکردنەوەی تا سەر ئێسقان

کوردانە بوە لەبەرامبەر دوژمنان و داگیرکەراندا.بەڵام لە مەسەلەی حیزبایەتی ومافەکانی ناوچەکەمدا و شارەکەمدا،سلێمانی ئەم جارە زۆر حیزبیانە و سلێمانیانە بیردەکەمەوە لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ حیزبەکان و شارەکانی تری کوردوستان کە هەموویان پیرۆزی و خۆشەویستیان لام هەیە.لەئێستاداو دوای تێپەڕبوونی 2 ساڵ بەسەر وادەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا کەلای پارتی بووە.بەپێی ڕێکەوتنامەیەکی دووقۆڵی پارتی و یەکێتی، لەکۆتایی ئەم مانگەدا پێویستە پۆستی سەرۆکی حکومەت بدرێتە یەکێتی و جێگرەکەی بۆ پارتی و لە پەرلەمانیشدا بە پێچەوانەوە.

لەم سەرو بەندەشدا شیکردنەوەو بۆچوون و پێشنیاز و قسەوباسی زۆر دەکرێن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەو بارەیەوە، گوایە یەکێتی بەهۆی ململانێکانی ناوخۆیەوە هیچ ئەندام مەکتەب سیاسیەکی نەپالأوتوە بۆ ئەو پۆستە یان گوایە لەدەرەوەی یەکێتی و مەکتەب سیاسی کەسانی تر دەپاڵێون یان لە حاڵەتی ((اضعف الایمان)) دا یەکێتی پێی باشە کاک نێچیرڤان بارزانی بمێنێتەوە لەو پۆستەدا بە بیانووی بێبەهای وەك ئەوەی ئەم کارە بۆ قوڵترکردنەوە و زیاتر چەسپاندنی برایەتی و تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی لەم قۆناغەدا زۆر بەسوودە.یان بۆئەوەی کاک نێچیر بەرنامە و پلانەکانی خۆی تەواو بکات کە بەڵێنی دابوو یان ئەمەش داهێنانێکی نوێی یەکێتیە بۆ ئێستا وئایندە لە ژیانی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا.یان هەندێ وای بۆ دەچن کە بەم کارە یەکێتی دەیەوێت درز بخاتە ناو ڕیزەکانی پارتی و بنەماڵەی بارزانیەوە و کاک نێچیر دەکاتە دوژمنی هێڵی کاک مەسعود و کاک مەسروری کوڕی و بەمەش پارتی بێهێز دەبێت و دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێ لەناو بنەماڵە و پارتیدا.کە ئەمەش مەترسی جدیە بۆ سەر دەسەڵات و مانەوەو بەردەوامبوونی بنەماڵەی بارزانی بەیەك و یەکگرتوویی و لە دەسەڵاتدا.

بۆیە بەندە لێرەدا وەك کادرێکی یەکێتی هیچ کاتێك ڕازی نیم کە یەکێتی لەمافی خۆی دەست بەربدات لەو پۆستە گرنگ و کاراو کاریگەرەی حکومەت و دەسەڵات بداتە کەسێکی دەرەوەی یەکێتی یان کاک نێچیرڤان بهێڵێتەوە.کەئەم بۆچونەی

بەنــدەش زۆرێــك لــە كــادر و ئەنــدامانی یــەكێتی و جەماوەرەكەشــی هــەرلایان وایە.چونکە ئەم کارە چەندین دەلالاتی هەیە، لەوانە:-

1. لەمەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی یەكێتیدا كەسایەتیەكی بەتواناو بەهێز و كارامە و شارەزای ئیدارە و حكومەتی تیادا نیە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە كە ئەم بۆچونەش زۆر هەڵەیە،چونكە یەكێتی لەسەركردایەتی و بنكەی ڕێكخستنەكانیدا بەسەدان و هەزاران كادری تەكنۆكرات و خاوەن بڕوانامە و شارەزاو كارامەی تیادایە لەبواری ئیدارە و سیاسەت و دیپلۆماسیەت و زمان و...هتد.

2. مانای وایە یەكێتی خۆی بەكەمتر و بەقەبارە بچوكتر و بەهێزی دووەم دادەنێت لەكوردوستاندا لەدوای پارتیەوە.كەئەمەش هیچ كادر و ئەندامێك و جەماوەرەكەشی قبوڵی ناكەن و ڕاستی ئەم گوتەیەشمان لەهەڵبژاردنەكانی ئەم دواییەدا دەركەوت كە یەكێتی لە پارتی دەنگی زیاتری هێنابوو.

3. ئەگەریش وابزانرێت بەمانەوەی كاك نێچیرڤان ئەو بۆچونانەی سەرەوە دێنە دی لەناو پارتی و بنەماڵەی بارزانیدا،ئەوەش ڕاست دەرناچێت، چونكە كاك نێچیرڤان بەهەموو بۆچونەكان كەسایەتی دووەمی ناو پارتی و بنەماڵەیە و تواناو دەسەڵات و هێز و لایەنگری گەورەشی لە هەردوكیاندا هەیە و ئاشكرایە هەر ئەندامێكی بنەماڵەش بەبێ جیاوازیان ئینتیماو دڵسۆزییان بۆ بنەماڵەی خۆیان هەیە. بۆیە یەكێتی بەهەڵەدا دەچێت كە ئەگەر كاك نێچیرڤان بهێڵێتەوە، چونكە هێندەی ترو بەدەستی خۆی یەكێتی بچوك دەكاتەوە و دەسەڵاتی پارتیش لەكوردوستاندا زیاتر دەچەسپێنێت. بۆیە مافی مەكتەبی سیاسی نیە كە تەنازول لەو مافانەی هەڤاڵانی خۆی و سەركردایەتی و خوارەوەش بكات بەبێگەڕانەوە و حسابكردن بۆ ڕاوبۆچوون و دەنگی ئەندامان و لایەنگران و بنكەی ڕێكخستنەكان و جەماوەرەكەشی، بۆیە لەم مەسەلەیەدا زۆر حیزبیانە بیردەكەمەوە.

بەهەمان شێوەش زۆر سلێمانیانە بیردەكەمەوە و داوادەكەم كە لەناو مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتیدا هەڤاڵێكی خەڵكی شاری سلێمانی بپاڵێون بۆ ئەو پۆستە(( هەرچەند لێرەدا كەسانێك بە دەمارگیر بۆ سلێمانی و بە سلێمانچێتی ڕەخنەم لێدەگرن))، بەڵام هەموویم قبوڵە لەبەر خاتری سلێمانی بۆ ئەوەی چیدی

سلێمانی و هاوڵاتیانی بێبەش نەکرێن لەپۆستە حکومیەکان و نەبنە پاشکۆ. لای هەموانیش ئاشکرایە شاری سلێمانی لەو کاتەوە لەلایەن پاشاکانی بابانەوە دروستکراوە.گرنگی و کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هەموو بزوتنەوەو شۆڕشەکانی کورد لەم بەشەی کوردوستاندا و هەمیشە ڕۆڵی ڕابەرایەتی و پێشەنگ و پایتەختی گێڕاوە.بەڵام بەداخەوە لەبەر ململانێ لەلایەك و لەبەر دڵڕازیکردنی پارتی و یەکێتی لەنێوان خۆیاندا لەلایەکی ترەوە.شاری سلێمانی بچوك کراوەتەوە و پشتگوێش خراوە.بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە یەکێتی لەم مەسەلەیەدا تەنازل لەمافی خۆی نەکات و شاری سلێمانیش کە مەڵبەندی شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری و قەڵای سیاسی یەکێتی بوەو لە ئێستاو لە ئایندەشدا هەروا دەمێنێتەوە، لەبیر نەکات.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( ئاوێنە))دا بڵاوکراوەتەوە لە 2007/12/31دا.

# چەند ڕاو پێشنیازێکی بوێرانە
# بۆ بەردەم کۆنگرەی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان *

* (( ی ن ك )) وەك ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازی دامەزراو لەساڵی 1975 وە کە تائێستا تەمەنی 33 ساڵە کەتەمەنی لاوێتیەو لەوپەڕی هێزو داهێنان و ڕابەرایەتیدایە و نەبۆتە ڕێکخراوێکی پیرو پەکەوتەو بێهێزو لاواز .هەر بۆیەش پێویستە بەباشترین شێواز لەگەڵ ئەم قۆناغەی ژیانیدا مامەڵە بکات و هەموو هێزو تواناکانی خۆی وەگەڕ بخات بۆ زیاتر چەسپاندن و ڕەگ داکوتانی زیاتری بیروباوەڕو ڕێبازو بەرنامەو میتۆدەکانی خۆی لەناو ئەندامان و لایەنگرانی خۆیدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لەناو جەماوەری پان و پۆڕی گەلەکەماندا .

(( ی ن ك )) وەك ئاشکرایە لەتەمەنێکی کەمی گەنجێتیداو لە 16 ساڵیداو لەئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 وە توانی بگاتە دەسەڵات و ببێتە خاوەنی نیوەی دەنگەکانی جەماوەرو شەرعیەتی سیاسی و جەماوەری و یاسایی بەدەست بهێنێت کە کەم حیزب و ڕێکخراوی سیاسی هەبووە لەو تەمەنە کەمەدا بگەنە دەسەڵات، لەئێستادا بەهێندەی تەمەنی دامەزراندنی لەحوکم و دەسەڵاتدایە و تاڕادەیەك ئەزموونی بەڕێوەبەردنی وڵات و دەوڵەت شارەزابووە، ئیدی (( ی ن ك)) پێویستی بەزیاتر خۆجێگیرکردن و داهێنان هەیە لەهەموو بوارەکاندا بۆ ئەوەی وەك ڕێکخراوێکی قەتیس و دۆگماو چەق بەستوو نەمێنێتەوە و ببێتە ڕێکخراوێکی سەرجەم نەوەکان، هەروەك خۆی کردۆتە ڕێکخراوی پان و پۆڕی سەرجەم چین و توێژەکان بەپەسەندکردنی ڕێبازی سۆشیالیست و دیموکراتی.

بۆ ئەوەی (( ی ن ك )) و مێژووەکەی بەگەشاوەیی بمێنێتەوە، پێویستە هەمیشە ئاڵوگۆڕو تازەگەری و ئارایشتی پێویست و گونجاو لەسیماو ڕوخسارو ناوەڕۆك و دروشم و ئامانج و بەرنامە و سەرکردایەتی خۆیدا بکات، بەپێچەوانەوە دەبێتە مۆدێلێکی کۆن و بەسەرچوو کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەندامان و لایەنگران و جەماوەریشی لێ ئەتەکێتەوە، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی هەمیشە حەزی لەگۆڕانکاری و

**جوڵە و نویٚ بوونەوە هەیە، بۆیە کاری حیزبی سیاسی گەلێك گران و سەختە، چونکە دەبێت هەمیشە لەناو جەماوەر و لەنزیکەوەی بێت بۆ ئەوەی لەداواکاری و خواستو خەونەکانیان تێبگات و هەوڵیش بدات بۆ وەدیهێنانیان لەپێناو مانەوەی زیاترین کات لەدەسەڵاتدا، چونك سەرەکیترین و گەورەترین و گرنگترین ئامانجی ڕێکخراوی سیاسی بریتیە لەگرتنە دەستی دەسەڵات، چونکە ئەو کاتە ڕێکخراوی سیاسی دەتوانێت بەرنامە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو .. هتد.خۆی جێبەجێی بکات.**

**(( ی ن ك )) لەماوەی ئەم 17 ساڵەی دەسەڵاتیدا تاڕادەیەکی دیاریکراو توانیویەتی بەشێك لەبەرنامە سیاسیەکەی خۆی جێبەجیٚ بکات، چونکە لەلایەك بەهۆی ئەوەی (( ی ن ك )) تاکە پارتی دەسەڵاتدار نەبووە لەکوردستانداو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نالەباری و نائارامی بارودۆخی سیاسی لە کوردستاندا بەهۆی بوون و مانەوەی ڕژێمی بەعسی سەدامیو ئابلۆقە ئابووریەکان و شەڕو ململانیٚ ناوخۆییەکانی کوردستان، بوونەتە ڕێگر لەبەردەمیدا بۆ جێبەجێکردنی سەرتاپای بەرنامەکانی خۆی.**

**بەندە وەك کادرێکی بێلایەنی هەموو گروپ و بالٚ و لایەنەکانی ململانێکانی ناو ((ی ن ك )) و وەك کادرێکی خاوەن هەڵوێست و قسە و نوسینی خۆم لەسەر ئەو ململانێیانە و بالٚ و گروپانەی ناو(( ی ن ك )) و لەڕوانگەی دڵسۆزی و پەرۆشیم بۆ ئایندە و بەرژەوەندی (( ی ن ك )) و دوور لەهەموو موجامەلەیەك و دڵڕاگرتن و دوور لەترس و نانبڕین و زۆر بوێرانە و چاونەترسانە و ڕاشکاوانە ئەم چەند ڕاو پێشنیازانە دەخەمە بەردەم ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی(( ی ن ك )) .بەمەبەستی ئەوەی کە ئەوانیش ڕاشکاوانەتر و پەرۆشانەتر دەست بخەنە سەر هەموو خاڵە ناکۆك و جیاوازیەکان و چارەسەریان بکەن و چیدی ڕێگە بەهیچ کەس و گروپ و لایەنێك نەدەن کە هەوڵی لاوازکردن و پەرتوبلاوی (( ی ن ك )) دەدەن .**

**ئەم پێشنیازانەی بەندە دوورە لە پێشکەشکردنی پڕۆژەی ناعەمەلی و دوورو درێژ و خەیاڵاوی لەسەر پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی(( ی ن ك )) ، چونکە کێشە لە بون و نەبونی پڕۆژەدا نیە و بەچەندین پڕۆژەی هەمەجۆر و بەکەڵك لەلایەن کادران و**

هـەڤاڵانی (( ی ن ك )) وە لـەماوەی ئـەم دووسـاڵەی ڕابـووردوودا پێشکەشـکراون . بەڵام هیچیان نەبونەتە بەرنامەی کار و نەچونەتە بواری کارپێکردنـەوە و تـەنها بـە مەرەکبی سەر کاغەز ماونەتەوە . هەربۆیە بەندە خۆم بەدوور گرتوە لەو پێشنیاز و پرۆژانـە و بـەبڕوای خـۆم دەسـتم خسـتۆتە سـەر خاڵـە جەوهەریـەکانی مایـەی ناکۆکیەکان ، چونکە تا بەتەواوی برین و نەخۆشیەکان دیاری نەکرێن ناتوانرێت چارەسەری گونجاویش دەستنیشان بکرێت.ئاشکراشە هەموو کێشەکانیش بەشی زۆری لەلایـەن سـەرکردایەتیەوە دروسـت بـوە و دواتـریش شـۆڕ بۆتـەوە بـۆ نـاو ڕیزەکـانی ڕێکخسـتن و هێـزی پێشـمەرگە و دام و دەزگاکـانی حکومـەتیش . بۆیـە چارەسـەریش تـەنها لەلایـەن سـەرکردایەتی و مەکتـەبی سیاسـی و سـکرتێری گشـتیەوە دەبێـت چـونکە هـەربۆخۆیان دروسـتیان کـردوە و زۆرینـەی هـەرە زۆری بنکـەکانی ڕێکخسـتن و هـەموو ئۆرگانـەکانی تریشـەوە نـاڕازین لـەو بارودۆخـە و داوای چارەسەر دەکـەن بـەبێ جیاوازیـان کەسـەر بـەکام گـروپ و باڵ و لایـەکن، کـە ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و مانای بونی نیەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ چارەسەرکردن و دەربازکردنی (( ی ن ك )) لەو قەیرانە.

- جا بەمەبەتسی زیاتر بەهێزکردن و مانەوەی (( ی ن ك )) لەدەسەڵات و پتەوی و جێگیری لەناو جەماوەردا، پێویستە (( ی ن ك )) هەوڵبدات کە : -

1. بەتوندی و بەڕاستگۆیی دەست بگرێت بە زیندووکردنەوەی سەرەتاکانی گیانی شۆڕشگێڕی و دوور بکەوێتەوە لـەگیانی تـاك ڕەوی و خۆسـەپاندن و قـۆرخکردنی دەسەڵات.

2. زیندوکردنەوەی گیانی هەڤاڵانـە و لێبووردەیی و خۆشەویستی (( ی ن ك )) و کوردوسـتان لـەجیاتی گیـانی ململانـێ و خۆخـۆری و ڕقوکینـە و خۆشەویسـتی سەروەت و سامان و موڵك و پلە و پایە و پۆست و ئیمتیازاتەکان.

3. چـێ کردنـی پرۆسـەیەکی ووردو لەسـەرخۆ و ڕاسـتەقینەی ( چاکسـازی و پاکسازی و ڕاستکردنەوەی لادانەکان ).

4. چەسپاندن و پیادەکردنی عەدالەت لەپێدان و بەخشینی پۆست و پلە و پایـە و ئیمتیـازات بەکەسـانی دڵسـۆزو ڕابـوردوو پـاك لـەناو ئەنـدامانی (( ی ن ك )) و

**دەرەوەشیدا. لەسەر بنچینەی هەڵسەگاندنێکی زانستیانە و حیزبیانە بۆ هەمووان دوور لە بنەما نازانستی و حیزبییەکان.**

**5. پێویستە هەڵسەنگاندن لەناوخۆی حیزبدا لەسەر بنچینەی دڵسۆزی و چالاکی و لێهاتووی و شارەزایی و بڕوانامە و زمانزانی بێت، نەك لەسەر بنچینەی تەکەتول و گروپ و ملکەچبوون و بنەماڵە و خزمایەتی و عەشایەرێتی و ناوچەگەرێتی و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت و دڵ ڕازیکردن بێت.**

**6. تائێستا (( ی ن ك )) نەبۆتە ڕێکخراوێکی موئەسەساتی، هەرچەندە وەك قەبارە و ناو و ناونیشان موئەسەساتی جۆر بەجۆری هەیە، بەڵام بەسیستەمێك و یاسایەك ڕێکنەخراون و کارو دەسەڵاتیان دیاری نەکراوە و بەگۆڕانی لێپرسراوی ئەو دەزگایانە سەرتاپای ئیش و کارەکان و بەرنامەکان دەگۆڕێن، کەئەمەش مانای موئەسەساتی ناگەیەنێت.**

**7.یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی کێشە و ململانێ و ناکۆکیەکانی ناو(( ی ن ك )) نەبوونی شەفافیەتە لەسەرچاوەی داهاتەکان و چۆنێتی خەرجکردنی .هەر بۆیە پێویستە چۆن لەحکومەتدا دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکانی سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان و ئاستەکانی خوارەوە دیاریکراون، هەرواش لەناو (( ی ن ك )) یشدا ، ئەو دەسەڵاتانە زۆر بەڕوونی دیاریبکرێن و کەس زیادەڕۆیی و سەرپێچیان لێ نەکات و کەس بەپارە و سامان و موڵکی (( ی ن ك)) وە پیاوەتی نەکات و بەبێ بنەما نەیبەخشێتەوە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی و ملکەچکردن و کڕینی دەنگ و بردنەوەی هەڵبژاردنەکان.**

**8. دانانی دەزگایەکی چاودێری بەهێز لەکەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری ژمێریاری و دارایی و ووردبینیدا وەك لەشێوەی ( دەستەی نەزاهە) بۆ لێپێچینەوە و بەدواداچوون و ووردبینی کردنی هەموو خەرج و داهاتەکان و کەسانی زیادەڕۆ و سەرپێچیکار بەپێی یاسا سزا و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.**

**9.پێویستە (( ی ن ك )) بانکێکی دیاریکراو و ئاشکرا دابمەزرێنێت کە هەموو داهاتەکانی (( ی ن ك )) ی تیادا کۆبکرێتەوە و بەناوی هیچ کەسێکەوە نەبێت، بەڵکو تەنها بەناوی (( ی ن ك )) بێت، هەر دەزگاو ئۆرگانێکیش ژمارە حسابی**

خۆی هەبێت بەناوی ئۆرگانەکانەوە نەك بەناوی لێپرسراوەکانیەوە، هەروەك دامو دەزگاکانی حکومەت لەژێر چاودێری دەستەی نەزاهە و دەزگای چاودێری (( ی ن ك)) دا بێت.

10. لەسەر ئاستی سیاسی پێویستە (( ی ن ك )) زیاتر هەوڵی چەسپاندن و شۆڕکردنەوەی بنەماو بیر و باوەڕەکانی دیموکراسی و ئازادیەکانی بدات لەناو خۆی خۆیدا و لەدەرەوەی خۆشیدا، چونکە ناکرێت (( ی ن ك )) ئیدیعای پەیڕەوکردنی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات بکات و ئەندامی کارای ڕێکخراوی SI بێت، بەلأم دیموکراسی و ئازادی و پێکەوەکارکردن و یەکسانی پەیڕەو نەکات، چونکە ئەم دروشمانە کۆڵەکە و پایەی بنچینەیی و سەرەکی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکانن.

11.پێویستە لەم کۆنگرەیەدا بەوردی و بەسەلیقەیەکی تەواوەوە بەسەر سەرجەم خاڵ و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی (( ی ن ك )) دا بچێتەوە و گۆڕانکاری پێویست و گونجاو لەگەڵ سەردەم و قۆناغی نوێدا چێ بکرێت هەر لەپێناسە و دروشم و ئامانج و بوونی ئۆرگانەکان و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان و بەرنامە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیدا .

12.پێویستە کۆنگرە بەجدی و ڕاستگۆیی گرنگی بداتە ڕۆڵی گەنجان و ژنان نەك تەنها بەدروشم و دەق و نووسین، بەڵکو بەعەمەلی، ئەویش لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنێکی زانستی و حیزبی دوور لەدیاردە دزێوەکانی تەکەتول و خزمایەتی و عەشایەری و ناوچەگەری و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت.

13.خاڵی گرنگ لەکۆنگرەکەدا هەڵبژاردنی سەرکردایەتیە.

پێویستە ئەم کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەیەکی چارەنوسساز و گرنگ و خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوەی سەرجەم کێشەو گرفتو ناکۆکیەکان و ململانێ ناڕەواکان، ئەویش بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی نوێ بەمانای وشە، واتە نوێ لەڕووخسار و سیمادا، نوێ لەبیرکردنەوە و عەقڵیەتدا، نوێ لەتوانا و تەمەن و هەڵسوڕاوی و چالاکیدا، نوێ لەخوێن و بیر و جەستەدا. ناکرێت (( ی ن ك )) لەم قۆناغە زۆر هەستیار و گرنگ و سەخت و تەمەنی گەنجی و بەهێزییەیدا ، کۆمەڵە

کەسانێکی بێ تواناو لاوازو عەقڵ دۆگماو نەخۆش و پیر و گەندەڵ سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی بکەن، کە ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر کەمیش بن لەسەرکردیەتیدا کاریگەری گەورەی خراپیان دەبێت لەسەر ناو وناوبانگی(( ی ن ك )). بۆیە دەبێت و پێویستیشە کە ئەندامانی کۆنگرە زۆر بوێرانە و چاونەترسانە و ڕاشکاوانە ئەو کارە بکەن، کە کارێکی ساناو بێ گرفت و بێ بەرگریکردن نابێت، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی و داهاتووی(( ی ن ك )) دا ئەو کارە بکەن و بیکەنە یەکێك لە کارە هەرە پێویستەکان .سەرکردایەتی ئێستای (( ی ن ك )) یش، لەگەڵ ڕێزو حورمەت بۆیان هەموانیان تەمەنێکی باشیان لەدەسەڵاتدا بردۆتە سەر و زۆربەیان لە 15 ساڵ کەمتر نیە لەپۆستی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدان، کە وەك دەوترێت بە " درێژی و پانی " چێژو تامیان لەئیمتیازات و پلە و پایە و پۆست و دەسەڵاتەکانیان وەرگرتووە.

بۆیە هەقە کە بۆ خۆشیان و بەویست و ئیرادەی خۆیان ئەو پۆستانە چۆڵ بکەن بۆ کەسانی ترو نەوەی نوێ، بەمەش بەدڵنیایی مێژوویەکی پڕ سەروەری و نەمری بۆ خۆیان تۆمار دەکەن و دەشیکەنە نەریتێکی شۆڕشگێڕانە بۆ دوای خۆشیان، ئەگەر وانەکەن ئەوا بەهەمان شێوەی حیزبە شیوعیەکان و پارتە بنەماڵەییەکان و سیستەمە پاشاییەکان دەبێت گۆڕانکاریان تیادا بکرێت لەڕێگەی کودەتا و زەبر و زەنگ و توندوتیژیەوە ... هتد.کە ئەم کارەش بۆ (( ی ن ك)) و سەرکردایەتیەکەی و مێژووە پڕ لەسەروەریەکەی نەگونجاو و ناپەسەندە . بەڵام دەستگرتن بەدەسەڵات و پلە و پایە و ئیمتیازاتەکانیشدا لەلایەن تەنها چەند کەسێکی کەمەوە بەدڵنیایی هەستی ناڕازی و بەرەنگاری و گۆڕین لەلای زۆرێکی تر دروست دەکات.

14.پێویستە کۆنگرە سەرکردایەتیەکی بەژمارە کەم و بەتوانا هەڵبژێرێت، کە لەئاست ڕابەرایەتیکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا بێت نەك سەرکردایەتیەکی بەژمارە زۆر کە زۆربەیان تەنها مووچە و ئیمتیازاتەکان وەردەگرن و هیچ کارو مەهامێکی ڕەسمیان نیە، وەك ئێستا کە بوون و نەبوونیان لەسەرکردایەتیدا تەنها قورسایی دارایی زیاتریان خستۆتە سەر ئەستۆی (( ی ن ك )). و بکرێتە مەرجیش کە هیچ کەسێك بۆی نەبێت لە دوو ماوەی کۆنگرەدا زیاتر خۆی بۆ پۆستی

سەرکردایەتی هەڵببـژێرێت بەمـەرجێکیش مـاوەی دوو کـۆنگرە لـە 4 سـاڵ زیـاتر تێپـەڕ نـەکات نـەك وەك کۆنگرەکـانی (( ی ن ك )) هەریەکـەیان نزیکـەی 10 سـاڵ ماوەیـان لەنێوانـدا بـووە. بۆئـەوەی هـیچ کـەس هـەوڵی نـاڕەواو نەشیاو نـەدات بۆ مانەوەی لەو پۆستەدا و پۆستی سەرکردایەتی بۆ ئیشکردن و وەك وەزیفە بێت کە سەرەتاو کۆتای هەبێت . نەك ببێتە تاپۆ و موڵك و بۆ هەتاهەتایی بێت.

15. تۆخنەکردنـەوە و نەچەسـپاندنی ئـەو بیروڕایـەی کـە پێـی وایـە ڕابـەر و سـەرکردەکان قودسـیەتێکی گـەورە و فـوق العادەیـان هەیـە و دەبێـت هەمیشـە وەك پەیامبـەر و کەسـانی پـیرۆز و بێگونـاه و بـێ هەڵـە سـەیربکرێن . کەئەمـە بۆخـۆی سـەرەتایەك دەبێـت بـۆ دروسـتبوونی تـاکڕەوی و دیکتاتۆریـەت . چـونکە هـیچ مرۆڤێـك بـێ هەڵـە و کـەموکوڕی نیـە تـەنها پـەردوەردگار نـەبێت . هـیچ کـاتێکیش کـاروانی خـەباتی گـەلان بەنـەمان یـان لەناوچـوونی بـەهێزترین و سـەرکەوتوترین سـەرکردە و ڕابـەریش نەوەسـتاوە و نەگەڕاوەتـەوە دواوە . بـەڵکو باشـتر و بەهێزتریش هەنگاوەکان بۆ پێشەوە نراون . بۆیە (( ی ن ك )) و ئایندە و کاروانی خەباتەکەشی دەبێت خۆ نەبەستێتەوە بە هیچ سەرکردە و ڕابەرێکەوە و ئـەزمونی شـۆڕش و خـەباتی گەلەکـەشمان ئـەو ڕاسـتیەیان سـەلماندوە و چـەندین ڕابـەری گەلەکەشمان لەناوچوون ونەماون بەڵام کوردایـەتیش هـەر لەگەشـە و پەرەسـەندن و پێشکەوتندا بوە.

* لەکۆتایدا دەڵێین: (( ی ن ك )) تەنها بـەڕەنگ و دەنگـە جیاوازەکانیـەوە جـوان و گەشـاوە و سـەربەرز و سـەرکەوتوو دەبێـت، کـە ژیـانی دیموکراسـی و ئـازادی و شەفافیەت و هێزە جیاوازەکانی تیادا بەڕاستگۆیی بەرجەستە ببێت، نەك بەیـەك ڕەنگـی و یـەك دەنگـی کـە مانـای دیکتاتۆریـەت و خۆسـەپاندن و قـۆرخکردنی دەسەڵات دەگەیـەنێت کـە لەئێستاشـدا بـاو و مۆدێلی ئـەو جـۆرە حیزبـە سیاسـیانە نـەماوە.دەبێت ئـەم کۆنگرەیـە کـۆنگرەی سـەرجەم لایـەن و بـاڵ و مینبـەر و ڕاجیاوازەکانی ناو (( ی ن ك )) بێت، دەبێت گیـانی لـەخۆ بووردەیی و هەڤاڵانـە و شۆڕشگێڕانە و پێکەوەکارکردن تیایدا زاڵ بێت، نەك گیـانی تۆڵـە کردنـەوە و ڕق و کینـە و زاڵکردنـی ململانـێ و سـەرکەوتن و دۆڕانـدن و دەرپەڕانـدن و

کەنارگیرخستنی باڵ و لایەن و ڕای جیاواز، چونکە ئەگەر وانەکرێت زۆر نزیکە ((ی ن ك )) تووشی لێکجیابوونە و لێکترازاندنی ڕیزەکان ببێتەوە کە ئەمەش لەقازانجی هیچ کەس و گرووپ و باڵ و بیروڕایەکدا نابێت بەسەرکەوتووەکانیشەوە.هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەمووان ئەو ڕاستیە بکەنە چاوگ و سەرچاوەی هەموو کارو هەوڵێکیان و بەتوندی دەستبگرنە ئەڵقەی یەکێتیەوە و بیپارێزن، چونکە ((ی ن ك)) دوژمن و ناحەزی زۆرە و سەردەمەکەش گەلێك جیاوازە و چاوەکانی دونیا و ناوچەکە و عێراقیش لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەن و وەك ڕابردوو نەماوە کە کەس لەکێشە و ململانێکان تێنەگات و دەستی تێوەر نەدات.بەڵام سەرکەوتنی گەورە و کۆتایی بۆ (( ی ن ك )) تەنها بەگەڕاندنەوە دەبێت بۆ لای جەماوەرەکەی خۆیو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی ژیانێکی خۆش گوزەران و ڕەفاه بۆیان.بەهیوای سەرکەوتنی کۆنگرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی و دەرخستنەوەی ڕووی گەش و مێژووە پڕ سەروەریەکەی (( ی ن ك )).

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( بەرەو کۆنگرە و سبەی ))دا بلاوکراوەتەوە لە 4/6 و 2008/5/4دا.

## ئایا نەمان، بچوك بوونەوە، لاوازبوونی

## یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لە قازانجی کێ دایە ؟*

- سەرەتا نوسینی ئەم بابەتە بەنیازی کولانەوەی برینەکان و هاندان بۆ هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ و تۆخکردنەوەی دژایەتیەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەش و شەرمەزاریەکانی نێوان پارتە سیاسیەکان نەنوسراوە ، بەڵکو لە یادی 33 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا نوسراوە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و تەکاندنی یەکێتی لەگەندەڵی و دیادە دزێوەکان کەبونەتە هۆی بێهێزی و لاوازی و بچوکبونەوە و دورکەوتنەوەی یەکێتی لە جەماوەرەکەی و لەپەرۆشی و دڵسۆزیەوە نوسراوە کە یەکێتی بچێتەوە بەسەر کار و کردار و هەڵوێستت و بەرنامەکانی خۆیدا و بۆئەوەی بتوانێت لە ململانێ سیاسی و ئابوری و ئیداریەکاندا تێك نەشکێت و بەندەش هەمیشە لایەنگری برایەتی و تەبایی ڕیزەکانی گەلەکەمانم و بەتایبەتیش نێوانی پارتە سیاسیەکان لەناوخۆی خۆیانداو لەگەڵ یەکدیشدا . بەلاّم دەرخستن و بیرخستنەوەی ڕاستیەکانیش کارێکی حەرام نیە.
- ( ی ن ك ) وەك ڕێکخراوێکی سیاسی عیلمانیو چەپڕەو و پێشکەوتنخواز و دیمواکراسیخواز لەڕۆژگارێکی گەلێك سەختو دژوار و تاریك توندا هاتە دامەزراندن، لە 1975/6/1 ، ئەو ڕۆژگارە دوای شکستو خامۆشبوونی شۆڕشی 14 ساڵەی ئەیلول بوو، ڕۆژگاری ڕووخانی ورەو چەك داماڵینو زەلیلیو بێ توانایيو لاوازی کوردان بوو.ڕۆژگاری ئاوارەبوونو نەفیکردنو گرتنو ڕاوەدونانو تەسلیم بوونەوە بوو، جا ڕۆژگارێکی ئاوها پێویستی بەڕێکخراوێکی سیاسی گەورەو پتەو لەبیرو بۆچوونو ئایدۆلۆژیاو ڕچەو ڕێبازی خەباتدا گەرەکە کە بەهێندەی دژواری بارودۆخەکە گەورەو پتە و خۆڕاگر بێت.

هەربۆیــە ( ی ن ك ) بەگــەورەیی و بــەهێزی لــەدایك بــوو، بەشــێوازو ســیماو نــاوەڕۆکێکی جیــا لەشــۆڕش و پارتــە سیاســیەکانی پــێش خــۆی، ( ی ن ك ) ڕچەشکێنی تاك حزبی و حزبی بنەماڵەیی و کۆنەخوازو تاکڕەوی و یەك بیرو ڕاو یەك دەق بوو لەوێ ڕۆژێدا .

( ی ن ك ) ویست و ئیرادەی گەل لەلایەك و زەرورەتی قۆناغ و زمەنەکەش لەلایەکی تــرەوە هێنابوویانــە بــوون، هــەر بۆیــە ڕەگ و ڕیشــەی لــەقوڵایی هــەناوی جەماوەروخاکی کوردستانەوە داکوتا و هەر ئەمەش وایکرد کە لەماوەیەکی کەمی 16 ساڵەی خەباتیدا بتوانێت بگاتە دەسەڵات لەم بەشەی کوردستاندا، سەرەڕای هەموو کارەسات و براکوژی و جیابوونەوەو پیلانە لەناو بەرو مەترسیدارەکانی دوژمنانی کوردایەتی.( ی ن ك ) لەڕۆژە یەکەمەکانی دامەزراندنیەوە ڕووبەڕووی پیلانی لەناوبردن و تاساندن بووەوە، ئەم دژایەتیەشی لەو کاتەوە تا ئەم ساتەش بەردەوامە لەناوخۆی خۆی و لەدەرەوەی خۆشیدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم دژایەتیە بۆ چی و لەپای چی؟

ئاشکرایە ( ی ن ك ) وەك هێزێکی نوێ لەڕچەو ڕێبازو ئایدۆلۆژیا و عەقڵیەتەوە هاتە مەیدانی خەباتی کوردایەتیەوەو دژایەتی هەموو نەریتە باوو سواو کۆنە پارێزەکانی پێش خۆی دەکرد لەخەباتی شۆڕشگێڕی و سیاسی خۆیدا، هەر بۆیە لەسەرەتاوە لەلایەن هێزە سیاسیە کۆنە پارێزو پیرو پەکەوتەکانی ئەو سەردەمەوە دژایەتی دەکرا وەك پرەنسیپێکی چەسپاو لەنێوان نوێ خواز و کۆنە پارێزدا، ئاشکرایە هێزە کۆنە پارێزەکان هەمیشە دەست دەگرن بەوەی کەهەیە و هەوڵی داهێنان و نوێ بوونەوەو نوێخوازی نادەن، هەر بۆیە دژایەتی هەموو هەوڵێکی نوێگــەرای دەدەن و تــابتوانن بــەرەنگاری و ڕووبــەرووی دەبنــەوە بەمەبەســتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوەیان لە گۆڕەپانەکەدا، ئاشکراشە پێش (ی ن ك ) هەردوو حزبی شیوعی عێراقی 1934 و پارتی دیموکراتی کوردستان 1946 هەبوون، بەڵام لەساڵی 1975 دا هەردووکیان بەپراکتیکی گۆڕەپانی خەباتیان چۆڵ کرد بوو یان زۆر بێ هێزو لاواز بوون ، بەڵام هەر لەگەڵ دامەزراندنی ( ی ن ك ) کەوتنە خۆ بۆ دژایەتیکردنی و هەوڵی تاساندن و

لەناوبردنیاندا لەلانکەدا، بەڵام ( ی ن ک ) توانی بەرەنگاریان ببێتەوەو سەرەڕای هەموو پیلان و گەلەکۆمەکیەکانی ناوچەیی و ناوخۆیەکان و کارەساتەکان توانی خۆڕاگربێت و ببێتە تاکە هێزی بالادەستی سەر گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی کوردایەتی، توانی گەلێك داستان و سەروەری و دەسکەوت وەدەست بهێنێت و خەباتی کوردایەتی گەلێك وەپێش بەرێت و ببێتە ڕێکخراوێکی ڕەسەن و ڕاستگۆی کوردایەتی و سەرەنێزەی ئەو خەباتە ڕەوایە لەدژی داگیرکەرانی کوردستان، توانی زۆرینەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەخۆی کۆ بکاتەوە بەجیاوازی بیروڕاو بۆچوون و ئاستی گوزەران و هۆشیاری و خوێندن .. هتد، بۆیە ( ی ن ک ) لەو ماوەکەمەی تەمەنیدا بووە ڕێکخراوێکی پان و پۆڕو گەورەی هەموو چین و توێژەکان،و دۆست و دوژمن حسابیان بۆ دەکرد.ئەوەبوو هەر لەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە 1992/5/19 دا توانی نیوەی دەنگەکانی خەڵك وەدەست بێنێت کە ئەمە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ ( ی ن ک ) لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە خۆی بەخاوەنی کوردایەتی دەزانی و بەپارتی دایك و پێشڕەو خۆی لەقەڵەم دەداو خۆی بەخاوەن یەکەم شۆڕشی چەکداری گەورەو کاریگەری ئەیلول دەناساندو باکگراوەندێکی گەورەی مێژوویی هەبوو لە کوردستاندا.هەر بۆیە لەو کاتەوە جارێکی دی قۆناغی دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ نەمان و بچوکردنەوەو لاوازکردنی ( ی ن ک ) سەریهەڵدایەوە، هەر جارەی بەبیانوویەك و بەشێوزایکی نوێوە.

( ی ن ک ) لەدوای ڕاپەڕین و دەسەڵات گرتنە دەستیەوە بەردەوام بوو لەخەبات دژی کۆنەپارێزی و دیکتاتۆریەت و داگیرکردن و زوڵم و زۆرو بەرپەرچی هەموو هەوڵ و پیلانێکی دەدایەوە کە لەدژی بکرێت.هەڵایسانی شەڕەکانی ناوخۆ جارێکی تر بەهەمان ئاڕاستەی لاوازکردنی ( ی ن ک ) بوو، لەلایەن پارتی و هێزە ئیسلامیەکان و حزبەکانی تریشەوە، بەپیلانی دوژمنانی ناوچەکەو دونیاش هەروەك سەردەمی شاخ.

بەڵام ئایا لەناو ئەم هەموو هێزو لایەن و حزب و دەوڵەتانەدا کێ لەهەموان ناحەز و دژی ( ی ن ک ) بوو؟ ئایا نەمان یان بچوك بوونەوە یان لاوازکردن و لێك هەڵوەشانی ( ی ن ك ) لەقازانجی کامیاندایە لەئێستاو لەئایندەشدا؟

ئاشکرایە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەعیلمانی و شیوعی و ئیسلامیەوە لەئێستاو لەئایندەشدا بارتەقای هێزو پتەوی و گەورەیی ( ی ن ك ) نین و ناشبن، بۆیە مەترسیەکی گەورە نین لەسەر ( ی ن ك )، ڕاستە ناحەزی ( ی ن ك )ن و حەز بەبالادەستی و گەورەیی و بەهێزی ناکەن، بەڵام زۆریش لەقازانجیان نیە ( ی ن ك ) نەمێنێت چونکە باش ئەو ڕاستیە دەزانن کە چۆڵبوونی گۆڕەپانی سیاسی کوردوستان بۆ پارتی دیموکراتی کوردوستان مانای گەڕانەوەیە بۆ ساڵەکانی شەستەکانی سەردەمی بالادەستی و تاکڕەوی پارتی و حساب بۆ نەکردنی هیچ هێزێکی تر و دەبێت هەموان ببنە ملکەچی بەر دیوەخانی پارتی، ولاتانی ناوچەکەش بەهەمان شێوە ناتوانن دەست بەرداری تەواوەتی ڕۆڵ و کاریگەری (ی ن ك) بن لەکوردستان و عێراقیشدا، لەگەڵ ئەوەی کەناحەزو دوژمنیشین.

ئەی کەواتە کێ لەهەموان لەقازانجیدایە ( ی ن ك ) نەمێنێت یان بچوك و لاواز ببێتەوە؟

بێ دوودڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزو لایەن و حزبەیە کە لەساڵی 1975 وە تاکو ئێستاو ئایندەشی لەگەڵدابێت هەمیشە لەپیلان دانان و گەلەکۆمەکیکردن و فشارخستنە سەر ( ی ن ك ) بووە، پارتیە کە ( ی ن ك ) بەکێبڕکێ کەرو سەری ڕەو هێزێکی گەورەو بەهێزی خاوەن سەروەت و سامان و کادرو پێشمەرگەو جەماوەر دادەنێت و ململانێی سیاسی و چەکداری و دیبلۆماسی لەگەڵدا دەکات.بەلای پارتیەوە تەنها ( ی ن ك ) بۆتە شەریکە بەش و بارگرانی و جێ پێ لەقکردنی لەدەسەلات و سامان و مێژوو خەباتی کوردایەتیدا. بەلای پارتیەوە تەنها ( ی ن ك ) کە خەبات و مێژووی پارتی کاڵ کردۆتەوەو بۆتە مەترسی لەسەر داهاتووشی.هەربۆیە لەناو هەموو ئەو لایەن و هێزە سیاسیانەدا تەنها پارتیە حەز بەلەناوچوون و بچوکبوونەوەو بێ هێزی ( ی ن ك ) دەکات.

*ئایا لەئێستادا ( ی ن ك ) لەتوانای ئەو ململانیٚ مێژوویەدایە لەگەڵ پارتیدا؟ ئایا لەتوانایدایە درێژە بەو ململانێیە بداتو سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت؟ ئایا ( ی ن ك ) ئەو هێزە پتەو و بەهێزو خاوەن جەماوەرو مێژووە پڕ سەروەریانەی جاران ماوە؟ ئایا ( ی ن ك ) دەتوانێت بەم عەقڵیەتو سەرکردایەتیو ڕێبازەی خەباتی ئێستای درێژە بەمان وهێز و دەەسەڵاتی خۆی بدات لەکوردستانو عێراقیشداو ئاینەدەی خۆی و مەسەلەی کوردایەتیش گەشو پرشنگدار بهێڵێتەوەو هەروەك ڕۆژانی لەدایك بوونی؟ یان ( ی ن ك ) تووشی هەرەسو نەمانو لاوازیو لێکهەڵوەشان دەبێتەوەو دەشبێتە بەشێك لەمێژووی خەباتی کوردایەتی؟....... ئەمەو دەیان پرسیاری تر.

هێشتا زووە حوکم بدەین لەسەر نەمانو لاوازیو بچوك بوونەوەی ( ی ن ك ) کە بەشێوەیەك ببێتە بەشێك لەمێژوو ڕابردووی خەباتی کوردایەتی، چونکە هێشتا ( ی ن ك ) دەوڵەمەندە بەعەقڵو تواناو تێڕوانینو ڕێبازو بیرکردنەوەی نویٚ، کە لەتوانایدایە بۆ دەیان ساڵی تر درێژە بەمانو ژیانو خەباتو ڕچەو ڕێبازی خۆی بداتو بەردەوامیش بێت لەململانیٚ سیاسیو ئیداریو دەسەڵاتدا، بەڵام پێویستەو بۆتە کارێکی زەرورەتی قۆناغەکە کە ( ی ن ك ) کۆمەڵێك یان پرۆسەیەکی گشتگیرو وردو لەسەرخۆو بەردەوام لەچاکسازیو خۆتەکاندنو پتەوکردنو وشیارکردنەوەو سەرلەنویٚ داڕشتنەوەی پەیڕەو پرۆگرامو فۆڕمی ئیشکردنی چیٚ بکات، هەر لەسکرتێری گشتیەوە تا مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو سەرجەم مەکتەبو ئۆرگانو بنکەکانی ڕێکخستنەکانی، چونکە زۆر زەحمەتە ( ی ن ك ) بتوانێت درێژە بەخەباتو ململانێکانی بدات لەگەڵ پارتی کە بە پلەی یەکەم کێبڕکێکەر و ناحەز و دژایەتی دەکاتو بتوانێت سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت. بەم سەرکردایەتیو فۆڕمو ئالیەتی ئیش کردنەیەوە، ئەو پرۆسەی ڕیفۆرمەش پێویست بەوچان و پشوو و نەفەسی درێژ هەیەو کارێکی ساناو سەرپێی نیەو بەچەند بڕیارێك و بەچاو سوورکردنەوە ناکرێت، بەڵکو ڕیفۆرم بۆ خۆی پرۆسەیەکی لەسەر خۆو وردی درێژخایەنەو پێویستیشی بەبەردەوامی هەیە لەهەموو بوارەکاندا، وە ئەو کەسانەی کە ڕابەرایەتی ئەم

پرۆسەیە دەکەن پێویستە کەسانی عەقڵ کراوەو بیر تیژو خاوەن پلانی وردو ستراتیژی بن و کەسانێك بن بەهەق خاوەن بڕواو ئیمانی تەواو بن بەپرۆسەکە و سەرکەوتنیشی و ئەنجامیش چ دەبێت قبوڵیان بێت، پێویستە مەبەستی سەرەکیان چاکسازی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و نەهێشتنی کێشەکان و چارەسەری ململانێ ناڕەواکان و دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بێت و پتەوکردن و بەهێزکردنی ( ی ن ك) بێت. نەك مەبەست لەڕیفۆرم گۆڕینی چەند دەم و چاوێك بێت بەهەندێکی تر، کە لەسەرهەمان ڕێتم و وەزن و قافیەی پێشووەکانیان بڕۆن، لە قۆرخکردنی دەسەڵات و تاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵاتەکان و بەخشینەوەی پارەو ئۆتۆمبێل وپۆست و پلەو پایەو ئیمتیازاتەکان بەسەر کەسانێکی نەشیاو بێ تواناو بێ بڕوانامەو عەقڵ دۆگماو کۆنەپارێزی کەمینەو پێشێلکردن و پەراوێزخستنی زۆرینەو بێ بەریکردنیان لەهەموو دەسکەوت و داهات و ئیمتیازاتەکان.

چونکە هەموو تاکێك بەهێندەی سوودمەندبوونی لەدەسەڵات بەخشندە دەبێت بەو دەسەڵاتە، لەبەرئەوە پێویست بەچێکردن و چەسپاندنی عەدالەتێك هەیە لەناو ( ی ن ك ) دا لەسەر هەموو ئاست و ئۆرگانەکان، بەمەش دەکرێت کە ( ی ن ك ) هێزو پتەوی و گەورەیی خۆی بگێڕێتەوەو پارێزگاریش لەمێژوو ئێستاو ئایندەشی بکات و درێژەش بەململانێکانی بدات لەبەرامبەر پارتیداو دەکرێت سەرکەوتنی گەورەش بەدەست بهێنێت و ببێتە حیزبی نەوە جیاوازەکان ، هەموو ئەم کارانەش لەوەوە دەست پێدەکات کە ( ی ن ك) لەناوخۆی خۆیەوە دەست بکات بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی شەفاف و ڕاشکاوانەی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن لە بەرزترین ئاستەوە بۆ بنکەی ڕێکخستنەکان و لەسەر ئەم بنچینەیەش پرۆسەیەکی ڕاست و ڕاسگۆیانەی ئاشتەوایی چێ بکات و دەست بکاتە پرۆسەیەکی خۆ ڕێکخستنەوە و بەسەرداچونەوەی سیاسەتەکانی و لە هەڵوەرین و زویر بونی چەند سەد کەسێکی بێ تواناو دوودڵ و ڕاڕا نەترسێت چونکە نوێکردنەوە و خۆتەکاندنی یەکێتی بۆتە کارێکی زۆر پێویستی ئەم قۆناغە و ئەم تەکاندنەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ چەندین ساڵەی داهاتووی یەکێتی و مانەوەی

بەبەهێزی و پتەوی ومسۆگەرکردنی پشتگیرکردنی جەماوەرەکەشی، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە لەسەر هەمان ڕێتم و ڕێبازو بیرکردنەوەی ئێستای بەردەوام بێت لەدوورکەوتنەوە لەجەماوەرو ڕۆشنبیران و ئەدیبان و نووسەران و خاوەن قەڵەمە ڕەسەنەکان و چین و توێژە هەژارو دەسکورتەکان وگەنجان و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان و پەراوێزخستنی ئەندامان و کادرانی دڵسۆزو بەوەفاکانی و پەراوێز خستن و گوێنەگرتن لەزۆرینە ئەوا ئاییندەی ( ی ن ك ) دەکەوێتە ژێر نیشانەیەکی گەورەی پرسیارو سەرسوڕمانەوە؟!ئەوکاتەش بەرپرسیارێتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو سەرکردانەوە کە ڕۆڵی نەگەتیڤ و زۆر خراپیان دەبینی لە نانەوەی ئاژاوە و دروستکردنی فیتنە و خۆشکردنی ئاگری براکوژی و کاریان دەکرد بۆ نەمان و بچوکبونەوە و لاوازی یەکێتی کە ئەم کارەشیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ جارێکی تر بە قازانجی پارتی دەشکێتەوە کە دوژمنی لەمێژینەی یەکێتیە و ئەوەی خۆی پێی نەکرا ئەوا کادران و سەرکردایەتی یەکێتی خۆی بۆی ئەنجام دەدەن.کە ئەرکی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسیە کە ڕێگە لەودەنگ و ڕەنگ و هەوڵە زڕانە بگرن لە هەر ئاست و پلەیەکدا بن.

---

* ئەم بابەتەم لە سایتی ئەلکترۆنی(( کوردوستان پۆست))دا بلاْوکراوەتەوە لە 2008/6/23دا.

# بەرەو

# ئەرکی فراونتر و گەورەتر *

* بەندە هیچ کاتێك لایەنگری پیا هەڵدان و تقدیسکردنی هیچ کەس و سەرکردەو ڕابەرێك نەبووم و ناشبم، بەڵام هەروا بووە لەمێژوودا کە هەندێك کەسایەتی سیاسی، ئابوری، زانستی، کۆمەڵایەتی بەگەورەیی و مەزنی کەسایەتیان و ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و گەشەکردنی کۆمەڵگاکان و سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی و چێکردنی دیموکراسیەت و دادپەروەری و ئازادیەکان لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگاکانیاندا خۆیان سەپاندووەو بوونەتە کاریزماو خۆشەویست و ڕابەرو پێشەوای مەزن و نەمرو لەیاد نەکراو لەویژدان و مێژووی مرۆڤایەتیدا. وەك گاندی لەهندستان و لینین لەڕوسیا و ماوتستی تۆگ لەچین و ماندێلا لەئەفریقا و هۆشی منە لەڤێتنام و جیڤارا لەکوبا و دەیان و سەدانی تر.

بەڵام بەداخەوە لەناو کوردا کەسێکی مەزن و کاریگەرو کاریزما لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەکەو جیهاندا دروست نەبووە بەدرێژایی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردو نەتوانراوە لەڕێگەی ڕابەرو سەرکردەکانیشیەوە مەسەلەی کورد گەورەترو گرنگترو بەجیهانی بکرێت، لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕابەرو پێشەوای تێکۆشەر پەیدا بوون، وەك شێخی نەمرو پێشەوا و بارزانی و ... هتد.

دروستبوونی کاریزما کارێکی ساناو ساکارو بێ گریّ و گوڵ نیە، بەڵکو کارێکی مێژوو کردو پێداویستی زەمانەو زەمینەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکە دەیسەپێنێت، کاریزما ڕزگار کەرو ڕابەرو پێشەوای ژیرو بەتواناو بەهێزو خۆشەویستە لەناو جەماوەری گەلەکەیداو خاوەن سەنگ و قورسایی و گرنگی و کاریگەریە لەناو کۆڕو ئاستە جیاکانی ناوچەیی و دونیاشدا ، ئەمەش لەخۆڕاو بێ بناغە دروست نابێت، بەڵکو خەبات و ماندوبوونی نەپساوەو ڕاست و ڕەوای مرۆڤایەتی گەرەکە، لەپێناو نەك مەسەلەیەکی بچوکی نەتەوایەتی و لەناوچەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو خەبات لەپێناو هەموو بەها مرۆڤایەتیە

جیهانیەکاندایە لەگشت کوچەو گۆشەیەکی دونیادا کە لەئێستادا ئەو بەها مرۆڤایەتیانە بریتیە لە چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وپاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان و ئاشتی جیهانی لەو بەها گرنگانەن کە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دیموکراسیخوازو ئاشتی خواز لەهەموو دونیادا وەك دروشم و کار بەرزیان کردۆتەوە.

بەلاَم خۆشبەختانە ئەوەتا لەئێستاداو لەسەدەی بیست و یەکەمداو دوای زیاتر لە 50 ساڵی خەباتی نەپساوە و نەبڕاوەی هەڤاڵ مام جەلالەوە لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەکەو دونیا بۆ بەر قەرارکردن و چەسپاندن و پاراستنی هەموو ئەو بەها مرۆڤایەتیانە، بەهۆی بەهێزی کەسایەتی و خەبات و ماندوبوونی خۆی خۆی سەپاندە سەر گۆڕەپانی هەموو سۆشیالیست و دیموکارتخوازەکانی دونیا و بوە جێگری سەرۆکی دووەم ڕێکخراوی گەورەی جیهانی کە ئەویش ڕێکخراوی ((سۆشیال ئەنتەر ناسیونالی جیهانی ))کە ئەمە بۆخۆی بەری ڕەنجی خەباتی سەدان ساڵەی کوردەو دەسکەوتە بۆ سەرجەم گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانداو بۆ خەبات و مەسەلە ڕەواکەی کوردە .مام جەلال بووە یەکەم کەسایەتی کوردو یەکەم کەسایەتی عێراقی و یەکەم کەسایەتی خۆرهەلاَتی ناوەڕاست کە ئەم پۆستە وەربگرێت.بۆیە هەرواش کەسایەتی خۆی سەپاند بەسەر هەست و نەستی دۆست و دوژمنەکانیشیداو بووە پیاوە مەزن و کاریزما هەڵکەوتو و ڕابەرە هەرە دیارو سەنگینەکەی کوردایەتی.

بۆیە ئەم ئەرك و پۆستە نوێیەی هەڤاڵ مام جەلال دەیسەپێنێتە سەرشانی کە چۆن تـوانی ببێتەی کەسایەتیەکی جیهانی گەورەو ناودارو لەڕیزی پێشەوەی ڕابەرەکانی دونیادا جێگەی خۆی بگرێت، دەبێت ئاوهاش لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ناو عێراق و کوردستان و ناوخۆی یەکێتیش خۆی بسەپێنێت و بەحیکمەت و ژیری و بیری قوڵی خۆی ، عێراق و ناوچەکەو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ڕزگار بکات لەقەیران و کێشەو ململانێکان و ئاشتی و پێکەوە ژیان و دادپەروەری و چاکسازی و دیموکراسی و ئازادیەکان باشترو زیاترو وردتر بچەسپێنێت و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگای عێراقی و کوردەواری بەرزبکاتەوەو

مافەکانی مرۆڤ و ژنانیش بپارێزێت و باز بدات بەسەر هەموو دیاردە قێزەون و ڕوخێنەرو نەشیاوە بچوکەکانی ناو کۆمەڵگا و ناو خودی یەکێتی و ببێتە چەتر و باوك و گەورەی هەموان بەبێ جیاوازی دین و مەزهەب و تایەفە و بیروڕاجیاوازەکان و ببێتە پارێزەری ڕاستەقینەی مێژوو ئایندە گەشەکەی یەکێتی و کوردایەتیش، و بەهەق ببێتە پیاوە مەزنە خۆشەویست و کاریزما هەڵکەوتووەکەی کوردایەتی کە هەموان شانازی پێوە بکەن بەبێ جیاوازی و هەمیشەش بەنەمری لەویژدان و مێژووی کوردایەتیدا بدرەوشێتەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی (( کوردوستانی نوێ))دا بلاوکراوەتەوە لە 2008/7/4دا.

# گۆڕان

## لەکوێوە ؟ بۆ کوێ ؟بەنیازی چی ؟*

### بەشی یەکەم

- ئاشکرایە پرۆسەی گۆڕان،پرۆسەیەکی گەورەو گرنگ و کاریگەرە. گۆڕان مەرج نیە هەمیشە هەر بۆ پێشەوە و بە ئاڕاستەی باش بێت، زۆرجاران گۆڕان بەرەو دواوە و بەرەو خراپ و خراپتریش دەبێت.

گۆڕان پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانست و مەعریفە و فەرهەنگ و ...هتد دەگرێتەوە.گۆڕان بەرەو پێشەوە هەمیشە لەسەر دەستی کۆمەڵە کەسانێك یان لایەن و گروپ و حیزبێکی سیاسی پێشکەوتوخواز و ئازادی خواز و دیموکراسی چیٚ دەبێت و ئامانجی بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی کۆمەڵگا و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و داڕشتنی سیستەمێکی سیاسی و ئیداری و ئابوری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوە بەشێوەیەك کە دام و دەزگا دەوڵەتیەکان چەسپاو و دامەزراو و داڕێژراوبن لەسەر سیستەمێکی ڕوون و ئاشکرا لەڕووی ئیداری و دارایی و ..هتدەوە.

سیستەمێك کە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادەوەری لێك جیابن. سیستەمێك کەلەسەر بناغەی دابینکردنی ئازادیەکانی تاك و کۆمەڵ داڕێژرابن کە ئامانجی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی پیرۆزیەکانی مرۆڤ بن. سیستەمێك کە تیایدا دەسەڵات خزمەتکاری هاوڵاتیان بێت و بەو پەڕی تواناوە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات و ژیانێکی ڕەفاه دوور لە هەژاری و نەخوێندەواری و توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن و چەوساندنەوە دابین بکات بۆ هەمووان بیٚ جیاوازی ڕەنگ و دەنگ و مەزهەب و دین و نەتەوە.

سیستەمێك کە هەموان تیایدا هەست بە عەدالەت بکەن و هەموان وەك یەك سوودمەندبن لەداهات و سەروەت و سامانی وڵات و هاوبەش بن لەبەڕێوەبردنی

پۆست و ئیمتیازاتەکان و خێر و بێری وڵات و دەسەڵات. سیستەمێك کەتوانای کەسی پێوانە بێت بۆ بەرزبونەوە و وەرگرتنی پلەو پایە و پۆست لە بڕوانامە و خوێندەواری ودڵسۆزی و کارامەیی و خزمەتکردن.دوور لە پێوانەکانی حیزبایەتی و خزمایەتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و تایەفەگەری و ناوچەگەری و خێڵ و بنەماڵە پەرستی و دیاردە دزێوەکانی تەکەتولچێتی و دڵڕازیکردن.

بەم شێوەیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایانە گۆڕان چێ بکرێت بەدڵنیایی ئامانج و خواست و ویستەکانی کۆمەڵگا و تاکەکان دێنە دی.

بەڵام بەپێچەوانەوە گەر گۆڕان لەسەر دەستی کۆمەڵە کەسانێك یان گروپ و ڕێکخراو و لایەنێك یان حیزبێکی سیاسی بێتەدی کە هەڵگری بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و فکرێکی لێڵ و تاریك و نیازێکی گەندەڵ و گلاوی هەبێت.کە نیازی ڕاستەقینەی قۆرخکردنی دەسەڵات و تاك ڕەوی و چاندنی تۆوی تۆقاندن و جاسوسیەت و چاوسورکردنەوە و هەڕەشە و نانبڕین و قوتی خەڵکی بێت.

سیستەمێك لەسەر بناغەی تاك ڕەوی و دیکتاتۆری و جاسوسی و خۆسەپاندن بێت. سیستەمێك کە ئامانجی زەوتکردنی سەروەت و سامان و داهاتی وڵات بێت بۆ کەمینەیەکی زۆر کەمی دەست و پێوەندی دەسەڵات لە بنەماڵە و خێڵ و ناوچە و کاسەلێسەکانی دەسەڵات و بێبەشکردنی زۆرینەی هەرە زۆری جەماوەر لەهەموو خێر و بێر و پلەو پایە و پۆست و ئیمتیازاتەکان و خزمەتگوزاریەکان. سیستەمێك کە لەلای تەنها بنەماو پێوانە بۆ پێدان و بەخشینی پلەو پایە و پۆست بریتیبێت لە ئینتیمای حیزبایەتی و خێڵچیتی و تەکەتولچێتی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و دڵ ڕازیکردن. سیستەمێك تەنها جێگەی نەخوێندەواری و کەسانی عەقڵ دۆگما و بیر تاریك و تەسك بێت. ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو پرۆسەی گۆڕانە بۆ دواوە دەبێت و ئەنجام و ئامانجەکانیشی خراپ دەبێت و هیچ سوودو قازانج بەپرۆسەی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا ناگەیەنێت (( فاقد الشیء لا یعطی )).

بەم شێوەیە وەك ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگری زانستی ئەم دوو ئاڕاستە و بۆچوون و بیرکردنەوە و ئەم دوو سیستەمە و ئەم دوو پرۆسەیە هەمیشە پێچەوانەن لە

ئاڕاستەدا و یەکسانن لە گوڕوتینیاندا و هەریەکە بە ئاڕاستەی باش و خراپی خۆیان هەنگاو دەنێن و هەمیشەش لە ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان و گەلێك ڕێگەچارە و شێوازی جۆراوجۆریش دەگرنەبەر بۆ سەرکەوتن بەسەر یەکداو ئەو ڕاستیەش هەمیشە دەدرەوشێتەوە کە هێزی خێر و چاکە و پێشکەوتووخواز سەردەکەوێت بەسەر هێزی دواکەوتوو و کۆنەپەرستیدا گەرچی کەمێك دواشبکەوێت.

جا هەموو پرۆسەی گۆڕانێکیش پێویستی بەچەند پێداویستیەکی مادی و مەعنەوی هەیە لە :-

1.بوونی بەرنامەیەکی زانستی و وورد و گشتگیر و بیر و ئەندێشەی فراوان و کراوە و ڕۆشن و پلان و نەخشە ڕێگایەکی ئاشکرا و بێ پێچوپەنا.

2.لەگەڵ توانایەکی مادی و مەعنەوی گەورە کە هێزێکی ئابوری بەهێز و گەورە دەگەیەنێنت.

3.بەڕابەرایەتی کەسانێکی بەتوانا و لێوەشاوە و داهێنەر و بیرو ئەندێشە فراوان و خاوەن نفوز و دەسەڵاتێکی ڕۆحی و کاریزمایی.

بەم شێوەیە سێ کوچکەی (( ڕابەر و پلان و ئابوری )) بناغەی سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی گۆڕانی سەرکەوتوون وئامرازی جێبەجێکردن وگەیشتنن بەسەرکەوتن.

پرۆسەی گۆڕانیش گەلێك جۆر و شێوازی هەیە هەر لە کودەتای سەربازی خوێناوی یان سپی و شۆڕش و ڕاپەڕینی چەکداری و دامەزراندنی حیزبی سیاسی و گروپ و کۆمەڵەی فشار وڕێکخراو و سەندیکای پیشەیی و جەماوەریەکان. تاڕیفۆرم و چاکسازی لەسەر ئەو بەرنامە و سیستەمەی کە هەیە.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئێستای گشتی کوردوستان و بارودۆخی تایبەتی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستاندا چ جۆرە شێوازێکی گۆڕان چێ بکرێت؟ لەنێوان کودەتا و دامەزراندنی حیزبی نوێ و ڕیفۆرمدا کامیان هەڵبژێردرێت ؟ کام لەو سێ شێوازە کەمترین زیان و گەورەترین قازانجی بۆ کورد و مەسەلەکەی بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان وەك

پارتێکی سیاسی گەورەو کاریگەر و خاوەن نفوز و دەسەڵات دەبێت؟ کام ڕێگا و چارەسەر کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر ئێستاو ئایندەی کوردو یەکێتی دەبێت؟
سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە دان پیادا بنێین کە بارودۆخی گشتی عێراق و کوردوستانیش لەلایەك و بەتایبەتیش بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی لەزەمان و زەمینەیەکی لەبار و ئاسایدا نین بۆ هیچ گۆڕان و پرۆسەیەکی لەناکاو و حساب بۆ نەکراو .چونکە هەموو بارودۆخە گشتی و تایبەتیەکان نەچەسپاو و لەرزۆك و ڕاگوزەرن.هەربۆیە هەر هەنگاوێك بۆ گۆڕان گەر بەووردی حسابی بۆ نەکرابێت و هەموو بناغە و بنەما و پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکرابێت بەدڵنیایی بەزەرەرو زیانی گەورە دەگەڕێتەوە وەك لەوەی قازانج بگەیەنێت. بۆیە ڕێگاچارەکان و پرسیارەکان لەخۆیاندا سەخت و دژوار و سانا و بێ گرێوگۆڵ نین.لەبەرامبەریشدا هەنگا و وەڵام و پلانەکانیش دژوارتر و سەختتر و بێ سەریەشە نابن.

# بەشی دووەم

لە ڕێگا چارەکان :-

- **کودەتای خۆیناوی یان سپی**

لەناوخۆی یەکێتیدا لەئێستادا مەحاڵە چونکە هێزی پێشمەرگە لەلایەن سەرکردایەتی بڕیار بەدەستی یەکێتیەوە کۆنترۆڵ کراوە و خامۆش و کپ کراوە.و ناکرێت و کارێکی شیاو و گونجاو وعەقلأنیش نابێت کە هەڵگەڕانەوەی پێشمەرگانە بەهێزێکی کەمەوە ئەنجام بدرێت.کە چاوەڕوان دەکرێت گەر بەردەوامیش بێت لێرەولەوێ و چەند بنکە و بارەگایەك لەم شار یان ئەو شارو شارۆچکە دەست بەسەرابگرن. بەڵام سەرکەوتن لەچنگدا نیە.
کودەتای سپی لەناو سەرکردایەتیشدا بەهەمان شێوە کارێکی سانا نیە بەوەی کە ئەندامانی سەرکردایەتی ئێستای لایەنگری گۆڕان زۆرینە نین و خاوەن هێز نین کە بتوانن بەشێوەیەکی ئاشتی و هێمنانە و بێ خوێن ڕشتن سەرکردایەتی بڕیار بەدەست پەل بەست بکەن و کەنارگیریان بکەن و دووریان بخەنەوە لەگۆڕەپانی سیاسی و دەستبەسەر بکرێن.

- **دامەزراندنی حیزبی نوێ**

ئەمەشیان کارێکی ساناو ساکار نیە. چونکە دامەزراندنی حیزبی نوێ لەم بارودۆخە تێکچڕژاو و ئاڵۆز و بەسەریەکدا کەوتوەی عێراق و کوردوستان، زەمینە سازی دامەزراندنی حیزبی نوێ نیە. لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنی حیزبی نوێ تەدارەك و پێداویستی گەرەکە لەبەرنامە و جەماوەر و سەرکردایەتی نوێ کە بتوانن وەڵام دەرەوەی هەموو ئەو داخوازی و ویستانەی جەماوەر بن کە لەسەردەمی نوێدا هاتۆتە کایەوە. جیا لەم دوو حیزبە گەورەیەی دەسەڵاتداری ئێستای کوردوستان(( پارتی و یەکێتی )). بۆیە دامەزراندنی حیزبی نوێ کە بەقەبارە بچوك و بە ڕۆڵ و کاریگەری لاواز و بێهێز و بەجەماوەر مایە پووچ و بەبەرنامەی نوێ پەککەوتە و بەبێ سەرچاوەی داهاتیش موفلیس بێت . ئەوا نەبوونی لە بوونی باشتر دەبێت.

- **ڕیفۆرم**

کەواتە جیا لەو دوو ڕێگاو ڕێگاکانی تریش . تەنها ڕێگاچارەی ڕیفۆرم و چاکسازی شاڕێگا و ڕاستە ڕێگای پڕۆسەی گۆڕانێکی بەرهەمدار و باش و سەرکەوتوو بۆ پێشەوەیە. چونکە لەدوای 18 ساڵی حوکم و دەسەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش یەکێتی کە بۆتە مایەی داڕشتن و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی و بناغە و پێکەوەنانی  بنچینەیەك بۆ کارکردن و بەردەوام بوون و بەرەو پێشەوە چوون. دەکرێت کاری چاکسازی و ڕاستکردنەوە و گوڕوتین پێدانی تیادا بکرێت نەك لەبەریەك هەڵوەشان و لەبەر یەك هەڵتەکان و شۆڕشی تیادا بکرێت.

پڕۆسەی ڕیفۆرم پێویستە  بە شێوەیەکی هێمنانە و لەسەرخۆ و پشوودرێژانە و وگشتگیر بێت دوور لە هەناسەسواری و هەڵپەکردن و ملشکاندنی خۆ و بەرامبەرەکانیش. بەگیانێکی هەڤاڵانە و ڕاستگۆیانە دوور لە گیانی تەصفیەکردنی یەکتری و پشتگوێخستن و کەنارگیرخستنی یەکتری.

دەبێت ڕیفۆرم پڕۆسەیەك بۆ گۆڕان بێت کە تەنها مەبەست لێی چارەسەرکردنی کێشە فکری و ئیداری و داراییەکان بێت . بۆ نەهێشتنی دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مشەخۆری و پاشاگەردانی و قۆرخکردنی دەسەڵات و دزینی

خێروبێری وڵات و تاك ڕەوی و پاراستنی بەرژەوەندیە تەسك و بچوکەکانی حیزب و بنەماڵە و خێڵ و مەزهەب و ناوچە .

پێویستە پرۆسەی ڕیفۆرم تەنها مەبەست لێی چەسپاندن و پتەوکردن و بەهێزکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی کوردی بێت و ژیانەوە و بوژاندنەوەی کوردایەتی و تۆخکردنەوە و سەروەرکردنی یاسا و زاڵکردنەوەی ئینتیمای تاك و جەماوەر بۆ مەسەلە ڕەواکەی کوردایەتی بێت دوور لە ئینتیما بۆ سەرکردە وڕابەر و بنەماڵە و خێڵ و ناوچە و بەرژەوەندی تاکە کەسی و پلەو پایە و پۆست و دەسەلآت.

ڕیفۆرم بەمانا گشتگیریەکەی چێ بکرێت لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی و پێشمەرگانەیدا.

بەم شێوەیە دەکرێت پرۆسەی گۆڕانێکی سەرکەوتوی بەرهەمدار لەچوارچێوەی ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە و ڕەسەن کە بگونجێت لەگەڵ داب و نەریت و کەلتوری کوردەواریدا چێ بکرێت.کە لەسەر بنەمای زانستی و واقیعی کوردوستان بێت بەسوود وەرگرتن لەنمونە باش و سەرکەوتوەکانی دونیاو ناوچەکەش.

لە ئێستادا لەناو یەکێتیدا هەن دەڵێن با ڕیفۆرم لەنمونەی چین سازبکرێت نەك نمونەی سۆڤیەتی . چونکە نمونەی سۆڤیەتی نمونەیەکی خراپ بوو بۆ پاشاگەردانی و لێك هەڵوەشان و داڕمانی سیستەمی سۆسیالیستی و بووە هۆی داڕمانی فکر و سیستەم و حوکمی ئەو وڵاتە، بەلآم نمونەی چینی نمونەیەکی سەرکەوتوو و خۆڕاگری ڕیفۆرم بوو کەتوانی خۆڕاگر بێت لەبەردەم باهۆزی دیموکراسی و گۆڕان و بەجیهانیبوون و توانی لەگەڵ نەزمی نوێی جیهانیدا خۆی بگونجێنێت.و بەردەوامیش بێت و گەلێك دەسکەوتی گەورەو گرنگیش لەسەر ئاستی دونیا بەدەست بهێنێت.

بەم شێوەیە دەکرێت لەناو یەکێتیشدا سوود لەباشترین و سەرکەوتووترین نمونەی ڕیفۆرم وەربگیرێت بەگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کوردوستاندا . جائیدی چینی بێت یان هەر وڵات و سیستەمێکی تر بێت . گرنگ دەستپێکردن و

جێبەجێکردنە نەك تەنها پیاهەڵدان و وەصفکردن بێت بۆ خۆڵکردنە چاو و کات بەسەربردن بێت.

ئاشکرایە ماوەی چەند ساڵێکە بیرۆکە و بەرنامە و پلان و کارکردن هەیە بۆ چێکردنی پرۆسەیەکی سەرکەوتوی ریفۆرم لەناو یەکێتی و لەناو حکومەت و لەسەر ئاستی هەموو ئۆرگانەکانی رێکخستن و هێزی پێشمەرگە و سیستەمی حوکم و دەسەڵاتی کوردیدا . بەڵام مەخابن بەهۆی دژایەتیکردن و رێگری دروستکردن و هێنانەوەی بیانوی بێ بەها و نەگونجاندنی زەمان و زەمینەی لەبار بۆ ریفۆرم نەتوانراوە دەسکەوت و ئامانجی گەورە بەدەست بهێنێت . بەڵام بۆتە داواکاری و پێویستی قۆناغەکە و سەرکردایەتی و هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی و تەنانەت حکومەتیش و هێزە سیاسیەکانی تریش و جەماوەری گەلەکەشمانی لەدەوری بیرۆکەی ریفۆرم و چاکسازی کۆکردۆتەوە و هۆشیاری کردونەتەوە و رای چلەکاندوون.و هەموانی قەناعەت پێهێناوە کە ناتوانرێت بەم بارودۆخە و بەم بیرکردنەوە و بەم بێ بەرنامەییە و بەم خۆسەپاندن و پاشاگەردانیەوە بتوانرێت ماف و خواستەکانی گەلەکەمان بهێنرێنە دی.

لەئێستادا ریفۆرم بۆتە بەرنامە و نەهج و بۆتە دروشمی قۆناغەکە و هەمووان هەوڵی چێکردنی دەدەن. ئەم هەنگاوەش گرنگە چونکە هەموو پرۆسەیەکی گۆران لەسەرەتادا ناساندنی و تێگەیشتن لێی و کۆکردنەوەی رای گشتی جەماوەر و پارتە سیاسیەکان بۆی گرنگە و ئەوسا دەکرێت هەنگاوی عەمەلی بۆ بنرێت و دەسەڵات و لایەن و کەسانی بریاربەدەستیش دانی پیادا بنێن و ملی بۆ کە چ بکەن. لەئێستادا گرەو لەسەر سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەو باڵەی ریفۆرمخوازان دەکرێت لەناو یەکێتیدا وپرسیار دەکرێت کە ئەگەر ئەو باڵە سەرکەوتن چی دەبێت و ئێستاو ئایندەی یەکێتی بەرەو کام ئاقار دەروات ؟ و ئەگەریش ئەم سەرکردایەتیە بریار بەدەستەی یەکێتی مانەوە ئێستاو ئایندەی یەکێتی بە چ ئاقارێکدا دەروات و تا چەند یەکێتی دەتوانێت وەك حیزبێکی سیاسی کاراو کاریگەر بەردەوام بێت ؟

هەربۆیە لەم ساتە وەختەی ئێستادا چارەنوسی یەکێتی لەدوو ڕیانە مێژووییە گرنگ و زۆر هەستیارەکەدایە و ئایندەی زۆر ناڕۆشن و لێڵە و هیچ کەس و سەرکردە و باڵ و لایەنێك ناتوانێت ئایندەی یەکێتی بەڕۆشنی ببینێت.

- **پرسیارە گرنگ و کۆتاییەکە ئەوەیە بۆ ڕیفۆرم؟ لەپێناو چیدا ڕیفۆرم ؟ بە نیازی چیش ڕیفۆرم؟**

ڕیفۆرم بۆ ڕاستکردنەوەی لادان و هەڵەکان ، ڕیفۆرم بەنیازی نەهێشتنی گەندەڵی و تەکاندن و پاککردنەوەی یەکێتی،ڕیفۆرم لەپێناو گەشانەوە و پاراستنی مێژوو و ڕابوردوی یەکێتی و بەردەوام بوون لەدەسکەوت ودەسەڵات و خزمەتکردنی جەماوەردا.

ڕیفۆرم بەنیازی چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی کوردی و سەرخستنی مەسەلە ڕەواکەی لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا. و لەپێناو وەدەستهێنانی ماف و داواکاری و خواستە ڕەواکانی گەلی کورددا.

ڕیفۆرم لەپێناو سەندنەوە و گەڕاندنەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگار و مەندەلی و مەخمور و هەموو پارچە دابڕواکانی کوردوستان بۆ سەر هەرێمی کوردوستان لەچوارچێوەی مادەی 140ی دەستووردا.

ڕیفۆرم لەپێناو بەدامودەزگایکردنی ئۆرگانەکانی یەکێتی و حکومەت و پەیڕەوکردنی شەفافیەت و دەرخستنی داهات و خەرجیەکان و سەروەت و سامانی گەلەکەماندا بۆ جەماوەر.

ڕیفۆرم لەسیستەمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سەربازی و ...هتدا.

ڕیفۆرم بەنیازی چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان.

ڕیفۆرم بەمەبەستی بچوکردنەوەی دەسەڵات و قودسیەت و هەیمەنەی ڕابەر و سەرکردە و حیزب و بنەماڵە و خێڵ و ناوچە و مەزهەب و تەکەتولچێتی.

ڕیفۆرم بەنیازی چەسپاندن و دابینکردنی ئازادیەکان و دیموکراسیەت و پێکەوەکارکردن و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و دابینکردنی ژیانێکی پڕ کەرامەت و ڕەفاه بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

بەهەموو ئەم نیازانەوە پێویستە هەموان بەبەرەی ڕیفۆرمخوازان و بەرامبەرکانیشیانەوە لەڕابەر و سەرکردەوە تا بنکردە و جەماوەر لەهێزی پێشمەرگەوە تا ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و لەحکومەتەوە تا حیزب هەموان بەگیانێکی پڕ لێپرسراوێتی و سەنگینی و ڕاستگۆیانەوە کاری جدی بکەن بۆ چێکردنی پڕۆسەی گۆڕانی سەرتاسەری و ڕیشەیی و گەورە لەبەرنامە و فکر و ئیدارە و دەسەلاَت و عەقڵی کوردی و یەکێتیشدا.

بەهەموو نیازە چاك و پاکەکان دوور لە نیازە گلاَو خراپەکان. لەپێناو پاراستنی یەك و یەکگرتوویی و بەهێزی و چەسپاوی ڕیزەکانی یەکێتیدا.لەپێناو بەردەوامی پێدان بە مێژوو دەسکەوتە گەورەو پرشنگدارەکانی یەکێتی.لەچوارچێوەی ناو و ناوبانگ و بەرنامەی یەکێتیدا و لەژێر چەتری بەهێزی یەکێتیدا نەك لەدەرەوەی یەکێتیدا. لەپێناو بەهەدەر نەدانی زیاتری توانا و کات و سەروەت و سامانی یەکێتیدا .

چونکە هەموان بێ جیاوازی بەبڕو قەوارەی خۆی خوێن و فرمێسك و ئارەقەی ڕشتوە بۆ گەیشتنی یەکێتی بە دەسەلاَت و لوتکەی دەسەلاَتیش، بۆیە ئەرکی هەموانیشە بێ جیاوازی و بێ مووزایەدەکردن بەسەر یەکتریدا ئەو مێژوو دەسکەوتانە بپارێزن و ڕێگری دروست نەکەن لەبەردەم پڕۆسەی ڕیفۆرمدا بە دەرکردن و نانبڕین و چاوسورکردنەوە و جاسوسیەت کردن بەسەر هەڤاڵەکانیدا .

چونکە پڕۆسەی گۆڕان بەبڕیاری چەند کەسێك کۆتایی نایەت و تازە ئەو پڕۆسە گەورە و گرنگە دەستی پێکردوە و وەك تۆپەڵە بەفرێك تا گلۆر ببێتەوە و بۆ پێشەوە بڕوات گەورەتر و بەهێزتر دەبێت و دواتر کەس ناتوانێت بەبڕیار یان ڕێگریی و دژایەتیکردنی بەری پێبگرێت . ئاشکرایە فکرو بیرکردنەوە مەودای دیاریکراویان بۆ نیە و کەس ناتوانێت عەقڵ و بیرکردنەوەی کەسێك یان گروپێك قەتیس بکات و بەبڕیارێك یان نانبڕینێك پاشگەزیان بکاتەوە. چونکە نانبڕینەکەش

هێندەی تر ڕق ئەستوورو سووربونیان لا دروست دەکات (( قطع الاعناق ولا قطع الارزاق )).

هەموان لەسەرکەوتن و نسکۆکاندا بەشداربوون بۆیە دەبێت لەخێر و دەسکەوتەکان و ئیمتیازاتەکان و دەسەڵاتیشدا بەشداربن. هەموان کاری چاکە و داهێنانیان هەبوە لەبەرامبەریشدا هەموانیش بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نەبوون. هەربۆیە دەبێت هەموان ئەو ڕاستیە لەبیر نەکەن کە بەیەکێتیەوە جوان و بەهێز و ڕێزلێگیراون و یەکێتیش بەهەموانەوە گەورەتر و بەهێزتر و گەشاوەتر دەبێت. بۆیە سەرکەوتنی پڕۆسەی گۆڕان و ڕیفۆرم بەئاشتبونەوەیەك و بەئاشکراکردنێکی ڕاستگۆیانە (( مکاشفة ومصارحة ))و بەپلانێکی عەقڵانی و بەدایەلۆگێکی شارستانیانەی ئاشکرای سەرتاسەری ناو یەکێتی دەبێت نەك بە شاردنەوە و پشتگوێخستن و گوێنەگرتن بۆ ڕای بەرامبەر .

یەکێتیش جگە لە ڕێگاچارەی ڕیفۆرم و چاکسازی هیچ ڕێگاچارەیەکی سەرکەوتووتری لەبەردەمدا نیە و هەردەبێت وەك حەتمیەتی مێژوو وەك دەرئەنجامێکی زانستیش هێزی گۆڕان و بۆ پێشەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەسەر هێزی لایەنگری کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و دەست گرتن بەوەی کە ئێستا هەیە.بەهیوای ئەوەی کە هەموان لەسەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو پڕۆسەی گۆڕانە تێبگەن و بەرژەوەندی باڵای یەکێتی لەبیر نەکەن و نەیکەنە قوربانی بەرژەوەندیە تەسك و بچوکە تایبەت و کەسیەکانی خۆیانەوە.

---

*ئەم بابەتەم لە پێگەی (( سبەی )) دا بڵاوکراوەتەوە لە 2008/10/21دا.

# پڕۆسەی ڕیفۆرم

# لەولاٌتی چیندا چۆن سەرکەوتنی بەدەست هێنا !*

## (( بەشی یەکەم ))

- پێش ئەوەی پڕۆسەی گۆڕان لە ولاٌتی چیندا باس بکرێت لەڕێگەی ئەو زنجیرە ڕیفۆرمە یەك لەدوا یەکانەوە کە لەساڵی 1978وە دەستی پێکراوە. پێویستە زانیاریمان لەسەر لەلایەك ولاٌتی چین و لەلایەکی ترەوە لەسەر حیزبی شیوعی چینی هەبێت، چونکە بەبێ ناسینی ووردی ئەو دوولایەنە کە کۆڵەکەی سەرکەوتنی ئەو پڕۆسە گەورەو گرنگەن تێگەیشتن لەسەرکەوتنی ئەو پڕۆسەی گۆڕان و پێشکەوتنە گەورانەی کە بەدەست هاتوون لەسایەی ڕیفۆرم و کرانەوەوە کارێکی زەحمەت دەبێت.

- ## وولاٌتی چین

مانای وشەی (( تشونغکوو = چین )) بەمانای (( ولاٌتی ناوەڕاست )) دێت کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاٌتی کیشوەری ئاسیاوە و لەگەڵ 14 ولاٌتی تردا هاوسنورەو لەبەرواری 1949/10/1 وە وەك ((کۆماری چینی گەلی )) دامەزراوە بەڕابەرایەتی حیزبی شیوعی چینی.ڕووبەری ئەم ولاٌتە بریتیە لە(( 9602716)) کیلۆمەتر دووجا کە سێیەم وولاٌتە لە پانی و گەورەیدا لەڕووی ڕووبەرەوە لە دونیادا لەدوای ڕووسیاو کەنەداوە. ئەم ولاٌتە ژمارەی دانیشتوانی 1300000000 ملیۆن کەسە کە بەمەش بۆتە یەکەم ولاٌت لەڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە. ولاٌتی چین بەم پانتاییەو بەم ژمارە زۆرەی دانیشتوانی بۆتە چوارهەمین ولاٌت لەڕووی گەشەو پێشکەوتنی ئابوریەوە لەسەر ئاستی هەموو دونیا و تێکڕای داهاتی نیشتیمانی لەساڵی 2002دا بریتی بووە لە 7ر5 تریلیۆن دۆلار کە دووەم ولاٌت بوە. پایتەختی ئەم ولاٌتە گەورەیە شاری پەکینە و دراوی ڕەسمی(( یوان )) ەو زمانی ڕەسمی ((هان ))ە کەزمانی زۆرینەی چینیەکانە و لەم ولاٌتەدا 56 نەتەوەی جیاواز هەن کە نەتەوەی ((هان )) ڕێژەی 91٪ ی دانیشتوانن و دینی ڕەسمی ئەم ولاٌتە بریتیە لە

(( کۆنفۆشیۆسی و تائیە )) جگە لە دیانەتەکانی (( بوزی و مەسیحی و ئیسلام و ...هتد)). چین خاوەنی سوپایەکی گەورەی 2ر5 ملیۆن سەربازە کە یەکەم سوپایە لە هەموو دونیادا لەڕووی ژمارەوە و خاوەنی چەکی ئەتۆمیشە و لەساڵی 2007دا بودجەی ئەم سوپایە بریتی بوو لە 48 ملیار دۆلار.

## • حیزبی شیوعی چینی

ئەم حیزبە بەگەورەترین حیزبی دنیا دادەنرێت لەڕووی ژمارەوە و لەمانگی 1921/6وە دامەزراوە و لە ئێستادا خاوەنی 70–73 ملیۆن ئەندامە کەڕێژەی 5ر3٪ هەموو دانیشتوان پێك دەهێنێت .

ئەم حیزبە خۆی بەڕابەر و پێشەوای چینی کرێکارانی چینی و گەلی چین و نەتەوەی چین دادەنێت و خۆی بەهێزێکی بنەڕەتی دادەنێت کە ڕابەرایەتی مەسەلەی سۆشیالیستی دەکات.ئەم حیزبە لەنێوان ساڵانی 1921–1949 ڕابەرایەتی خەباتی گەلی چینی کرد دژی ئیمپریالیەت و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و بیرۆکراسیەت و لە کۆتایدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کۆماری گەلی چینی دامەزراندا.

لەساڵی 1949 وە کۆماری گەلی چینی دامەزراوە ئەم حیزبە کاری سەرەکی بریتی بووە لە پاراستنی سەروەری و سنوری چین و ئەمن و ئاسایش و کۆمەڵگای چینی تازە دیموکمراسی گۆڕی بۆ کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و گەلێك سەرکەوتنی گەورەی ئابوری و ڕۆشنبیری و بێوێنەی بەدەست هێناوە.ئەم حیزبە هەموو 5 ساڵ جارێك کۆنگرەی نیشتیمانی دەبەستێت و تائێستا 17 کۆنگرەی بەستوە و دواهەمینیان لە 2007/10/15دا بوو.

گەورەترین و مەزنترین سەرکردەی ئەم حیزبە بریتی بوو لە ماوزە تۆنگ((ماوتسی تۆنگ – ماو 1893–1976)) کە بە ڕابەرایەتی ئەم سەرکردەیە توانرا ((ڕێڕۆیشتنی درێژ و گەورە)) ئەنجام بدرێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەشەڕی ناوخۆو ئەهلی چیندا کە زیاتر لە 28 ساڵی خایاند و کۆماری گەلی چینی

دامەزراند.و لەساڵی 1958یشدا پڕۆژەی(( هەنگاو بۆ پێشەوە )) ی ئەنجام درا و لەساڵی 1966(( شۆڕشی کەلتوری )) ئەنجام دا.و لەساڵی 1946 یشدا یەکەم بۆمبی ئەتۆمی تاقیبکاتەوەو دواتریش بۆمبی هایدرۆجینیشی وەدەست هێنا.
ئەم حیزبە لەدوای ساڵی 1976 وە دوای مردنی ماوتسی تۆنگ و لەساڵی 1978وە لەخولی سێیەمی لیژنە مەرککەزی ((11)) هەم لەکۆتایی ساڵی 1978دا دەستی کردە پەیڕەوکردنی سیاسەتی(( ڕیفۆرم و کرانەوە )) بەسەر دونیای دەرەوەدا.کەلەلایەن ڕابەری حیزبەوە (( ونغ شیاو بینغ))وە بەرپاکرا. لەئەنجامدا گەلێك دەسکەوتی گەورەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەدەست هێنا کە بوە مایەی سەرنج ڕاکێشانی هەموو دونیا . ئەم حیزبە لەبواری سیاسەتی دەرەوەدا پەیڕەوی بنەماکانی (( ئاشتی وسەربەخۆیی و پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و سەروەریەکەی و دژایەتی سیاسەتی هەیمەنە و بەکارهێنانی هێز و سیاسەتی پاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی)) دەکرد.
ئەم حیزبە تاکو ئێستا پەیوەندی لەگەڵ 300 حیزبی جۆراو جۆر هەیە لە 120وڵاتی دونیادا. ئەم حیزبە حیزبێکی یەکگرتوو ڕێکخراوە بەپێی دەستوورێکی خۆی کە لەسەر بنەمای((دیموکراسیەتی مەرکەزی ))بنیاتنراوە.و هەموو هاوڵاتیەکی چینی بۆی هەیە ببێتە ئەندامی ئەم حیزبە کە تەمەنی گەیشتبێتە 18ساڵ لەهەموو چین و توێژەکانەوە بەمەرجێ لەئۆرگانێکی حیزبدا بەجدی کاربکات و ئەندامانە بدات و بڕوای بە پەیڕەو و بەرنامەی حیزبی شیوعی هەبێت و چالاکانە کار بکات و بڕیارەکانی حیزب جێبەجێبکات.
ئەم حیزبە لەسەر ئاستی نیشتیمانی ئەم ئۆرگانانەی هەیە:-
1.کۆنگرەی نیشتیمانی کە هەموو 5 ساڵ جارێك دەگیرێت.
2.لیژنەی مەرکەزی، لەدوای کۆنگرەوە دادەنرێت بەباڵاترین دەزگای حیزب تاکۆنگرەیەکی تر.
3.مەکتەبی سیاسی
4.لیژنەی هەمیشەیی بۆ مەکتەبی سیاسی
5.دیوانی لیژنەی مەرکەزی

6.لیژنەی سەربازی مەرکەزی

7.لیژنەی تاقیکردنەوەی دیسپلینی مەرکەزی

بەلای یەکێك لەشارەزاکانی مێژووی ئەم حیزبەوە (( لیاو بینغ)) لەباکوری ڕۆژهەڵاتی چین وایە کە (( کۆنگرەکانی حیزب گرنگیەکی گەورەی هەیە، چونکە لەم کۆنگرانەدا سیاسەتی 5 ساڵی داهاتووی حیزب و حکومەت دیاری دەکات لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و فەرهەنگی و زانستی و ..هتدا. و دەبێتە مایەی هەنگاونانی گەورە بۆ پێشەوە لە ڕیفۆرمی حیزب و پێشخستنیدا)).

**هەڵەو کەموکوڕیەکانی**

**حیزبی شیوعی چینی لە پڕۆسەی ڕیفۆرمدا**

1.لەبەر کەمی شارەزایی و کەم ئەزمونی لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری گەلی چیندا ئەم حیزبە کەوتە گەلێك هەڵەوە لە خەباتیدا بەرەو سۆسیالیستی ، کاتێك هەستا بە ڕیفۆرمی سۆسیالیستی لە موڵکیەتی تایبەت و ئامێرەکانی بەرهەمدا لەساڵی 1956دا.

2.بەهەمان شێوە کەوتە هەڵەیەکی کوشندەی ترەوە کاتێ هەستا بە (( شۆڕشی کەلتوری گەورە)) کە بەردەوام بوو لەساڵی 1966 بۆ ساڵی 1976.

3.دواتریش و لەدوای ساڵی 1978وە دەستپێکردنی سیاسەتی ڕیفۆرم و کرانەوە و بەدەستهێنانی پێشکەوتن و گەشەکردنە گەورانەدا، حیزب و دەوڵەت خاڵی نەبون لە هەڵەو کەموکوڕی (( هەر لە گەندەڵی و زوڵم و زۆر و پشتگوێخستن و کەنارگیرکردنی جەماوەر و پارتی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و هەڤاڵانی حیزبیش)) .بەشێوەیەك کە ئاگادارانی نێودەوڵەتی بەم بارودۆخەی ناوخۆی چینی دەڵێن (( بۆمبی تەوقیتکراوی چینی)) کە ئامادەیە لەهەر ئان و ساتێکدا بتەقێتەوە.

## ڕیفۆرمی سیاسی

- بەلای چینیەکانەوە ڕیفۆرمی سیاسی بریتیە لە(( گۆڕانکاری لەدام و دەزگاکاندا بەرەو تێگەیشتن لە دیموکراسیەت، سەروەری یاسا، فراوانکردنی بواری هاوبەشیکردنی سیاسی ،پاراستنی مافی مرۆڤ، دەرکەوتنی سەرکردایەتی نوێ)).
- ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بریتیە لە (( گەشەکردنی چینی مام ناوەند)).
- ڕیفۆرمی ئابوری بریتیە لە (( فراوانبونی بواری کەرتی تایبەت و گەیشتن بە زانیاریەکان)).
- سەرەتای پەیڕەوکردنی سیاسەتی (( ڕیفۆرم و کرانەوە)) لەکۆتایی ساڵی 1978 وە دەستی پێکرد بە 2 ساڵ دوای مردنی ماوتسی تۆنگ. چونکە لەساڵی 1949 وە تا 1976 ماوتسی تۆنگ ببوە نیمچە خوایەك لەلای گەلانی چین و بڕیاردەری سەرەتا و کۆتا بوو. بەهێز و کاریزمایی خۆی سەپاندبوە سەر دڵ و مێشك و دەروون و کاروکردەوەی تاکەکان و حیزب و دەوڵەت.لەو ماوەیەشدا ڕابەرایەتی گەلێك هەڵمەتی نیشتیمانی کرد کە زۆربەیان بەزەرەرو زیانی گەورە شکانەوە بەسەر گەلانی چینداو بوونە مایەی برسێتی و هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و دواکەوتوویی. بەهۆی شەڕ و پەلاماردانە سەربازیەکان لە کۆریای باکور و هندو تبت و خراپی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتیدا.کە هەموو ئەم کارانە وایان کرد چین ببێتە وڵاتێکی داخراو و کەنارگیر و دواکەوتوو لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بڵاوبونەوەی ناعەدالەتی وهەژاری و نەخۆشی و گەندەڵی و بێخزمەتگوزاری و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و ...هتد.کەچیتر نەدەکرا هەموو ئەم کێشە هەنوکەییانە پشتگوێبخرێنەوە هەربۆیە (( سیاسەتی ڕیفۆرم و کرانەوە)) بوە بەرنامەی کاری حیزب لەناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیشدا.
- پڕۆسەی ڕیفۆرم لەنێوان لیبڕاڵەکان و موحافیزەکارەکانی ناو حیزبی شیوعیدا سەریهەڵدا.بەشێوەیەك کە لیبڕاڵەکان پێیان وابوو کە هەردەبێت باهۆزی دیموکراسی لە چیندا چێ ببێت و گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و لەناو حیزبیشدا

بکرێت. بەڵام موحافیزکارەکان ڕیفۆرمیان تەنها بەوەندە قبوڵ بوو کە دەسەڵات و هەیمەنەی حیزبی شیوعی پارێزراوبێت بەسەر هەموو بوارەکاندا.

## قۆناغەکانی پڕۆسەی ڕیفۆرم

شارەزایانی ئەو بوارە پڕۆسەی گەشەکردنی چینی بۆ ڕیفۆرمی سیستەمی سیاسی دەکەنە چوار قۆناغ:-

1.قۆناغی نێوان ساڵانی 1978-1980

2.قۆناغی نێوان ساڵانی 1980-1984

3.قۆناغی نێوان ساڵانی 1984-1990

4.قۆناغی نێوان ساڵانی 1990-تاکو ئێستا

پڕۆسەی ڕیفۆرمی سیاسی لە چیندا لەکۆتایی ساڵی 1978 وە دەستی پێکردوە و بەهێواشی و هێمنی تاساڵی 1989 گەلێك کاری چاکسازی لەهەموو بوارەکاندا جێبەجێکردوە. بەڵام لەدوای خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە خوێناویەکەی خوێندکاران لە گۆڕەپانی (( تیانئامین)) ی ساڵی 1989 ئەم پڕۆسەی ڕیفۆرمە سیاسیە وەستاو بەدرێژایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو بەردەوام بوو.

لە ئێستادا و دوای گۆڕانکاری لەدەستووری چیندا لەساڵی 2004 وە گۆڕانکاری لە هەندێ بەندو بڕگەی دەستووردا کرا بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیان بە بواری ئابوری و گەشەی ئابوریەوە هەبوو. بۆیە جارێکی تر بیرۆکەی ڕیفۆرمی سیاسی سەریهەڵدایەوە. چونکە نەدەکرا لەگەڵ ئەو گەشە و پێشکەوتنە ئابوریە گەورانەدا ڕیفۆرمی سیاسی پشتگوێ بخرێت.

چینیەکان پێیان وابوو کە سەرنەکەوتنی گۆرباتشۆف لە یەکێتی سۆڤیەتدا لە جێبەجێکردنی ڕیفۆرمە سیاسیەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش ڕیفۆرمی ئابوری دەستیکرد بە ڕیفۆرمی سیاسی. و ئەوان وای بۆ دەچن کە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی و هەڵوەشانەوەی بەهۆی سستی و گەشەنەکردنی ئابوری 20ساڵەی حوکمی بریجنێڤەوە نەبووە بەڵکو بەهۆی هەڵەی گۆرباتشۆفەوە بووە لە ڕیفۆرمە سیاسیەکاندا.

بۆیە بەلای چینیەکانەوە گرنگە کە زەمینە سازی لەبار و ڕێگە خۆشکردنی تەواو بکرێت و چاکسازیە ئیداری و ئابوری و دارایی و باجەکان و دادەوەری و تەندروستی و کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی لەشارو لادێکاندا وەکو یەك بکرێت ئەوسا هەنگاو بەرەو ڕیفۆرمی سیاسی بنرێت بۆئەوەی توشی هەڵەو شکست نەبێت.

## (( بەشی دووەم ))

## بۆچوونەکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی چینی دەربارەی ڕیفۆرمی سیاسی

- لە 2007/11/24 دا سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لە چین (( ون جیاباو)) ڕایگەیاند:-

کە ڕیفۆرمی سیاسی لە چیندا پرۆسەیەکی گشتگیر و ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئابوری و سیاسی وەکو یەك دەگرێتەوە.و پێویستە پرۆسەی ڕیفۆرمی سیاسی لە دەوڵەتێکی گەورەی وەك چین کە ژمارەی دانیشتوانەکەی یەك ملیار و سێ سەد ملیۆن کەسە بەشێوەیەکی ڕێخکراو و وورد و بە باشی بەڕێوە بچێت.هەروەها ڕایگەیاند کە زامنی سەرکەوتنی ڕیفۆرمی ئابوری بریتیە لە سەرکەوتنی ڕیفۆرمی سیاسی.

سەرکردایەتی سیاسی چینی پێیوایە کە :-

ڕیفۆرمی سیاسی ئەوەیە کە گەوهەری پیاداچونەوەی هەیکەلی سیاسی لە چیندا ئامانجی تێکەڵکردنی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی چین و سەروەری یاسایە لە ئیدارەدانی کاروباری گشتی لەگەڵ ڕۆڵی گەل بەو سیفەتەی گەل خۆی خاوەنی سەروەری خۆیەتی.

سەرکردایەتی چینی لە ئێستادا بە 4 ئاڕاستە کار دەکات:-

1.پێویستە دیموکراسیەت گەشە پێبدرێت،بۆ پاراستنی مافی دیموکراسیەت بۆ گەل و ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ ئەو گەلە.

2.پێویستە سیستەمی دادەوەری باش بکرێت لەڕێگەی باشکردنی یاسادانان و باشکردنی ئیدارە بەپێی یاسا و قوڵکردنەوەی ڕیفۆرمی ئیداری.

3.پێویستە وڵات بەڕێوەببرێت بەپێی یاسا.و پێویستە سۆشیالیستی و دیموکراتی زیاتر بچەسپێنرێت و بەداموەزگایی (( مؤسساتی )) بکرێت و زیاتر پێوانەیی بکرێت بەگۆڕینی سەرکردایەتی و گۆڕینی ڕاوبۆچونەکان و گۆڕینی گرنگی پێدانەکانی سەرکردایەتی.

4.پێویستە پاڵپشتی چاودێری (( مراقبة )) بکرێت.جەخت لە دانانی حکومەت لەژێر چاودێری گەلدا بێت کرایەوە.پێویستە پشتگیری لە دیموکراسیەت و چاودێری بکرێت.تەنها بەم شێوەیە دڵنیا دەبن لەوە کە حکومەت کەمتەرخەمی ناکات لە جێبەجێکردنی ئیشەوکارەکانیدا و دڵنیابوون لەوەی بە گۆڕینی سەرکردایەتی سیاسەتەکان پەکیان ناکەوێت.

- بەهەمان شێوە لە دوای کۆنگرەی 17 هەمی حیزبی شیوعیەوە و لە کۆبونەوەیەکی لیژنە مەرکەزی حیزبدا لە 2008/2/27دا لەسەر چەند خاڵێك جەختکرایەوە بەمەبەستی قوڵکردنەوەی ڕیفۆرمی سیاسی بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا ڕێبکات لەوانە:-

پاراستنی مافە دیموکراسیەکان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی ،دادوەری لە وڵاتدا.و پێداگیری کرا لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای دیموکراسیەت،چونکە سۆشیالیستی دیموکراتی ئامانجێکی دێرینی حیزبە. هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر پابەند بوون بە سیستەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل و باشکردنی و هاوکاریکردن لەگەڵ پارتە سیاسیە جیاوازەکان و سیستەمی ڕاوێژی سیاسی لە ژێر ڕابەرایەتی حیزبی شیوعیدا گونجاوە لەگەڵ داواکاریەکانی پشتگیری کردنی سیستەمی سۆشیالیستی و بەرەی یەکگرتووی نیشتیمانی.کە ئەرکێکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی سۆشیال دیموکراتی.

## گۆڕان لەئەرکی حکومەتدا

هەروەها کۆبونەوەکە ڕەزامەندی دا لەسەر قوڵکردنەوەی سیستەمی ئیداری لە وڵاتدا.و چاوخشاندنەوە بە هەیکەلی دامودوزگای ئەنجومەنی دەوڵەت.بەمەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداری سۆشیالیستی سانا وچالاك بە شێوازی چینی تاساڵی 2020. بەشێوەیەك کە ئەرکەکانی حکومەت گۆڕانی بەسەردا بێت و جەخت کرایەوە لەسەر ئەرکی حکومەت لە ڕێکخستنی ئابوری و چاودێری بازاڕ و ئیدارەدانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری گشتی ،ئاسان کردن و یەکخستنی ڕێوشوێنە ئیداریەکان و پەسەندکردنیان، بۆ هاندانی گەشەکردنی ئابوری ،دروستکردنی زیاتری فورسەتی کار ،وجێگیرکردنی نرخەکان و پارێزگاریکردنی بودجەی خەرجیە نێودەوڵە تیەکان بەو سیفەتەی لەئامانجە سەرەکیەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابوری گشتی .بۆ پشتگیرکردنی ئەرکی حکومەت لە بواری ڕێکخستنی دابەشکردنی داهات و کەمکردنەوەی بۆشایی ئەگەر زۆر گەورە بێت.بۆ پشتگیری و دامەزراندن و باشکردنی سیستەمی باربۆی کۆمەڵایەتی کە ڕێبکات لەگەڵ ئاستی گەشەی ئابوریدا.

## دەسکەوتە گرنگەکان

## لەسەر ڕێگای ڕیفۆرمی سیاسی

1.جەختکردنەوە لەسەر ڕیفۆرم لەلایەن حیزبی شیوعی خۆیەوە. ئەرکر سەرەکی حیزب بریتیە لە ڕیفۆرم لەدەسەڵاتدا لەبواری یاسادا.بۆ ڕاسکردنەوەی پەیوەندی نێوان حیزب و حکومەت و دام ودەزگاکان و دامودەزگای کۆمەڵایەتی.

2.پاڵنان بەدیموکراسیەتەوە لەناوخۆدا.لەشێوەی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی حیزب و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سکرتێری حیزب و سەرپەرشتی کردنی دروستکردنی سیستەمێك بۆ کادرە باڵاکان.بەمەبەستی باشکردنی دروستکردنی سیاسەت لەهەموو ئاستەکاندا بۆ حیزب و حکومەت لەپێناو زامنکردن و زانستی دیموکراسی دروستکردنی سیاسەتدا.

3.فراوانکردنی مەودای دیموکراسی لەئاستی بنکەی جەماوەردا لە چوارچێوەی باشکردنی حوکمی خۆجێییەتی لە نێوان گوندنشینەکان و شارنشینەکاندا بۆ پێشخستنی شێوازی جۆراو جۆر لە دیموکراسیەت و فراوانکردنی مەودای هاوبەشیکردنی هاولاّتیان لەکاروباری سیاسیدا.

## نمونەی سزادانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لەگەڵ ئەندامانیدا لەسەر کاری گەندەڵی

لەچوارچێوەی سیاسەتی بەرگرتن و ڕاوەستان و نەهێشتنی گەندەڵیدا، لیژنەی مەرکەزی (( 16 )) هەم بڕیاری مەکتەبی سیاسی ڕاستاند لەسەر دەرکردنی ئەمینی حیزبی پێشووتری لە شانغاهای (( تشن لیانغیۆی)) لەحیزب کە نابراو تەمەنی 61 ساڵ بوو لەسەر گەندەڵی لە ((صندوقی یارمەتی کۆرمەلاّیەتی )) ، ناوبراو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لیژنەی مەرکەزی حیزبیش بوو کاتێك ئەو گەندەڵیە ئاشکرابوو.ئەم پیاوە هەستاوە بەبەکارهێنانی دەسەلاّتەکانی بۆ هاوکاری شارەوانی شانغاهای بۆ کارکردن و یارمەتی کۆمەلاّیەتی بۆ پێدانی قەرزی گەورە لەو صندوقەی باربۆی کۆمەلاّیەتیەی شانغاهای بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان بە شێوەیەکی نایاسایی کە ئاسایشی ئەو صندوقەی خستبوە مەترسیەوە. هەروەها هاوکاری کۆمپانیا تایبەتەکانی داوە بۆ کڕینی پشك لە کۆمپانیا دەوڵەتیەکاندا کەزیانی گشتی لێکەوتۆتەوە.هەروەها ناوبراو دەسەلاّتەکانی بەکار هێناوە بۆ دەستخستنی قازانجی نایاسایی لە ڕێگەی مۆڵەتی وەبەرهێنان و پێدانی پارەو بەرزکردنەوەی لێپرسراوە بچوکەکان و ..هتد.هەروەها خۆی و خێزانەکەی بڕە پارەی گەورەیان وەرگرتوە وەك بەرتیل و ناوبراو لەڕووی ئەخلاقیشەوە کەسێکی گەندەڵ و هەوەس باز بوە.بەهەمان شێوە پالّپشتی کەسانی نزیکی خۆی کردوە کە یاسا پێشێل بکەن بەمەش ناوبراو زیانی گەورەی گەیاندە ناو و ناوبانگی حیزب کە کاریگەری زۆر خراپی هەبوو لەڕووی کۆمەلاّیەتیەوەو لە ئەنجامدا ناوبراو لەهەموو پۆستەکانی دوورخرایەوە و پۆستی ئەندامی پەرلەمانیشی لێوەرگیرایەوە.

هــەروەها مەکتــەبی سیاســی بڕیــاری دەرکردنــی (( دوشــی تشــنغ))دا کەنوێنــەری ئەمینی پێشووتری حیزب بوو لە هـەرێمی شاندونغ. تەمـەنی نـابراو 57 سـاڵ بـوو کە ئەمینی پێشووتری حیزب بوو لە شاری تشینغداو لە هەرێمی شاندونغ، بەهۆی بەرتیل وەرگرتن و گەندەڵی ئەخلاقی و داراییەوە.

## کۆتایی

بـەم شێـوەیە ئـەزمونی چـین لـە پرۆسـەی گـۆڕان و ڕیفـۆرمی سیاسـی و ئـابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی و ..هتد.گەلێك دەسکەوتی گـەورەو گرنگی وە دەستهێناوە بەشێوەیەك لەکاتێکدا لەسـاڵی 1978دا 250 ملیـۆن کـەس لەژێر هێڵی هەژاریەوە بوون بـەڵام لەسـاڵی 2007دا ئـەو ژمارەیـە کـەمبۆوە بۆتـەنها 85 ملیۆن کەس.

هەربۆیـە هـەرکاتێ باسـی ئـەزمونی چین دەکرێـت لەپرۆسـەی گـۆڕان وڕیفۆرمـدا بـە ئەزمونێکی سەرکەوتوو دادەنرێت، چونکە پرۆسـەی ڕیفۆرمەکـەیان تایبـەت بەگـەل و خاکی چین و هاوجووتە لەگەڵ داب و نەریت و کەلتوری خۆیانـدا و شـارو لادێـی وەکــو یــەك گرتۆتــەوە و بــەهێمنی و بێــدەنگی و لەســەرخۆی و پشــوودرێژی جێبەجێی دەکەن.

بەڵام ئەم ئەزمموونە سەرکوتوەی چین دەکرێت سوودی لێوەربگیرێـت لەلایـەن گـەلان و وڵاتان و کۆمەڵگاکانی ترەوە نەك کتومت وەك چینیەکان لە وڵات و کۆمەڵگاکانی خۆیانـدا جێبـەجێی بکـەن. هەربۆیـەش حیزبـی شـیوعی چـینی ئامۆژگاریـان بـۆ گـەلانی تـر ئەوەیـە کـە (( سـەیری ئەزمونەکـەمان بکـەن و زانیـاری تـەواوی لەسـەر وەربگرن.بــەڵام ئــەو ڕۆژەی ماڵئــاوایی دەکەن.هــەر هــەمووی لــە شــوێنی خــۆی بەجێبهێڵن و ئەزمونەکەمان لـەبیری خۆتـان بەرنەوە.چونکە ئـەم ئەزمونـە تـەنها بـۆ چین دەست دەدات و بەکەڵکی کەس نایەت)).**

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی سیاسی و دەسەڵاتی کـوردی بەگشـتی و بەتایبەتیش سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردوسـتان، چۆن دەتـوانن سـوود لـەو ئەزمونـە وەربگـرن؟ بۆچـی تـا ئێسـتا کـە هێنـدە بەشـان و بـاڵی ئـەم ئەزمونـەی

چیندا هەڵدەدەن جێبەجێی ناکەن؟ئایا دەتوانن هێندەی حیزبی شیوعی ئازا و چاونەترس و ڕاشکاوبن لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدا بۆ لێپرسینەوە و دەرکردن و سزادانیان لەسەر گەندەڵیەکانیان؟

لەوەڵامدا دەڵێین، پرۆسەی گۆڕان و ریفۆرمی سیاسی لە چیندا لە سەرکردایەتیەوە دەستیپێکرد و شۆڕبۆوە بۆ هەموو ئۆرگانەکانی حیزب و دەوڵەت و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە. لەبەر ئەوە ئەگەر کوردیش چاو لەو ئەزمونە بکات دەبێت لەکەسی یەکەمی حیزب و حکومەتەوە دەست پێبکات و دواتریش بۆ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و هەموو ئۆرگانەکانی تر شۆڕببێتەوە.

هەرکاتێ ئەو کارە کرا ئەوا بەدڵنیاییەوە پرۆسەی ریفۆرمیش لەکوردوستاندا بەهەمان شێوەیەی چین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە کرا ئەوا پرۆسەی گۆڕان و ریفۆرم تەنها وەك دروشمێکی باق و بریقی بێ ناوەڕۆك دەمێنێتەوە و لەئەنجامیشدا ڕەوەڕەوەی پێشکەوتن و گەشەکردنەکانی دونیا بەجێمان دەهێڵێت و تەنها گەل و نەتەوەکەشمان زەرەرمەندی گەورە دەبن نەك سەرکردە و ڕابەرە گەندەڵەکان و ئەزمونەکەشمان لەجێگەی خۆیدا دەمێنێتەوە و پێش ناکەوێت .

==================

** بابەتی (( گەشتی چین و ماچین))/ مامۆستا جەعفەر / ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە 4702 لە 2008/10/19دا .

---

*ئەم بابەتەم لە پێگەی (( سبەی )) دا بڵاوکراوەتەوە لە 2008/11/3 دا.

# بەشی چوارەم

# مەترسیەکانی
# وزەی ئەتۆمی لەسەر مرۆڤ و ژینگە *

## پێشەکی

لەگەڵ سەرەتای بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ وزەی ئەتۆمی پێش زیاتر لە 50 ساڵ ، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی جۆرێکی نوێ بووەوە لەکارەسات کە لەوەوپێش نەناسراوبوون ، هەروەها زمانە جیاوزاەکانیش هەندێ وشەو زاراوەی نوێیان هاتە نێوەوە کە لەوەوپێش نەبینرابوون وەك ((پارێزگاری تیشکدانەوە ،مەترسی ئەتۆمی )) ،کێشەو مەترسیە ئەتۆمیەکان لای هەموان و لەسەر ئاستەکان جێگەی گرنگی پێدان بون بەهۆی ئەو ترسە ئەتۆمیەی کە لەئەنجامی یەکەم تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە هێرۆشیما لە 1945/8/6 و شاری ناگازاکی لە 1945/8/9 دا بەجێیان هێشت لەیابان لەکۆتای جەنگی جیهانی دووەمەوە .

بەهەمان شێوە ئەو زانایانەی کەکار دەکەن لە بواری فیزیای نەوەوەیولێپرسراوە سیاسی و سەربازیەکانیش لە مەترسی وزەی ئەتۆمی تێگەیشتوون کەچەند وێرانکەرە لەپاڵ سیفاتە باشەکانیدا لەسودوکەڵك وەرگرتن لێی .هەر ئەم مەترسیە ئەتۆمیەش بوو کە هانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی دا کەلیژنەیەکی زانستی پێك بێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەکاریگەری تیشکی ئەتۆمی لە ساڵی 1955 دا بۆ سەر مرۆڤ .

دواتر ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی لەساڵی 1957 دا پێك هێنا کە هەڵدەستێت بەگەشەپێدانی بەکارهێنانی ئاشتی بۆ ئەم جۆرە وزەیە لە هەموو بوارەکاندا کەسوود بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت ،بەم شێوەیە زۆربەی وولاتانی دونیا هەستان بەپێك هێنانی لیژنەودەزگای نیشتیمانی بۆچاودێری کردنی بواری پاراستن لەتیشکدانەوەو کارەساتی ئەتۆمی .،دەتوانرێت ووزەی ئەتۆمی بەرهەم بێت لەو هێزە زۆر گەورەیەی کەپەروەردگار خستویەتیە ناوکی ئەتۆمیەوە ، بەشێوەیەك وزەی ئەتۆمی دێتە بەرهەم کاتێك گۆڕان بەسەر پێك هاتە دروست بونی گەردیلەدا بهێنرێت کە ئەمەش بەکارلێکی ئەتۆمی ناسراوە .

بۆ ئەوەی خوێنەران بەئاسانی لەبابەتەکە تێبگەن ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕاڤەی دەکەین :-

گەردیلە لەناوک پێك دێت و بەدەوریدا ئەلکترۆن دەسوڕێتەوە ، قەبارەی

$$\text{یەک گەردیلە} = \frac{1}{1000000} \text{ ملیمەتر}$$

( یەك لەملیۆن لە ملیمەتر ).قەبارەی ناوك < 10000/1(کەمتر لە 1 لەسەر دەهەزار لە قەبارەی گەردیلە ، هەموو ناوکێك پرۆتۆنات و نیوترۆناتی تیادایە ، کەدەکرێت پێکهاتەی گەردیلە بەکۆمەڵەی ڕۆژ بچوێنرێت کە ڕۆژ بریتیە لەناوك و هەسارەکانیش کەبەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێنەوە بریتین لەئەلەکترۆنەکان ئاشکرایە لەزانستی فیزیادا کەهەموو بارگە وەك یەکەکان لەیەکتری دوور دەکەونەوەو هەموو بارگە جیاوازەکانیش لەیەکتری نزیك دەکەونەوە ،لەپێکهاتەی گەردیلەشدا بەهەمان شێوەیە ، وەك پێشتریش باسمان کرد کە ناوك پێك هاتووە لەپرۆتۆنات کەبارگەی موجەبی (+)هەیە و کێشی بریتیە زیاتر لە (1836) جار لەکێشی ئەلکترۆن کەبارگەی سالبی (-) هەیە ، کەئەمەش دەبێتە هۆی نزیك بونەوەی ئەلکترۆنەکان لە پرۆتۆنە قورسەکان ، بە بەراورد لەگەڵ ئەلکترۆندا کە بەدڵنیاییی بەر پرۆتۆنەکان دەکەوێت لەبەر بونی هێزی کێش کردن لەنێوان بارگە جیاوازەکاندا ، بەڵام خێرایی ئەلکترۆنەکان وادەکات کەبسوڕێتەوە بەدەوری ناوکدا بەشێوەیەك کەناتوانێت ڕاییکێشێت بۆ لای خۆی بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت لێشی دوربکەوێتەوە وەك ئەوشێوازەی لەکۆمەڵەی ڕۆژدا لەنێوان ڕۆژ وهەسارەکانی تردا ڕوودەدات ، بۆ ئەوەی ڕوودانی لێکدورکەوتنەوە لەنێوان پرۆتۆنەکانی ناو ناوکدا ڕوونەدات چونکە هەموویان هەمان بارگەی مووجەبیان (+)هەیە ،لەناو ناوکدا توخمێکی تر دۆزرایەوە کەبریتییە لە نیۆترۆنات کەبارگە یەکسانە واتە ((موجەب و سالب )) کەوەك ئامرازێکی پێکەوەلکان وایە لەنێوان پرۆتۆنەکاندا بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە

لەناوکدا لەجیاتی ئەوەی لەیەك دووربکەونەوە بەشێوەیەك کەبارگە هاوشێوەکان پاڵدەنێن بەیەکترەوەو بەهۆیەوە نیوترۆنەکان ڕێگە لەناوچوونی گەردیلە دەگرێت.

هەموو توخمێك لەدونیادا ژمارەیەکی دیاریکراوی لەپرۆتۆنات (+)هەیە کەئەو ژمارەیەش پێی دەوترێت ژمارەی گەردیلەیی (Atomic Namber) کەئەم ژمارەیە ناوی توخمەکە وسفاتەکانی دیاری دەکات ، هەروەها هەموو توخمێك ژمارەیەك ئەلکترۆناتی تیادایە کەیەکسانە بەژمارەی پرۆتۆنەکان بەشێوەیەك کەبارگەی یەکتری بەتاڵ دەکەنەوەو بەمەش توخمەکە لەحاڵەتێکی وەستاودا دەبێت ، لەئێستادا 112 توخم لەسروشتدا دۆزراوەتەوە .

## پێشکەوتنی زانستی کیمیا :

هەمووان دەزانین کە خەونی مرۆڤ بوە هۆی پێشکەوتنی زانستی کیمیا کەئەویش بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ گۆڕینی کانزای هەرزان بۆ ئاڵتون کەئەمەش کارێکی مەحاڵە لەبەرئەوەی هیچ کارلێکێکی کیمیاوی ناتوانێت پێك هاتەی گەردیلە بگۆڕێت لەژمارەی پرۆتۆنەکاندا بەمەش مرۆڤ ناتوانێت ئەو خەونەی بهێنێتە دی و ببێتە خاوەنی ئاڵتون لەکانزا هەرزان بەهاکانەوە بەبێ جێبەجێکردنی هیچ کارلێکێکی کیمیاوی .ئەوەی کەڕوودەدات لەکارلێکە ئەتۆمیەکاندا ((کارلێکە فیزیاویەکان )) بریتیە لەوەی کە ناوکی گەردیلەکان لەیەکتر نزیك دەبنەوە ( گۆڕین لە گەردیلەدا )) . لەئەنجامی کاریگەری گەورەی وزەوە بەدووڕێگا :-

1.گەردیلە دابەش دەبێت بۆ دوو، دووش بۆ چوار و بەم شێوەیە ....... کەپێ دەوترێت توانەوەی ئەتۆمی هەر لەبەر ئەم هۆیە گەردیلەیەکی گەورە بەکاردەهێنرێت وەك گەردیلەی (( یۆرانیۆم )) کە ژمارەیەکی گەورەی پرۆتۆناتی لەناوکدایە .

2.لکاندنی گەردیلەیەکی بچوك بەیەکێکی ترەوەو بەم شێوەیە کە بەم کردارەش دەوترێت ((پێکەوەلکانی ئەتۆمی )) لەبەر ئەم هۆکارەش گەردیلەی بچوکی هایدرۆجین بەکار دەهێنرێت کەیەك پرۆتۆنی هەیە لەناوکدا ،لەم ڕاستیانەوە دەتوانین خەیاڵ بکەین کەچۆن دەتوانین وزەمان دەست بکەوێت بەپێی بیردۆزەی ئەنیشتاین کاتێك دووگەردیلە پێکەوە دەلکێن یان گەردیلەیەك جیادەکەینەوە بۆ

دووگەردیلـە ئـەوا وزەیـەکمان دەسـت دەکـەوێت کەیەکسـانە بەبارسـتاییە تازەکـە ×دووجای خێرایی ڕووناکی ( کارلێکێکی زنجیرەیی بیٚ کۆتا ) .

* کرداری پێکەوە لکان یان توانەوەی ئەتۆمی بنچینەی دروست بوونی کەونـە ، کـاتیٚ پێکـەوە لکـانی گەردیلەیـەکی هایـدرۆجین و گەردیلەیـەکی هیلیـۆم ڕوودەدات تــوخمێکی قورســتر بەرهــەم دیٚــت کەئــەم کارلێکــەش دادەنرێــت بــەکارلێکێکی بنچینەیی بۆ دروست بـونی ڕۆژ و پاراسـتنی وزەکـەی و ئـەم کارلێکـەش بـەردەوام دەبێت و بەبـەردەوامیش تـوخمی نوێمـان دەسـت دەکـەوێت تـا ئەوکاتـەی تـوخمی ئاسـنمان دەسـت دەکـەوێت کـەژمارەی پرۆتۆنـەکانی بریتیـە لـە 60 و ئیـدی وزەی نامێنیـٚت ، ئیـدی ناتوانرێـت تـوخمی نـویٚ دروسـت بیـٚت ، کاتیـٚك ئەسـتێرەیەك لەناوەندیدا بڕێکی زۆر  ئاسنی تیادا دەبێت مانای ئەوەیە کەئەو    ) ئەستێرەکان.

## * سودەکانی وزەی ئەتۆمی :

ئاشکرایە زەوی سامانێکی دیاریکراوی هەیە لەنـەوت و خـەڵوز و ئـەم توخمانـەش بـەکاردەهێنرێن لـەماوەی 63 - 95 سـاڵدا ،بـڕی هـەبووی فعلـی لەیـەدەکی نـەوت لەجیهاندا مەزەندە دەکرێت بەسـنوری (1,4– 2,1) تریلـۆن بـەرمیل ،ئـەو ماوەیـەی سەرەوە 63 – 95 ساڵ دیـاریکراوە لەسـەر بنچینـەی بەکارهێنـانی فعلـی نـەوت لـە ئێستادا لەگەڵ زیادە بەرێـژەی 1  -  2٪ سـاڵانە لەکاتێکـدا نێوەنـدی بەکارهێنـانی ساڵانە لەسنوری 80 ملیۆن بەرمیل نەوتە ، بۆ مەبەستی بەراورد کردن هـەر 1 تـەن لەیۆرانیۆم وزەیـەك دەدات کەیەکسـانە بـەو وزەیـەی کەبەرهـەم دێـت لـە مـەلاین تـەن لەخـەڵوزو مـەلاین بـەرمیل لەنـەوت .کاریگەرەخراپـەکانی سـوتانی خـەڵوزی نـەوت ئەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە ، لەکاتێکدا کورە ئەتۆمیـەکان بەشـێوەیەك دیـزاین کـراون بەشـێوەیەکی بـاش ولـەژێر چـاودێری و سەرپەرشـتیەکی بـاش بەشـێوەیەك کەهیچ جۆرە پیسبونێکی ژینگەی لێناکەوێتەوە .

## • زیانەکانی وزەی ئەتۆمی :

ولاّتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا و ڕوســیا ((50000 )) بــۆمبی ئــەتۆمی و هایـدرۆجینی یـان هەیـە ،کەئەگـەر پـەروەردگار بیوسـتایە ئـەوا بـەکارهێنانی ئـەو چەکە دەبوە لەناوبردنی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی .

تەقینــەوەی ئــەتۆمی تیشــکێکی کوشــندەی لێدێتــە بەرهــەم کــەدەتوانێت مــرۆڤ لەناوبــەرێت لەگــەڵ تێپــەڕبوونی کاتــدا ،وەك ئــەوەی ڕوویــدا لــەکاتی بــەکارهێنانی بۆمبی ئـەتۆمی لەهێرۆشیما و ناگـازاکی لـەیابان ، هـەروەها بـەهۆی دروسـتبوونی هەنــدێ کــەموکوڕی و لێچــوون لــەکورە ئەتۆمیەکانــدا وەك ئــەوەی لــەکورەکانی چــێرۆنۆبیلدا لەســاڵی 1986 لەڕوســیا ڕوویــدا و بــوە هــۆی تووشــبوونی هەزارەهاکــەس بەتیشــکی ئــەتۆمی و مردنــی ژمارەیــەکی زۆرتــرو توشــبوونی ژمارەیەکی تر بەنەخۆشی شێرپەنجەی جیاواز .

کورە ئەتۆمیەکان پاشماوەی ئەتۆمیان هەیە کەدەبێتە سەرچاوەی تیشك دانەوە بۆ مــەلاین ســاڵ کــە پێویســتە خۆڕزگاربکرێــت لــەو پاشماوانــەو نابێــت وەك هەرپاشماوەیــەکی تــر دابنرێــت لەهــەر جێگەیەکــدا ، بــەڵکو دەبێــت لەجێگــەی تایبەتدا هەڵبگیرێت بەشێوەیەك کاریگەری نەبێت بۆسەر مرۆڤ .

### * بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی :

مرۆڤ توانی لەماوەی ئەم دەساڵەی کۆتایدا کەوزەی ئـەتۆمی بەتـەنیا بەکاربهێنێت بۆ خزمەتی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا لەچەند بوارێکدا لەوانە :

بەهەردوو بەشی مەدەنی و سەربازیەوە .

- کورە ئەتۆمیە مەدەنیەکان :-

1.ڕووداوی دورگـەی 3 ملیمـی لەئـەمریکا لەسـاڵی 1979 کەناوچـەیەکی بـەرین پیس بوو بەبڕێکی کەمی تیشك .

2.ڕووداوی چێرنوێیل لە ئۆکرانیا لەساڵی 1986 کە ڕووبـەرێکی فراوان پـیس بوو بەبڕێکی گەورە لە تیشك .

- دامەزراوەسەربازیەکان :-

1.ڕووداوی شارۆچکەی کیشینم لە چیاکانی ئۆراڵ لە ڕوسیای فیدڕاڵی لـە ساڵی 1957 دا لە ئەنجامی داخوران لەیەکێك لە خەزانەکانی هـەڵگرتنی پاشماوە تیشك دەرەوەکــان کــە توانــای بــەرزیان هەیــە کــەبوە هــۆی تەقینــەوەی خەزانەکــەو بڵاوبونەوەی توخمە تیشکدەرەکان .

2.ڕووداوی وندسکیل لەبەریتانیا لەساڵی 1957 دا ( کورەی ئەتۆمی ) کە بڕێك مەوادی تیشك دەرەوە و بەرهەمی پەرت بون بڵاوبۆوە .

3.لەباری گواستنەوەی چەکی ئەتۆمیدا ، دەزگای جیهانی پەیوەندیدار بە (سەلامەتی ئەتۆمی ) 14 ڕووداوی تۆمارکردوە لەو ڕووداوانەی کەلەکاتی گواستنەوەی ئەتۆمی لەئاسمان و دەریادا ڕوویان داوە ، لە ناوبانگترین ئەو ڕووداوانە :-

- ڕووداوی بەیەکداکێشانی دووفڕۆکە لە ئیسپانیا لەساڵی 1966 دا لەنێوان فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژ و فڕۆکەیەکی گواستنەوەی خۆراك سەربەئستولی ئەمریکا لەکاتی بەنزین تێکردندا لەئاسماندا کەبوەهۆی کەوتنە خوارەوەی بۆمبە هایدرۆجینیەکان کە 4دانە بوون کە فڕۆکە بۆمب هاوێژەکە هەڵیگرتبوون و لەکاتی کەوتنە خوارەوەشدا پەڕەشوتەکان نەکرابونەوە کەببوە هۆی داگیرسانی بارگە ئاساییەکانی بۆمبەکان و دەرچوونی توخمە پەرت بوەکان لەکاتی کێشانیدا بەزەویدا ( تەقینەوەی ئەتۆمی ) ڕووینەدا ، بەلاّم بوە هۆی پیس بوونی ناوچەکە .
- ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەك لەگرینلاند لەساڵی 1968 دا کە چوار سەری هایدرۆجینی هەڵگرتبوو ( تەقینەوە ڕووینەدا ) بەلاّم توخمی بلۆتۆنیۆم لەناوچەکەدا بڵاوبۆوە .

* ڕووداوە ژێر دەرياييەکان :

- ڕووداوی ژێر دەريايی ئەتۆمی لە نزيك کەناری بەرمۆدا لەساڵی 1986 دا .
- ڕووداوی ژێر دەريايی نەرویجی ئەتۆمی لە ساڵی 1989 .
- ڕووداوی ژێر دەريايی ڕوسی نزيك سويد لە ساڵی 2000 .

*ڕووداوەکانی کەشتیە فەزاييەکان کە لەکاتی گەڕانەوەيانـدا بۆ سەرزەوی ڕویانداوە :-

- ڕووداوی گڕ تێپەڕبوونی کەشتی فەزايی (sky up 19 ) لەساڵی 1964 دا لەکاتی گەڕانەوەيدا کەبوە هۆی بڵاوبونەوەی بلۆتۆنيۆم لەئاسماندا .

- ڕووداوی گڕگڕتنــی کەشــتی فــەزایی (cosmos954) لەســاڵی 1978 دا و بڵاوبونــەوەی بڕێـك لەمادەپیسـکەرەکان بـەهۆی تیشـکەوە لەسـەر ناوچـەکانی باکوری ڕۆژئاوای کەنەدا .
- ڕووداوەکان لەکاتی جێ بەجی کردنـی سەرچاوەتیشکدەرەکان دا کـەزۆرترن لـەڕوداوە ئەتۆمیـەکان ،لەگـەڵ بچـوکی ئـەو سەرچـاوەنەدا بـەڵام بونەتـە هـۆی لـە ناوبردنی ژمارەیـەکی زۆر سـەرەڕایی ڕووداوی پـیس بـونی ئـەتۆمی کەڕوبـەرێکی گەورەی گرتەوە .
- ڕووداوی ( حـەواریز ) لەمەکسـیك لـە سـاڵی 1977 و ڕووداوی (محەمـەدی ) لەمەغریب لە ساڵی 1984 و ڕووداوی (گوانیا ) لەبەڕازیل.

* لەبەر ئەم ڕووداوانە ( دەزگای پاراستنی ئەتۆمی ) ئامۆژگـاری هـەموو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکانی بە پاراستن و سـەلامەتی ئـەتۆمی کردوە کەلیژنـەی نیشتمانی دابمەزرێنن و یاساو ڕێنمایی تایبەت دەربکەن بۆ زیاتر سوود وەرگـرتن لە وزەی ئەتۆمی و سەرچاوە تیشك دەرەکان و ڕێگە گرتن لەمەترسیەکانی و بەم شێوەیە ڕێنماییان دەکات :-

1.بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری دەربـارەی مەترسـیەکانی ئـەتۆمی و بڵاوکردنـەوەی ڕۆشــنبیری ســەلامەتی لــەنێوان کرێکــارانی کەکاردەکــەن لەگــەڵ مــەوادە تیشــك دەرەکانەوە لەسەر هەموو ئاستەکان .

2. ئامـادەکردنی هـەموو ئـامێرو کـەل وپـەلێکی تـەکنیکی پێویسـت بـۆ کـاری پارێزگاری و سەلامەتی .

3.ئامادەکردنی تواناوشارەزایی مرۆڤ لەبواری پارێزگاری و سەلامەتیدا .

4. جــی بــەجێ کردنــی هــەموو پێوانــە ئەتۆمیــەکان بــۆ دڵنیــابون لــەکرداری پارێزگاریکردن .

5.دانـانی پێوانـە و داواکـاری تایبـەت بەهـەموو ڕێوشـوێنەکان کەڕێگـە بگرێـت لەتیشکدانەوەو دیاریکردنی لێپرسراو لەوکارە .

6.بونی پلان دانانی بەهێز لەکاتی ڕووداوی کتوپڕدا کەپێشتر ناسراوە لەلایەن کرێکارانەوە بەشێوەیەك کەبیر لەوە بکرێتەوە کەڕووداوی هاوشێوە ڕوودەدات پشت بەستن بەشارەزایی .

7.پێویستە ئیدارەیەکی چالاك هەبێت لەناو دامەزراوە ئەتۆمیەکاندا بۆ ئەوەی ئاستی تیشکدانەوە بەبەردەوامی لەئاستی ڕێگە پێدراودا بێت ، سەرچاوەتیشکەکان لەجێگەی ئەمیندابێت و پارێزگاری بکرێت بەهۆی پەردە ڕێگرەکەیەوە لەکاتی بەکارنەهێنایدا .

## * ئایندەی وزەی ئەتۆمی :

هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کەوزەی ئەتۆمی هەیە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە وەپێویستە لەسەرمان کەبزانین چۆن لەگەڵیدا دەژین ، هەندێکی تر دەڵێن دەبێت خۆمان لەچەك و کورە ئەتۆمیەکان ڕزگاربکەین بۆ ئەوەی لەزەرەروزیانەکانی دووربکەوینەوە هەر ڕوانگەیەکش لایەنگرو ئۆپۆزسیۆنی هەیە و لەسەر هەموومانە کەبڕیار بدەین چی بکەین و وەك هاوڵاتیەکی ئەم گۆی زەویە نەك وەك هاوڵاتیەکی وڵاتێکی دیاریکراو لە بەرئەوەی زەرەروزیانەکانی تەنیا بەوڵاتێك و ناوچەیەکەوە ناوەستێتەوە.

---

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری (( ئەندازیاران)) بڵاوکراوەتەوە لە بەهاری 2007دا.

# نەوتی جیهان تەواو دەبێت
# پێشتر لەو کاتەی پێشبینی دەکرا *

* زاناکـان ڕەخنـەیان ئاڕاسـتەی سەرچـاوە سـەرەکیەکان کـرد دەربـارەی نـەوتی یەدەگی ماوە لەجیهاندا، وئاگاداریان دا کەنەوتی جیهان کۆتایی دێت بەخێراترین کات وەك لەوەی پێشبینی دەکرا لەلایەن حکومەتو کۆمپانیا کانەوە بۆ ئەوەی دان بنێن بەو ڕاستیەدا .

ئەو سەرچاوە ئامارییەی کۆمپانیای نەوتی بەریتانی ( بریتش بترۆلیۆم ) ئەنجامیدا تایبەت بەوزەی جیهان لـە ڕۆژی 2007/6/13 بلأوکرایـەوە، دەریخسـت کـە جیهـان تـا ئێسـتاش خـاوەنی نـەوتی یـەدەگی پێویسـتە بـۆ 40 سـاڵی داهـاتوو ئەگـەر ئـەم ڕێژەیەی ئێستا بەکاربێت، ئەم خەملأندنەش پشت ئەستورە بەژمارەی فەرمی، کە ئەمـەش کاردەکـات بـۆ پوچـەڵکردنەوەی ئـەو خەملأندنانـەی کـەکراوە دەربـارەی چۆڕبڕبوونی نەوت لـە جیهانـدا، لەگـەڵ ئەمەشـدا هەنـدێ لـەزاناکان کـە ( سـەنتەری شـیکردنەوەی چـۆڕبڕبوونی نـەوت ) کـە بارەگـای سـەرەکی لەشـاری لەندەنـە ڕابەرایەتیان دەکات دەڵێت:-

بەرهەمی جیهـان لەنـەوت لەچوار ساڵی داهـاتوودا دەگاتـە بـەرزترین ئاسـتی پـێش ئـەوەی بـەرەو دابـەزینێکی قـوڵ ببێتەوە،کـە ئەمـەش کاریگـەری گـەورەی دەبێـت لەسەر ئابوری جیهانی و هەروەها لەسەر شێوزای ژیانیشمان.

بەپێی بیردۆزی ( اوج نەوت ) بەکارهێنانمان بۆ نەوت زیـاد دەکـات ، وەلەدۆزینـەوە یەدەگیـە نەوتیـەکانیش تێدەپـەڕێنێتو لـە یەدەگـە نەوتیـەکانمان کـەم دەکاتـەوە، (کۆلێل کامبیل ) سەرۆکی سەنتەری نەمانی نەوت لـە بیردۆزەیـەکی سـادەدا دەڵێت کـە هـەموو کەسـێك دەتوانێـت تێبگـات:- ((دەتوانرێـت پـەرداخێك خواردنـەوە بخورێتـەوە کاتێـك پەرداخەکـە پـڕە لـە سـەرەتاداو لەکۆتایشـدا بـەتاڵ دەبێتـەوە ، جاهەر چەندە خێراتر بخورێتەوە خێراتریش کۆتایی دێت".

(د . کامبیل ) جیۆلۆجیەکی گرنگی دێرین‌و جێگری سەرۆکی زنجیرەکۆمپانیا نەوتیەکانە وەك کۆمپانیاکانی ( بریتیش پترۆلیۆم ، شل، فینا ، اکسون ، شیفرون تکساکو ).

ئەم دکتۆرە دەڵێت:" کەبەرزترین ئاستی نەوتی بەرهەم هاتوو ئاسایی کە هەرزان‌و بەئاسانیش دەردەهێنرێت لەساڵی 2005 یشدا کۆتایی هات ".

پیشەسازی لەنەوتی قورس کە دەرهێنانی گرانەو یەدەگە ئاویە قوڵەکان، لە ناوچە جەمسەریەکانداو دەرهێنانی شلەمەنی لەغاز ئەوا بەرزترین ئاستی ئەو نەوتە لەساڵی 2011 دا دەبێت .

یەکسەر کۆمپانیای ( بریتیش پترۆلیۆم ) هەستا بەرەتکردنەوەی ئەو سیناریۆیەو گەورە ئابوریناسەکانی وەك ( پیتەر دێڤیس ) هەموو بەڵگەکانی بیردۆزە ناسی (اوج نەوت ) دوورخستەوە و ئەو دەڵێت:" بیروڕامان وایە کە دیاریکردنی تەواو هەبێت بۆ سەرچاوە سروشتیەکان، کاتێك کە ئاستی بەرزی نەوت کۆتایی دێت لە زۆر بەکارهێنانەوە بێت یان لە ئەنجامی گۆڕینی کەشوهەواوە بێت یان لە بەرزی ئاستی بەرهەمەوە بێت ".

لەم ساڵانەی دوایشدا ئەو بۆشاییەی هەبوو لەنێوان ( پیشاندان‌و داواکاریدا ) (عرض وطلب ) کەمبۆتەوە، وەلەساڵی ڕابردوودا وایلێهات کە ئەو بۆشاییە هەر نەمێنێت، وەکاریگەری هەر کەمبونێکی چاوەڕوانکراو زۆر گەورە دەبێت هەر کاتێك بەکارهێنان لە بەرهەم زیاتر بوو، تەنانەت بەکەمترین بڕیش بێت پێدەچێت کە نرخی یەك بەرمیل نەوت بەرزبێتەوە بۆ زیاتر لە 100 دۆلاری ئەمریکی ئەمەش بەدوای خۆیدا سستبونێکی ئابوری جیهانی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

(جێرمی لیبخرت ) وەکو ( د. کامبیل ) جیۆلۆجیەو بەرەو کەسایەتیەکی کۆنەپارێز چوو کاتێك لە کتێبەکەیدا ( نیوەی کۆتایی: نەوت‌و غازو هەوای گەرم‌و کێشەی وزەی کەونی) کەبوە هۆی بلاوبونەی بیردۆزەی ( اوج نەوت ) بەناو زۆرترین جەماوەردا.

ئەو بەراورد دەکات لە نێوان پیشەسازیو دوودڵی حکومەتەکان بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی ڕووبەڕوبونەوە و نەمانی چاوەڕوانکراوی نەوت لەگەڵ ڕەتکردنەوەی مەسەلەی گۆڕانی کەشو هەوا .

لیغریت دەڵێت:"ئەمە ئەو ڕێگەیەم بیردەخاتەوە کەکەس نەیدەویست بیبیستێت بۆ ماوەی چەند ساڵێك، کە ئاگادارکردنەوەی زاناکان بوو بۆ گەرمبونی کەونی کاتێك ئێمە پێشبینیمان دەکرد کە ئاوهابێت و هەموو هەوڵێکمان دەدا کە خەڵکی تێبگەن ".

لەساڵی 1999 دا یەدەگی نەوتی بەریتانیا گەیشتە ئەو پەڕی ئاست بەرزی لە دەریای باکوردا، بەلأم ئەمە لەدوای2 ساڵ دەرکەوت، وەکو لیغریت دەڵێت:"ئاشکراکردنی ئەم خاڵە لەلایەن هەر کەسێکەوە وەکو گاڵتەجاری وابوو لەلایەن فەرمانگە ڕەسمیەکانەوە" .

لیغریت لەسەری دەڕواتو دەڵێت:" بەجیٚ نەهێنانی داواکاریەکان ڕێگەیەك نیە ، بەڵکو لەڕاستیدا خیانەتە ".

یەك خاڵ هەیە کە هەموو شیکەرەوەکان لەسەری کۆکن، ئەویش ئەوەیە ( کەنەمانی نەوت کاتێك دەست پێدەکات کە کێرڤی چاوەڕوانکراوی داواکاری لەسەری گۆڕانی بەسەردا بێت).

ئەمەش ڕاستیەکە لەو کاتەوەی ( ك. کینغ هیبرت ) کە جیۆلۆجی لە کۆمپانیای نەوتی ( شل ) کەنمونە بیرکاریەکەی دەرخست لەساڵی 1956 دا بەوەی کەچی ڕوو دەدات لە بەرهەمی نەوتی ئەمریکادا .

ئەم کێرڤەی هیبرت دەریدەخست هەموو دەستپێکێکی بەرهەم لەهەر چاڵە نەوتێکدا بەشێوەیەکی تیژ دەست پێدەکات دواتر دەگاتە ئاستی جێگیر بونێکی ڕێژەیی پێش دەسکردن بەدابەزین بۆ لاربونەوەی کۆتایی، بەلأم ئەم بیروڕایە لای ئەوانەی کەوای بۆ دەچوون کە بەرهەمی نەوتی ئەمریکا لە بەرزبونەوەی بەردەوامدا دەبێت تا کاتێکی نادیار تادەگاتە ئەو پەڕی ئاستی لەساڵ 1969 جێگەی گاڵتەجاری بوو.

بەڵام بەرزترین ئاستی بەرهەم هێنان لەساڵی 1970 بوو وەدوای ئەوە دەستی کرد بەدابەزین لەو کاتەوە.

لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، (کریس سکیبوفسکی ) کەدانەری پلانی درێژ خایەنە لە کۆمپانیای ( بریتش پترۆلیۆم ) کە لەئێستادا سەرنوسەری ڕۆژنامەی (پترۆلیۆم ریڤیۆ) یە، کە یەکێکە لەو کەسانەی کە ئاگاداری زیادبوونی داهاتی پیشەسازی نەوتیە کە بڕوایان بەبیردۆزەی ( اوج نەوت ) هەبووە .

(سیکیبوفسکی) دەڵێت:" دەبێ ئەوە بڵێم کەمن لە سەرەتادا بەگومان بوم، کە لەتوانامانداییە تا 2 ساڵ ونیوی داهاتوو بەرهەم بێنین، بەڵام لەدوای ئەوە باردۆخەکەی تێك دەچێت ".

ڕاستیەك هەیە کە هیچ 2 کەسێك لەسەری بە گومان نین تەنانەت کۆمپانیای (بریتیش پترۆلیۆم ) لەزیادبوندایە، کە ئەمەش مانای وایە کە گەشەکردنێکی خێرا هەیە لەچین و هندستان و سەرەڕای پشت بەستنی دونیای پێشکەوتوو لەسەر نەوت، وە پێویست دەکات کە نەوتێکی زۆر زیاتر لەجێگەیەکی ترەوە بێت.

سەرچاوەی (بریتیش پترۆلیۆم ) دەری دەخەن کەپێداویستی و داواکاری لەسەر نەوت زۆر زیادیکردووە بەشێوەیەکی خێراتر لەم دەساڵەدا بەبەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئێستاشدا دەستکراوە بەبەکارهێنانی بەڕێژەی 85 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئاماژەیە بەزۆرترین بۆچونەکانی کە دەرچووە لەلایەن ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیەوە کە بەورياییەوە دەرچووە دەڵێت:" ئەو ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ 113 ملیۆن بەرمیل نەوت تاساڵی 2030".

دوو لەسەر سێی یەدەگی دونیا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، وەپێویست دەکات داواکاریەکان جێ بەجێبکرێت، بەڕاکێشانی گەورەتر لەناو ئەو ناوچەیەوە.

وەکو (د. کامبیل ) دەڵێت:" کاتێك سەرۆکی کۆمپانیایەکی نەوتی بوم، هەرگیز ڕاستیەکانم نەدەوت، ڕاستی ووتن بەشێك نیە لەیاریەکە ".

لێکۆڵینەوەیەك کەمەترسیە گەورەکان دەریدەخات لەو چوار وڵاتەی کە گەورەترین یەدەگی نەوتی دونیایان هەیە کە ئەوانیش ( سعودیەو ئێران و عیراق و کوێتن".

لە کوێتدا، ڕۆژنامە نوسێك دەریخست کە یەدەگی کوێت لەنەوت نیوەی ئەو بڕەیە کە ئاشکراکراوە پشت بەستوو بەهەندێ بەڵگەنامە .

هەروەها ئێران، لەم ساڵدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەدەستیکردوە بەکەمکردنەوەی بەکارهێنانی نەوت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەیەدەگی نەوتی بەو بڕە نیە کە ئاشکرا کراوە.

لەسعودیەدا، لەسەر زاری ( سداد حسینی ) کە خانەنشین بوو پێش دووساڵ کاتێك لەپلەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری باڵادابوو لە دەزگای نەوتی سعودیەو کەسێك بوو کە لەهەموو کەس زیاتر شارەزای توانا نەوتیەکانی سعودیە بوو، لەچاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ڕۆژنامەی ( نیویۆرك تایمزدا) دەڵێت:" کێشەکە لەوەدایە کە لەبەرهەمی 97 ملیۆن بەرمیل نەوتەوە لەساڵی 2002دا بازدەدەین بۆ 48,5 ملیۆن بەرمیل لەساڵی 2004دا بەم شێویە هەموو ساڵێك بەڕێژەی 2 – 3 ملیۆن بەرمیل کەم دەبێتەوە، کە ئەمەش وەك ئەوەوایە مەملەکەتێکی سعودیەی نوێ بێتە دونیاوە هەموو 2ساڵ جارێك ئەمەش لە توانادا نابێت تا هەتا هەتایە.

## گرنگی ئاڵتونی ڕەش

* بەکەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت ئەگەر بەڕێژەی کەمیش بێت کە لە نێوان 10–15٪ بێت دەتوانێت کە ئابوری پیشەسازیەکان توشی شەلەل بکات کەپشت دەبەستێتەسەر نەوت، لەساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا تەنیا بەکەمکردنەوەی 5٪ی بەرهەم بوە هۆی بەرزبونەوەی نرخەکان بەڕێژەی زیاتر لە 400٪ .

* زۆربەی ئامێر کشتوکاڵیەکان وادروستکراوان لە کارگەیەك کە بەنەوت کاردەکات یان سۆلار بەکار دەهێنێت وەك سوتەمەنی، هەروەها هەموو لە ناوبەرە مارو مێروەکان و زۆربەی جۆری پەینەکان لە نەوت دروست دەکرێت .

* زۆربەی مەوادە پلاستیکەکان کە لەهەموو شتێکدا بەکاردەهێنرێت هەر لە ئامێری کۆمپیوتەرو تەلەفۆنی مۆبایلو تاهێڵە بۆریەکان، جلو بەرگو فەرشو هەمویان لەو مەوادانە دروست دەکرێن کەپشت دەبەستێت بەنەوت .

* هەموو پیشەسازیە جیاوازەکان پێویستیان بەبڕێکی زۆری نەوتە، بۆنمونە، دروستکردنی ئۆتۆمبێلێك لە ئەمریکا پێویستی بە 20 بەرمیل نەوت هەیە بەلایەنی کەمەوە .

* زۆربەی ئەو ئامێرانەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی تازەکەرەوە بەکاردێن پێویستیان بەبڕێکی زۆر نەوت هەیە بۆ بەرهەمهێنانیان.

* بەرهەم هێنانی کانزاکان بەتایبەتی ئەلەمنیۆم و مەوادی جوانکاری‌و بۆیاخی قژو مەرەکەب‌و زۆربەی دەرمانەکان کە بۆ ئازار بەکار دێت هەمویان پشت دەبەستنە سەرنەوت .

## سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە

* خەڵوز:

تائێستا ئەو بڕە خەڵوزە یەدەگەی لە جیهاندا هەیە بریتیە لە 909 بەلاین تەن کە دەتوانێت تا 155 ساڵی تریش بمێنێتەوە، بەڵام خەڵوز بۆ هەمیشە سوتەمەنیەکی پیسکەرەو دەتوانێت کێشەی گەرمبونی نەوتی زیاد بکات .

* گازی سروشتی .

کێڵگەکانی گازی سروشتی لەسیبریاو ئالاسکاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێت 20 ساڵ زیاتر یەدەگی نەوتی جیهانی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی گازی سروشتی پاکترە لەنەوت، بەڵام هەر دەبێتە هۆی دەرچونی مەوادی پیسکەر ، لەگەڵ ئەوەی تێچوونی گرانترە لە ڕووی دەرهێنان‌و گواستنەوەوە لەبەر ئەوەی پێویست دەکات بگۆڕێت بەشلەمەنی .

* خانەی سوتەمەنی هایدرۆجین .

خانەی سوتەمەنی هایدرۆجین کە سەرچاوەیەکی وزەی هەمیشەییەو لەتواناشداهەیە تازەبکرێتەوەو خاوێنبێت، لەبەر ئەوەی هەردوو توخمی هایدرۆجین‌و ئۆکسجین لەخۆ دەگرێت لە ڕووی پێکهاتەی کیمیاویەوە بەکار دێت بۆ بەرهەمی کارەبا‌و ئاو گەرمی، بەڵام کێشە لەوەدایە کە هایدرۆجین بەبڕی پێویست دەست ناکەوێت بە بەکارهێنانی، هەروەها ڕێگەکانی بەرهەم هێنانی لە نەوتەوە تێچوونی زۆرە .

* سوتەمەنی زیندوو

ایثانۆڵ کە دەردەهێنرێت لـە گەنمەشامی و گەنمەشامی زەرد بۆتە جێگرەوەیەکی شـەعبی بـۆ نـەوت لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لێکۆڵینـەوە بـۆ ئـەوە دەچـن کەبەرهەمهێنانی ئیثانۆڵ کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر وەبەرهێنانی وزەو پیس بونی ژینگە بەهۆی زۆری ئەو ڕوبەرە زەویانەی کە پێویست دەبن بۆ چاندنی سەرچاوەکانی.

* وزەی تازەکەرەوە

ئەو ولاَتانەی پشت دەبەستنە سەر نەوت لەئێستادا لەهەوڵدان بۆ ڕووکردنە بەکارهێنانی ئەو وزانەی کەدەتوانرێت تازەبکرێتەوە وەك وزەی هایدرۆکارەبایی و وزەی ڕۆژو وزەی با، وەك جێگرەوەی نەوت، بەلاَم بۆ دەستهێنانی سەرچاوەکانی وزەی تازەکەرەوە زۆر کەمن کە بتوانێت وزەیەکی باش و پێویست بدەن .

*وزەی ئەتۆمی.

مەترسیەکان زیاتر بوون لەنەمانی دەسکەوتنی یۆرانیۆمی جیهانی بەهۆی کورە ئەتۆمیەکانـەوە، وە ئەگـەری بـەکارهێنانی ثیـۆربـۆم وەك سـوتەمەنی ئـەتۆمی لەئارادایە، بەلاَم زیادبونی ژمارەی کورە ئەتۆمیەکان لەسەر زەوی لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبونی هەڵی ڕوودانی کارەسات ، وەمەترسی لە وەدەست هێنانی تۆڕەکانی تیرۆریستان بۆ ئەم چەکە لەزیادبوندایە ...

سەرچاوە:-
===

جريدة / الغد الاردنی / الاحد 6/24/ 2007 دانیال هاودن

---

- ئەم بابەتەم لە گۆڤاری (( ئەندازیاران )) و ڕۆژنامەی (( هەواڵ))دا بلأوکراوەتەوە لە 7/28 و هاوین و پایزی 2007دا.

# تەکنە لۆژیای فەزا

# بۆدۆزینەوەی ئاوی ژێر زەوی *

* ئاشکرایە کاریگەرەکانی تەکنەلۆژیای فەزا لەڕووی ئابوریەوە زۆر گەورە بووە لەگەشە پێدانی هەسارەی زەویدا لەماوەی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیست و چاوەڕوانیش دەکرێت کە لەسەدەی بیست و یەکەمیشدا زیاتر بکات .
هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی ئاو لەسەر هەسارەی مەریخ لەڕێگەی ڕادارێکی هەڵگیراوەوە لەسەر مانگی دەستکرد کە دەسوڕێتەوە بەدەوری هەسارەکەدا ، بەشێوەیەك لە مەلاین ساڵەوە ئاوو لافاوێکی زۆر لەسەر هەسارەی مەریخ هەبووە بە دەلیلی بوونی شیوو دۆڵی وشك کەتاڕادەیەکی زۆر لە شیوو دۆڵە وشکەکانی بیابانەکانی زەوی دەچێت . بەڵام بەهۆی گۆڕانێکی خێرا لە کەش و هەوای هەسارەی مەریخدا پلەی گەرمی بەرگە هەوا زۆر بەخێرایی دابەزی و ئەو بەرگە هەوایە بەشێوەیەکی زۆر تەنکی وشك مایەوە .زاناکانی ئاژانسی فەزای ئەمریکی (ناسا) وای بۆدەچن کە ئەو ئاوەی هەیە لەسەر هەسارەی مەریخ لەئێستادا لەسەر شێوەی بەفرە کە لەژێر چینێکی لمەوەیە کە ئەستوریەکەی دەگاتە چەند مەترێك و لە جێگەیەك بۆ جیگەیەکی تر دەگۆڕێت . لە ئەنجامی بونی گێژەڵوکە لماویەکانەوە کە لە گێژەڵوکە لماویەکانی زەوی دەچێت وەك گێژەڵوکەی خەماسین لەمیسر. ئەو ڕادارە هەڵگیراوە بەهۆی مانگی دەستکردەوە کە دەخولێتەوە بەدەوری هەسارەی مەریخدا دەتوانێت وێنەی ژێر ئەو چینە لمەوە بدات کە ئەستووریەکەی چەند مەترێکە . هەروەها لەڕێگەی ناردنی ئامێریکی موگناتیسی زۆر پێشکەوتوەوە کە بەهۆی کەشتیە فەزاییەکانەوە دادەبەزێتە سەر مەریخ بۆ پێوانەی توانای موگناتیسی بۆ چەند مەترێك لە قولایی خاکی مەریخدا،دەتوانرێت کە پێك هاتەی ژێری ئەو خاکە بزانرێت هەروەها بەهۆی دابەزاندنی ئامێری کە هرۆ موگناتیسیەوە بۆ پێدانی بواری کارەبایی لەژێر چەند مەترێکدا لەسەر مەریخ ، دەتوانرێت پێك هاتەی ژێرەوەی

ئەو چینانە بزانرێت کە ئاوی ژێر زەویان هەڵگرتووە بڕی ئەو ئاوە لەتیژ ڕۆیشتنی ئەگەر شل بێت یان لەباری جوڵەدا بێت ، لەم تێڕامانەوە دەرکەوتووە کە ئاو هەیە لەژێر ئەو لمەوە کە لەدۆڵەوشکەکانی سەرمەریخدا هەن نەك لە جەمسەرەکاندا تەنیا بەوەی لەو ێنانەنە دەرکەوتووە کە لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە یان تەلەسکۆبەکانەوە گیراون لەزەویەوە.

زانا جیۆلۆجیەکانی فەزا هەوڵیان داوە کە ئاو بدۆزنەوە لەبیابانەکانی سەرزەویدا لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاداری هەڵگیراو بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە کە دەسوڕێتەوە بەدەوری زەویدا لە خولگەیەکی دیاریکراودا .

وەتوانراوە سوود لەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتوە وەربگیرێت بۆ دۆزینەوەی ئاو لەژێر بیابانەکاندا لە وولاَتانی عەرەبیدا و وەدەرکەوتووە کەلەژێر بیابانی گەورەدا لەباکووری ئەفریقادا شیوو دۆڵی ووشك هەیە لەژێر لمی بیابانەکەد ا .

لەملیۆنان ساڵەوە هەندێ کاتی بارانی زۆر و هەندێ کاتیش ووشکە ساڵی ڕوویداوە بە هۆی گۆڕانەکانی ئاوو هەواوە کورت و درێژ خایەنەکانەوە بە درێژایی تەمەنی هەسارەی زەوی بەشێوەیەك کە بارانێکی بەلێزمە باریوە لەباشووری بیابانەکاندا و دوای کۆ بوونەوەی بەرەو باکوور ڕۆیشتووە بەشیوەکاندا . ئەم بارانە زۆرە بەردە لمە کانی هەڵگرتووە لەگەڵ خۆیدا دواتر لەزۆنگاوە نزمەکانی باکووردا نیشتووە . کاتێکیش ئاوو هەوا گۆڕاوە و وشکە ساڵی هاتووە لەدوای ئەوەی ناوچەی ساڤانا ژیانی ئاژەڵی و ڕوەکی تیادابووە و مرۆڤ ڕاوی ئاژەڵی تیادا کردووە . ئەم گۆماو و زۆنگانە وشك بوون بەهۆی کاریگەری باوە لەسەرئەولمە نیشتوەی بەینی گۆم و زۆنگاوە کۆنانەوە و جولاَندنی بەشێوەیەك کە شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە . پێی دەوترێت ((کەسبانی لمی )) .

جابیردۆزە نوێکان دەڵێن ئەو لمە لەکەسبانی لمیداهەیە لەبنچینەدا لەسەر بڕینی بەردە لمیەکانەوە هاتووە بەهۆی بارانەوە پێش ئەوەی با کاری تێبکات لەدوای گۆڕانی ئاو و هەواوە کە کۆتایی سەدەی باران بارین بووە.

بەم شێوەیە هەرجێگەیەکی ( کەسبانی لمی ) هەبێت ئەوا ژێرەکەی شیوی کۆنی قوڵی تیادایە و لەوێشدا ئاوی ژێرزەوی هەیە لەدوای ئەوەی لە سەر ڕووی زەویەوە دزەی کردۆتە ژێر زەویەوە . ئەم بیردۆزەش ڕاست دەرچووە لەناوچەی بیابانی ڕۆژئاوای میسر و ناوچەی وامان بەشێوەیەك دەرکەوتوە کە کەڕوباری کۆن هەبووە لەوناوچانەدا لەسەدەی باران بارین دا بەڵام بە لم داپۆشراون ، بەتەنیا بەهۆی ڕاداری هەڵگیراوەوە دۆزراونەتەوە لەبەر ئەوە پێی دەوترێت ( Radar Rivers ) ڕووباری ڕادار .

هەروەها لەناوچەی کەفرە لەباشووری بیابانی لیبیا بونی ڕووباری کۆن دۆزراونەتەوە دوای پشکنینی ڕاداری .

هەروەها بەهۆی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەوە توانراوە دەلتای کۆنی ڕووباری نیل دەست نیشان بکرێت کەبنکەکەی لەفەیومەوە درێژبۆتەوە هەتا ئیسماعیلیە ، لەکاتێکدا ئەم دەلتا نوێیەی ئێستا بەشێك بووە لەبنی دەریای سپی ناوەڕاست لەملیۆنان ساڵەوە .

تەنهابیابانی گەورەی ڕۆژئاوا نیە کەڕووباری تیادا دۆزرایەوە بەهۆی ڕاداری هەڵگیراوەوە بەڵکو لەبیابانی نیوە دورگەی عەرەبیشدا لەباکورو باشوریشدا ڕووباری کۆنی ژێر زەوی دۆزراونەتەوە .ئەوەتا لەناوچەی چارەکی خاڵی لەسعودیەو ناوچەی بیابان لەسەڵتەنەی عومان چەندین ڕووباردیاری کراون زۆر بەووردی ، هەروەها بوونی قەڵایەکیش دەرکەوتووە لەڕێگەی ڕاداری زەویەوە کە پێدەچێت شاری ئیرەم بێت. ئەمەش بەدەسکەوتێکی زانستی گەورە دەژمێرێت .

ئەو وولاتە عەرەبیانەی کەبەدەست کەم ئاوی سەرزەویەوە دەناڵێنن هەوڵی جدی دەدەن بۆ دۆزینەوەی ئاوی ژێر زەوی بەهۆی بەکارهێنانی ڕاداری هەڵگیراو لەگەڵ پێوانە موگناتیسی و کارەباییەکان بەئامێرەکانی Electramagnotic Counder Magnetic Coil وەتوانراوە بڕی ئاوی ژێرزەوی و ڕێژەی بەکارهێنانی و ڕۆیشتنی لەناو بەردە لمیەکانەوە دیاری بکەن ، بەمەبەستی بوژانەوەی ناوچەی بیابانەکان و بەکشتوکاڵ کردنی وەك داهاتێکی نەتەوەیی

گەورە وەك پڕۆژەی ڕووباری گەورە لەلیبیا و پڕۆژەی باشوری دۆڵی نوشکی لەمیسر و پڕۆژە ئاوەدانیەکانی تر لە کەنداوی عەرەبیدا.

لەئێستادا هەوڵی دروستکردنی مانگێکی دەستکرد لەئارادایە بەهاوبەشی لەگەڵ ئاژانسی فەزایی ئەمریکادا (ناسا) و سەنتەری ئەڵمانی بۆفڕۆکەوانی و فەزا (DLR) بەناوی GRACE ( Gravity Recovery and Climate Expreiment ) کەکاری ئەم مانگە دەستکردە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ئەوگۆڕانانەی ڕوودەدات لەهێزی کێشکردنی زەویدا لەئەنجامی گۆڕانکاریەکانی ئاوو هەواو ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی لەهەندێ جێگەی سەرزەویدا . بۆ ئەم مەبەستەش ئاوی بیابان کەدەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای میسر ( ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی عوێنات ) وەك جێگەیەکی نمونەیی بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان بەهۆی ئەو مانگەدەستکردەوە بەهەماهەنگی لەنێوان میسرو ئەمریکادا کەزانا میسری و ئەمریکیەکان پێی هەڵدەستن کە پسپۆڕن لەزانستی میترۆلۆجیا ( کەش و هەوا ) وە هیدرۆلۆ جیا ( ئاو ) .

وە ئەم مانگە دەستکردە ( GRACE) لە مانگی 2001/6 دا هەڵدرایە فەزاوە و لەگەڵ دەسپێکی ساڵی 2002 شدا دەستی کردووە بەشی کردنەوەی ئەوزانیاریانەی کەوەرگیراون بۆ بەدەست هێنانی ئەنجام و توانای پێوانەکردنی هێزی زەمین کێش بەشێوەیەکیزۆر ووردبەهۆی ئەم مانگەدەستکردەوە. ئەم پڕۆژەی مانگە دەستکردە ( GRACE) کاریگەریەکی گەورەی ئابووری دەبێت لەسەرئاستی جیهان بەشێوە یەکی گشتی و بۆ بیابانەکان بەتایبەتی . دوای دەرکەوتنی ووردی پێوانەییەکان بۆ هێزی ڕاکێشانی زەوی . بەهۆی ئەم ڕاستیەوە دەتوانرێت لەلێکۆڵینەوەی ئاوی ژێر زەوی و گۆڕانکاریە مانگانەیەکانیدا بەکاربهێنرێت . هەروەها دەتوانرێت بڕی ئاوی هەڵگیراو لەژێر زەویدا و باشترین ڕێگەی کارکردنی و بەکارهێنانی لەناوچە بیابانە دوورەکاندا بەشێوەی چاندن یان دروستکردنی لەوەڕگا یان پڕۆژەی پیشەسازی وئاوەدانی و دروست کردنی کۆمەڵگای نیشتە جێبوونی

نویٚ لەناوەڕاستی بیابانە وشکەکاندا کەدەبێتەی سەرچاوەیەك بۆ زیادکردنی بەرهەم وداهاتی نەتەوەیی .

هەروەها بەهۆی دووری ئەم جێگایانەوە لە تۆڕی کارەبای نیشتمانی ، پێویست دەکات بۆ پاڵنان و هێنانی ئەو ئاوانەی ژێر زەوی کارەبا لەسەرچاوەی ترەوە بەدەست بێت ، بەهۆی ئەوەی کە بیابانەکانیش هەمیشە ڕۆژ تیایدا دەرکەوتون و وزەی ڕۆژی زۆرکۆدەبێتەوە کە لەهەندێ جێگەدا دەگاتە (2500 ) کیلۆ وات / سەعات لەسەر 1 مەتر چوارگۆشە لەساڵێکدا یان زیاتر .

بەکارهێنانی شانە ڕۆژیەکان بەشێوە جیاوازەکانیەوە لە شانە بلوری و نابلوریەکان و کۆمەڵگاکان لەپلێتە کارۆ ڕۆژیەکان بریتین لەهۆکاری گۆڕانی ووزەی ڕۆژ بۆ وزەی کارەبا ڕاستەو خۆ بەم هۆیەوە دەتوانرێت ئاوی ژێر زەوی ناوچە بیابانە دورەکان بگوێزرێتەوەو ئەوناوچانە ئاوەدانبکرێتەوە .ئەمە جگە لەوەی کە وزەی ڕۆژ وزەیە یەکی تازە کەرەوە و جێگیرو خاوێنە ولەوناوچە دوورانەدا وزەی ڕۆژ بۆ وزەیەکی موناtیسە کلاسیکیەکان لەڕووی ئابووریەوە لەئێستا وداهاتوشدا .

لەیادیشمان نەچێت کە شانە ڕۆژیەکان و پلێتە کارۆ ڕۆژیەکان بریتین لەتەکنەلۆژیای فەزا . ئەوەبوو لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستدا پێویستیەکی زۆرهەبووبۆسەرچاوەیەك بۆ پێدانی مانگە دەستکردەکان بەوزە لەکاتێکدا لە فەزای دەرەوەدا بوون . لەبەرئەوە فیزیای بە ستوەکان ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایەی دۆزیەوەی بۆ پێدانی مانگە دەستکردەکان .

بەوزەی کارەبا ڕاستەخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی پلێتە کارۆڕۆژیەکان کەوەك دوو باڵ وابوون بۆ مانگە دەستکردەکان لەسەرەتادا زۆر گران بوون نرخی شانەیەکی ڕۆژی کە 1 وات کارەبا دەدات بریتی بوو لە 40 دۆلار بەڵام هێواش هێواش ئەونرخە لەدابەزیندابوو هەتا گەیشتە 4 دۆلار بۆ 1 شانە کە 1 وات کارەبا دەدات لە کۆ تایی سەدەی بیستدا کە ئەمەش وایکرد کە ئەم تەکنەلۆژیا فەزاییە بەکاربهێنرێت لە جێبەجێکردنەکانی سەرزەویدا لەوانەش دەرکردن و

پاڵپێوەنانی ئاو لەناوچە دوورە دەستەکاندا وە بەتایبەتیش لەبیابانەکاندا کە ڕۆژ هەمیشە دەرکەوتووە .

بەم شێوەیە تەکنەلۆژیای فەزا زۆرێك لە دەنگی ناڕازی بۆ پەیدابوو بە هۆی ئەو پارە زۆرەی کەتیایدا خەرج دەکرێت لەنیوەی دووەمی سەدەی بیست دا . بەڵام بووە هۆی گێڕانەوەی داهاتێکی ئابووری زۆرتر لە هەموو ئەو بوارو مەبەستانەی کەلەسەر زەویدا بە کاردەهێنرا.و بەتایبەتیش لەئاوەدانکردنەوەی بیابانەکانداو دۆزینەوەی کانزاکان و نەوت و بیرە ئاوەکانی ژێرزەوی . وولاتە عەرەبیەکانیش یەکێك بوون لەو وڵاتانەی کە سودێکی گەورەیان بینی لەم تەکنەلۆژیایە ئەویش بەئاوەدانکردنەوەی بیابانەکان و بەرهەم هێنانی سامانە شاراوەکانی لەژێر لمی بیابانەکاندا .

سەرچاوە /

موقع المدنية للعلوم و الهندسة

---

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری (( ئەندازیاران)) بڵاوکراوەتەوە لە پایزی 2008دا.

## گۆڕینی ئاوی سوێر *

**پێناسەی گۆڕینی ئاو :-**

**بریتی یە لەگۆڕینی ئاوی پاکژ بەڕزگار بون لەخوێکان کەدەتوانرێت بەکار بهێنرێت ،ئەمەش بەچەند ڕێگەیەك جیّ بەجیّ دەکرێت .**

**هۆکاری هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا بۆ گۆڕینی ئاو :**

**یەکەم / جۆری ئاوی دەریا (چڕی گشتی خویّ تواوەکان ):-**

**کۆی گشتی خویّ تواوەکان لەئاوی کەنداوی عەرەبیدا دەگاتە 56000 بەش لەملیۆن لەخۆبەر ، وەدەگاتە 38000 – 43000 بەش لەملیۆن لەئاوی دەریای سوردا لەشاری جەدە .**

**دووەم / پلەی گەرمای ئاوی دەریاو هۆکاری تەندروستی کاریگەر تێیدا :-**

**پێویستە ئەم خاڵە لەبەر چاو بگیرێت لەکاتی دیزاینی وێستگەی گۆڕینی ئاودا ،بەشێوەیەك کەبەرهەمی وێستگەکە بەپیّ ی پلەی گەرما دەگۆڕێت ئەگەر زیاد یان کەم بکات لەو پلە گەرمیەی کە وێستگەکەی تیا دیزاین کراوە . بەلأم هۆکارە سروشتیەکان کەکاریگەریان هەیە بریتین لە هەڵچون وداچوونی و خۆڵی دەریاکە و لەجێگەی وەرگرتنی ئاوەکەو پیس بونی ژینگە .**

**سێیەم / تێچونی یەکەم بەرهەم هێنەر لەئاو وکارەبا :-**

**ئەمەش بەچاودێری کردنی پێشکەوتنە جیهانیەکان لەبواری گۆڕانی ئاو و بەرهەمهێنانی وزە بۆ گەیشتن بەباشترین ڕێگا لەلایەنی ئابوریدا لەڕووی سەرمایەی تێچووون و خەرجی ئیشپێکردن وسازکاریەوە .**

**وەصفێکی سانا بۆ وێستگەیەکی گۆڕینی ئاو :-**

**دەستپێدەکات بەچونە ناوەوەی ئاوی دەریا بۆ جێگەی وەرگرتنی ئاوی دەریا لەڕێگەی پالأوگەیەکەوە ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن لەخاشاك بۆ چوونە ناوەوە بۆ ناو ماتۆڕەکان (پاڵنەرەکان ) کەکاریان پالّ پێوەنانی ئاوی دەریاکەیە بۆ ناو بەهەڵمکەرەکان ،لێرەدا گیراوەی "هایپۆکلۆرایدی صۆدیۆم " دەکرێتە ناو ئاوی دەریاکەوە لەجێگەی وەرگرتنی ئاوی دەریاکە واتە پێش ئەوەی ئاوەکە بچێتە ناو**

بەهەڵمکەرەکانـەوە . ئەمـەش بـۆ ئـەوەی چارەسـەری مـادە هەڵواسـراوەکانی نـاو ئاوەکە بکات ، ئەم گیراوەیەش لەخەزاناتی تایبەتدا ئامادە دەکرێت ودواتر تێکەڵ بەئاوەکە دەکرێت لەڕێگەی پاڵنەرەکانەوە بەڕێژەی دیاریکراو .

لەجێگەی وەرگرتنی ئاوی دەریاکەوە ، بۆردی کارەبایی هەیە کەپاڵنـەرەکان ئیش پێدەکات ، هەروەها ئامێری پێوانە و کۆنترۆڵی پێویستیش هەیە بۆ ئەو ئامێرانە .دواتـــر ئـــاوی دەریاکـــە دەگوێزرێتـــەوە بـــۆ هەڵمکـــەرەکان کـــەپێك هـــاتووە لەچەند(مەرجەێك ) کەتیایدا کرداری بەهەڵمبونی ئاوی دەریاکە ڕوودەدات ودواتر چڕدەکرێتەوە و کۆدەکرێتەوە لەچوارچێوەی هەموو ئەو کردارانەی کەبەسەر ئـاوی دەریاکـەدا دێـت لـەکاتی وەرگرتنـەوە تـا گـۆڕینی بـەئاوێکی شـیرین وپـاك ،هەنـدێ مـادەی کیمیـاوی بـۆ زیـاد دەکرێـت لەوانـە "پـۆلی فۆسـفات " پـێش ئـەوەی ئـاوی دەریاکـە بکرێتـە بەهەڵمکەرەوەکانـەوە بۆڕێگـەگرتن لـەڕوودانی (ڕستیشـتن) لـەناو بـــۆری چـــڕکەرەوەکان وگـــۆڕەرە گەرمیەکانـــەوە ، هـــەروەها ئـــاوی دەریاکـــە تێپەڕدەکرێت بەسەر ئامێری دابەشکەری هەوادا بۆئەوەی لـە گـازە تواوەکـانی نـاو ئاوەکـە ڕزگارمـان بێـت هـەروەها ئـاوی دەریاکـە گەرمـدەکرێت بـەهۆی گـۆڕەرە گەرمیەکانەوە کەبەهەڵم کار دەکات و پێیان دەوترێت "گەرمکەری ئاوی سوێر ".

بەهەڵمکـەرەکان گـەلێك جـۆر پاڵنـەریان پێویسـتە لەوانـە بـۆ سـوڕدانی ئـاوی سـوێر لـەناو بەهەڵمکەرەکانـدا ،هـەروەها پاڵنـەر بـۆ صـەرفکردنی گـەڕاوە خوێیـەکان بـۆ کەناڵی صەرف کردن ،هـەروەها پاڵنـەری تایبـەت بۆ پاڵپێوەنـانی ئاوی بەرهـەم بۆ وێستگەی چارەسەری کیمیاوی . کەلێرەدا ئاوە بەرهەم هاتوەکە چارەسەر دەکرێت بەمـەودای کیمیـاوی جیـاواز وەك بـەپێی مواصـفاتی دیـاریکراوی جیهـانی ، دواتـر ڕەوانـەی خـەزاناتی گـەورە دەکرێـت کـە بەسـراوەتەوە بـەتۆڕی دابەشـکردنی ئـاوی شیرینەوە کە .

بەرهەم هێنانی کارەبا لەوێستگەکانی گۆڕیندا :-

زۆر جاران ئەو هەڵمەی بەرهەم دێت لە وێستگەکانی گۆڕینی ئـاوەوە بـەکاردێت بـۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بۆ دابینکردنی پێداویستی وێستگەکانی گۆڕینی ئـاو

و کۆمەڵگاکانی نیشتە جێبوون و وێستگەکانی پاڵپێوەنان و ئەو بڕەی کەزیادە ڕەوانەی تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا دەکرێت .

ئەم وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبایەش پێك هاتووە لەژمارەیەك ئامێر کە هەڵدەستێت بەچڕکردنەوەی هەڵمە بەرهەم هاتوەکە لە وێستگەی گۆڕین وتۆڕبیناتە هەڵمهێنەرەکانەوە کەبەسراونەتەوە بە بەرهەم هێنەکارەباییەکانەوە هەروەها پێك دێت لە ژمارەیەك ئامێری یارمەتیدەر وپاڵنەر و خەزاناتی سووتەمەنی و سیستەمی نەهێشتنی ئاگرو پاتری کارەبایی بۆ پێدانی ئامێرە پێویستیەکان بەوزە لەکاتی ڕوودانی هەر گرفتێکدا لەتۆڕەکەدا .

هەروەها پێوەرێکی ئۆتۆماتیکی تیادایە کەبەهۆیەوە کۆنترۆڵی هەموو ئامێرەکانی پێوانە و کۆنترۆڵ و چاودێری کردن دەکرێت بۆ هەموو ئامێرەکانی پرۆژەکە.

---

* ئەم بابەتەم بلاّوکراوەتەوە لە گۆڤاری (( ئەندازیاران))دا لە زستانی 2007دا.

# ڕەوشی ئەندازیاری لەکوردستاندا
# بەرەو کوێ؟ *

* ئاشکرایە زانستو زانستکاران ڕۆڵ و کاریگەریەکی گەورەو بەرچاویان هەیە لەسەر هەموو داهێنانو پێشکەوتنەکانی سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاكو کۆمەڵگاکاندا، هەرکاتێکیش ئاستی خوێندنو نوسینو خوێندەواری و زانست لەهەر کۆمەڵگایەکدا نزمو کپ و مات بوو ئەوا ئەو کۆمەڵگایە بەکۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار و هەژار و ناتەندروست و دواکەوتوو ئەژمار دەکرێت.بەپێچەوانەشەوە هەرکاتێك زانستو خوێندەواری بەربلاّو و پێشکەوتوو بوو، بەدڵنیایی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و داهێنەر و گەشەسەندوو بەرهەم دێت. زانست بۆخۆی کاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەکانی سیاسیو ئابووری و کۆمەلاّیەتی و سەربازی و ئەدەب و هونەریش هەیە، چونکە هەموو ئەو بوارانە ڕەنگدانەوەی زانستیان لەسەرە، چونکە بوونی پلانی زانستی وردو داڕێژراو لەهەموو ئەو بوارانەدا کاریگەری خۆی دەبێت و ئەو بوارانەش هەموانیان بەشێکن لەزانست.

- پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕەوشی زانست لەکوردستاندا ڕوو لەگەشەو پێشکەوتن و داهێنانە؟ یان ڕوو لەخاوبوونەوە و گەڕانەوە بۆ دواوەیە؟ ئایا حکومەتی هەرێم پلانی چیە بۆ زیندووکردنەوە و چالاککردنی زانستو زانستکاران؟ ئایا دەزگا زانستی و زانکۆکان ئازادن لەدانانی پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن؟ ئایا بەئاڕاستەی پێگەیاندنی کادری هۆشیارو داهێنەر و پسپۆڕ کار دەکەن؟ یان تەنها بۆ ڕایکردنی کات و دەرچواندنی ژمارەیەکی زۆرترو بەدەستهێنانی بڕوانامە کار دەکەن؟.

بۆ وەلاّمی هەموو ئەم پرسیارانە، دەکرێت بڵێین (( هەموو گەشەو پێشکەوتنو داهێنانێك لەهەر بوارێکدا بێت پێویستی بەکەشو هەوایەکی ئاشتیو ئارامیو گونجاو هەیە بۆ ئەوەی کاروانی گەشە و پێشکەوتنەکان بەئاسایی بەرەو پێش بچن، چونکە لەنەبوونی کەش و هەوایەکی ئاشتی و ئارامیدا و بوونی جەنگ و ململانێ و هەژاری و دواکەوتوویدا مرۆڤ ناتوانێت بیرو پلانی داهێنان و

پێشکەوتنی هەبێت، لەبەرئەوەی تەنها پلانی بۆ پاراستنی ژیان و گیانی خۆیەتی))، بۆیە لەسەردەمی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا هەموان بەگشتی و کورد و کوردستان بەتایبەتی هەمیشە مەترسی لەناوچوون و قڕکردن و زوڵم و چەوساندنەوە و تواندنەوە و سڕینەوەی مێژو و جوگرافیا و کەلتوور و کەسایەتی لەسەر بووە.هەر بۆیەش تاك و کۆمەڵگای کوردەواری گەشەو پێشکەوتنێکی ئاسایی بەخۆوە نەبینیوە لەهیچ بوارێکداو بەتایبەتیش زانست. لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەت و دەسەڵاتی کوردیش لەساڵی 1991 ەوە بەهەمان شێوە پیلانی دوژمنانی ناوخۆ و ناوچەکە بۆ خۆشکردن و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆو گەمارۆ ئابوورییەکانو .. هتد ، هۆکارێك بوون بۆ گەشەنەکردن و پێشنەکەوتنی سەرجەم بوارەکان و زانستیش بەتایبەتی لەکوردستاندا.بۆیە ڕەوشی زانست لەکوردستاندا تائێستاش ڕەوشێکی تەندروست و زانستی و پلان ڕێژو ئاسایی نیە، بەڵکو ڕەوشێکی تەموومژاوی و لێڵ و نەچەسپاوە، چونکە لەلایەك کەش و هەوایەکی گونجاو نەبووە و لەلایەکی تریشەوە حکومەتێکی توندو تۆڵ و یەکگرتووی تەکنۆکرات نەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە زانکۆ و دامو دەزگا زانستیەکانیش سەربەست و ئازاد و دەستکراوە نەبوون لەدانانی پلانی زانستی و پرۆگرامێکی پێشکەوتوو بەهۆی وابەستەیی و دواکەوتەییان بۆ سیاسەتەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.هەر بۆیەش تائێستاش زانکۆکان وەك مەڵبەندێکی هۆشیاری و زانستی نەیانتوانیوە کە کادری زانستی هۆشیارو داهێنەر پەروەردەبکەن و پێبگەیەنن، بەڵکو تەنها بونەتە جێگەی دەرچواندنی ژمارەیەکی زۆر و بۆر و ئاست نزمی زانستی لەخوێندکاران و تەنها بونەتە جێگەی پێدانی بڕوانامە، ئەمەش بەئاشکرا لەئاستی زانستو زانیاری ئەو خوێندکارانەدا دەبینرێت کە دەردەچن بەبەراورد لەگەڵ خوێندکارانی ساڵانی هەشتاکان و پێشتردا.لەم بوارەشدا بواری ئەندازە و ئەندازەیی و ئەندازیارانیش دەچنە چوارچێوەی هەمان ڕەوشەوە وەك بەشێك لەزانست و وەك بەرهەمێکی ئەو زانکۆ و دامو دەزگا زانستیانە.

* وشـەی (( ئەنـدازە )) وەك دەوترێـت بنچـینەکەی فارسـیە و بـەمانای (( توانـای چارەسـەرکردنی کێشـەکان )) دێـت ، لەقاموسـی (( المحـیط )) دا ئاوهـا پێناسـەی وشەی (( ئەندازە ، هندسە )) دەکات :

* زانستی بیرکاری کە دەگەڕێت لەناو هێڵەکان و دووریەکان و ڕووەکـان و گۆشـە و بـڕو پێوانـە مادیەکانـدا لـەڕووی سـیفات و پێوانـە و هەڵسـەنگاندن و پەیوەنـدی نێوانیـان کـە لێـرەدا بەرامبـەر ووشـەی ئینگلیـزی (( Geometry)) ی ئەنـدازەی بیرکاری دێت.

* بریتیــە لــە بنــەماو بنچــینە زانســتیەکانی هاوپەیوەنــد بەســیفاتی مــادە و سەرچـاوەکانی هێـزە سروشـتیەکان و ڕێگاکـانی بـەکارهێنانیان بـۆ وەدیهێنـانی مەبەستە مادیەکان (( کە ئەمەش بەمانای ئەندازەی تیۆری دەناسرێت )).

* بریتیە لە هونەری سوود وەرگرتن لە بنەماو بنچینە زانستیەکان لەدروستکردنی کـەل و پـەل و ڕێکخسـتنیان و هەڵسـەنگاندنیان(( کـە ئەمەشـیان دەناسـرێت بـە ئەنــدازەی جێبــەجێکاری یــان پراکتیکــی کــە بەرامبــەر وشــەی ئینگلیــزی Engineering کەئەم بوارانە دەگرێتەوە وەك ئەنـدازەی بیناسـازی و میکـانیکی و کیمیاوی وکارەباو ...هتد.

- ئاشکراشــە هــەر کــاتێ کــادری نازانســتی بەرهــەم هــات بەرهــەمێکی نازانسـتیش دەخاتـەوە، بۆیـە چارەسـەر لـەزانکۆکانو کورسـیەکانی خوێندنـەوە دەست پێ دەکات بە:-

1. دابینکردنــی مامۆســتای پلــە بــەرزو شــارەزاو خــاوەن ئــەزموون و پســپۆڕی لەناوەوە و دەرەوەی کوردوستان.
2. دابینکردنی بوودجەیەکی گونجاو بۆ لێکۆڵینـەوەو داهێنـان و دۆزینـەوەی نـوێ بۆ مامۆستایان و خوێندکارانیش.
3. دانانی پلانێکی زانستی واقیعانە و پێشکەوتوانە بۆ خوێندن.
4. سازکردنی کۆڕو سیمناری زانستی بۆ پسپۆڕانی بیانی لەزانکۆکاندا.
5. سـوود وەرگـرتن لـەتواناو شـارەزایی و ئـەزموونی پرۆفیسـۆرو زانـای بیـانی و هێنانیان بۆ وانە وتنەوە لەزانکۆکاندا.

6. دەرچـوونی زانکـۆ لەخولگـەی حیزبایـەتی و هـەنگاونان بـەرەو ئـازادبوونی ئەکادیمیانە.

بـەم شـێوەیە دەکرێـت کـە کـادر و ئەنـدازیاری بـەتواناو خـاوەن ئاسـتێکی بـەرزی تێوری بێتە بەرهەمو دواتریش لەبواری پراکتیکیدا سەرکەوتنو داهێنـان بەدەسـت بهێنن.

- لێـرەدا چـەند پرسـیارێك سـەر هەڵـدەدات وەك: ئایـا بۆچـی تائێسـتاو لەتەمـەنی 17 سـاڵەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا نـەتوانراوە چـەندین کۆمپانیـای ئەنـدازەیی گـەورەو بـەتواناو شـارەزا دابمـەزرێن؟ بۆچـی تائێسـتا لەکوردستاندا کۆمپانیایەکی ئە نـدازەیی دروسـت نـەبووە کـە بتوانێـت پـڕۆژەی گـەورەو سـتراتیژی لەکوردسـتانو دەرەوەی کوردسـتاندا جێبـەجێ بکـات وەك کۆمپانیا تورکیو ئێرانیو عەرەبیو بیانیەکان؟ یان بۆچی ناتوانن پەیوەستنامە و کۆنتراکت ببەستن لەدەرەوەی کوردستاندا؟

ئاشکراشە گەلێك هۆکار هەن بۆ چیٚ نەبوونی ئەو بابەتە. لەوانە: –

1. نـاجێگیری بـارودۆخی سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایـەتی لەکوردسـتاندا بەدرێژایی ماوەی ئەم 17 ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتی کوردی.

2. سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکان بەسەر کوردستاندا کـە ببـووە مایـەی سڕکردنی سەرمایەگوزاری و خەوتنی بازاڕو بازرگانی.

3. نەبوونی سەرمایەیەکی گەورەو زەبەلاح لەکوردستاندا.

4. نەبوونو دروست نەبوونی سەرمایەدارانی نیشتیمانی گەورەو بەتواناو خاوەن ئەزموون.

5. تائێسـتاش زۆربـەی سـەرمایەدارانی کوردسـتان لەقۆناغـەکانی قاچاغچـێتیو سەرەتاییدانو نەچوونەتە قۆناغی چەسپاندن و ئاشکراوە.

6.داخستنو نەکرانـەوەی کوردسـتان و سـەرمایەداران بەڕووی دونیـادا و نـەبوونی پەیوەندیان بەتۆڕو کۆمپانیاو بازاڕە گەورەکانی ناوچەکە و دونیاوە.

7. نـەبوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە کەسـانی پسـپۆڕو خـاوەن ئـەزموون لـەبواری کـاری ئەنـدازەییو ئەندازیاریـدا لـە زانکۆکـانی کوردوسـتان و دەرەوەی زانکۆکانیشـدا،

بۆنمونە لەبەشی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانیدا وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە ئـەو ژمـارە کەمـەی ئەنـدازیاری پسـپۆڕیمان هەیـە کـە لەبەرامبـەر ئـەو پڕۆسـە ئاوەدانکردنەوە گەورەیەی کوردوستاندا زۆر کەمە .

| ساڵ | بەشی بیناساری | | بەشی ئاودێری | | بەشی تەلارسازی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕوانامەی دکتۆرا | بڕوانامەی ماستەر | بڕوانامەی دکتۆرا | بڕوانامەی ماستەر | بڕوانامەی دکتۆرا | بڕوانامەی ماستەر |
| 1997 - 1998 | 2 | 3 | 2 | 3 | 0 | 0 |
| 1999 - 2000 | 3 | 2 | 3 | 6 | 2 | 3 |
| 2000 - 2001 | 4 | 5 | 4 | 6 | 1 | 3 |
| 2002 - 2003 | 5 | 9 | 2 | 8 | 0 | 5 |

* ئەم خشتەیە لە ڕێبەری زانکۆی سلێمانی تایبەت بەو ساڵانەوە وەرگیراوە

8. ئەگـەر کەسـێکی ئەنـدازیاریش هـەبووبێت کـە خـاوەن شـارەزاییو پسـپۆڕی بووبێـت، خـاوەن سـەرمایەیەکی گـەورەو بـەهێز نـەبووە بـۆ دامەزرانـدنی کۆمپانیایەکی گەورەی ئەندازەیی.

9. نـەبوونی کـادری بـە ئـەزموون و شـارەزا و پسـپۆڕ لەئەنـدازیارانی بـوارە جیاوازەکانی ئەندازەیدا، کە بتوانرێت هەموو قۆناغەکانی نەخشەو پلان و دیزاین و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی جێبەجێ بکات بەتواناکانی خۆماڵی .

10. لەلایـەك متمانـە نـەبوونی حکومـەتو دەسـەڵاتی کـوردی بـەتوانای ئەنـدازەیی خۆمـاڵی بـۆ جێبـەجێکردنی پڕۆژەکـانو لەلایـەکی تریشـەوە هێنـان و کارئاسـانی

کردن و پێدانی تەندەر و کۆنتراکتە گەورەو ستراتیژیەکان بەکۆمپانیا ناوچەیی و بیانیەکان بەمەبەستی سیاسی.

11. داخرانی کوردستان و کادرە ئەندازەییەکان بەڕووی دونیادا و بەڕووی زانست و داهێنان و پێشکەوتنە جیهانیەکان لەبواری ئەندازەیدا .

12. نەبوونی پردو ڕایەڵەی پەیوەندی زانستی و ئەندازەیی لەنێوان زانکۆکان و توانا ئەندازەییەکانی کوردستان لەگەڵ دونیای دەرەوەدا.

13.نەبوونی وەزارەتی پلان دانان لەحکومەتەکاتی کوردستاندا لەوەوپێش .

14. نەبوونی خولی ڕاهێنان و فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی ساڵانە بۆ ئەندازیاران لەدەرەوەی وڵات، ئەگەر هەشبووبێت باش وەبەر نەهێنراوە.

15. نەبوونی متمانە بەبارودۆخە سیاسی و ئابووریە ناجێگیرەکەی کوردستان لەلایەنی خاوەن سەرمایە و ئەندازیاران کە سەرمایەکانیان بەبێ ترس بخەنە گەڕو پڕۆژەی گەورەو ستراتیژیەوە لەکوردستان و دەرەوەدا.

16. لەئێستاشدا زۆرێك لەو کۆمپانیایانەی کە هەن مەرج و مواسەفاتی کۆمپانیایەکی پسپۆڕی و ئەندازەییان تیادا نیەو تەنها خەیاڵ و پلانیان بۆ قازانجی زۆرو خێرایە، نەك چەسپاندنی مەرج و مواسەفاتی ئەندازەییە جیهانیەکان و قازانجی کەم بێت.

17. نزمی ئاستی ئەندازەیی و زانستی ئەندازیاران و کۆمپانیا کوردیەکان بە بەراوردی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا.کە ناتوانن کێبڕکێیان لەگەڵدا بکەن.

هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی دەرنەکەوتن و پەیدانەبوون و دانەمەزراندنی کۆمپانیای گەورەی ئەندازەیی لەکوردستانداو نەتوانرێت کە پڕۆژەو کۆنتراکتی گەورە جێبەجێ بکرێت لەکوردستان و دەرەوەشدا.

- ئەی چارەسەر چی یە ؟

چارەسەر لەم قۆناغە نوێیەدا، سەرەتا لەحکومەتەوە دەبێت دەست پێ بکات بەوەی کە :-

1. گرنگی زیاتر بدرێت بەزانکۆکان و کۆلێژە ئەندازیاریەکان بەمەبەستی پێگەیاندنی کادری شارەزا و ئاست بەرزی ئەندازەیی.

2.حکومەت وەك هەنگاوی یەکەم کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئەندازەیی دابمەزرێنێت لەگەڵ چەند سەرمایەدارێکی گەورەو ئەندازیاری شارەزاو پسپۆڕ لەهەموو بوارەکانی ئەندازەییدا بەسەرماییەکی گەورە.

3. هانی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی بیانی بدات و کارئاسانیان بۆ بکات بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای ئەندازەیی لەکوردستاندا بەهاوبەشی لەگەڵ سەرمایەداران و ئەندازیارانی کوردستاندا.

4. ناردن و کردنەوەی خولی ئەندازەیی بۆ ئەندازیاران لەهەموو پسپۆڕە جیاوازەکان لەدەرەوەی ولاَت بۆ زیاتر شارەزابوون و وەرگرتنی ئەزموون و سوود وەرگرتن لەداهێنان و پێشکەوتنە نوێیەکانی سەردەم.

5. سازدانی کۆڕ و کۆنگرە و سیمیناری زانستی بۆ ئەندازیاران و ڕەوشی ئەندازیاری لەکوردستاندا بەهاوبەشی کۆمپانیا و ناوەندو دامو دەزگا ئەندازەییە بەناوبانگەکانی دونیا، بەمەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لەئەزموونی دونیا.

6.کرانەوەی زیاتری بازاڕ و ئابووری و لەبەردەم خاوەن سەرمایە و ئەندازیارانی کورددا، دوور لەدەستێوەردان و کۆنترۆڵکردنی حیزبی بۆ بواری زانستی و ئابووری.

- بەگرتنەبەری ئەم هەنگاو و ڕێوشوێنانە، ئومێد دەکرێت کە لەسایەی ئەم کەش و هەوا ئارام و ئاشتی و دیموکراسیەی کوردستاندا کرانەوەی زیاتربەسەر دونیادا ڕووبدات، و ئایندەی ڕەوشی زانست و ئەندازیاریش لەکوردستاندا ڕوو لەگەشەی زیاتر بکات و بناغەو بنچینەیەکی پتەو و چەسپاو بۆ ڕەوشی ئەندازەیی لەکوردوستاندا چێ ببێت و ئیدی ئەندازیارانی کوردیش لەقۆناغی شەرمنی و ترس و دوودڵیەوە هەنگاو بەرەو کرانەوە و بوێری و جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی بنێن نەك لەکوردستاندا، بەڵکو لەدەرەوەی کوردستانیشدا .

---

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری(( ئەندازیاران)) لە بەهاری 2008دا بلاَوکراوەتەوە.

# ئەریٚ بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کویٚ دەچێت و چی لیٚ دێت ؟ *

- ئاشکرایە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی هەر دەزگایەك بچوك یان گەورە بێت پێویستی بە لەلایەك بەرنامەی کار و پلان دانان و عەقڵیەتێکی ئیداری و بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو و ستراتیژی و کراوە هەیە و لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە سەرچاوەی داهات و دارایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەو پلان و بەرنامەیەی کە هەیەتی.بەواتایەکی تر هەرکاتیٚ پلان وبوودجەی پێویست و سەکەوتوو و زانستیانە هەبوو مانای دەزگایەك یان ئیدارەیەك یان دەسەڵاتێکی سەرکەوتوش هەیە . بە پێچەوانەشەوە مانای نەبوونی دەسەڵات و ئیدارە دەگەیەنێت.
- ئاشکراشە هەموو دەسەڵات و حکومەتێك لەم چوار چێوەیە دەرناچێت بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە پێویستی بە پلان و بەرنامەی کار و سەرچاوەی داهات و دارایی واتە بودجە هەیە .

لە ئێستادا نازانین بۆ پلان کە هەیبێت یان نا ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ( 17٪ ) بودجەی هەموو دەوڵەتی عێراقی هەیە ، وەك باس دەکرێت لەسەر و ( 7 ) حەوت ملیار دۆلاری ئەمریکیەوەیە و بە بودجەی تەواوکەرەکەیەوە دەچێتە ( 8 – 9 ) ملیار دۆلار .

کە ئەم بودجەیە بۆ هەرێمێکی وەك کوردستانی ( 3 – 4 ) ملیۆن کەسی گەلێك زۆرە ، وڵاتێکی وەك سوریا و ئوردون کە ژمارەیان گەلێك زیاترە لە کوردستان هەر ئەوەندەیان بودجە هەیە ، بەڵام وولاتەکانیان دەوڵەمەند و ئاوەدان و خۆش گوزەرانیشن .

- لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم بوودجە زۆرەی حکومەتی هەرێم چی لیٚ دێت ؟ بۆ چ بوارێك خەرج دەکرێت ؟ ئایا کام پرۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیژی گەورەی لیٚ جیٚ بە جیٚ کراوە ؟ و دەیان پرسیاری تریش ......

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە ئەگەر دەهێندەی تریش بودجەی حکومەتی هەرێم زیادیش بکرێت چونکە پلان و بەرنامەی زانستی نیە هەروا دەڕوات و چینە داهات دیارییکراوەکان لە فەرمانبەران و هەژار و دەسکورتەکان سوودی لێ وەرناگرن کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگان و تەنها چینە دەسەڵاتدارە زۆر کەمینەکەی کۆمەڵ و دەست و پێوەند و کاسەلێسەکانیان سوودی لێ وەردەگرن.

وەك ئاشکرایە و دەوترا لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا تەنها ( 5٪ ) بودجە و داهاتی عێراق بۆ هەموو عێراق خەرج دەکراو لە ( 95 ٪ ) کەی تری بۆ بواری سەربازی و جەنگ و بەتاڵان دەبرا . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاووڵاتی بە باشترین شێواز دەژیا و پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانی بۆ دابین کرا بوو . لەسەردەمی جێبەجێ کردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا( 986)ی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە ساڵانی ( 1996 – 2003 ) ڕێژەی بەشی هەرێمی کوردستان ( 13٪ ) بوو لە داهاتی عێراق . گەلێك پڕۆژەی گەورە جێبەجێ کرا لەگەڵ دابینکردنی خۆراکی مانگانە . هەر چەندە ئەویش گەلێك کەم و کورتی تیادا هەبوو .

بەڵام لە ئێستادا حکومەتی هەرێم خاوەنی 17٪ بودجەی حکومەتی عێراقی هەیە بەڵام لەم بودجە زۆرە تەنها مووچەی فەرمانبەرانی دیارە ، ئایا ( 17٪)ی بودجە کەمە و بەش ناکات یان پلانی زانستی نیە بۆ خەرج کردنی؟

❖ ئەوەتا بودجەی ساڵانی ( 2007 و 2008) بەسەرچوو هێشتا بودجەی حکومەت ئاشکرانەکراوە و دابەش نەکراوەتە سەر وەزارەتەکان .

❖ حکومەت بەڵێنی سلفەی عەقار و زیادکردنی مووچە و دروست کردنی بینای نیشتەجێ و باش کردنی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و ...هتدی. بە هاوڵاتیان داو هیچی جێبەجێ نەکرد ، ئەگەر کردبێتیشی بە نیوە ناچڵ بووە .

❖ لە بوودجەی ساڵی ( 2008 )دا تەنها مووچەی فەرمانبەران دیارە ئەویش بە کەم و کوڕی و وەرگرتنەوە و لێبڕین و بەتاڵانبردنی بەشێکی موچەی ئەو چینە کەم دەرامەت و هەژار و دەستکورتە .

❖ لە مانگی ( 11 / 2007 )وە حکومەت دەهۆڵ و زوڕنا دەکوتێت بۆ زیادکردنی مووچە و ئیدی لەو کاتەوە بازاڕ و نرخی کەل و پەل گڕیان گرتووە . کە هاتینە سەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە بەو شێوەیە جێبەجێکرا کە هەموان دەیبینین.

لە بەغداد لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەیەك ڕێنمایی کورت و پوخت خەرجکردنی موچە و دەرماڵەکانی ڕێکخست بێ پێچ وپەناو لێبڕین و گل دانەوەو ..هتد. و لەماوەیەکی کەمیشدا هەموو وەزارەتەکان جێبەجێیان کردو فەرمانبەرانیش بەزیادەی موچەکانیان گەیشتن و دڵخۆش بوون.

بەلأم لە حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا و لەلایەن هەردوو وەزارەتە داراییەکانەوە تائێستا 7 ڕێنمایی جۆراو جۆرو جیاواز لەیەك و ناڕۆشن و لێڵ دەرچوون بۆ خەرجکردنی ئەو موچە و دەرماڵە نوێیانە(( شەشیان لەلایەن وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی / سلێمانی و یەك دانەشیان لەلایەن وەزارەتی دارایی / هەولێر ))وە دەرچوون. کەئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە هەردوو وەزارەتی دارایی یان نەشارەزان و تێناگەن یان دەیانەوێت بەم پێچوپەناو ناڕۆشنیە بتوانن بڕێك موچەو دەرماڵە لە فەرمانبەران بدزن یان ببڕن و خەرجی نەکەن. ئەگینا بۆ وەك وەزارەتی دارایی عێراقی بەیەك ڕێنمایی پوخت و شەفاف و لە 15 پارێزگادا و لەماوەیەکی کەمدا ئەو موچەو دەرماڵەیە خەرج ناکەن.

1. ڕێنمایی ژماری 40 بەگشتاندنی ژمارە 11856 لە 2008/6/26دا کە دەبوو هەموو دەرماڵە نوێکان لە ( 1 / 1 / 2008 ) وە خەرجبکرێت نەك نیوەی لە (1/ 7 / 2008)وە دەدرێت . کە ئەمە بۆ خۆی دزینی ئاشکرا و پێشێل کردنی مافی هاوولأتیان و فەرمانبەرانە . وەك :-

دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بە ڕێژەی ( 20000 تا 60000 ) هەزار دینار لە ( 1 / 7 / 2008) وە جێبەجێ دەکرێت و دەرماڵەی ترسناکی بۆ ئەندازیاران و چینەکانی تر لە ( 1 / 7 / 2008 )وە دەدرێت و ڕۆشن نیە و دەرماڵەی منداڵ بە مەرج خەرج دەکرێت و دەرماڵەی پایە و منصب تاکو ئێستا نەدراوە .

2. ڕێنمایی ژمارە 42 بەگشتاندنی ژمارە 12365 لە 2008/7/6دا کە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات دەربارەی دەرماڵەی مەترسی و خێزانی و پایە و بڕوانامە و وەرگرتنەوەی دەرماڵە کۆنەکان.

3. ڕێنمایی ژمارە 46 بەگشتاندنی 13685 لە 2008/7/28دا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر دەرماڵەی خێزانی و بڕوانامە.

4. ڕێنمایی ژمارە 47 بەگشتاندنی 13749 لە 2008/7/29دا جارێکی تر ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر دەرماڵەی مەترسی پیشەیی.

5. ڕێنمایی ژمارە 48 بەگشتاندنی 13881 لە 2008/7/31دا دەرماڵەی ترسناکی بۆ خاوەن بڕوانامە جیاوازەکان کە هەندێکیان لە 1/1/ 2008 وە دەیانگرێتەوە و هەندێکیشیان لە 2008/7/1وە دەیان گرێتەوە.(( بانێکەو دوو هەوا)).

6. ڕێنمایی ژماری 49 بەگشتاندنی 14025 لە 2008/8/5دا تیایدا خەرجکردنی جیاوازی تەنها دوو مانگی 1 و2 / 2008 دەکات.

بەم شێوەیە چەندین ملیار دینار دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت. پرسیار ئەوەیە گریمان ئەگەر ژمارەی فەرمانبەرانی کوردوستان 500000 فەرمانبەر بن کە گوایە لەلای حکومەتی مەرکەزی دەڵێن زیاد لە 1 ملیۆن فەرمانبەر هەیە لەکوردوستاندا .دەبێت ئەو زیادە موچەیە کە خەرج ناکرێت و نادرێتە فەرمانبەران و بەڕۆژی نێوەڕۆ و لەبەرچاوی تەنها 500000 فەرمانبەر دەدزرێت بکاتە چەند ملیار دینار.

ئایا ئەو بڕە پارانەی کە خەرج ناکرێت و نادرێت بەفەرمانبەران کە هەقی ڕەواو تەواوی خۆیانە چونکە بەفعلی لەو 6 مانگەدا دەوامیان کردوەو ئەو دەرماڵانەش لەکاتی دەوامکردندا پێویستە خەرج بکرێت ئەی کەواتە ئەو ملیار دینارانە بۆ کوێ دەچێت و بە قازانجی کێ تەواو دەبێت و دەچێتە گیرفانی کام حیزب و کام سەرکردەو کام بنەماڵەیەوە؟

7. لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕیەی مووچەی فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوەدا . کەچی لەلایەن وەزارەتی دارایی لەهەولێر ڕێنمایی ژمارە 28 بەگشتاندنی

16165لە 2008/7/28دا دەرچووە لەسەر بڕیارێکی نهێنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەژمارە 2139 لە 2008/7/22دا و تیایدا هاتوە:

بڕی ( 500 ) هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکاران و ئەوانەی بەو پلەیە دێن و بڕی 1 ملیۆن دینار بۆ جێگری وەزیر و ئەوانەی بەو پلەیە دێن زیاد بکرێت و خەرج بکرێت لە 2008/7/1وە .

- بەم شێوەیە حکومەت خۆی تەنها بە حکومەتی وەزیر و ئەندام پەڕلەمان و جێگری وەزیر و بەڕێوەبەر گشتیەکان دادەنێت نەك حکومەتی هەژاران و کرێکاران و چینەکانی خوارەوە .
- لەهەمووشی سەیر تر دەبێت خەرجکردنی هەموو موچەو دەرماڵەکان فەرمانی وەزیری تایبەتمەندی پێدەربچێتەوە کە ئەمەش دواکەوتن و ڕۆتینی زیاتر دروست دەکات کە ئەمەش بەئەنقەست و بەمەبەستە ئەگینا بۆ لەبەغداد وانەکراوە و هەموو وەزارەتەکان تەنها لەسەر ڕێنمایی وەزارەتی دارایی کاردەکەن.

بەلاَم دەبێت حکومەت و دەسەلاَتی سیاسی کوردی ئەوە بزانن کەپشت و پەنا ڕاستەقینەکەی تەنها جەماوەرە هەژار و دەسکورتەکەیەتی نەك پلە بەرزەکان و هەر جەماوەریشە کە سوتەمەنی و قوربانی خەباتە ڕەواکەی گەلی کوردە نزیکترین نمونەش خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی شارەکانی کوردوستان بوو دژی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە بەشی هەرە زۆری فەرمانبەران بوون نەك وەزیرو ئەندام پەڕلەمان و لێپرسراوەکان.. بۆیە دەبوایە ئەو موچە ودەرمالاَنە وەکو خۆی بدرایە بەو چینە هەژارو دەست کورتانە نەك وەزیر وجێگر وەزیر و ب. گشتیانە.بۆیە دەکرێت لە جیاتی ئەوەی بڵێین مووچە زیادی کردوە دەبێت بڵێین مووچەکانمان دزراوە .

لەبەر ئەوە دەڵێین کە پێویستە هەموو فەرمانبەران ڕێپێوانی ناڕەزایی بکەن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ماف و هەقەی خۆیان . وەك چۆن فەرمانبەران لە بەغداد لەسەر ڕاوەستاندنێکی کاتی تەنها زیادەی 3 مانگیان خۆپیشاندانیان سازدا.ئەگەر حکومەتیش وەلاَمی نەدانەوە پێویستە هەر فەرمانبەرێك لەجێگەی خۆیەوە

**داوایەکی ڕەسمی لەدادگاکانی کوردوستان (( ئەگەر سەربەخۆبن و بوێرن لەبەرامبەر دەسەڵاتدا حوکم بدەن)) !! لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردوستان تۆمار بکەن و داوای ئەو مافە خوراو و زەوتکراوانەی خۆیان بکەن و لەگەڵیشیدا داوای قەرەبوش بکەنەوە چونکە لە مانگی 2007/11 وە فەرمانبەران باجی گرانی بازاڕ دەدەن لەبەرامبەر بەناو زیادکردنی موچەکانیاندا. ئەگەریش دادگاکانیش دادیان نەپرسین ئەوا پیشنیاز دەکەم هەموو پێکەوە لەدادگای عەدلی نێودەوڵەتی لە لاهای سکالاٚ لە سەر حکومەتی هەرێم تۆمار بکەین.**

---

*** ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی(( ئاوێنە)) وگۆڤاری (( ئەندازیاران )) بلاٚوکراوەتەوە لە 8/19 و هاوینی 2008دا.**

# تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی

## گۆڕینی غاز بۆ نەوت

* بەرهەمهێنەرانی غازی سروشتی ڕێگری گەورەیان بەرەو ڕوو دەبێتەوە لەگەڵ کاری سەخت لەبەرهەمهێنانی یەدەگی غازدا بەڕێگەی ئابووری گونجاو، لە دە ساڵی ڕابردوودا یەدەگی غازی جیهانی بازدانێکی گەورەی نا بۆ زیادبوون بەڕێژەی 30٪ بۆ ئەوەی بگاتە (5300 ) تریلیۆن پێ سێجا و کە نزیکەی 280تریلیۆن پێ سێجا لەو بڕە پێویست نیەو لەئێستادا سوودی لێ نابینرێت، پێشبینش ناکرێت لەداهاتوویەکی نزیکیشدا پێویستی هەبێت پێی.لەگەڵ زیادبوونی پێداویستی جیهانی بۆ غاز، بەڵام دۆزینەوەی زیاتری غاز و بوونی سەرچاوەی تر بوونەتە هۆی زیادبوونی ئەو بڕە غازە و لەئێستادا بازاڕەکانی جیهان ناتوانن هەمووی بەکار بهێنن.بەهەمان شێوە بەرهەمهێنەرانی غازی سروشتی ڕێگری تریشیان بۆ پەیدابووە لەبواری فرۆشتن و پڕوپاگەندە کردن بۆ بەرهەمەکانیان لەغاز، بۆ نمونە بڕە غازێکی یەدەگی گەورە هەیە لەناوچە دوورە دەستەکان لەجێگەی نیشتەجێبوونەکانی دانیشتوانەوە کە وای کردووە گەیاندنی بەڕێگەی لولەی غاز کارێکی ئابووری بەقازانج نەبێت .

* ڕێگاکانی سوود وەرگرتن لەزیادەی غازی سروشتی :

1. بەهۆی پڕۆژەکانی شلکردنەوەی غازی سروشتی ( بەرزبوونەوەی تێچوونی پرۆژەکان و گواستنەوە ) .

2. بەهۆی بەرهەمهێنانی غازی میثانۆڵ ( لەگەڵ ئەوەی کە پڕۆژەکانی میثانۆڵ بۆتە هۆی پەیداکردنی هەلی گونجاو و ئابووری بۆ بەرهەمهێنەرانی غاز و نەوت لەناوچە دوورە دەستەکان لەناوەندی پیشەسازی و وەبەرهێنەرەکاندا، بەڵام تەکنەلۆژیای نوێ Fischer–Tropsch ( F – T ) و ( Gas Cat ) ڕێگا چارەی پێشکەوتووتر و باشتر دەڕەخسێنێت لەبواری ئابووری و سودوەرگرتنەوە لەیەدەگی غازی سروشتی .

3. تەکنەلۆژیای ( Fischer – Tropsch F-T ) .

بۆ یەکەم جار لەساڵی 1920 دا، دوو لەزانا کیمیاویەکانی ئەڵمانی هەستان بەپێشخستنی تەکنەلۆژیای ( F – T ) کە ئەوانیش ( Franz Tropsch , Hans Fischer) بوون . کەلەوکاتەدا چارەسەرەکەیان بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی کیمیاویات و سوتەمەنی وەك سوتەمەنی نەوتی لەغازی دروستکراو و پێکهاتوو لەیەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و هایدرۆجین کە پرۆسەی چارەسەرە سەرەکیەکە لەدوو هەنگاو پێکدێت : –

* بەرهەمهێنانی غازی دروستکراو : چارەسەری توخمە کاربۆنیەکان دەکات وەك خەڵوزو غازی سروشتی بەهەندێ تێکەڵە لەهەڵم و هەوا یان ئۆکسجین بۆ بەرهەمهێنانی غازی دروستکراو .

* بەرهەمهێنانی شلەمەنی :– غازە دروستکراوەکە دەگۆڕێت بۆ شلەیەکی هایدرۆکاربۆنی لەکاتی بەیەك گەیشتنیدا لەگەڵ توخمە هاندەرەکە کە زۆبەی کات دروستکراوە لە پۆلا یان کۆباڵت، لەکاتی تەواوبوونی پرۆسەی کارلێکەکەدا دەتوانرێت کە شلە بەرهەمهاتووەکە لەکارلێکەکە جیابکرێتەوە و چارەسەربکرێت و جێگیریش بکرێت بۆ بەکارهێنان وەك سوتەمەنیەکی هۆکارەکانی گواستنەوە .

لەسیفاتەکانی ئەم پرۆسەیە، بەرهەمهێنانی دروستکەرێکی چڕکەرەوەی نێوەند کە هیچ جۆرە کبریت و توخمێکی کانزایی تیادا نەبێت و تاڕادەیەکی زۆریش توخمە عەتریەکانیشی تیادا نەبێت کەوا دەکات سوتاندنی زۆرخاوێن بێت، لەبەرئەوە ئەو سوتەمەنیەی بەڕێگای (F – T ) بەرهەم دێت جیادەکرێتەوە بە نرخە کێبڕکێکەی و بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە یاساکان داوای خاوێنی هەوا دەکەن لەو گازە دەرچووانەی کە لەهۆکارەکانی گواستنەوەوە دەردەچن .

4. چارەسەر بەبەکارهێنانی ڕێگای Gas Cat :

لەم کردارەدا هەریەکە لەغازە سروشتیەکە و ئۆکسجین بەبورجی دڵۆپاندندا تێپەڕدەکرێن بۆ بەرهەمهێنانی غازی دروستکراو، ئەو کارگەیەی کە بڕی 30000 بەرمیل لەڕۆژێکدا لەسوتەمەنی هۆکارەکانی گواستنەوە بەرهەم دەهێنێت پێویستی بە 500 ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە لەغازی سروشتی هەیە، ڕێژەی گۆڕان لەم کردارەدا یەکسانە بە 60٪ وەك بەرهەمی یەکەکانی گەرمی، لەدوای ئەوە غازە

دروستکراوەکە تێدەپەڕێنرێت بۆ بورجی کارلێکەکە کە لەناو گەردیلەکانی توخمە هاندەرەکەدا بەشێوەی بڵق سەردەکەوێت وە لەگەرمی بەرهەمهاتووش خۆ ڕزگار دەکرێت لەڕێگەی پێچراوە ساردکەرەوەکانەوەو سوود لەو گەرمیەش وەردەگیرێت بۆ وزەی تر لەکارخانەکەدا، لەگەڵ بەردەوامبوونی پرۆسەی گۆڕانەکەدا، سوتەمەنیە شلە دروستبووەکە ڕادەکێشرێت لەبورجی کارلێکەکەوەو کرداری جیاکردنەوەکە تەواو دەبێت و کردارەکانی جێگیرکردنو هەڵگرتن بەڕێگا باوەکان چێ دەکرێت، سیفاتەکانی بەرهەمەکە دەگۆڕێت بەپێی کەشو هەوای بەرهەمهێنانەکە، بەڵام سیفاتە باوەکان بریتین لە : –

* 50٪ چڕکراوەی مام ناوەندیە کە جۆرێکی زۆر باشە و هیچ کبریتو کانزاو کەڕووەکانی تیادا نیە .

* 20٪ بریتیە لە نەفتا.

بەڵام ئەو ئاوەی کە لەکردارە لاوەکیەکانەوە بەرهەم دێت دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ ئاوی خواردنەوە بەتێچوونێکی زۆر کەم .

- توخمە هاندەرەکان:

بنچینەی تێچووی ئابووری بۆ ڕێگا چارەسەری (Gas Cat ) بریتیە لە توخمە هاندەرە پێشخراوەکان، ئەو یەکانەی کە توخمە هاندەرە پێشخراوەکان بەکاردەهێنێت جیادەکرێنەوە بەنزمی وەبەرهێنانی سەرەکیانو تێچووی ئیشپێکردنیان بە بەراورد لەگەڵ ئەو یەکانەی کە توخمە هاندەرە دروستکراوەکان لەپۆلا بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی پێویستی بەسوڕی دووەم ئۆسیدی کاربۆن نیە، لەگەڵ ئەوەشدا سیفاتەکانی تری توخمە هاندەرە پێشخراوەکان ئەمانەش دەگرێتەوە:

* تەمەنی ئیشکردنی درێژ ترە بە دە ئەوەندە لەتەمەنی ئیشکردنی ئەو توخمە هاندەرانەی کە لەپۆلا دروستکراون وە درێژ ترە بە پێنج ئەوەندە لەو توخمە هاندەرانەی کە لەبنچینەی تیتانی دروستکراون .

* چالاکی زیاد دەبێت بە چوار ئەوەندە لەتوخمە هاندەرە تیتانیەکان کە بەهێزکراون بەکۆباڵت بەزیاتر لە 50٪ لەتوخمە هاندەرە سلیڤاو کۆباڵیتەکان.

*** نرخیان هەرزانترە لەتوخمە هاندەرە بەهێزکراوەکان بە کۆباڵت.**

**سەرەڕای بوونی توخمە بەرهەمهاتووەکان، دەشێت توخمە هاندەرەکانی ( Gas Cat ) بۆ ماوەی درێژتر بەکاربهێنرێن لەتوخمە هاندەرەکانی تر، ئەم سیفەتەش زۆر گرنگە بەلای کارگە بازرگانیە گەورەکانەوە بۆ ئەو پەڕی سوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای بورجی کارلێک کە لەتوخمی هێلامیە، بەشێوەیەک کە ژینگەی کارلێکەکە زیاتر تێکچووە لەوەی لەستونی کارلێکەکەدا هەیە کە ڕووەکەی جێگیرە، هەروەها دووبارە بەرهەمهێنانی توخمە هاندەرەکانی (Gas Cat ) زۆر باشترە لە دووبارە بەرهەمهێنانی توخمە هاندەرەکانی تر.**

*** ئابوریبوونی ڕێگای (Gas Cat ) :**

**لەئێستادا کۆمپانیای ( ولیەمز ئینتەرناشیونالْ ) لێکۆڵینەوەی چەند هەلێك دەکات بۆ ڕێگە پێدانی بەکارهێنانی توخمە هاندەری (Gas Cat )، دەشکۆلێتەوە لەچەند داواکاریەك بۆ هاوبەشیکردن لەوەبەرهێنانی کارگەی نوێدا، ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ کۆمپانیای (BVPI ) دا گەیشتە دیاریکردنی قازانجە بازرگانیەکان لەدوای بەکارهێنانی Gas Cat وە .وەبەرهێنانی سەرەتایی لەکارگەدا دەگاتە توانای ( 50000 ) بەرمیل/ڕۆژانە و نزیکەی (945)میلۆن دۆلار کە یەکسانە بە ( 18,900 ) دۆلار/ ڕۆژانە، بەم تێچوونە دەتوانرێت کە بەرهەمی ئەو کارگەیە قازانجی هەبێت ئەگەر نرخی یەك بەرمیل نەوت بگاتە شانزە یان حەڤدە دۆلار کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پێشکەوتنێکی بەرچاو بە بەراورد بەتێچوونی ئەو ئامێرانەی کە لەئێستادا بەکاردێن .تێچوونی سەرمایەی کارگەکەش بەدۆلار بۆ هەر بەرمیلێك دەتوانرێت نزم بکرێتەوە بەشێوەیەکی گەورە بەزیادبوونی توانای کارگەکە،بەشێوەیەك تێچوونی کارگەکە نزم دەبێتەوە کە ڕۆژانە (100000)بەرمیل لەسوتەمەنی بەرهەم دەهێنێت بۆ کەمتر لە ( 15000 ) دۆلار ڕۆژانە بۆ یەك بەرمیل . وە لە توانای کارگە بچوکەکانیشدا هەیە کە تواناکەی دەگاتە ( 30000 ) بەرمیل/ ڕۆژانە کە داهاتێکی دارایی باش وەدەست بهێنێت بە بەراورد لەگەڵ تێچوونی سەرمایەدا. بەشێوەیەکی گشتی ئابوریبوونی پڕۆژەکان دەگۆڕێن بە گۆڕانی جێگە و ژێرخانی بەردەستو تێچوونی غازو نرخی بەرهەمەکان .**

لەئێستاشـدا هـەردوو کۆمپانیـای ولیـەمز و BVPI لەلێکۆڵینـەوەی چـەند ڕێگـا چـارەیەکدان بـۆ فراوانکـردن و پیشـاندانی سـوودمەندی ئـەم تەکنەلۆژیایـە وەك هـەنگاوی کۆتـایی پێشخسـتنە بازاڕیـەوە بـۆ بازرگـانی کـە لەئێسـتادا لـەقۆناغی دیزاینی کارخانەیەکی تاقیکردنەوەیدان .

* کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە :

لەسـەر ئاسـتی شـلەکان ، بەرهەمـەکانی ( F-T ) کێبڕکـێ دەکـەن لەگـەڵ دلۆپـاوە ناوەندیەکان کە هەڵهێنجراون لەنەوتی خاو، هـەروەك چۆن بەرهـەمی شـلی (F-T ) جـۆری زۆر باشـن کـە دەتوانرێـت بەشـێکی گـەورە لەپێداویسـتی جیهـانی کـە بـە بـەردەوام ڕوو لەزیادبوونـە پـڕ بکاتـەوە لەسـوتەمەنی هۆکارەکـانی گواسـتنەوە بەشێوەیەکی خاوێن و گونجاو بۆ ژینگە ، پێشبینیش دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیایـە قـەرەبووی وەبەرهێنـە نوێکـان بکاتـەوە لەپاڵاوگـەکانی نەوتـدا بـۆ بەرهـەمێنانی سـوتەمەنی پێشـکەوتوو .لەسـەر ئاسـتی غـازیش ، دەتوانرێـت (Gas Cat ) بەکاربهێنرێت بـۆ گـۆڕینی سەرچاوەی غـازی پـەراوێزخراو کـە واپۆلینکرابـوو کـە نرخێکـی ئـەوتۆی نیـە کـە بتوانرێـت پێشـبخرێت بـۆ یـەدەگی تـەواو و ئـابووری، هەروەك چۆن ئەم تەکنەلۆژیایە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ وەگەڕخستنی سەرچاوە نەوتیـەکانی تـر لەڕێگـەی وەگەڕخسـتنی غـازی سروشـتی هـاو پەیوەسـت، وە بەدوورخستنەوەی تێچووە گرانەکان بۆ گواستنەوەی غـازی سروشـتی شـلکراوە .تەکنـەلۆژیای ( Gas Cat ) پێشـبینی دەکرێـت کـە دەروازە بکاتـەوە لەبـەردەم چـالاکیەکان بـۆ دۆزینـەوەو پشـکنینی زیـاتر لەناوچـە دوورە دەسـتەکانداو کەنارخراوەکاندا کە لەپێشتردا کنەوپشکنین تیایاندا بەقازانج بووە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێگای (F-T و Gas Cat ) دادەنرێت بەبازدانێکی گەورە لەگۆڕینی غاز بۆ نەوت .

سەرچاوە :–

======

- موقع المدينة للعلوم و الهندسة

---

* ئەم بابەتەم بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری (( ئەندازیاران)) لە بەهاری 2800دا.

# چارەسەری

# ئاوی ئاوەڕۆکان *

- بـــەهۆی پێشـــکەوتنی وڵاتـــان و زیـــادبوونی ژمـــارەی دانیشـــتوان و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران بوونەتە هۆی زیادبوونی داواکاری بەرچاو بۆ ئـاو، سـەرەڕای ئـەوەی هەنـدێك وڵات ئـەو کێشـەیەیان نیـە بـەهۆی زۆری سەرچـاوەی ئـاو بـەبڕێکی زۆر، بـەڵام دابەشـبوونی ئـاو لەسـەر ڕووی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان نیە، ئەمەش بۆتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لەنێوان بڕە ئاوی هەبوو لەگەڵ داواکاری لەسەری.

ئەمەش وایکردووە کە بیربکرێتەوە لەبەدەستخستنی سەرچاوەی جیاوازی ئاو و سوود وەرگرتن لەگەورەترین بڕی ئاو بەهەموو ڕێگایەك، یەکێك لەو ڕێگایانەی کە لەم دواییانەدا بۆتە جێگەی قبوڵکردن بریتیە لەچارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان و بەکارهێنانەوەی بۆ جارێکی تر.

مەبەســت لەچارەســەری ئــاوی ئاوەڕۆکــان بریتیــە لــەخێراترکردنی ئــەو کردارانەی کە ڕوو دەدەن بەسەر ئەو ئاوانەدا لەژێر بارودۆخێکی زۆر ووردو بەقــەبارەی بچــوك، لــەو هۆکــارە گرنگانــەی بوونەتــە هــۆی پێشخســتنی ڕێگاکانی چارەسەری ئەو ئاوانە و کاریگەرییان لەسەر تەندروستی گشتی و ژینگـە، بەشـێوەیەك کـرداری چارەسـەرەکە تـەنها بریتیـە لـەلابردنی توخمـە هەڵواسـراوەکان و سـەرئاو کـەوتووەکان و خۆڕزگـارکردن لەتوخمـە ئەندامیـە شیبووەوەکان و هەندێك زیندەوەری زۆر وورد کە دەبنە هۆی نەخۆشی.

لەئەنجامی پێشکەوتنی زانست لـەبوارەکانی کیمیـاو کیمیـای زینـدەوەری و زانســـتی زینـــدەوەرە ووردەکـــان و زیـــادبوونی زانیـــاری بەکاریگەرییـــە پیسکەرەکان لەسەر ژینگە لەسەر ماوەی کورت و دووردا لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسـازی و بەرهـەمهێنانی تـوخمی نـوێ کـە پێویسـت دەکـات ڕێگاکـانی چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان پێشبخرێت بەشێوەیەك کـە بتوانرێت زۆربـەی

توخمە پیسەکان لابرێت کە پێشترو بەڕێگە بەکارهێنراوەکان ئاسان نەبوون کە لابرێن.

* ئاوی ئاوەڕۆکانو پێکهاتە پیسەکانی

ئاوی ئاوەڕۆکان لەچەند سەرچاوەیەکەوە کۆدەکرێتەوە، بڕی ئەو ئاوە کۆکراوەیە دەوەستێتە سەر جۆری سەرچاوەکەو سیستمی کۆکردنەوەی ئاوەکە. لەو سەرچاوانە : –

1. ئاوی بەکارهێنراو بۆ مەبەستەکانی ناومالّو بازرگانیو...هتد، وەك خوێندنگەو میوانخانەو چێشتخانەکان.
2. ئاوی بەکارهێنراوی پیشەسازی.
3. ئاوی باراناو لەحالّەتی تێکەڵبوونی تۆڕی ئاوەڕۆ بەتۆڕی ئاوەڕۆی لافاو.
4. ئەو ئاوانەی کە لەهەندێك سەرچاوەی ترەوە دەردەچن وەك ئاوی ژێرزەوی.

ئەم ئاوانە گەلێك توخمی ڕەقو تواوەیان تیادایە، کە ئاو تیایدا ڕێژەی 99.9٪ پێك دێنێت و ئەو ڕێژەیەشی کە دەمێنێتەوە بریتیە لەتوخمە پیسەکان کە گرنگترینیان بریتین لە:–

1.توخمە هەڵواسراوەکان.
2.توخمە ئەندامیەکان کە توانای شیبونەوەیان هەیە.
3.پێکهاتە زیندووەکان کە هۆکاری نەخۆشین.
4.توخمە خۆراکیەکان بۆ ڕووەك وەك ناترۆجینەکانو فۆسفۆڕو پۆتاسیۆم.
5.توخمە ئەندامیەکان کە بەرگری شیبوونەوە دەکەن.
6.کانزای قورس.
7.خویّ کانزایە تواوەکان.

* چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان

چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان کۆمەڵێك کرداری سروشتیو کیمیاویو زیندەوەرزانی لەخۆ دەگرێت، کە تیایدا توخمە ڕەق وئەندامیو زیندەوەرە زۆر وردەکان لادەبات یان کەمیان دەکاتەوە بۆ ئاستێکی پەسەند، هەروەها

ئەم لابردنەش هەندێك توخمە خواردنیەکانیش دەگرێتەوە کە چڕییان بەرزە وەك فۆسفۆڕو نایترۆجین لەئاودا، دەکرێت ئەو کردارانە دابەشبکرێن بەپێی پلەی چارەسەرەکە بۆ کرداری پێشەکی و سەرەتایی و دووەمی و پێشکەوتوو، کردرای پاککردنەوەو کۆتایهێنان بەزیندەوەرە ووردەکان لەکۆتایی قۆناغەکانی چارەسەرکردنەکە دێت، ئەو قۆناغانەش بەم شێوەیەن:-

1. چارەسەری پێشەکی:-

لەم قۆناغەی چارەسەرکردنەدا، هەندێك هۆکار بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەو بڕین و پارچەکردنی توخمە گەورەکان کە لەناو ئاوەکەدا هەن بۆ پارێزگاری ئامێرەکانی وێستگەکەو نەهێشتنی گیرانی بۆرییەکان.

ئەو ئامێرانەش پێکدێن لەبێژنگ کە کونەکانی گەورەن و هەروەها پێکدێت لەئامێری شکاندن، ئەم قۆناغە هەندێك جار حەوزی سەرەتایشی تیادایە بۆ تێرکردن بەهۆی ئۆکسجینەوە لەچوارچێوەی ئەم کردارەدا دەتوانرێت 5 – 10٪ لە توخمە ئەندامیەکان لابرێت کە توانای شیبوونەوەیان هەیە، هەروەها لابردنی 2–20٪ لەتوخمە هەڵواسراوەکان، ئەم ڕێژانە بەلابردن دانانرێن بەڕێژەیەکی تەواو و پێویست، بۆ ئەوەی ئاوەکە جارێکی تر بەکاربێتەوە بۆ هەر مەبەستێك.

2. چارەسەری سەرەتایی:-

مەبەست لەم چارەسەرکردنە، لابردنی توخمە ئەندامیەکان و توخمە ڕەقە نائەندامیەکانە کە ناتوانرێت جیابکرێنەوە لەچوارچێوەی کرداری نیشتندا، دەتوانرێت لەم قۆناغەی چارەسەرکردنەدا ڕێژەی 35–50٪ لابرێت لەتوخمە ئەندامیەکان کە توانای شیکردنەوەیان هەیە، سەرەڕای 50–70٪ لەتوخمە هەڵوسراوەکان، تەنانەت لەم قۆناغەی چارەسەرکردنەشدا، ئاوەکە بۆ بەکارهێنان ناشێت، ئەم قۆناغەی چارەسەرکردنی سەرەتایی هەندێك حەوز لەخۆ دەگرێت بۆ نیشتن لەگەڵ ئەو یەکانەدا کە لەقۆناغی پێشەکیدا

بەکار دەهات وە لەوانەشە یەکەی پێدانیشی تیادا بێت بۆ هەندێك توخمی کیمیاویی و هەروەها تێکەڵکردنی ئەو توخمانە لەگەڵ ئاوەکەدا.

3. چارەسەری لاوەکی:-

ئەم قۆناغە لەچارەسەرکردن بریتیە لەگۆڕینی زیندەوەرزانی توخمە ئەندامیەکان بۆ بارستایی زیندەوەری کە لەدواتردا لادەبرێت لەڕێگەی نیشتنەوە لەحەوزی نیشتنی لاوەکیدا، لێرەدا گەلێك جۆر هەیە لەچارەسەری لاوەکی کە دەکرێت دابەشبکرێت بەپێی خێرایی شیبوونەوەی توخمە ئەندامیەکان بۆ: -

* کردارە تێکڕاییە بەرزەکان: وەك پاڵاوتن بەدڵۆپاندن و بەریەککەوتنی زیندووی جوڵە بازنەیی.

* کردارە تێکڕاییە نزمەکان: وەك دەریاچە پیسەکان و گۆماوە جێگیرەکان، دەتوانرێت بەهۆی چارەسەرە لاوەکیەکانەوە، ڕێژەی نزیکەیی 90٪ی توخمە شیبووەکانی لابرێت و 85٪ لەتوخمە هەڵواسراوەکانیش.

4. چارەسەری پێشکەوتوو:-

ئەم ڕێگا چارەسەرە کاتێك جێبەجێ دەکرێت کە بویسترێت بەرزترین ڕێژەی پاکژی بەدەست بێت، ئەم قۆناغەش ژمارەیەك کرداری جیاواز لەخۆ دەگرێت بۆ لابردنی توخمە پیسکەرەکان کە ناتوانرێت بەڕێگا کۆنەکان لابرێت کە لەپێشەوە باسمانکردوون، لەو توخمە پیسکەرانەش: نایترۆجین و فۆسفۆرو توخمە ئەندامیەکان و توخمە هەڵواسراوە ڕەقە زیادەکان و ئەو توخمانەی کە ئاسان نیە شیببنەوەو توخمە ژەهراویەکانیش، ئەو کردارانەش بریتین لە:-

* خەستکردنەوەی کیمیاویی و نیشتن: sedimention and chemical coaguilation

کرداری خەستکردنەوەی کیمیاوی بریتیە لەزیادکردنی توخمە کیمیاوی کە یارمەتیدەدات لەسەر ڕوودانی گۆڕانی فیزیۆکیمیاوی بۆ تەنەکان کە دەبێتە هۆی پێکەوە نوسانیان لەگەڵ یەکداو دواتر کۆبوونەوەیان و

دواتـریش نیشـاندنیان لەحـەوزی نیشـتندا بـەهۆی زیـادبوونی قـەبارەیان، گــەلێك خەســتکەرەوەی کیمیــاوی بــەکاردێت گرنگترینیــان پێکهاتــەکانی ئاسن و ئەلەمنیۆم و کالیسۆم و پۆلیمەرە.

* پالاوتنی لمی: sand filteratiomn

بریتیـە لـەکردارێك کـە ڕێگـە بـەئاو دەدات تێپـەڕبێت بەناوەنـدێکی لمیـدا بەئەستووریەکدا کە زیـاتر نـەبێت لـە 50 سم لـەم کردارەشـدا، زۆربـەی تەنـە هەڵواسـراوەکان لادەبرێـت کـە نەنیشـتوون لەحـەوزەکانی نیشـتندا لەبـەر بچـوکی قـەبارەیان و لابردنــی توخمــە ڕەقــە ماوەکــان لــەدوای کــرداری خەستکردنەوەی کیمیاوی هەروەها ئەم ڕێگەیە پێویستە بۆ پاکژکردنـەوەی ئــاو پــێش چارەســەرکردنی بــەکرداری داهــاتوو وەك مــژینی ڕەصاصــی کاربۆنی و ئاڵوگۆڕکردنی ئایۆنی و ...هتد.

* هەڵمژینی کاربۆن: carban Adsonpition

لـەم کـردارەدا، کـاربۆنی چـالاککەرەوە بـەکار دەهێنرێـت بـۆ لابردنـی توخمـە ئەندامیــە تواوەکــان، بەشــێوەیەك ئــاو تێپــەڕ دەکرێــت بەحەوزێکــدا کــە ناوەندێکی کاربۆنی تیادایەو لەڕێگەی کاربۆنـە چالاککەرەوەکانەوە توخمـە ئەندامیــە تواوەکــانی کــە لــەئاوی ئاوەڕۆکانــدا هــەن هەڵدەمــژرێن دوای تێپـەڕبوونی ناوەنـدە کاربۆنیەکـە جـارێکی تـر چـالاکیەکەی دەگێڕدرێتـەوە بەهۆی سووتان یان بەکارهێنانی توخمی کیمیاویەوە.

* ئاڵوگۆڕکردنی ئایۆنی: Ion Exchange

لـەم کـردارەدا، هەنـدێك ئـایۆنی دیـاریکراو لـەئاو دەگۆڕێـت لـە توخمێـك کـە بگۆڕێــت و نەتوێتــەوە بــەئایۆناتی تــر، کــرداری ئــاڵوگۆڕکردنی ئــایۆنی لەکرداری هەڵمـژینی کـاربۆنی دەچێت، بـەلام لـەکرداری ئاڵوگۆڕی ئایۆنیـدا بەکاردێت بۆ مەبەستی لابردنی توخمە ئەندامیەکان.

* تێپەڕاندنی پێچەوانەیی:

لـەم کـرداره‌دا، پـاڵ بـەئاوەوە دەنرێـت لـەژێر فشـارێکی بـەرزدا بـەناو سەرپۆشـێکی تەنکـدا کـە کـونی زۆر بچـوکی تیادایـە کـە تـەنها ڕێگـە بەتێپەڕبوونی گەردی ئاو دەدات و ڕێگە بەگەردیلەی خوێکان نادات.

خشـتەی ژمـارە ( 1 )ڕێـژەی لابردنـی توخمـە پیسـکەرەکان پیشـاندەدات لەئاوی ئاوەڕۆکاندا لەڕێگە چارەسەریە جیاوازەکانەوە.

5. کردرای پاکژکردنەوە

کرداری پاکژکردنەوە جێبەجێدەکرێت لەڕێگەی تێکردنی گیراوەی کلۆرەوە بۆ نـاو حـەوزی پاکژکردنـەوەوە بەشێوەیەك هـەر ژەمـە پێدانێك لـەنێوان 5-10ملیگرام/ لیتر بێتوبەشێوەیەکی گشتیش ماوەی پاکژکردنەوە لانی کەم بـریتی دەبێـت لـە 15 خولـەك ئەگـەر بـەکار نـەهات، بـەڵام ئەگـەر ئاوەکـە بـۆ مەبەستە کشتوکاڵیەکان بەکارهات، ئەوا مـاوەی پاکژکردنـەوە دەگاتـە 120 خولەك.

* بەکارهێنانی ئاوە چارەسەرکراوەکە:

دەتوانرێت ئاوی ئاوەڕۆکان کە چارەسەرکراوە بۆ گەلێك مەبەست بـەکاربێن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، خشـتەی ژمـارە (2 ) گـرنگترین ئەو بەکارهێنانە پیشاندەدات بەشێوەیەکی گشـتی ڕێـژەی بەکارهێنانـەوەی ئـاوی چارەسـەرکراو بـەکاردێت لەلایـەن بـوارە جیاوازەکانـەوە کـە خۆیـان دەنوێنن لە:

1. کشتوکاڵی 60٪ .
2. بواری پیشەسازی 30٪ .
3. بواری تر وەك پێدانی ئاوی ژێر زەوی 10٪ .

تێچووی چارەسـەرکردنی ئـاوی ئاوەڕۆکـان لەهەنـدێك وڵاتـانی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست بۆ بواری کشتوکاڵی دەگاتە،66 هەلالەی سعودی بۆ 1.61 ڕیـاڵ بۆ 1 مەتر سێجا.

* لایەنە باشەکانی ئاوی چارەسەرکراو:

یەکێك لەو باشیانەی کرداری چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان بریتیە لە:

* هێشتنەوەی یەدەگی ئاو، بەشێوەی بەکارهێنانی بۆ بواری کشتوکاڵی یان هەر بەکارهێنانێکی تردا لەجیاتی ئاوی پاکژی خواردنەوە.

* دەبێتە هۆی هێشتنەوەو فراوانکردنی ڕووبەرە کشتوکاڵیەکان بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵیە هەمە جۆرەکان بەنرخێکی کەمتر.

* هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچوونەکان کە پەیوەندییان بەبەرهەمهێنانی هەناردەکردن و بەکارهێنانی پەینەکانەوە هەیە، بەهۆی بوونی توخمە پێویستیەکان بۆ ڕووەك لەئاوی ئاوەڕۆکانداو کەمکردنەوەی تێچووی دەستکەوتی ئاو بۆ کشتوکاڵ، بەتایبەتیش ئەگەر سەرچاوەی ئەو ئاوانە لەژێر زەویدابن.

* لایەنە خراپەکانی ئاوی چارەسەرکراو:

لەخراپیەکانی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست چارەسەر نەکرێت، بەهۆی بوونی جۆری جیاواز لەڤایرۆس و بەکتریاو ...هتد، سەرەڕای بوونی توخمە کیمیاویە چڕیە بەرزەکان کە ناتوانرێت لەقۆناغە جیاوازەکانی چارەسەرکردندا لابرێت کە زیان دەگەیەنێتە ڕووەکەکان، بەڵام لەکاتی پێدانی بەئاوی ژێر زەوی و چارەسەرنەکردنی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، ئەوا دەبێتە هۆی پیسبوونی ئەو ئاوانەش و هەروەها دەبێتە هۆی گیرانی بۆرییەکانی ئاوداشتن لەکاتی بەکارهێنانیدا.

* بوارەکانی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراو

پلەی چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان بەپێی بوارەکانی بەکارهێنانی دەگۆڕێت، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەندێك ڕێگاچارەسەری تایبەتی پێشنیازکردووە بۆ بەکارهێنانە بەربڵاوەکان بۆ ئەو ئاوانە، خشتەی ژمارە (2) بریتیە لەبوارەکانی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان بەم شێوەیە:-

* خواردنەوە

لەنمونەی بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان بۆ خواردنەوە لەئەمریکادایە لەساڵی 1956 وە، کاتێك ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەمریکا تووشی وشکە ساڵی بوونەوەو دانیشتوانەکەی ناچار بوون کە ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان بەکاربهێنن کە لەوێستگەکانی پاکژکردنەوە چارەسەر دەکران، لەشاری شاتون لەولایەتی کەنساس توانرا چارەسەری 4000 مەتر سێ جا لەئاو بکەن ڕۆژانە بۆ دابینکردنی پێداویستی دانیشتوان لەئاوی خواردنەوە، هەروەها لەشاری ویندهۆك لەوڵاتی نامیبیا لەساڵی 1968 وە وێستگەیەکی چارەسەری پێشکەوتوو بۆ ئاوی ئاوەڕۆکان دامەزرا بۆ پێدانی شارەکە بەنزیکەی 50٪ لەپێداویستیەکانی بۆ ئاوی خواردنەوە.

* بواری جوانکاری

بۆ نمونە، لەولایەتی کالیفۆرنیا لەئەمریکا دوو پرۆژە دامەزرێنران کە سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدیهێنا، پرۆژەی یەکەم بریتیە لەپرۆژەی ((سانتی )) کە تیایدا پاڵ دەنرێت بەئاوی چارەسەرکراو لەوێستگەی سانتیەوە بۆ دۆڵێك و وازی لێدەهێنرێت بۆ ئەوەی بڕوات بەدرێژایی 1 کم بەناو لم و چەودا پێش گەڕانەوەی، دواتر ئاوە گەڕاوەکە دەنێردرێت بۆ 3 دەریاچە کە پێکەوەن و چواردەوریشیان باخێکی گەورەیە.

دووان لەو دەریاچانە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕاوەماسی و وەرزشی بەلەمەوانی و دەریاچەی سێیەمیش پاکژ دەکرێتەوە بەتوخمی کلۆر بۆ مەبەستی مەلەکردن، کە هاوڕێکە لەگەڵ مەرجەکانی ولایەتەکە بۆ ئاوی مەلەکردن.

بەڵام پرۆژەی دووەم بریتیە لە پرۆژەی حەوزی جۆگەلەی هندی، ئەم حەوزە ئاوی چارەسەرکراو وەردەگرێت لەوێستگەی تاهۆی باشوور، کە چارەسەرێکی پێشکەوتووی تیادایە کە بریتین لەکردارەکانی لابردنی نایترۆجین و فۆسفۆڕ و پۆتاسیۆم و فلتەری لمی و ئامێری هەڵمژینی کاربۆنیشی تیادایە، ئەم حەوزە نزیکەی 27 ملیۆن سێ جا لەئاو دەگرێت

کە هەمووی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆیە کە بۆ زۆر چالاکی بەکاردێت وەك مەلەو ڕاوەماسی.

* بواری کشتوکاڵی

پڕۆژەی شاری موسکیخۆن لەولایەتی مشیگانی ئەمریکا دادەنرێت بەتازەترین پڕۆژە بۆ بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆکان دامەزرا بۆ سوود وەرگرتن لەو ئاوە بۆ بواری کشتوکاڵ، ئەم پڕۆژەیە دیزاین کراوە بەشێوەیەك ئاوەکە یەکەمجار تێپەڕدەکرێت بەزەویەکی کشتوکاڵیداو دواتر دەڕژێتە ناو دەریاچەیەکەوەو ئەم تێپەڕاندنی ئاوە بەزەوییەکی کشتوکاڵیدا دادەنرێت بەیەکێك لەڕێگاکانی لابردنی توخمە پیسکەرەکان، هەروەها سوودێکی تر بۆ ئاوداشتنی هەندێك بەروبوومەو ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت زیاتر لە 2000 هێکتار زەوی چێنراو بەبەروبوومی گەنمەشامی ئاو بدات.

* وەستاندنی ڕۆیشتنی ئاوی سوێر

لەناوچە کەنارییەکان لەهەموو وڵاتێکی دونیادا، دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری لەسەر ئاوی ژێرزەوی کە دەبێتە دابەزینی ئاستەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی چوونە ناوەوەی ئاوی سوێر بۆ چینەکانی هەڵگری ئاوی شیرین، لێرەدا ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکان دەکرێتە ناو ئەو ناوچانەوە کە دەبێتە هۆی وەستانی هاتنە ناوەوەی ئاوی سوێرو بەهەمانشێوە سوودی ئەوەشی هەیە کە ئاوی ژێر زەویش زیاد دەکات، نمونەی ئەم کارەش لەولایەتی کالیفۆڕنیا و نیویۆرك لەئەمریکا.لەوڵاتە ئیسلامیەکانیشدا، لەلایەن زانایانی ئاینیەوە ڕێگە دراوە بەچارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان، هەروەك لەوڵاتی شانشینی سعودیە فتوایەکی شەرعی ڕێگەی بەو کارە داوە.

سەرچاوە:-

=======

- موقع المدنية للعلوم والهندسة

---

* ئەم بابەتەم لە گۆڤاری (( ئەندازیاران)) بڵاوکراوەتەوە لە هاوینی 2008دا.

لەپێناو کەمکردنەوەی خەرجی و بەفیڕۆنەدانی سەروەت و سامانی میلەت

# چەند ڕاو پێشنیازێك بۆ بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردوستان

- ئاشکرایە هەموو دام و دەزگایەك بچوك بێت یان گەورە چ حکومی بێت یان کەرتی تایبەت کە خاوەنی داهات و خەرجی بێت . پێویستی بە بوونی بەرنامە و پلانێکی زانستی و وورد هەیە ، لەلایەك بۆ چۆنێتی کۆکردنەوەی داهاتەکانی و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕێکخستنی خەرجیەکانی لەپێناو بەهەدەرنەدانی توانا مادی و مرۆییەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە و بەرنامە و پێشکەشکردنی کارە خزمەتگوزاریەکانی بەهاوڵاتیان و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجیەکاندا و کۆنترۆڵکردنی لەکیسدان و ڕێگەگرتن لە کورتهێنان و هەڵاوسان و تێکچوونی بازاڕو ...هتد. هەروەها هەموو دامودەزگایەك پێویستە پلان و بیرکردنەوەی ستراتیژ و درێژخایەن و کورت خایەنی هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەو بودجە و داهات و خەرجیانەی کە هەیەتی . بۆ ئەوەی لەکاتی ڕوودانی هەر قەیرانێکی دارایی و ئابووری لەهەڵاوسان بێت یان چوونەوەیەك بێت. پلانی ئامادەکراوی هەبێت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە و بەکەمترین زەرەرو زیان لێی دەربچێت و هاوڵاتیانیش تووشی شۆك و ڕووبەڕووی گرانی نرخ و بازاڕ نەبنەوە.
- ئاشکراشە حکومەتی هەرێمی کوردوستانیش تاکە سەرچاوەی داهاتەکانی کەپشتی پێدەبەستێت بۆ ڕایکردنی ئیشوکارەکانی ئەم هەرێمە بریتیە لەو ڕێژەی 17٪ یەی کە لە بەغداوە بۆی دێت.(( چونکە لە ئێستادا هەموو داهاتی گومرك و سنورەکان و ..هتد)) دەگەڕێتەوە بۆ ناوەند و دواتر بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە. ئیدی لە ئێستادا نەبواری پیشەسازی و نەبواری کشتوکاڵی و نەبواری نەوت و نەبواری گەشتوگوزار و ..هتد. نەك نەبونەتە سەرچاوەی داهات بۆ ئەم حکومەتە. بەڵکو بونەتە بارێکی گران وقورسیش لە ئەستۆی حکومەت و بودجەکەیدا و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا پێشبینی ناکرێت ببنە سەرچاوەی

داهات. لەلایەك بەهۆی نەبوونی پلانی زانستی و ورد بۆ بوژانەوەی ئەو بوارانە و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی پێویستی گەورەی ئاوها کە لە توانایدا بێت هەموو ئەو بوارانە بەیەکەوە ببوژێنێتەوە .

- وەك ئاشکرایە لە ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا ڕێژەیەکی زۆری مووچە کە نزیکەی 70٪ ی بودجەکەی داگیرکردوە بۆ فەرمانبەرانی دامودەزگا حکومیەکان و حیزب و لایەن و ڕێکخراو و کادرەکانی حیزبەکانە کە لە نێوان (( 500000 – 1000000)) مووچەخۆر دەبن وەك حکومەتی هەرێم خۆی دیاریکردوە لەبەردەم حکومەتی بەغدادا. کە ئەمەش کارێکی نەشیاوو نەگونجاو و نازانستی و دوورە لە واقیعەوە، چونکە هەر بەرنامە و پلانێك کە نەبوە مایەی سوود و قازانج و داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و بەفیڕۆدان ئەوە دانانرێت بە بەرنامەیەکی زانستی و واقعی. ئەو ڕێژەی 30٪ ی کە دەشمێنێتەوە بۆ هەموو بەرنامە و پلانەکانی حکومەت بۆ بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزایەکان و پڕۆژە گەورەکان و بواری وەبەرهێنان و حاڵەتی لەناکاو و کتوپڕەکان و ...هتد.گەلێك کەمە و لەئاستی خواست و ویست و بەڵێنەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیاندا نیە.

بەم شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردوستان لەماوەی ئەم 18ساڵەی تەمەنیدا کە بەویژدانەوە هەموو 18 ساڵەکە دەستی والاٌ نەبوە بۆ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریەکان لەبەر شەڕی ناوخۆ و ململانیٚ حیزبایەتیەکان بە پیلانی دوژمنان و ناحەزانی دەرودراوسیٚ و ڕژێمی بەعس . هەتاکو ساڵی 2003ی کاتی ڕووخانی ئەو ڕژێمە . واتە حکومەتی هەرێمی کوردوستان تەنها لەماوەی ئەم ((5)) ساڵەی دوایدا بودجەیەکی باش و گەورەی هاتۆتە بەردەست. کە ئەگەر بەرنامەیەکی وورد و زانستی و واقعیانەی هەبوایە دەکرا گەلێك کار و پڕۆژەی گەورەتری پیٚ ئەنجام بدرایە و پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە بدایە لەسەروو هەموو ئەو کارانەی کە تاکو ئێستا کراون.

- ئێستاش دەکرێت بە پلانی وورد و زانستی ڕێگە بگیرێت لەزیاتر بەهەدەردان و خراپ بەکارهێنان و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و کاری دزێو و

کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراسی لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردوستاندا . چونکە چاوەڕوان ناکرێت تاسەر ئەو ڕێژەی 17٪ ی لە بەغداوە دێت هەر بەردەوام بێت و پێدەچێت کەم بکرێتەوە بۆ 13–14٪. بۆیە ئەرکی هەنوکەیی حکومەتی هەرێمە بەپەلە و زوو بەزوو بکەوێتە خۆئامادەکردن بۆ هەر کەمکردنەوەیەکی ئەو ڕێژەیە. چونکە گەر لە ئێستاوە بیر لەو مەسەلەیە نەکرێتەوە ئەوا حکومەت لە ڕووی داراییەوە تووشی کێشە و قەیران دەبێتەوە و لەیەکەم هەنگاویشدا وەك هەموو جاران موچەخۆرانی پلە نزمەکانی حکومەت بەر زەرەرو زیان دەکەون و مووچەکانیان کەمدەکرێنەوە کەزۆرینەی هاولاتیان پێك دێنن دوور لە پلە تایبەتەکان کە کەمینەیەکی زۆر کەمن.

- جابۆئەوەی ڕێگە لەو قەیرانە بگیرێت و بەمەبەستی خۆڕاهێنان و خۆئامادەکردن و کەمکردنەوەی خەرجی و دەستگرتنەوە بەداهاتاکانەوە. ئەم چەند ڕاوپێشنیازانە دەخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەهیوای جێبەجێکردنیان یان لانی کەم بەرچاو ڕۆشنکردنەوەیان:–

1.دانانی پلان و بەرنامەیەکی زانستی و واقعی بەڕاوێژ و پرس و ڕا وەرگرتنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و ئەکادیمی لە بواری ئابوری و بازرگانی و بازاڕ و ئیدارە و دارایدا.بەمەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی داهات و خەرجیەکان و ڕێگەگرتن لە قەیران و کێشە چاوەڕواننەکراوەکان.

2.دانانی بەرنامەیەکی زانستی و وورد بۆ ڕێگە گرتن لە تەشەنەکردنی زیاتری دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و ڕۆتینی زیان بەخش کە بۆتە مایەی دروست بوونی ناڕەزایی  هاولاتیان و خاڵێکی ڕەشە بە ناوچەوانی حکومەتەوە و لە هەموو لایەکەوە بۆتە مایەی ڕەخنە و گازندە لەم حکومەت و دەسەڵاتە خۆماڵیە.بەشێوەیەك کاریگەری وتەشەنەی سەندوە کە تەنانەت لەلایەن (( سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتەوە )) لە میدیاکاندا باس دەکرێت بەبێ ئەوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و وردیان بۆ کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی هەبێت. هەرچەندە لە ئێستادا لیژنەیەکی وەزاری پێك هاتوە بۆ ئەو مەبەستە بەهیوای سەرکەوتووبن لەو کارەیاندا.بەلأم بەلای ئێمەوە چارەسەر تەنها لەلوتکەی هەڕەمەکەوە دەبێت و

دەست پێدەکات چونکە دیاردەی گەندەڵی هەر لە لوتکەی هەرەمەکەوە دەستپێکردو شۆڕیش بۆوە بۆ خوارەوە.

.3

- گرتنە بەری سیاسەتی تەرشیقی ئیداری،بەدانان و دەرکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایە دارایی و ئیداریەکان بە شێوەیەکی ڕوون و شەفاف و کورت و پوخت دوور لە لێڵی و ناڕۆشنی و درێژدادڕی ناپێویست و گۆڕانی یەك لەسەر یەك.
- هەروەها کەمکردنەوەی وەزارەتەکان بەشێوەیەك هەرچی وەزارەتی ناپێویست یان ناکارا و نائاکتیڤ هەیە کانسڵ بکرێن یان لێك بدرێن لەگەڵ وەزارەتە هاوشێوە و هاوکار و هاوپیشەکانیاندا لەیەکتری. بەمەش لەلایەك مووچەیەکی زۆری پلە باڵاکان کەم دەکرێتەوە و لەلایەکی تریشەوە خەرجی ئەم دام و دەزگا و وەزارەتانەش کەم دەبنەوە و دەبنەوە داهات بۆ حکومەت.(( چونکە کارێکی مەنتیقی نیە کە حکومەتێکی 3پارێزگایی و 4ملیۆن کەسی خاوەنی 42 وەزیرو 27 وەزارەت بێت ، کە وولاتێکی گەورەی وەك چین و ئەمریکا و فەڕەنساو .هتد کەکەمتر لەو ژمارەیە وەزیر و وەزارەتیان هەیە)).
- بەهەمان شێوە پێویستە حکومەت بیر لە دانانی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و خاوەن بڕوانامە و شارەزایی و خاوەن ئەزموون و دڵسۆز بۆ پیشە و میلەتەکەیان بکاتەوە هەر لە پۆستی ئەندام پەرلەمانی و وەزیر و وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و خەبیر و ڕاوێژکار و ...هتد.و بنەمای پێدانی پلەو پایە و پۆستەکان تەنها(( کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو بێت )) و هەڵبژاردنی کەسەکان لەسەر توانا و لێهاتووی و بڕوانامە و دڵسۆزی بێت. دوور لە بنەما ناڕەواکانی حیزبایەتی و خێڵ و ناوچە و بنەماڵەچێتی و دڵڕازیکردن و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بێت .چونکە بۆ ماوەی 18 ساڵ لە حوکم و دەسەڵاتی کوردی و پیادەکردن و تۆخکردنەوەی حیزبایەتی لەهەموو جومگە و ئۆرگانەکانی حکومەتدا. ئیدی کاتی ئەوە هاتوە کە حکومەت و دەسەڵاتەکەمان لە دواکەوتوویی

و نایاسایی و ناعەدالەتی و پشتگوێخستن و پێنەدانی ڕۆڵ بە کەسانی دەرەوەی حیزب دەست هەڵبگرێت.

4. دەست وەرنەدانی لێپرسراوانی باڵای حکومەت و حیزب لەکاروباری دادوەری و بواری داد و دادگاکان. و ڕێگە بگیرێت لەهەر پێشێلکردنی ماف و ناعەدالەتی و چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و گرتن و ڕاوەدوونانی هاوڵاتیان بەبێ تاوان و دوور لە وەرگرتنی پێشەکی ڕەزامەندی دادوەر. بەمەش ڕێگە دەگیرێت لە پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و ژنان و کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان و ...هتد. لەهەرێمی کوردوستاندا.

5. دابینکردن و پاراستنی ئازادیەکان هەر لە ئازادی (( ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن و نارەزایی دەربڕین و ئازادی میدیا و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و تەلەفزیۆن و ئازادی خوێندن و نیشتەجێبوون و سەروەری زانکۆکان)) .

6. گرنگی دانی زیاتر بە لاوان و گەنجان و ژنان لە دانانی هەر یاسا و بەرنامە و پلانێکدا. بە پێی توانا و حەماس و لێهاتوویان با پۆستە باڵا و سیادی و ئەندامێتی پەرلەمان و وەزیر و وەکیل وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و خەبیر و ڕاوێژکار و ...هتد.یان پێبدرێت و تەنها قۆرخ نەکرێت بۆ بەتەمەنەکان و سەر سپیەکان (( لەگەڵ ڕێزم بۆ زۆربەیان کەتوانیویانە لەگەڵ داهێنان و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا خۆیان بگونجێنن)). بالەم کارەدا چاو لە وولاتانی پێشکەوتوو بکەین وەك بەریتانیاو تورکیا وەزیرەکانی دەرەوەیان زۆر گەنجن ((میلیبان و باباجان)) و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ((د.ڕایس و ئەنجێلا مێرکڵ )) و زۆری تر.

.7

- کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەت و مووچەخۆرانی بەگشتی یان کەمکردنەوەی موچە و دەرماڵەکانیان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی لە 63 ساڵەوە بۆ 55 ساڵ یان سەرپشککردنی فەرمانبەران بۆ خانەنشینکردنی خۆیان لەدوای 15 ساڵ خزمەتی وەزیفیەوە بێ گوێدانە تەمەن.

- یان کردنەوەی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی 5 ساڵ و زیاتر بەڵام بەخزمەت بۆیان حساب بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە ساڵی خانەنشینی (( 15 ساڵ )).
- یان کردنەوەی فەرمانگەی (( هێزی کار یان نوسینگەی دۆزینەوەی کار )) بەشێوەیەك فەرمانبەری زیادە و ناپێویست لەهەموو فەرمانگەکانەوە لەسەر بنەمای بڕوانامە و شارەزایی و پێویستی و دڵسۆزی فەرمانبەر بمێنێتەوە و ئەوانی تر بگوازرێتەوە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە و تەنها مووچەی بنەڕەتیان بۆ خەرج بکرێت بەبێ دەرماڵە.چونکە موچەی بنەڕەتی ئێستای فەرمانبەران زیادیکردوە بەپێی سیستەمی نوێی مووچە.چونکە لە ئێستادا ناعەدالەتی هەیە لە پێدانی هاندان و پاداشت بۆ فەرمانبەران و تەنانەت لە سزادانیشدا ناعەدالەتی و ڕای کەسی ڕۆڵ دەبینێت ، چونکە فەرمانبەری ناپێویست و ئیشنەکەریش وەك فەرمانبەرێکی زەرورو دڵسۆز سەیر دەکرێت.
- یان دایك و باوکانی خاوەن منداڵی نەخۆشی درێژخایەن بنێرێنەوە بۆ ماڵەوە و تەنها مووچەی بنەڕەتیان بۆ خەرج بکرێت لەبەرامبەردا خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانیان بۆ دابین بکرێت.
- کەمکردنەوەی دەوام ، یان جێبەجێکردنی سیستەمی (( مناوبە )) ڕۆژە نا ڕۆژێك لە دام و دەزگا حکومیەکان و بۆ فەرمانبەرە ناپێویستەکان. بەمەش ڕۆژانە خەرجیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت کە جێگەی هیچ ناگرێتەوە بۆ حکومەت و تەنها ئەستۆی حکومەت قورس دەکات.
- لە بەرامبەردا حکومەت لەلایەك بەمەبەستی زیادکردنی داهات و لەلایەکی تریشەوە لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان وەك ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و پرد و خوێندن و ...هتد. نرخێکی گونجا دابنێت لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانە و باجی پێویست وەربگیرێت.
- حکومەت خۆی ساغ بکاتەوە بە ئاشکراو بەڕوونی ڕایبگەیەنێت کە چ جۆرە سیستەمێکی ئابوری پەیڕەو دەکات (( سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد یان سیستەمی سۆسیالیستی و بازاڕی داخراو و ئاڕاستەکراو لەلایەن حکومەتەوە)) و یاساو ڕێسای پێویست و شەفاف و کورت و پوختیش بۆ ئەو مەسەلەیە دەربکات.

8. حکومەت گرنگی زیاتر بدات بە ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوە و پێشخستنی گوندەکانی کوردوستان. بەمەبەستی زیاتری بوژانەوەی بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری. چونکە لە ئێستادا بواری پیشەسازی سفرە لە کوردوستاندا و هیچ چالاکیەکی پێویست و بەرچاوی نیە. هەربۆیەش لێرەوە پێشنیازی لێکدان لەگەڵ وەزارەتێکی تردا یان کانسڵکردنەوەی وەزارەتی پیشەسازی دەکەم چونکە یەکێکە لەوەزارەتە (( سست و مردووەکانی )) حکومەتی هەرێمی کوردوستان و تەنها مووچەی فەرمانبەران دەدات و خاوەن هیچ داهاتێکی ئەوتۆ نیە کە بتوانێت تەنانەت موچەی فەرمانبەرانی خۆشی بدات. ئەگینا نە کارگەی گەورە و نەکارگەی بچوکی هەیە و نەخاوەن داهاتە و تەنها خەرجی هەیە. تەنانەت وەك ئەو وەزارەتانەش نیە کە داهاتیان نیە وەك ((پەروەردە و تەندروستی و ئەوقاف و ...هتد)) چونکە ئەوان لە ڕووی پەروەردە و تەندروستی و هوشیارکردنەوەوەی کۆمەڵگاوە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەیە و لە بنچینەدا کاریان پەیداکردنی داهات نیە وەك وەزارەتی پیشەسازی کەدەبێت سەرچاوەی داهات بێت.بەهەمان شێوەش هەندێ وەزارەتی  هاوشێوەی وەزارەتی پیشەسازیش نەهێڵرێن یان لێکبدرێن لەگەڵ وەزارەتی تردا.

9. پێویستە حکومەت بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و کارامەیی فەرمانبەرانی خۆی لەهەموو ئاستەکاندا و ئاکتیڤکردنی ئەدای حکومەت گرنگی بداتە پێگەیاندن و هوشیارکردنەوە و زیاتر فێرکردنی کادر و فەرمانبەرانی لە ڕێگەی کردنەوە و سازدانی خولی ڕاهێنان و سیمینار و مەشق و فێرکردن لەناوەوەو دەرەوەی وڵات لەهەموو بوار و پسپۆڕیەکاندا. بەشێوەیەك هەڵبژاردنی فەرمانبەران بۆ ئەو خولانە و ناردنیان بۆ ئیفاد لەسەر بنەمای پسپۆڕی و بڕوانامە و تەمەن و توانا بێت نەك لەسەر بنەمای حیزبایەتی و خزمایەتی و دڵڕازیکردن و سوودی مادی بێت.و عەدالەتیش هەبێت لەناردنی فەرمانبەراندا نەك وەك ئەوەی کە لەهەموو وەزارەتەکاندا ڕوودەدا فەرمانبەری واهەیە چەند جارێك ئیفاد دەکرێت و هەشە هیچ (( بەداخەوە لە زۆربەی وەزارەتەکاندا باند دروست بوون کە پشتگیری یەکتر دەکەن بۆ سوودو قازانجی خۆیان و ژێر بەژێر و بە شاراوەیی

فەرمانبەران دەنێرن بۆ ئیفاد نەك بۆ سوود و قازانجی وەزارەت و حکومەت )). بۆ نمونە: ئاماژە بە ڕاپۆرتی چالاکیەکانی ساڵی 2007 ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوونی وەزارەتی پیشەسازی کە بڵاوکراوەتەوە و ڕاپۆرتێکی ئاشکرایە و نهێنی نیە ، ناعەدالەتیەکی بەرچاو دەبینرێت. ئەوەتا لە 80٪ فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانیدایە و لە ب. پیشەسازی هەولێریش 19٪ و لە ب. پیشەسازی دهۆکیش 1٪ فەرمانبەر هەیە. بەڵام ناردنی فەرمانبەران بۆ دەرەوە و ناوەوەی وڵات لە هەولێر و دهۆك پشکی شێریان بەرکەوتوە و فەرمانبەرانی سلێمانیش پشکی ڕێویان بەرکەوتوەو دواکەوتەو پشتگوێخراو و کەنارگیر کراون. بۆیە دەبێت ئەو ناعەدالەتی و پێشیلکردنی مافانە چاویان پیادا بخشێنرێتەوە. ئەوەتا لە ساڵی 2007دا (( 8)) خولی جۆراو جۆر لەدەرەوەی وڵات کراونەتەوە و تیایدا(( 36 )) فەرمانبەر و بۆ ماوەی (( 1220)) ڕۆژی خایاندوە. لەو(( 36)) فەرمانبەرە تەنها ((6 )) فەرمانبەری سلێمانی تیادا بوە لەکۆی ((3504 )) فەرمانبەر واتە بەڕێژەی 6ر16٪، لەبەرامبەردا (( 30 )) فەرمانبەر هەولێر و دهۆك بەشداریان تیادا کردوە لەکۆی (( 832 )) فەرمانبەر لە هەولێر و (( 43)) فەرمانبەر لە دهۆك واتە بەڕێژەی 4ر83٪.لەناوەوەی وڵاتیش(( 14)) خول و((175)) فەرمانبەر و (( 1021 )) ڕۆژی خایاندوە کە تیایدا تەنها ((( 3 )) فەرمانبەری سلێمانی بەشداریان تیادا کردوە واتە بەڕێژەی 7ر1٪ لەبەرامبەر (( 172 )) فەرمانبەری هەولێر ودهۆکدا واتە بەڕێژەی 3ر98٪.

- بەم شێوەیە و لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و زانستی و واقعی و بەم پێشنیاز و ڕاوبۆچونانە و دەیانی تریش (( کە بەندە هەموانی لەڕوانگەی دڵسۆزی و هەستکردن بە لێپرسراوێتیەوە و دوور لە ڕق و قین لە هیچ وەزارەت و کەسێکی دیاریکراو کردوە))دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردوستان کۆنتڕۆڵی داهات و خەرجیەکانی بکات و گەندەڵی و ڕۆتینی زیان بەخش کەمبکاتەوەو بتوانێت پڕۆژە و پلان و بەرنامەکانی خۆی لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی زیاتری سەرجەم بوارەکانی ژیان و خزمەتگوزاریەکان جێبەجێ بکات و ببێتە نمونەیەکی

سەرکەوتووی دەسەلأت و جێگەی ڕەزامەندی هاولأتیان و ڕۆڵی کاراو بەرچاویش بگێرێت لەدەرخستنی ڕووی گەشی ئەزموون و دەسەلأتی دیموکراسی و ئازاد و سەربەخۆی کورددا لە عێراق و ناوچەکە و دونیاشدا.

بەپێچەوانەشەوە دەبێتە نمونەیەکی خراپ و بێزراو و ناڕێزلێگیراو و کەنارگیر و دواتریش ڕووبەڕووی ڕووخان و لەبەریەك هەڵوەشان دەبێتەوە و دەچێتە ئەرشیفی مێژو و زەمانەوەو خواست و ویست و خەونەکانی ئێستا و ئایندەشمان پوچەڵ دەکاتەوە. بەهیوای ئەوەی ئەو ڕۆژە تاریك و پڕ مەترسیانە نەبینینەوە . و بەم کارەشمان بەشداریەکی بچوکی حکومەتمان کردبێت لە ڕێگە پیشاندان و بەرچاو ڕوونکردنەوەی بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاولأتیانی هەرێمەکەمان.

---

*ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی ((هەواڵ ))دا بلأوکراوەتەوە لە 2008/12/6 و گۆڤاری ئەندازیاران لە پایزی 2008دا.

# غازی سروشتی

- **غازی سروشتی یەکێکە لە سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە لە جیاتی نەوت و لە سوتەمەنیە بەتواناکانە کە نرخی هەرزانە و پاك وخاوێنیشە بۆ ژینگە ، غازی سروشتی سەرچاوەی وزەیەکی گرنگی سەرەتاییە بۆ پیشەسازی کیمیاویات .**
- **پێکهاتەی غازی سروشتی**

**غازی سروشتی پێك دێت لە هەڵواسراوەکان ( Plankton ) و پێکهاتەی میکرۆسکۆبیە کە لە قەوزە و بوونەوەری سەرەتایی مردوو کە کۆمەڵ بوون پێکدێت کە نیشتوون لە چینەکانی زەوی و زەریاکاندا . وە پەستێنراونەتەوە لە ژێر چینە نیشتوەکاندا بەدرێژایی هەزاران ساڵ . فشار و گەرمی کە لە چینە نیشتوەکانەوە دروست بوون هەستاون بە گۆڕینی ئەو پێکهاتانە بۆ غازی سروشتی .**

**غازی سروشتی لە دروستبونیدا زۆر جیاواز نیە لە جۆرەکانی تری سووتەمەنی هەڵێنجراو لە زەوی وەك خەڵوز و نەوت. بەشێوەیەك کە نەوت و غازی سروشتی لە ژێر هەمان بارودۆخی سروشتیدا دروست دەبن .**

**ئەم دوو پێك هاتە هایدرۆکاربۆنیە ( نەوت و غازی سروشتی ) هەمیشە بوونیان هەیە پێکەوە لە کێڵگەی ژێر زەویدا یان لەگەڵ ئاودا .**

**بەشێوەیەکی گشتی چینە نیشتوە ئەندامیەکان کە شاردراونەتەوە لە قوڵایی نێوان 1000 – 6000 مەتر ( لە پلەی گەرمی نێوان 60 – 150 پلەی سەدی). لەم بارودۆخەدا نەوت بەرهەم دێت ، بەڵام ئەو چینانەی قوڵتر شاردراونەتەوە لە پلەیەکی گەرمی بەرزتریشدا ئەوا غازی سروشتی بەرهەم دێنێت . جا هەر چەندە قوڵایی سەرچاوەکە زیاتر بێت ئەوا زیاتر وشك دەبێت ( بەمانای ڕێژەی چڕبوەوەکان لە غازدا کەمتر دەبێت ).**

دوای دروست بوونی هێواشی و لەسەرخۆ لە توێکڵی زەویدا غازی سروشتی و نەوت دەردەچن بە هێواشی بۆ چاڵی بچوك لەو بەردانەی کە بۆشاییان تیادایە و نزیکن کە وەك عەمباری هەڵگرتنی خام وان . وە لەبەرئەوەی ئەو بەردانە ئاسایی پڕن لە ئاو . نەوت و غازی سروشتیش هەروکیان سوکترن لە ئاو و چڕیەکانیشیان کەمترن لەو بەردانەی دەوروبەر ، بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە بە تێپەڕبوون بە توێکڵی زەویدا هەندێ جار بۆ درێژی زۆر . لە کۆتایدا بەشێك لەو پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیانە کە گوازراونەتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر لە چینێکی بێ بۆشایدا قەتیس دەمێنێت ( ئەو بەردانەی کە ئاویان تیادا نیە ) کە ناسراون بە بەردی (( داپۆشەر )) Cap Rock .

وە لەبەرئەوەی غازی سروشتی سوکترە لە نەوت ئەوا لە شێوەی چینێکدا دروست دەبێت لەسەر نەوتەکە کە پێی دەوترێت داپۆشەری غاز Gas Cap . وە هەمیشە نەوت غازی لەگەڵدایە کە پێی دەوترێت (( غازی لەگەڵدا بوو)) Associated gas ، هەروەها کانە خەڵوزەکانیش بڕێك لە غازی میثان ( کە پێك هاتەی سەرەکی غازی سروشتیە ) تیادایە. لە چینە نیشتوەکانی خەڵوزیشدا غازی میثان بڵاودەبێتەوە بەزۆری لەناو بۆشایی و درزەکانی خەڵوزەکەدا .

- **یەدەگی جیهانی لە غازی سروشتی**

لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی مادی مرۆڤ لە دونیادا ئەوا بەکارهێنانیشیان بۆ وزە زۆر بە خێرایی زیادی کردووە . لە پێناو جوڵەی ئۆتۆمبێلەکانیاندا بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان بەکاری دەهێنن . وە لە پێناو کارەبادا کە ناتوانین دەست بەرداری ببین لە شارستانی تازەدا . وە زۆر پێداویستی تریش بە شێوەیەك سەرچاوەکانی وزە لە دونیادا بەرە و وشك بوون دەچن و نوێ نابنەوە ، (( یەدەگی ڕاستەقینە )) لە نەوت و غازی سروشتی لە کێڵگەیەکدا بەوە دەناسرێت کە بڕەکەی دەشێت بەدرێژایی تەمەنی ئەو کێڵگەیە دەربهێنرێت لە سایەی تەکنەلۆژیا و پێداویستیە ئابوریە باوەکاندا .ئاماژە بە پێناسەی گۆڤاری نەوت و غاز (( Oil and Gas Journal ))ی ئەمریکی کە

**پسپۆڕە ئاوها یەدەگی ڕاستەقینەی غازی سروشتی دپێناس دەکات :– کە بریتیە لەو بڕانە کە دەتوانرێت دەربهێنرێت لە سایەی ئەوەی کە لە ئێستادا ناسراوەلە نرخ و تەکنەلۆژیا . بەڵام دەستەی سیدی غاز ( Cedi gas )ی فەڕەنسی ئاوها پێناسەی دەکات :–کە بریتیە لەو بڕانەی کە دۆزراونەتەوە کە دڵنیایی دەدات بە هێندێکی گونجاو لە دڵنیایی توانای بەرهەم لەسایەی بارودۆخێکی ئابوری و تەکنیکی باو .**

**پێناسەی یەکەم زیاتر خۆپارێزیترە هەر بۆیە دەبینین کە یەدەگی غازی سروشتی جیهانی لە 1999/7/1 دا ئاماژە بە خەمڵاندنی گۆڤاری نەوت و غاز ، کەم دەکات بە ڕیژەی 7٪ لە خەمڵاندنی سیدی غاز . هەروەها بەپێی خەمڵاندنی گۆڤاری نەوت و غاز یەدەگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دوور بە ڕێژەی 30٪ کەم دەکات وەك لە ڕێژەی سیدی غاز .**

**هەردوو پێناسەکە دەچنە ژێر باری بیروبۆچوونی تایبەتیەوە وەك لە پێوانە بابەتیە جێگیرەکانەوە کە دەتوانرێت بە ووردی بپێورێن . لەبەرئەوە هەندێ وولات زیادە ڕۆیی دەکات لە خەمڵاندنی یەدەگیدا و ناوی دەبات بە ((یەدەگی ڕاستەقینە )) بە هۆکاری زۆرەوە وەك هۆکاری سیاسی و ئابوری وەك ویستێك بۆ قەرز وەرگرتن بە گرەنتی سامانە نەوتی و غازیەکانی .**

**بە هەمان شێوە کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان مەیلیان بەلای زیادە ڕۆیدا هەیە لە خەمڵاندنەکانیاندا . بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگە داراییەکانیان یان بەمەبەستی هەستانی بە بەرهەمهێنانی زیاتر . یان بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی بۆ دەرەوەی وولاتانی بەرهەم هێن .**

**لە نمونەی ناڕاستی خەمڵاندنی یەدەگی نەوتی ئەوەیە کە مەکسیك پێی هەستا لە نزم کردنەوەی (( یەدەگی ڕاستەقینە ))ی لە غازی سروشتی زیاد لە نیوە . لە 64 تریلیۆن پێ سێجاوە لە ساڵی 1999دا بۆ 30 تریلیۆن پێ سێ جا لە ساڵی 2000دا .بە هەمان شێوە هەستانی بەریتانیا بە کەمردنەوەی یەدەگی ڕاستەقینەی لە نەوت بە هەمان بڕ .**

- **چۆنیەتی بەرهەمهێنانی غاز و چارەسەرکردنی**

غازی سروشتی دەردەهێنرێت لە بیر کە وەك بیری نەوت وان کێڵگەی غازی زۆر هەیە لە دووری لێواری دەریاکانەوە و دەگوازرێتەوە بە هۆی بۆرییەوە لە سەکۆکانی بەرهەمەوە کە نزیکە لە لێوارەکانەوە بۆ خاڵی کۆکردنەوە لەسەر لێوارەکانەوە و لە وێشەوە بۆ کارگەی پاڵاوتن کە پاکژ دەکرێتەوە .

لە قۆناغی یەکەمی پاکژ کردنەوەدا ئاو و شلەمەنیەکانی تر لە غازەکە لا دەبرێت بە کاریگەری ڕاکێشانەوە دواتر غازە وشکەکە بە ناو ساردکەرەوەیەکدا تێدەپەڕێت بە شێوەیەك پڕۆپان جیادەبێتەوە و کۆدەکرێتەوە .

هەردوو غازی نەوتەکە دەبرێنە بازاڕەوە وەك پێکهاتەیەکی سەرەتایی بۆ دروست کردنی کیمیاویات یان لە بوتڵدا پڕدەکرێت وەك سوتەمەنی بۆ بۆیلەرەکان و بوتڵی چێشت لێنان لە ماڵاندا . ئەوەی لە غازی سروشتی دەمێنێتەوە دەتوانرێت پاڵی پێوە بنرێت بەناو تۆڕێکی گەیەنەردا یان دەتوانرێت سل بکرێتەوە بە ساردکردنەوە و فشار و بخرێنە بازاڕەوە وەك غازی سروشتی شل .

==================================================

*ئەم بابەتەم لە گۆڤاری ئەندازیاران ژمارە 26 لە پایزی 2008دا.

# نوسەر لەچەند دێڕێکدا



## ( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایک بووی ساڵی 1970 لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی ودواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕلە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی 1990-1991
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی 2002وە
- بەڕێوەبەری کارگەی بڕینی بەردی مەڕمەڕی ماوەتە سەر بە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- **لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-**

1. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی 2006
2. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی 2006
3. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی 2007
4. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی 2007
5. ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی 2008
6. کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان . ساڵی 2008
7. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی 2012
8. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی // وەرگێڕان ساڵی 2012

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی 1996وە.